

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٧]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بـەرگـی حـەوتـەم

نووسینی

مەلا مەحموودی گەڵاڵەیی

جـزمی (١٣)



- تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
- نوسینی : مەلا مەحموودی گەلاڵەیی.
- چاپی یەکەم.
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك.
- تیراژ: (٥٠٠) دانە.
- ژمارەی سپاردن : (٢٢٩)ی ساڵی (٢٠٠٠)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

سورەتی یوسف

﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾

ئـەم ئایەتـە تەواوكـەری ئاخـاوتنی ژنـی عـەزیزی میصـرەو پـەیوەندە بەئایەتەكانی پێشەوە.. وەكوو دەڵێـن: (مـەقوولی قـالت)ە!! واتـە: زولـەیخا وتی: ئەم دان پیانانەمو راستی وتنەم بۆ ئەوەیە، یوسف بزانـێ مـن لەپاشملـە خییانەتم لێ نەكردوە، ئەو كاتانەی لەبەندینخانەدا بوە تاوانم پاڵ نەداوە.

یان با مێردەكەم بزانێ من بەكردەوە خیانەتم لێ نەكردوە، تاوانی زینـاو داوێن پیسیم لەگەڵ یوسف ئەنجام نـەداوە، جگـە لەهـەوڵدان بـۆ رامكردنـیو موغازەلەیەكی سەرەتایی هیچی ترم لەگەڵدا ئەنجام نەداوە، ئـەویش هیچـی لێ شین نەبوو، چونكە یوسف بەقسەی نەكردمو نەهاتـە دەست، بـەڵكوو كـە تینی بۆ هات پەنای بۆ راكردن بردو هەڵات.

﴿وما ابرئ نفسي ان النفس لأمارة بالسوء﴾ هەڵبەتـە مـن پاكانـە بـۆ نەفسی خۆم ناكەم، من ناڵێم هەڵـەی نـەكردوەو نەخلیسـكاوە، چونكـە نـەفس بەسروشت ئارەزۆی شەهوەتو خۆش رابواردنی هەیەو فەرمان دەكـا بەخراپـەو داخوازی كاری ناشرینە. ﴿إِلَّا مَنْ رَحِـمَ رَبِّيٓ﴾ جگـە لەكەسانێك كـە خـودا رەحمی پێ كردونو لەخراپەكاریو مـەیل بـۆ تـاوانكردن پاراسـتوونی، وەكـوو یوسفو هاو وێنەكانی..! بەڵام من لەرەحمەتی خودا ناهومێد نیمو نابم چونكە ﴿إِنَّ رَبِّي غَفُـورٌ رَحِيـمٌ﴾ خـودای مـن زۆر لێبـوردو لێخۆشـبووە بـەزەیی بەبەندەكانیدا دێتەوە.

هەندێ لە راڤەکەران دەڵێن: ئـەم ئایەتـە لـەئاخاوتنی یوسـفە، واتـە: بـا عەزیز (مێردی زولەیخا) بزانێ: کە من خیانـەتم لێ نـەکردوەو، لـەکاتێکدا کە لەماڵ نەبوە من هیچ داوێنپیسی‌یەکم لەگەڵ خێزانی‌دا ئەنجام نەداوە، کـە ئەو بتمانەی بەمن کردو بەکوڕی خۆی حسێب کردم من ئەو بتمانەیەم لەدەست نەداوە. وە من پاکانە بۆ نەفسی ئادەمیزادیم ناکەم، چونکە هەموو نەفسـێک بەسروشت ئارەزۆی رابواردنو خۆشی هەیە، مەگەر نەفسێک کە خودا لـەتاوان بیپارێزێ، ئەویش نەفسی پێغەمبەرانو صاڵحانـە، بێگومـان خـودای مـن زۆر لێخۆشبوو لێبوردوە بۆ تاوانی تاوانکاران، رەحمیان پێ دەکا ئەگـەر روبکەنـە تۆبەو ئیستیغفارو پاڕانەوە لەخودا بۆ ئـەوەی شـوێنەواری تاوانیـان بەسـەرەوە نەهێڵێ و نەفسیان پاک بکاتەوە.

بەشی نۆیەم لەچیرۆکی یوسف

یوسف دەبێتە کاربەدەستی بەرزو ئەمینداریەتی دارایی‌و گەنجینە وەردەگرێ

وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦٓ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِى ۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴿٥٤﴾ قَالَ ٱجْعَلْنِى عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ۖ إِنِّى حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴿٥٥﴾ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَآءُ ۚ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَآءُ ۖ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٥٧﴾

دوای ئەوەی پاشا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ژنەکان کـردو داوێنپـاکی یوسـف دەرکەوت، پاشا فەرمانی کرد: کە یوسف لەبەندینخانە رزگار بکەنو بیهێننـە لای، بۆ ئەوەی بیکاتە هەڵبژاردەی خۆی، بەتایبـەتی کـە مانـای خەونەکـەی تەفسیر کرد زۆر سەرنجی راکێش کـردو رێـزی لێ گرتو پلـەو پایـەی باشـی دایەو کردی بەئەمینداری هەموو ماڵو سامانێکو هەموو کاروباری سیاسیو ماڵی هەموو وەلاتی میصر. دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ: ٱئْتُونِي بِهِۦٓ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي﴾ پاشـا فـەرمانی داو وتـی: ئـەو پیـاوە دانـاو زانایـە لەبەندینخانـەوە بگەیەننە لام، دەیکەم بەپیاوی تایبەتی خۆمو راوێـژی پـێ دەکـەمو دەیکەمـە جێگای بتمانەی خۆم. پیاوانی پاشا دەس بەجێو بەهەڵەداوان چـوون یوسـفیان لەبەندینخانە دەرهێناو گەیاندییانە لای پاشا، جا ﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ: إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ﴾ کە قسەی لەگەڵدا کردو زانیـاریو ئـەدەبو رەوشـتی یوسفی بۆ دەرکەوت، وتی: بێگومـان ئـەتۆ ئـەمڕۆ لای ئێمـە بـوی بـەجێگای بتمانەو بڕوا پێکراومانو هەموو کاروبارێکی وڵات عائید بەتۆیـەو بـەگوێرەی عەقڵو مەدارای خۆت وڵات بەڕێوە بـەرە!! دەی بـابزانین هەڵوێستی یوسف چیەو چۆنە؟

ئێستا وا یوسف دڵنیایە: کە لەبەندینخانە رزگاری بووەو لای پاشا رێـزو قەدری دراوەتێ، ئێستا یوسف ئەو کوڕە عیبرانییە نیە وەکوو کۆیلە حیسـابی بۆ بکرێ، بەڵکوو خاوەنی پلەو پایەیەو کراوە بەکاربەدەستو فەرمانڕەوا، ئـەو کوڕە کۆیلە تۆمەت بارە نەماوە کە هەڕەشەی بەند کردنی لێ بکرێو بخرێتە بەندینخانەوەو کـەس نـەبێ پرسیاری لێ بکـا، بـەڵکوو ئـەمینداری پاشـایەو هەموو صەلاحییەتێکی دراوەتێ بۆ بەڕێوە بردنی کارو باری وڵات.

لەبەرامبەر ئەم رزگار کردنو رێزلێنانو پلەو پایەپێدانەدا یوسـف نـەهات وەکوو پیاوانی دەربارو کورسی رستو ماستاو چی بۆ پاشـاو ملـهوڕان سوژدە بەرێو خۆی پچووک بکاتـەوەو بڵـێ مـن بـەندەی فەرمانبـەرداری بـەڕێزتانمو سەرم لەڕێتاندایەو خزمەتکاری دەست لەسەر سنگم. نەخەیر هیـچ قسـەیەکی

لەم بارەوە نەکرد، بەڵکوو داوای شتێکی کرد: کە پێی وا بوو: دەتوانێ بەڕێوەی بەرێ، داوای کرد: کە ئەرکێکی بخرێتە سەرشانو بتوانێ هاوکاری بکا لەسوککردنی ئەو تەنگەو چەڵەمانەی کە بەگوێرەی خەونی پاشا تووشی ئەو وڵاتە دەبێ؛ پێی وا بوو دەتوانێ وڵات لەئازاری برسیایەتی رزگار بکا، گیانی هاووڵاتیان لەمردن بپارێزێ. بەرگری لەقاتو قڕیو وڵات وێرانیو لەبرسا مردن بکا. بەخۆی رادەپەرموو دەیزانی دەتوانێ ئەو ئەرکە قورسە بخاتە سەرشانی خۆیو بەلێزانیو لێهاتوویی ئەنجامی بدا بۆیە ﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ﴾ وتی: پاشا بمکە بەلێپرسراوی عەمباری دەغڵو دان، ئەو عەمبارو سایلۆیانەی کە لەحەوت ساڵە هاتەکانی داهاتوودا دانەوێڵەیان تێدا خەزن دەکرێ، پێش هاتنی حەوت ساڵە گرانییەکە، حەوت ساڵی هاتو پڕ پیتو بەرەکەتەن، پێویستە بەشێوەیەکی لێزانانەو کارامانە ئەو کشتو کاڵە وەبەرهەم بهێندرێو بەشی پێویست بۆ خواردنی ساڵانەی لێ پاک بکرێو ئەوی تری وەلا بنرێو خەزن بکرێو هەڵبگیرێ بۆ ساڵە قاتو قڕیەکان. ئەمەش پێویستی بەلێزانیو بەتوانایی سەروبەرکردنو سەرۆکاریکردن هەیە. حەزرەتی یوسف ئەو تواناو لێزانیەی لەخۆیدا دەبینیو دەیزانی دەتوانێ بەوپەڕی لێهاتووییەوە ئەو ئەرکە ئەنجام بدا، بۆیە فەرمووی ﴿إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ ئەمن ئەمیندارێکی لەبارمو خاوەن ئەزموونو زانیاریم بۆ بەڕێوە بردنی ئەو کارە لەخۆم رادەبینم بەتەواوی ئەنجامی بدەم!!

بێگومان حەزرەتی یوسف بەم داواکاریەی داوای دەستکەوتێکی تایبەتی بۆ خۆی نەکردوە، بەڵکوو بارگرانیو ئەرکێک بوو خستیە سەرشانی خۆیو مەسئوولییەتێکی قورسو گران بوو خۆی بەرداو پێی هەڵسا!

خۆی کردە بەرپرسیاری خواردەمەنی وڵاتێکی فراوانو نەتەوەو گەلێکی زۆرو زەبەندە بۆ ماوەی حەوت ساڵ؛ حەوت ساڵی قاتو قڕیو بێ بارانیو بێ کشتو کاڵ، دەی ئەمە کەی بەدەستکەوتی تایبەتی دەژمێردرێ؟

بەرپرسیاریەتیو بەرعۆدە بوونی نەتەوەیەکی برسیو هەوڵدان بۆ تێرکردنی ئەرکێکە هەموو کەس ناوێرێ بیخاتە سەرشانی خۆی!! کەوابوو حەزرەتی یوسف لەم بەرپرسیاریەتیەیدا چ دەستکەوتێکی تایبەتی بۆ خۆی داوا نەکردوە.! ئێستا رەخنەیەکێ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: دەڵێن: لەم داخوازییەی حەزرەتی یوسفدا کە دەفەرموێ: ﴿ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ﴾ دوو شتی دژ بەئایینی ئیسلامی تێدایە:

١- داوا کردنی ویلایەتو پەرپرسیارییەتیە ئەمەش بەدەقی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: ((واللهِ لانُولِي هَذَا ٱلعَمَلَ أَحَدًا سَأَلَهُ (أَوْ حَرَصَ عَلَيْهِ))...[1]. یاساغە.

٢- خۆ هەڵنانەوەو تەزکییە کردنی نەفس ئەمەش بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡ﴾ یاساغە.

بۆ رەواندنەوەی ئەو رەخنەیە، دەگوترێ: ئەم قەواعیدو یاسایانە لەئایینی ئیسلامدا چەسپاون‌و پێغەمبەری ئیسلام هێناونیو لەرۆژگاری یوسفدا ﷺ باو نەبوون، مەسائیلی رێکخستن‌و فروعییاتی ئایین‌و هەڵسوڕانی کارو بار مەرج نیە لەهەموو ئایینەکاندا وەکوو یەکبن، وێدەچێ لەئایینی حەزرەتی یوسفدا ئەو شتانە یاساغ نەبووبن، چونکە مەسائیلی تەنظیمو فروعیاتی دین وەکوو بنەمای عەقیدە نین پێویست بێ لەهەموو ئایینێکدا چوون یەکێ بن‌و هەموو پێغەمبەرێکێ پابەند بێ پێوەی.

لەلایەکی ترەوە داوا کردنی پلەو پایە پێدان‌و خۆ دەرخستن‌و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی کورسیو مەنصەب دروستە ئەگەر ئەو شەخصە بتمانەی بەخۆی هەبوو دەیزانی لەبارەی ئایین‌و زانیارییەوە شیاوی ئەو کارەیەو دەتوانێ بەرێوەی بەرێ: پێناسین‌و بانگەوازیو خۆدەرخستنەکەشی بۆیە بوو خەڵکی

(١) متفق علیه.

پێیان نەدەزانی. ئاگایان لەحاڵو وەزعی نەبوو، ئا لەم کاتەدا دروستە وەختە بڵێین: پێویستە خۆی دەرخاو داوا بکا.

پێغەمبەر ﷺ کە بەعەبدورەحمانی کوڕی سەمرەی فەرموو: (لَا تَسْأَلِ الْأَمَارَةَ، إِنَّا وَاللهِ لَانُولِي هَذَا الْعَمَلَ أَحَدًا سَأَلَهُ أَوْ حَرَصَ عَلَيْهِ)[1] ئەم جڵەو گیرییە بۆ کەسێکە کە بتمانەی بەخۆی نەبێ کە دەتوانێ کارەکە بەڕێوە بەرێ. یان بۆ دەستکەوتی شەخصی بێ.

هەروەها ئایەتەکە: کە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ﴾النجم/٣٢. ئەمە بۆ کەسێکە تەزکییەی نەفسی خۆی بکاو بشزانێ وا نیە..

دەی هیچ کامێ لەم دوو شتە یاساغە لەحەزرەتی یوسفو ئەمثالی ئەودا نایەتەدی. چونکە لەم کاتانەدا پێویستە لەسەر ئەو جۆرە کەسانە بەگوێرەی توانا بەرژەوەندی گەلو وڵات بپارێزن، چونکە هەوڵدان بۆ گەیاندنی سوودو قازانج بۆ ئاتاجانو دوور خستنەوەی زەرەرو زیان لێیان کارێکی باشەو عەقڵ پەسندی دەکا. حەزرەتی (یوسف)یش بۆ خۆی دەیزانی کەس نیە لەو کۆمەڵگایەدا بتوانێ وەکوو ئەو کاروبار بەڕێوەبەرێو بەعەدالەت هەر کەسەو مافی خۆی بداتێ. بۆیە پێی وا بوو خۆ دەرخستنو داوا کردن بۆ ئەو وەزیفەیە فەرزی عەینەو پێویستە پێی هەڵسێ!

﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ﴾ وەکوو ئەو نیعمەتو فەضلەی بەسەر یوسفمان داڕشت؛ کە خستمانە بەردڵی پاشاو لەبەندینخانە رزگارمان کرد، هەر بەو شێوە لەخاکی میصردا جێگیرمان کرد، واتە: تواناو هێزمان پێدا بۆ هەڵسوڕانی ئەو کاروبارانەی ویستی ئەنجامیان بدا، پلەو پایەیەکی بەرزو پیرۆزمان لەخاکی میصردا پێ بەخشی، لەبەندایەتیو کۆیلایەتییەوە کردمانە پاشاو فەرمانڕەوا، دەسەلاتی وەرگرت،

(١) متفق علیە.

قسەی دەڕۆیشت، بووە پێشەواو کاربەدەست، چونکە خۆگر بوو، داوێنپاکێ بوو، خاوەن رەوشتی بەرزو هەڵوێستی مەردانە بوو، خۆی لەداوێنپیسی پاراستو خۆڕاگر بوو لەسەر بەلاو موصیبەت، بۆیە خودا یارمەتی داو پشتگیری لێ کرد، پلەو پایەی عەزیزی میصری وەرگرت، بەڵکوو پلەی بەرزتریشی دەستکەوت.

موجاهید دەفەرموێ: پاشا لەسەر دەستی یوسف موسوڵمان بوو! پەروەردگار پاداشتی یوسفی بەفیڕۆ نەداو رەحمی پێ کردو پاراستی. ﴿نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَنْ نَشَاءُ﴾ دەبەخشین رەحمەتی خۆمان بۆ کەسێک بمانەوێ تووشی رەحمو بەزەیی ئێمە ببێ،

﴿وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ پاداشی چاکەکاران بەفیڕۆ نادەین، هەر لەدونیادا چاکەیان دەدەینەوە. خۆشبەختیو پلەو پایەو رێزو حورمەتیان دەدەینێ، لەقیامەتیشدا دەیانخەینە بەهەشتەوەو ژیانی بەختەوەری هەتا هەتاییان پێ دەبەخشین ﴿وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ بێگومان پاداشی قیامەت زۆر پیرۆزترو باشترو گەورەترە، دەدرێ بەئەو خودا ناسانەی بیرو باوەڕیان تەواوو بێ خەوشەو تەقواکارو لەخودا ترسو خۆپارێزن، پاداشەکەشیان لەززەتو خۆشی بەهەشتو رابواردنی نەبڕاوەیە، کە زۆر لەخێرو خۆشی دونیاو هەرچی تێیدایە، لەپلەو پایە لەماڵو سامان لەشانو شکۆ بەفەڕترو چاکترە. بەڵێ ئا بەو جۆرە پەروەردگار پاداشی یوسف دەداتەوە، پاداشی صەبرو خۆڕاگرتن لەسەر بەلاو موصیبەتی جۆراو جۆر، لەدونیادا ئەو پلەو پایەو دەسەڵاتو فەرمانڕەواییەی پێدا، ئەوەش مزگێنی بەختەوەری قیامەتی، پاداشێکی پڕاو پڕە لەسەر بڕوای پتەوو خۆڕاگریو چاکەکاریی.

بەشی دەیەم لەچیرۆکی یوسف

کورەکانی یەعقووب دێن بۆ میصرو دانەوێڵە لەحەزرەتی یوسف دەکڕن و داوای هێنانی برا پچکۆلەکەیان لێ دەکا

وَجَآءَ إِخۡوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَعَرَفَهُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمۡ قَالَ ٱئۡتُونِي بِأَخٖ لَّكُم مِّنۡ أَبِيكُمۡۚ أَلَا تَرَوۡنَ أَنِّيٓ أُوفِي ٱلۡكَيۡلَ وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ ﴿٥٩﴾ فَإِن لَّمۡ تَأۡتُونِي بِهِۦ فَلَا كَيۡلَ لَكُمۡ عِندِي وَلَا تَقۡرَبُونِ ﴿٦٠﴾ قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴿٦١﴾ وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٦٢﴾

بەڵێ رەورەوەی رۆژگار تێوەرسووڕایەوە، رۆژگار هاتن‌و رۆیشتن، سالانی پڕپیتو بەرەکەت هاتن‌و تێپەڕین،بەڵام سیباقی قورئان ئەم باسانەی پێچاونەوە، باسی ئەوە ناکا چۆن ساڵە هاتەکان هاتن، خەڵکی چۆن زەراعەتیان کردو یوسف چۆن جیهازی دەوڵەتی بەڕیوە برد، چۆن دانەوێڵەی پەزمەندە دەکردو هەڵی دەگرتو چۆنی تاقەت دەکرد...هتد. ئەمانە هەموویان بەرستەی ﴿إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ ئاماژەی پێ کردوە.

هەروەها باسی هاتنی ساڵە گرانییەکان ناکا، باسی ئەوە ناکا خەڵکی چۆن بەرەو پیری گرانی چوونو چۆن خواردەمەنی کەم بوو، چۆن دەست کرا بەدابەشکردنی خۆراک بەسەر دانیشتواندا ئەمانە هەموویان لەخەونی پاشادا بەدی دەکرێنو مانا لێدانەوەکەی یوسف ئاماژەیان پێ دەکا!

سییاقی قورئانەکە ئیتر باسی پاشا ناکا هەروەها باسی پیاوەکانیشی ناکا، هەر دەڵێی کاروبارەکان وا رەخساون هەموو شتێک کەوتۆتە ژێر دەستی یوسف، وا دیارە بەشێوەیەکی سەرەکی هەر حەزرەتی یوسف بەکارەکان هەڵساوەو سەروکاری کردوون، لەو ئەزمەو تەنگەو چەڵەمەیەدا خۆی بەرپرسیارو فەرمانڕەواو قسە رۆییشتوو بووە.

چونکە لێرەدا بەولاوە تەنیا یوسف لەسەر مەسرەحی رووداوەکان دیارو لەبەرچاوە، هەموو تیشکەکان ئاڕاستەی ئەو کراونو کەسی تر بەرچاو ناکەوێ.

بەڵام کاریگەری گرانیو قاتو قڕیەکە لەپانۆڕامای هاتنی براکانی یوسفدا دەردەکەوێ، سییاقەکە بەرِوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە براکانی یوسف لەخاکی کەنعانەوە دەکەونەڕێ بۆ خاکی میصرو داوای خواردەمەنی دەکەن، لەمەوە هەست بەبڵاوبوونەوەی بازنەی برسییایەتی دەکەینو دەزانین کە پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوە، هەروەها ئەوەش دەزانین: کە چۆن میصر بەهۆی تەگبیرو پلانو نەخشەی حەزرەتی یوسفەوە بووەتە مەخزەنی خواردەمەنیو بژێوی ئەو وڵاتانەی دەورو بەریش!

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: سوددیو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو موفەسسیری تریش وتوویانە ئەو هۆکارانەی پاڵیان بەبراکانی یوسفەوە نا: کە لەوڵاتی کەنعانەوە بێن بۆ میصر ئەوە بوو: کە حەزرەتی یوسف پۆستی وەزارەتی وەرگرتو دەست بەکار بوو حەوت ساڵی هاتو پڕ پیت تێپەڕینو حەوت ساڵی گرانی هاتن، قاتو قڕی وڵاتی میصری گرتەوەو وڵاتی کەنعانیش کە نیشتمەنی یەعقووبو کوڕەکانی بوو گرانی تێدا کەوتەوە، حەزرەتی

یوسفیش لەوەپێش دانەوێڵەیەکی زۆری کۆکردبوەوە پەزمەندەی کردبوو، ئیتر لەهەموو لایەکەوە خەڵک روویان لەمیصر کرد بۆ کڕینی دانەوێڵە بۆ خۆیانو ماڵو منداڵیان، هەر کەسێک بهاتایە بۆ ماوەی ساڵێک باری حوشترێکی دەدایە، بۆ خۆی تێری نەدەخوارد، خۆیو پاشاو کاربەدەستان رۆژی جارێک لەکاتی نیوەڕۆدا نانیان دەخوارد، دەیانەویست ئەو خواردنەی عەمبار کراوە بەشی خەڵکەکە بکا لەماوەی ساڵە گرانییەکاندا. بەکورتی حەزرەتی یوسف رەحمەتێک بوو خودا ناردی بۆ دانیشتوانی میصر!!

جا قورئان دەفەرموێ: ﴿وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ﴾ براکانی حەزرەتی یوسف لەخاکی کەنعانەوە (کە فەلەستینی ئێستایە) هاتن بۆ میصر بۆ گەنم کڕین، چونکە گرانی وڵاتی فەلەستینو شامیشی گرتبوەوە، ئەوەشیان بیستبوەوە کە عەزیزی میصر خواردەمەنی بەنرخی خۆی دەفرۆشێو زیادە وەرناگرێ. ﴿فَدَخَلُوا عَلَيْهِ﴾ چوونە خزمەت یوسفو مواجەهەیان کرد، ﴿فَعَرَفَهُمْ﴾ کە سەیری کردن ناسینیەوە، چونکە شێوەو روخساری ئادەمیزادی گەورەو بەتەمەن کەمتر گۆڕانکاری تێدا رودەدا، ﴿وَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ﴾ بەڵام ئەوان نەیانناسیەوە، چونکە ئەو بەمنداڵی لێیان جیا ببوەوە شێوەو روخساری منداڵیش کە گەورە دەبێ زۆر دەگۆڕێ، هەروەها چونکە ئەوان وایان دانابوو: کە یوسف لەژیاندا نەماوە. هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەدەهات ئەو بگاتە ئەو پلەو پایەیە!

وا پێدەچێ حەزرەتی یوسف رێزی لێ گرتوونو گرنگییەکی تایبەتی پێداونو قسەو گفتو گۆی زۆری لەگەڵ کردوون، تەنانەت وەزعی ماڵو کەسو کاریشی لێ پرسیونو وەلامیان داوەتەوە.

زۆر پرسیاری ئاراستە کردوونو گوێی بۆ وەلامەکەیان راگرتووە. جا ﴿وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ﴾ کە جەواڵەکانی بۆ پڕ کردنو بۆ هەریەکەیان باری حوشترێکی دانەوێڵە پێدان، هەندێ شتی زیادەشی بەدیاری پێشکەش کردنو

بارەکانیان بۆ بارکردن ﴿قَالَ ٱئْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ﴾ حەزرەتی یوسف پێی فەرموون: ئەمجارە کە هاتنەوە برا باوکییەکەتان لەگەڵ خۆتان بێنن، وا دیارە لەناوەندی گفتو گۆکردنیان لەگەڵ یوسفدا بەتەواوی پێکهاتەی بنەماڵەی خۆیانیان بۆ یوسف روونکردۆتەوە، دیارە گوتویانە: باوکمان پیرەمێردێکی کۆنە ساڵو پەککەوتەیە، برایەکی ترمان هەیە دایکی جیایە برا پچوکمانە باوکمان ئەوەندەی خۆش دەوێ دڵی نایە لێی جیا بێتەوە، ئەوانیش پێویستیان بەخواردنو خۆراکێ هەیە، ئیتر حەزرەتی یوسف فەرمانی کردوە بۆ ئەوانیش دوو باری حوشترداگرنو بۆیان بەرن. ئەمجار پێی گوتوون: کە هاتنەوە ئەو برایەتان بێنن با بی بینم. ﴿أَلَا تَرَوْنَ أَنِّيٓ أُوفِي ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ﴾ نابینن من چۆن دانەوێڵە بۆ کڕیاران پێوانە دەکەمو هەر کەسە مافی خۆی بەتەواوی دەدەمێ؟ دیتان من چۆن رێزی میوان دەگرمو پێشوازییان لێ دەکەم، ئەمجار کە هاتنەوە لەگەڵ خۆتان بیهێننو ترستان لێی نەبێ، دڵنیابن: چۆن رێزم لەئێوە گرتو هەرەیەکەتان باری حوشترێکم دانەوێڵە داوەتێ، بۆ ئەویش هەمان هەڵوێستم دەبێ...

ئەمجار هەڕەشەی ئازووقە لێ بڕینی لێ کردنو پێی فەرموون: ﴿فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِي وَلَا تَقْرَبُونِ﴾ ئەگەر ئەمجارە هاتنەوەو ئەو برا پچوکەتانم بۆ نەهێنن، ئەوە ئێوە لای من ئازووقەتان نیەو هیچ خواردەمەنیەکتان نادرێتێو بەهیچ شێوەیەک توخن ئەم دەڤەرە مەکەونەوە.

جا چونکە دەیانزانی باوکییان بونیامینی زۆر خۆش دەوێو زەحمەتە دڵی بڕوا بدا لەگەڵیاندا بنێرێ، بەتایبەتی پاش دوور کەوتنەوەی یوسف لێی. ئەوەیان درکاند: کە ئەو ئەرکە کارێکی وا ئاسان نیەو زۆر کۆسپو تەگەرە هەن لەبەردەم هێنانیدا ﴿قَالُوا۟ سَنُرَٰوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ﴾ وتیان: هەوڵ دەدەینو هەموو توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ رازیکردنی باوکمان بەڵکوو بتوانین لەگەڵ خۆمان برا پچوکەکەمان بهێنینو دڵی تۆمان لێ نەڕەنجێ!

﴿وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ: اجْعَلُوا بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انْقَلَبُوا إِلَى أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ ئـەمجار حەزرەتی یوسف فەرمانی بەدەستو پێوەندەکانی کرد: کە ئەو بیضاعەی هێناویانە گەنمی پێ بکڕن، بۆیان بخەنەوە ناو بارەکانیانەوە بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، بەڵکوو کە گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیانو بارەکانیان کردنەوە بیناسنەوەو بزانن: ئێمە چەند ڕێزمان لێ گرتوون، لەمەوە تەماعیان لێ غالب بێ جارێکی تر بێنەوەو برا پچوکەکەیان لەگەڵ خۆیان بهێنن...

بەشی یازدەهەم لەچیرۆکی حەزرەتی یوسف

گفتو گۆی نێوان براکانی یوسف لەگەڵ باوکیاندا دەربارەی ناردنی بنیامین لەگەڵیان بۆ میصر (٦٣-٦٦)

فَلَمَّا رَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيهِمْ قَالُوا۟ يَـٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَآ أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ ﴿٦٣﴾ قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ ۖ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَـٰفِظًا ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَمَّا فَتَحُوا۟ مَتَـٰعَهُمْ وَجَدُوا۟ بِضَـٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ ۖ قَالُوا۟ يَـٰٓأَبَانَا مَا نَبْغِى ۖ هَـٰذِهِۦ بِضَـٰعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا ۖ وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ۖ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾ قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ إِلَّآ

أَن يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ 

ئەم ئایەتانەش پەیوەندییەکی پتەویان بەئایەتەکانی پێشووەوە هەیە، دوای ئەوەی لەئایەتەکانی پێشوودا باسی داوا کردنی یوسف لەبراکانی کرا دەربارەی هێنانی بنیامین لەگەڵ خۆیاندا، لێرەدا باسی گفتو گۆی براکانی یوسف دەکا لەگەڵ باوکیاندا، بۆ ئەوەی رازی بکەنو رێگە بدا بنیامین لەگەڵ خۆیاندا بەرن، ئەویش دەترسا لەوەی ئەمیش وەکوو یوسف سەرنگوون بێ، دەیبا ئێستا یوسف لەمیصر بەجێ بێڵینو بچینە ئاخی کەنعانو بزانین: گفتو گۆی نێوان یەعقوبو کورەکانی چۆنەو چی یە؟

دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَجَعُوا إِلَى أَبِيهِمْ قَالُوا: يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ﴾ واتە: کاتێک کورەکانی حەزرەتی یەعقووب گەرانەوە بۆ لای باوکییان، پێش ئەوەی بارەکانیان بکەنەوەو خۆراکو گەنمو جۆیەکی هێناویانە دەری بکەن، چوونە لای باوکیانو وتیان: باوە گیان! بەداخەوە عەزیزی میصر لەمەدوا خواردەمەنی لێ بریوین، بریاری دا کە ئیتر گەنمو جۆمان پێ نەدەن، ئەگەر ئەمجارە چوینەوە بونیامینی برامان لەگەڵ خۆمان نەبەین، بۆیە داوات لێ دەکەین: کە لەم بارەوە گوێمان لێ بگریو بەرژەوەندی بنەماڵەکەمان لەبەر چاو بگرێ ﴿فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ﴾ ئەمجار کە چووینەوە بۆ میصر بونیامینمان لەگەڵدا بنێرە، بۆ ئەوەی بەئەندازەی ژمارەمان بارە گەنمو جۆ وەربگرین، چونکە ئێمە چەند کەس بین ئەوەندە بارە دانەوێڵەمان دەدەنێ، ﴿وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ بەوپەری دڵسۆزیو وریاییەوە لەچونو هاتنەوەماندا پارێزگاری دەکەینو ناهێڵین هیچی بەسەر بێ، هیچ مەترسە بەساغو سەلیمی دەیهێنینەوە!

ئیتر حەزرەتی یەعقووب کۆنەبرینی کولانەوەو سەر لەنوێ یوسفی بیر کەوتەوە، ﴿قَالَ: هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلاَّ كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَى أَخِيهِ مِن قَبْلُ﴾ فەرمووی: من ئەگەر ئەمەتان بەقسە بکەم شتێکی سەیرە، دڵنیابن حاڵو وەزعی من ئەو کاتەی لێتان ئەمین دەبم دەربارەی براکەتان وەکوو ئەو حاڵو وەزعەم وایە: کە کاتی خۆی دەربارەی یوسف لێتان ئەمین بووم بردتانو ئێوارە گەڕانەوە وتتان: گورگ خواردویەتی!! دەی چۆن ئێستا دەربارەی بونیامین لێتان ئەمین بم؟!

وازم لێ بێنن وادەو بەڵێنی خۆتان بۆ خۆتان، پارێزگاریکردنی خۆتان بۆ خۆتان، من ئەگەر داوای پاراستنی کوڕەکەم بکەمو هیوای رەحمو بەزەییم هەبێ ئەوە ﴿فَاللهُ خَيْرٌ حَافِظاً﴾ من خودام بەسە بۆ پارێزگاری کوڕەکەم! ئەو باشترین پارێزەرو چاودێری کارە.

﴿وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ خودا لەهەموو کەس بەرەحم ترە، سۆزو بەزەیی زۆر لەوە فراوانترە کە پاش ئەو ناخۆشی‌یەی بەهۆی یوسفەوە توشم بوو، تووشی ناخۆشی‌یەکی تری لەو جۆرەم بکاتەوە، من تەواوی بتمانەم بەخودای خۆمەو پشتو پەنام هەر ئەوەو کاری خۆم بەئەو دەسپێرم! هەر ئەو بەزەیی بەجەرگی هەڵقرچاوم دادێو رەحمم پێ دەکاو بەسەلامەتی بۆم دێنێتەوە! ئەمە نیشانەی ئەوەیە: کە حەزرەتی یەعقووب لەبەر ناعیلاجیو پێویستیان بەخواردەمەنی رازی بوو بەناردنی بونیامین لەگەڵیاندا، بەتایبەتی کە هیچ دیاردەو نیشانەیەکی وای هەست پێ نەکرد براکان رقو کینەیان لەگەڵ بونیامیندا هەبێ!

براکانی حەزرەتی یوسف ئەوەیان نەزانیبوو کە یوسف بیضاعەکەیانی بۆ خستوونەوە ناو بارەکانیان... جا ﴿وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ﴾ کە ماندویان حەسایەوەو بارەکانیان کردنەوە بۆ ئەوەی دانەوێڵەکەی هێنابوویان بیکەنە عەممباری خۆیانەوە ﴿وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ﴾ ئەو بەهایەی

بردبوویان بۆ گەنم کڕین بۆیان گەڕێندرابوەوە، ئیتر وەندەی تر بۆیان دەرکەوت کە یوسف چەند پیاوەتی لەگەڵ کردبوون، ئەمەشیان کردە هۆکارێک بۆ زێدە دڵنیا بوونی باوکیانو ئیقناعی بکەن بۆ ئەوەی((بونیامین)) یان لەگەڵدا بنێرێ، بەزمانێکی شیرینو پڕ لەرێزو ئیحتیرام ﴿قَالُوا: يَا أَبَانَا مَانَبْغِي هَـٰذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا﴾ وتیان: باوە گیان! چی ترمان لەمە جوانتر بوێ، چاوەڕوانی چی لەمە زیاتر بکەین! ئەمە ماڵو سامانەکەمانە کە برد بوومان بۆ دانەوێڵە کڕین بۆمان گێردراوەتەوە، هیچیان لێ گل نەداتەوە، وەکوو خۆی بۆیان گێڕاوینەوە!

خودا یاربێ لەگەڵ بونیامینی براپچوکەماندا سەفەردەکەین ﴿وَنَمِيرُ أَهْلَنَا﴾ تێشوو بژێو بۆ خاوو خێزان دەهێنین ﴿وَنَحْفَظُ أَخَانَا﴾ باری حوشترێك زیاد دەکەین، واتە بەدڵسۆزییەو چاوەدێری براکەمان دەکەین، وەکوو چاوی خۆمان دەیپارێزین. ﴿وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ﴾ باری حوشترێکمان گەنم زیاتر دەداتێ، چونکە هەر کەسەو باری حوشترێکی دانەوێڵە دەدرێتێ، عەزیز بۆ خۆشی بەڵێنی ئەوەی پێداوین کە بونیامین بەرین بارێکمان بۆ زیاد بکا. ﴿ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ﴾ ئەو بارە زیادەی دەمانداتێ کارێکی ئاسانو ئاسایی‌یە، بۆ پیاوێکی ئاوا سەخی رەوشتو خاوەن رەحمو بەزەیی چ گرانیەکی تێدا نیە.

کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب لەھەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو بوون، توانییان دڵی باوکیان رازی بکەن، وایان لێ کرد لەبڕیاری خۆی بێتە خوارێو بەڵێنی ئەوەی پێدان کە لەگەڵیاندا بونیامین بنێرێ بۆ میصر. بەلام هێشتا پێویستی زیاتر بەدڵنیا بوون بوو، ویستی زیاتر بەڵێنی جەخت لەسەر کراویان لێ وەربگرێ کە پارێزگاری لێ بکەنو وەکوو یوسفی لێ بەسەر نەیە؟ بۆیە روی تێ کردنو ﴿قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ اللَّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلَّا أَن يُحَاطَ بِكُمْ﴾ پێی فەرموون: ئەمن بونیامینتان لەگەڵدا نانێرم هەتا عەهدو بەڵێنێکی سوێند لەسەر خوراوم نەدەنێ، دەبێ وەعدێکی مەردانەم

بدەنێ کە بەسەلامەتی بۆم دەهێننەوە، دەبێ بەڵێنێکی وام بدەنێ کە مەگەر خۆتان لەناو بچن ئەگینا هەر بۆم دەگێڕنەوەو هیچی بەسەر نایە!

ئەوانیش بەڵێنی سوێند لەسەر خوراویان پێدا وادەو بەڵێنی مەردانەیان دایە، جا ﴿فَلَمَّآ آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ﴾ کە وەعدو پەیمانەکەیان دایە، دڵنیایان کرد: کە پارێزگاری دەکەنو وەکوو چاوی خۆیان دەیپارێزن. ئەو کاتە: ﴿قَالَ: اللهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ﴾ وتی: خودا شایەد بێ لەسەر وەعدو پەیمانی نێوان منو ئێوە، خودا ئاگادارە بەم گوفتو گۆیەمانو ئیتر من ئیشی خۆم بەخودا دەسپێرمو کاری خۆم حەواڵەی ئەو دەکەم. ئیتر بەناعیلاجیو لەژێر زەختی قورسایی قاتوقڕیدا رازی بوو بەناردنیبونیامین لەگەڵیاندا!!

تێبینی ئەوە دەکرێ: کە حەزرەتی یەعقووب، کاتی خۆی بۆ ناردنی یوسف لەگەڵ کوڕەکانیدا ئەوەندە گیر نەبوو، هەرزوو رازی بوو بەوە: کە یوسفیان لەگەڵدا بنێرێ بۆ سەیران. کەچی ئەمجارە بۆ ناردنی بونیامین لەگەڵیاندا زۆر گیرەو زۆر وادەو بەڵێنی لێ وەرگرتن.

بەشی دوازدەهەم لەچیرۆکی حەزرەتی یوسف

راسپاردەی حەزرەتی یەعقووب بۆ کوڕەکانی لەکاتی چوونە ناو شاری میصرەوە

(٦٧) وَلَمَّا دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَٰهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ



حەزرەتی یەعقووب بتمانەی بەوادەو بەڵێنی کوڕەکانی کردو ڕەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ ناردنی بونیامینی کوڕی لەگەڵیاندا.

ئەمجار سۆزی باوکایەتی پاڵی پێوەنا کە ئامۆژگاری کوڕەکانی بکا لەکاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ ناو شاری میصر لەچەند دەرگایەکەوە بچنە ژوورەوە بۆ ئەوەی بزانن چۆن پێشوازییان لێ دەکرێ: کە بونیامین دەبینن یان بۆ ئەوەی چاوەزار کاریان لێ نەکاو، خەڵکی حەسوودییان پێ نەبەن.

دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ: يَا بَنِيَّ! لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ﴾ حەزرەتی یەعقووب لەکاتی بەڕێکردنی کوڕەکانیدا فەرمانی پێ کردنو پێی فەرموون: ئەی کوڕە خۆشەویستەکانم! هەمووتان بەکۆمەڵ لەدەرگایەکەوە مەچنە ژوورەوە، بەڵکوو لەدەرگای جیا جیا بچنە ژوورەوە! چونکە ترسی شتێکی هەبوو بەسەریان بێ، جا شتەکە چی بوە چ نەبوە نازاندرێ دەقەکە دانی پیا نەناوە.

زوربەی ڕاڤەکەرانی قورئان پێیان وایە: حەزرەتی یەعقووب لەم ئامۆژگارییەی مەبەستی ئەوە بوو کوڕەکانی بەچاوەوە نەبن.

چاوەزار: شتێکی حەقەو ڕاستە، واتە: هۆکارێکە حەقیقییە وا دەبێ سەردەکێشێ بۆ زیان گەیاندن بەو کەسەی بەچاو دەنگێودرێ بەڵام بەئیزنو ڕەزامەندیو ویستی خودا.

یان مەبەستی ئەوە بووە: کە کوڕەکانی جوداوازی نێوان پێشوازی لێ کردنی جاری پێشوویانو ئەمجارەیان بۆ دەربکەوێ، جاری یەکەم کە هەر خۆیان بوونو ئەمجارە کە بونیامینیان لەگەڵدایە.

ئەمجار وتی: ڕۆڵەکانم! ئەوەش بزانن: کە من ئامۆژگارییەتان دەکەم، ﴿وَمَا أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللهِ مِنْ شَيْءٍ﴾ من بەم ئامۆژگارییانەم هیچ شتێک لەقەزاو قەدەری خودا ناگێڕمەوە، ئەوی خودا نەخشەی بۆ کێشابێو ویستی لەسەر بوونی هەبێ هەر دەبێ ببێو گەڕانەوەی نیە، واتە: خۆپاراستن

لەقەدەری خودا نابێ، چونکە خودا: کە ئیرادەی پەیدابوونی شتێکی کرد نەهاتنەدی مەحاڵە، وەلێ ئێمە فەرمانمان پێ کراوە: کە هۆکاری خۆپاراستن پەیڕەو بکەین وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَخُذُوا حِذْرَكُمْ﴾النساء/١٠٢.

واتە: پێویستە ئێمە هۆکاری رواڵەتی لەبەر چاو بگرین، هەرچەندە ئەو هۆکارانە بەبێ ئیزنی خودا هیچ کاریگەریەکیان نیە بەڵکوو پشت بەستن بەخودایە بەشێوەیەکی تایبەتیو هەلاتن لەخودایە بۆ لای خودا. کەوابوو هەوڵدان بۆ خۆپاراستن رەتکردنەوەی قەزاو قەدەر نیە، بەربەرەکانی بڕیاری یەزدان نیە، ئادەمیزاد بۆ خۆی هیچی بەدەست نیە.

کەوابوو ئەی رۆڵەکانم! باش بزانن هەرچی شتێک خودا بڕیاری دابێ تووشی ئێوە بێ گەڕانەوەی نیە، ئەم ئامۆژگارییانەی من ئاڕاستەم کردن نابێتە بەرگری لەقەزاو قەدەری خودا! هەرچی خودا بڕیاری دابێ تووشتان بێ تووشتان دێو گەڕانەوەی نیە.

﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ جێ بەجێ کردنی نەخشەی بوونەر بەهەموو شتێکەوە بەدەست خودایەو، هەموو بڕیارێک بەدەست خودا خۆیەتی، کەسی تر هیچی بەدەست نیە، ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ من هەر بەخودا پشت دەبەستمو هومێدم هەر بەئەوە، بتمانەم بەخودایەو بەس، ئیشی خۆم بەزاتی پاکی دەسپێرمو بتمانە بەکەسی تر ناکەم. ﴿وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ خاوەن تەوەککولەکان هەر لەسەر خودا تەوەککولیان هەیە. پشت هەر بەئەو دەبەستن!

﴿وَلَمَّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُمْ﴾ جا کاتێک کوڕەکانی یەعقووب چوونە ناو شارەوە بەو شێوەیەی باوکیان فەرمانی پێ کردبوون، لەو شوێنەوە کە نەخشەی بۆ کێشابوون، ﴿مَا كَانَ يُغْنِي عَنْهُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ﴾ جا وەنەبێ رای یەعقووبو چوونە ناو شاریان بەو شێوەیەی باوکیان فەرمانی پێ کردبوون

ناخۆشییان لێ دوور بخاتەوە، چونکە هەرچەندە بەگوێی باوکیان کردبوو جوێ جوێ چوونە ناو شارەوە لەدەروازی جیا جیا چوونە ژوورەوە، کەچی تووشی ئەو هەموو دەردی سەرییە بوونو تۆمەتی دزی درایە پاڵیانو بونیامینی برایان کرایە بارمتە، چونکە رەبەکە لەباری ئەودا دۆزرایەوە، ئەمجار پەرێشانی باوکیانو غەمبار بوونو پەرۆشی بۆ یوسفو بونیامین سەربار!

حەزرەتی یەعقووب کە ئەو فەرمانەی پێ کردن شتێک نەبوو زیانیان لێ دوور بخاتەوە ﴿إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا﴾ بەڵکوو مەبەستێک بوو لەدڵی یەعقووب خۆیدا ئەنجامی دا، شتێک بوو لەدڵی داو دەرکاندی، سۆزی باوکایەتی پاڵی پێوە نا کە ئەو ئامۆژگارییەیان بکا. ﴿وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِمَا عَلَّمْنَاهُ﴾ بێگومان یەعقووب دەیزانی: کە ویستی خودا دەبێ بێتە جێ، خودا ئەوەی فێر کردبوو، ئەویش باش فێری بوبوو. دەیزانی: حەذەر قەدەر ناگێڕێتەوە چونکە بەنیگاو سروش ئەوەمان فێر کردبوو!

﴿وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ وەلێ زوربەی خەڵک: کە موشریکو کافرن وەکوو یەعقووب ئاگادارنین، یان زوربەی خەڵک نازانن: کە یەعقووب ئەو ئاگادارییەی هەیە، چونکە نازانن: خودا چۆن خۆشەویستانی خۆی فێری زانیاری بەسوود بۆ دونیاو قیامەتیان دەکا. بڕێکێش لەو زانیارییە بەسوودانە دەستەبەر کردنی هۆکارە رواڵەتیەکانەو ئەمجار کارسپاردن بەخودا!!

تێبینی :

حەزرەتی یەعقووب کە بەکوڕەکانی فەرموو: ﴿لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە پێویستە خۆپاراستن لەچاوی پیس، چاوەزار حەقو راستەو هۆکارێکی رواڵەتییە بۆ زیانگەیاندنو هەنگاوتن. فاعیلی حەقیقیش پەروەردگارە.

ئیمامی ئەحمەد فەرموودەیەکی ریوایەت کردوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (العَيْنُ حَقٌّ) واتە: چاو کاریگەرەو چاوەزار راستە، هەروەها

قسەیەکی مەشهوور هەیە زانایانی ئیسلام گێڕاویانەتەوە دەڵێن: (چاوەزار پیاو دەخاتە گۆڕەوە، وشتر دەخاتە ناو مەنجەڵەوە)واتە: پیاو ساغو بێ دەردە چاوەزار دەی پێکێو دەیکوژێو دەیخەنە گۆڕەوە، وشتریش ساغو سەلیمە چاوەزار دەیهەنگێوێو نەخۆش دەکەوێو سەری دەبڕنو دەیخەنە ناو مەنجەڵو دیزەوە دەیکوڵێننو دەیخۆن.

پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆپاراستن لەچاوی پیس ئەم دوعایەی دەخوێند: (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ) زۆر ئەم دوعایەی بەسەر حەسەنو حوسەیندا دەخوێندو دەیفەرموو: حەزرەتی ئیبراهیم بەم شێوە دوعای پارێزگاریو خۆپاراستن لەچاوەزاری بەسەر ئیسماعیلو ئیسحاقی کوڕیدا دەخوێند.

عوبادەی کوڕی صامیت دەفەرموێ: بەیانی چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دیم ئازاری زۆر بوو، لەئێوارەدا چوومەوە خزمەتی دیم چاک ببوەوە. فەرمووی: جوبرائیل هاتە لام ئەم دوعایەی بۆ خوێندم (بسم اللهِ أَرْقِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ وَحَاسِدٍ، اللهُ يَشْفِيكَ) ئیمام ئەحمەد لەعائیشەو عوبادەوە گێڕاویەتیەوە.

پێویستە هەر موسوڵمانێک شتێکی بینیو سەرنجی راکێشا دوعای بەرەکەتی بۆ بخوێنێ، چونکە دوعای بەرەکەت کاریگەریەکەی قەلاچۆ دەکا، چونکە پێغەمبەر ﷺ بەعامیری فەرموو: (الا برکت) ئەوە بۆ تەبریکت نەکرد؟ بۆ نەتگوت: (تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ، اَللَّهُمَّ بَارِكْ فِيهِ).

هەروا دەگوترێ: چاوەزار کار لەمنداڵ زیاتر دەکا تا لەپیر. بینەری چاوپیس ئەگەر شتێکی بینیو سەرنجی راکێشاو تەکبیری نەکرد، فەرمانی پێ دەکرێ کە خۆیشوا، ئەگەر خۆی نەدەشت بەزۆرە ملێ پیێ دەکرێ. چونکە پێغەمبەر ﷺ لەحەدیثەکەی ئەبو ئومامەدا کە بەچاو شتێکی هەنگاوتبوو فەرمانی بەکابرای پێکراو کرد خۆی بشواو دوعاش بخوێنێ!

کەسێکێ چاوی پیس بوو نابێ زۆر تێکەڵاوی خەڵکێ بکا، بۆ ئەوەی زیان بەخەڵکێ نەگەینێ!

کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللهِ مِنْ شَيْءٍ﴾ ئاماژەیە بۆ ئەوە: کە خۆپاراستن لەقەزاو قەدەر ناکرێ.

بەشی سێزدەهەم لەچیرۆکی یوسف

ناسینەوەی بونیامین لەلایەن حەزرەتی یوسفەوە.

نەخشە دانان بۆ گلدانەوەی

إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٦٩﴾ فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَٰرِقُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟ عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟ نَفْقِدُ صُوَاعَ ٱلْمَلِكِ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمْ كَٰذِبِينَ ﴿٧٤﴾ قَالُوا۟ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِى رَحْلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٥﴾ فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ثُمَّ ٱسْتَخْرَجَهَا مِن

وِعَآءِ أَخِيهِۚ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلْمَلِكِ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُۗ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾

پەیوەندی نێوان ئەم کۆمەڵە ئایەتە لەگەڵ هی پێشەوە ئاشکرایە، چونکە ئەمانیش بەشێکی چیرۆکەکە نمایش دەکەن، جا با ئێستا ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی یەعقووبەو روداوەی گەشتەکە بپێچنەوە وەکوو چۆن سیاقەکە پێچاویەتیەوە، بزانین: کاتی بەیەکگەییشتنی یوسف بەبراکانی چی رودەدا.؟؟

دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا دَخَلُوا عَلَى يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَخَاهُ﴾ جا کە کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب گەییشتنە میصرو چوونە مەجلیسی حەزرەتی یوسفەوە، بونیامینی براشیان لەگەڵدا بوو، رێزی لێ گرتنو شوێنی تایبەتی بۆ دابین کرد بونیامینی برای بردە پەنا خۆیەوە، ﴿قَالَ: إِنِّي أَنَا أَخُوكَ﴾ وتی: من یوسفی براتم، ﴿فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ خەم لەوە مەخۆ کە کاتی خۆی خراپەیان دەربارەی من کردوە، ئەمجار ئامۆژگاری کرد: کە براکانی بەم حاڵە نەزاننو ئەوەیان پێ نەڵێ: کە ئەمە یوسفەو یەکترمان ناسیوەتەوە. ئەمجار لەگەڵیدا تەگبیری ئەوەشی کرد: کە چۆن گلی بداتەوە.

ریوایەتکراوە: دەڵێن: کە کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب چوونە لای یوسف عەرزیان کرد: ئەمە بونیامینی برامانە بۆمان هێناوی، ئەویش پێی گوتن کارێکی باشتان کردوەو پاداشتان دەدەمەوە، شوێنی حەوانەوەی بۆ دیاری کردنو رێزی لێ گرتنو لەسەر سفرەو خوان داینیشاندنو هەر دوو دوو لەسەر سفرەیەک دانیشتن بونیامین بەتەنیا مایەوە حەزرەتی یوسف بردیە پەنا خۆی لەسەر سفرەی خۆی دایناو پێکەوە نانیان خوارد. ئەمجار حەزرەتی یوسف فەرمانی دا هەردوو دوو بردیاننە هۆدەیەکەوە بۆ پشوودانو نوستنو

بونیامین بەتەنیا مایەوە بردیــە لای خۆیو پــێی گــوت مــن یوسفی بــراتم، خەفەت بەو کارە نامەردانەی براکانت مــەخۆ: کــە کــاتی خــۆی لەگــەڵ مــندا ئەنجامیان دا. بێگومان خودا ئەم کارەی بەباش گێڕاوە، لەسەر خێرو خۆشی کۆی کردوینەوە، ئەوەی پێم گوتی بەبراکانتی مەڵێ با ئەوان بەوە نەزانن.

﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ﴾ دوای ڕێــز لێ گرتــنو پێشــوازیکردنی جــوانو ڕێکو پێک، فەرمانی دا بۆ هەریەکەیان باری وشترێک دانەوێڵە دابگرن، جــا کە تەجهیزی کردنو خۆیان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە، حەزرەتی یوسف فەرمانی بەپیاوەکانی کرد: کە ﴿جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ﴾ کــە ئــامێری پێوانەکــە (ربە، قسناغ، مود، تەنەکە) وا دیارە زێڕ یان زیووە یان شتێکی بــەنرخ بــووە بیخەنە باری بونیامینەوە، بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن!

﴿ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ﴾ پاشان کە باریــان بــار کــردو ویستیان لەشار دەربچن بانگدەرێک بانگی هێشتنو هــاواری لێ کــردن وتــی: ئەی کاروانیەکان! ئێوە قافلەیەکی دزن، ربــەی پاشــا دزراوە، ئێــوە دزیوتانــە! ڕاوەستن دەتانپشــکنین! ئــەوانیش ســەریان سوڕما پەشۆکان، جۆش دامــان نەیاندەزانی چییــان بەســەر هــاتووە. چــی بکــەن باشــە، چۆن بــەرەنگاری ئــەم مەوقیفە ببنەوە، ئەوان کوڕی یەعقووبی کوڕی ئیســحاقو ئــەم تاوانــە (کوجــا مەرحەبا) ناچار بــەرێگادا گەڕانــەوە بــۆ ئــەوەی بزانــن چــی ڕودەدا. ﴿قَالُوا وَأَقْبَلُوا عَلَيْهِم﴾ بــەرەو ڕووی کــابرای بــانگبێژ هــاتنو ڕویــان تێکــردو وتیــان: ﴿مَاذَا تَفْقِدُونَ؟﴾ چ باسەو چیتان لێ دزراوە؟ لەچی دەگەڕێن؟ ﴿قَالُوا: نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ﴾ وتیان: جامی ئاو خواردنەوەی پاشامان لێ هون بووە، یان ئەو ربەیەی پاشا: کە گەنمی پێ پێوانە دەکەین لێمان دزراوە. هــەندێک دەڵێــن: ئامێرەکە لەزێڕ بووە، بــۆ ئــاو خواردنــەوە بــەکار هێــنراوە، لەهــەمان کــاتدا دانەوێڵەشیان پێ پێوانە کردوە.

ئەمجار بەکوڕەکانی حەزرەتی یەعقووبیان گوت: ئەو ئامێرە دیار نیەو دزراوە ﴿وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ﴾ هەر کەسێکێ بێ ئەوەی بی پشکنین بۆ خۆی بۆمان بێنێتەوە ﴿حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ باری حوشترێکی دانەوێڵەی دەدەینێو من بەڕعۆدەی ئەوە دەبم کە ئەو خەڵاتە لەپاشا وەردەگرێ.

بەڵام کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب دڵنیان: کە دزییان نەکردوەو لەو تاوانە بەرین، ربەیان نەدزیوەو ئاگاشیان لێ نیە، بۆ دزی نەهاتوونو بەتەما دزیکردنیش نینو نەبوون، ئەوان نەهاتوون فەسادی دزیکردن ئەنجام بدەن، بتمانەی خۆیان بدۆڕێنن! بۆیە بەو پەڕی لەخۆڕادیویو بتمانە بەخۆیوونەوە ﴿قَالُوا: تَاللهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ مَاجِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ﴾ وتیان: سوێندمان بەخودا، ئێوە بۆ خۆتان دەزاننو جاری یەکەم تاقیتان کردوینەوە، لەو کاتەوە ئیمەتان ناسیوەو هەڵسو کەوتی ئێمەتان بینیوە، رەگەزو بنەماڵەی ئێمەتان ناسیوە، بۆتان دەرکەوتووە کە ئێمە نەهاتووین بۆ دزی کردنو فەساد بلاو کردنەوە، لەکەنعانەوە نەهاتووین بۆ میصر بۆ ئەوەی کاری ناشیرین ئەنجام بدەین!

﴿وَمَاكُنَّا سَارِقِينَ﴾ ئێمە دزنینو رۆژێکێ لەرۆژان دزیمان لێ واقیع نەبوەو دزیکردنو کاری ناشیرین رەوشتی ئێمە نیە.

﴿قَالُوا: فَمَا جَزَاؤُهُ إِنْ كُنْتُمْ كَاذِبِينَ﴾ وتیان: سزای ئەو کەسە چیە ئەگەر درۆتان کردو ئێوە ربەکەتان دزی بوو؟

لێرەدا لایەنێکی ئەو پلانو نەخشەیەی خودا خستبویە دڵی حەزرەتی یوسفەوە دەردەکەوێ. بێگومان دابو نەریتی ئایینی حەزرەتی یەعقووب وابوو: هەر کەسێکێ دزی لەسەر بچەسپایە، بۆ خۆی دەکرایە کۆیلەو بارمتە لەسزای تاوانەکەیدا. جا چونکە براکانی حەزرەتی یوسف لەبێ تاوانی خۆیان دڵنیا بوون، بۆیە رازی بوون کە بەشەریعەتی حەزرەتی یەعقووب حوکمیان لەگەڵ بکرێ.

بۆیە یەکسەر ﴿قَالُوا: جَزَاؤُهُ مَنْ وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ﴾ وتیان: سزای ئەو کەسەی ریەکەی پاشای دزی بوو لەبارەکەیدا دۆزرایەوە بۆ خۆی ببێتە بارمتەو نرخی دزییەکەی ئەوەیە بگیرێ ﴿كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ ئێمە بەشەریعەتی خۆمان ئاوا سزای دزو ستەمکاران دەدەینەوە!!

هەموو ئەم حیوارو گفتو گۆیە لەپێش چاوی یوسفو بەئاگاداری ئەو ئەنجام درا، ئیتر فەرمانی دا بەتەفتیش کردنو پشکنینی بارەکانیان ﴿فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ﴾ بەشێوەیەکی ژیرانەو عاقلێ مەندی سەرەتا دەستی کرد بەپشکنینی باری زڕبراکانی، هەڵبەتە ئەو فەرمانی کردو پیاوەکانی کارەکەیان ئەنجام دا یەکە یەکە بارەکانیان پشکنین تا سەرە گەییشتە سەر باری بونیامینی برای ﴿ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِنْ وِعَاءِ أَخِيهِ﴾ پاشان کە باری حوشتری بونیامین پشکنرا ریەکەی پاشایان لێ دەرهێنا! لەباری ئەودا دۆزرایەوە، بەمەش پلانو نەخشەکەی یوسف بۆ گلدانەوەی براکەی سەرکەوتو بەگوێرەی شەریعەتێ: کە خۆیان پێی رازی بوون رێگای بۆ خۆش بوو: کە بونیامین گل بداتەوە.

لەم لاشەوە بیر لەمەوقیفی براکانی یوسف بکەرەوە چەند شەرمیان بەخۆیاندا هاتۆتەوەو چەند تەریق بوونەوە، پاش ئەو هەموو سوێندو جەخت کردنەوە دزییان لەسەر چەسپاو تاوانبار کران؛ ﴿كَذَلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ﴾ ئاوا بەو شێوە وردو لێزانیە ئەو پیلانەمان بۆ یوسف رێک خست، نیگامان بۆ کرد: کە بەو شێوە نەخشەکە جێ بەجێ بکا. هەڵبەتە ئەمە فێڵو پیلانێکی پەسندو خودا ویستە، حیکمەتو بەرژەوەندی پێویستی تێدایە، بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە دروستە هۆکاری وا پەیرەو بکەی کە بەرواڵەت وەکوو فرتو فێڵ وا بێ بۆ گەییشتن بەمەبەستێکی مەشرووعو پەسند! بەمەرجێ ئەو فێڵە دژایەتی لەگەڵ دەقێکی شەرعیو حوکمێکی چەسپاو نەکا. ئەم پلانەی حەزرەتی یوسف نەخشەی بۆ کێشاو ئەنجامی دا پیلانێکی مەشروع و دروست بوو، چونکە

خێرو مەسڵەحەتی بەدواوە بوو زەرەرو زیانی بەکەس نەگەیاند، بونیامینیش بۆ خۆی دڵنیا بوو لەبێ تاوانی خۆی، چونکە لەوەپێش لەگەڵ حەزرەتی یوسفدا رێک کەوتبوون.

بۆیەش یوسفمان فێری ئەم پیلانە کرد تا بتوانێ بونیامین گل بداتەوە ﴿مَاكَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلْمَلِكِ﴾ ئەگەر بەگوێرەی شەریعەت یەعقووب هەڵسو کەوتی لەگەڵ نەکردنایە، نەیدەتوانی بەگوێرەی یاسای پاشای میصر بونیامین بەبارمتەو سزای دزی گل بداتەوەو بیکاتە کۆیلە، چونکە لەیاسای باوی ئەو سەردەمەی پاشای میصر رێگای ئەوە نەبوو دز بکرێتە کۆیلەو بەند بکرێ! بەڵام خودا بارو دۆخێکی بۆ هەڵسوڕاند براکانی بەدەمی خۆیان خۆیان پابەندی یاسایەک کرد: کە لەبەرژەوەندی حەزرەتی یوسف بوو، بۆ پلانی گل دانەوەی بونیامین گونجاو بوو! حەزرەتی یوسف بۆ خۆیشی دەیزانی کە شەریعەتی ئەوان ئەوەی تێدایە: کە دز دەکرێتە کۆیلەو دەگیرێ. بەڵێ ئەگەر حەزرەتی یوسف بەشەریعەتی یەعقووب مامەڵەی لەگەڵ نەکردنایە، نەیدەتوانی براکەی گل بداتەوە ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ مەگەر خودا ویستی لەسەر بوایە، بێگومان خوداش ویستی لەسەر بوو، بۆیە ئەو پلانەمان بۆ داناو تەوفیقمان دا بۆ ئەوەی هۆکارەکان رێک بخاو بەهێدیو هێمنی نەخشەکە ئەنجام بدا، واتە: ئەو پلانە خودا فێری کردو فەرمانی پێ کرد ئاوا ئەنجامی بدا، نەک لەداهێنانو پیلانی یوسف خۆی بێ!

ئەمەش **فەضل**و بەخششی خودایە، کەسێک خودا بیەوێ بەرزی بکاتەوە، زانیاریو نەخشەی سەرکەوتووی فێر بکا فێری دەکا، ﴿نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَآءُ﴾ کەسێک بمانەوێ چەند پلەیەک بەرزی دەکەینەوە، زانستو زانیاری پێ دەبەخشین. ﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ لەژوور هەموو خاوەن زانیاریو زانایەکەوە زاناترێک هەیە. لەژوور هەموو زانایەکەوە کەسێک هەیە لەو زاناترە، تا دەگاتە کەسێک: کە زانیاری ئەو هەموو

شتێک دەگرێتەوە ئەویش پەروەردگاری بوونەوەرە ئیتر عیلمو زانیاری ئەو سنووری نیە، رەهاو فراوانە زاتی پاکی لەژوور هەموو خاوەن زانیارییەکەوەیە.

﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئیستیثنایە لەهەموو حاڵەکانی واتە: لەهیچ حاڵێک لەحاڵەکانیدا نەیدەتوانی براکەی گل بداتەوە مەگەر لەحاڵەتێکدا خودا ویستی لەسەر بوایە. واتە: یوسف ئەو پلانەی بەئیزنو نیگای خودایی ئەنجام دا!

تێبینی :

بێگومان ئەم ئایەتە قوڕ بەدەمی ئەوانەدا دەدا کە دەڵێن: ئایین بریتییە لەبیرو باوەڕو خودا پەرستیو بەس! بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بۆڕدانی ئەو نەفامانەی کە پێیان وایە: ئایین بریتییە لەپەیوەندی نێوان بەندەو خوداو چ دەخڵێکی بەسەر یاساو نیظامی بەڕێوەبردنەوە نیە!

ئەوەتا ئەم ئایەتە زۆر بەوردی وشەی (دین) سنوور دار دەکا، پێناسەیەکی دین رادەنوێنێ، بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ: کە دین وێڕای بیرو باوەڕو عیبادەت یاساو نیظامو شەریعەتی بەڕێوەبردنیش دەگرێتەوە، بەئاشکرا لەشوێنی یاساو شەریعەت وشەی (دین)ی بەکار هێناوە. کەوابێ دین یانی عەقیدەو بیرو باوەڕ، یانی عیبادەتو خودا پەرستی، یانی یاساو شەریعەتی بەڕێوەبردنی ئیشو کار، یانی یاسای قیصاصو تۆڵەستاندنو تەمێ کردنو مامەڵەو خێزان دروست کردن کۆمەڵ دامەزراندنو رێکئو پێک کردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵو یاسای پێکەوە ژیانیان!

بەشی چواردەهەم لەچیرۆکی یوسف

دانو سانێکی توندو تیژ لەنێوان کورەکانی حەزرەتی یەعقووب لەگەڵ حەزرەتی یوسفدا

۞ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفۡسِهِۦ وَلَمۡ يُبۡدِهَا لَهُمۡۚ قَالَ أَنتُمۡ شَرّٞ مَّكَانٗاۖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥٓ أَبٗا شَيۡخٗا كَبِيرٗا فَخُذۡ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٧٨﴾ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأۡخُذَ إِلَّا مَن وَجَدۡنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ إِذٗا لَّظَٰلِمُونَ ﴿٧٩﴾ فَلَمَّا ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ مِنۡهُ خَلَصُواْ نَجِيّٗاۖ قَالَ كَبِيرُهُمۡ أَلَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ أَبَاكُمۡ قَدۡ أَخَذَ عَلَيۡكُم مَّوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبۡلُ مَا فَرَّطتُمۡ فِي يُوسُفَۖ فَلَنۡ أَبۡرَحَ ٱلۡأَرۡضَ حَتَّىٰ يَأۡذَنَ لِيٓ أَبِيٓ أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِيۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ﴿٨٠﴾ ٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيكُمۡ فَقُولُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبۡنَكَ سَرَقَ

وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ ﴿٨١﴾ وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِى كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِى بِهِمْ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٨٤﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ تَفْتَؤُا۟ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ ٱلْهَٰلِكِينَ ﴿٨٥﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُوا۟ بَثِّى وَحُزْنِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ يَٰبَنِىَّ ٱذْهَبُوا۟ فَتَحَسَّسُوا۟ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَا۟يْـَٔسُوا۟ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَا۟يْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾

ئەو شەرمەزارییەی تووشی کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب بوو بەهۆی دۆزینەوەی ریەی پاشا لەباری بونیامین‌دا لەناخەوە هەژاندنی، ئەو هەڵوێستە حەریجەی ئەوانی تێکەوت رقی شاردراوەیان دژی بونیامین‌و بۆ حەزرەتی یوسف لەوەپێش، جارێکی تر سەر رێژی کردو دژایەتی خۆیان بۆ یوسفو

بونیامینی بەتۆمەتگیراو دركاند، هەوڵی ئەوەیان دا لەكەی دزی لەخۆیان دوور بخەنەوە بیخەنە سەر یوسفو بونیامینی برای كە لەدایكێك بوون. ﴿قَالُوا: إِنْ يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ﴾ وتیان: شتێكی سەرسوڕهێنەر نیە كە ئەم برا باوكی‌یەمان دزی بكا چونكە دایكی جودایە. جا ئەگەر ئەمڕۆ ئەم دزی كردبێ‌و دزی بكا ئەوە عەجایەب نیە چونكە لەوەپێش برایەكی تری هەبوو ئەویش هەر وا دزی كرد، ئەم سروشتەیان لەدایكییانەوە بۆ ماوەتەوە.

وەپاڵدانی دزی بۆ لای حەزرەتی یوسف لەهەرە ریوایەتە راستەكاندا ئەو فەرموودەیەیە: كە ئیبنو مەردەوەیهی لەئیبنو عەبباسەوە بەمەرفووعی ریوایەتی كردوە دەفەرموێ: یوسف بتێكی لەزێڕ دروستكراوی لەباوكی دایكی دزی‌و شكاندی‌و فڕێی دایە سەر رێگا، گوایە براكانی یوسف بەئەمە عەیبداری دەكەن!

ریوایەتێكی تر هەیە ئیبنو ئیسحاق‌و ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەم لەموجاهیدەوە ریوایەتیان كردوە دەڵێ: یەكەم بەڵاو ناخۆشی: كە تووشی یوسف هات ئەوە بوو پوری خوشكی باوكی: كە كچە گەورەی حەزرەتی ئیسحاق بوو، پشتێنەكەی حەزرەتی ئیسحاقی كەوتە لا چونكە گەورەترین منداڵی حەزرەتی ئیسحاق بوو. جا كە یوسف لەدایك بوو ئەم پوورەی بۆ پەروەردە كردن بردییە لای خۆی، زۆر خۆشەویستی یوسف چووە دڵیەوە، كەس هێندەی ئەم پیرێژنە یوسفی خۆش نەویستووە، بەم جۆرە یوسف لای ئەم پورەی مایەوە هەتا خڕەكە بوو پێگەیشت، حەزرەتی یەعقووب ویستی بیباتەوە لای خۆی‌و داوای لێ كرد بیداتەوە، پورەكەی وتی: من بێ یوسف هەڵناكەم‌و ناتوانم ساتە وەختێك لێم دوور بكەوێتەوە، پاشان وتی: با چەند رۆژێكی تر لام بمێنێتەوە بۆ ئەوەی تێر سەیری بكەم‌و تەسەللام پێ بێ!

جا كە یەعقووب رۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان پیرێژن هەستا پشتێنەكەی ئیسحاقی لەژێرەوە لەپشتی یوسف بەست، ئەمجار وتی: پشتێنەكەم لێ

دزراوە بزانن لای کێیە؟ دەستیان کرد بەپشکنینو گەڕان، دووایی لای یوسف دۆزرایەوە، کە حەزرەتی یەعقووب بەم هەواڵەی زانی هات بۆ لای خوشکە گەورەیو وتی: ئەگەر یوسف شتی وای کردبێ ئەوە بابۆخۆی بارمتەبێ لات هەرئەوەندە دەتوانم، ئیتر تا پیرێژن مرد یوسف لای مایەوە. ئەم رووداوەیە: کە براکانی یوسف نیسبەتی دزییان بۆ لا داو وتیان: ﴿إِنْ يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ﴾ ئەگەر ئەمڕۆ بونیامین دزی کردبێ ئەوە شتێکی سەیر نیە چونکە برایەکی تریشی هەبوو لەوەپێش دزی لێ رودرا.

﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾ حەزرەتی یوسف وەڵامی ئەم قسە ناشیرینەی نەدانەوە، لێیانی نەگرتو پێناخۆشبوونی خۆی بەرامبەر دەرنەبڕیو بەدرۆی نەخستنەوە، لەکاتێکدا لێی مەعلووم بوو کە خۆیشیو بونیامینی براشی لەتاوانی دزی دوورن. ئەوان بوختانیان پێ دەکەن.

بەڵکوو لەدڵی خۆیدا ﴿قَالَ أَنْتُمْ شَرٌّ مَكَانًا﴾ بەڵکوو ئێوە بەم درۆهەڵبەستنو بوختانکردنەتان لای خودا پلەو پایەی خراپتان هەیە، بوختانکەر زۆر لەبوختان پێکراو خراپترە، ئێوە خۆشەویسترین جگەر گۆشەتان لەباوکتان دزیو بەمەبەستی لەناو بردنی خستتانە بیری کەنعانەوە، ئەمجار درۆی ئەوەتان هەڵبەست گوایە گورگ خواردویەتی.

﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾ خودا لەهەموو کەس زانا ترە بەو تاوانەی بەناحەق وەپاڵی منو بونیامینی برامی دەدەن!

ئەمجار براکانی یوسف بەخۆیاندا چوونەوەو ویتسیان هەر چۆنێک بێ بونیامین ئازاد بکرێ، عەهدو پەیمانی باوکیان بیر کەوتەوە کە وتی: ﴿لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلَّا أَنْ يُحَاطَ بِكُمْ﴾ ئیتر دەستیان کرد بەپاڕانەوەو هەوڵیان دا حەزرەتی یوسف بەزەیی پێیاندا بێتەوە، ﴿قَالُوا: يَاأَيُّهَا الْعَزِيزُ! إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا﴾ وتیان: ئەی پاشا! ئەی عەزیزی میصر! ئەم کوڕەی کەوا تۆ گرتوتە باوکێکی پیرو کەنەفتی هەیە، باوکێکی بەساڵاچوو کەفتەکاری هەیە، بێتو ئێمە

بچێنەوەو ئەومان لەگەڵ نەبێ بەتـەواوی تێـک دەچـێ، کـاتی خـۆی کوڕێکـی خۆشەویستی هەبوو فەوتاوە بیرۆشی ئـەو کـوڕەی بەئـەم دێ، بۆیـە پێویسـتە ریعایەتی ئەو باوکە پیرەمان بکەی بەزەییت پێمانا بێتەوە ﴿فَخُـــذْ أَحَدَنَـا مَكَانَهُ﴾ یەکێک لەئێمە بگرەو بیخەرە شوێنی بونیامین ﴿إِنَّـا نَـرَاكَ مِـنَ الْمُحْسِنِينَ﴾ ئێمە دەبینـین جـەنابت زۆر لەگـەڵ ئێمـەدا چاکـەکاریو پیـاوەتیت بەسەرمانەوەیە، کە ئازوقەو بەشـەخواردنمان پـێ دەدەی زیادەمـان دەدەیـەو پیاوەتیمان لەگەڵ دەکەی، میوانداریمان دەکەی، بەرێزو قەدرەوە مامەڵـەمان لەگەڵ دەکەی. کەوابێ چاکەکاریو پیاوەتی خۆتمان لەسەر تەواو بکە، وەکـوو گوتراوە (الإحسان بالتمام). دەی کەوایە: ئـەم پیاوەتییـەشمان لەگـەڵ بکـە. خۆرەوشتی تۆ هەر چاکەو پیاوەتییە، بـەگوێرەی سروشـتو رەوشـتی خۆتمـان لەگەڵ دا بکە، ئێمە شیاوترین کەسین کە ئاتاجی ئەو چاکەکارییەتین!

بەڵام یوسف دەیەویست دەرسێکی پەروەردەییان داداو براکـانیو بـاوکی ئامادە بکا بۆ روبەڕوبوونەوەی موفاجەئەیەک کە لەوە بەولاوە دێتە پێشەوە!

﴿قَالَ: مَعَاذَ اللهِ أَنْ نَأْخُذَ إِلاَّ مَنْ وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِنْدَهُ﴾ حەزرەتی یوسـف فەرمووی: پەنا دەگرین بەخودا کە ئێمـە کـاری نـاڕەوا بکـەین، پـەنا دەگریـن بەخودا کە ئێمە کەسێک بگرین ریەکەی لەباردا نەدۆزرابێتەوە. ئێمە کەسێک گل دەدەینەوە کە ریەکەمان لەبارەکەیدا دۆزیوەتەوە، کەسی تـر لـەباتی ئـەو گل نادەینەوە. ﴿إِنَّا إِذًا لَظَـالِمُونَ﴾ ئێمـە کـە جگـە لەئـەو کەسێکی تـر گـل بدەینەوە ئەوە بەگوێرەی شەریعەتی خۆشتان ستەمکارییەو ئێمە دەچینە پێڕی ستەمکارانەوە، دەی چۆن داوای ئەوە دەکەن ئێمە ستەمکاری بکەین لەجیاتی تۆمەتبارێک بێ تاوانێک بگرین؟ بەکورتی مەبەستی ئەوەیە: دەفەرموێ: من نیگام بۆکراوە بونیامین گل بدەمـــەوە، بـۆ ئـەوەی بەرژەوەندییـەکی تایبـەتی هەیـە بێتـە جـێ، ئەگـەر بەپێچەوانـەی ئـەو نیگایـە هـەڵسو کـەوت بکـەم ستەمکارم! ئەمن هەرگیز شتی وا ناکەم.

ئیتر براکانی حەزرەتی یوسف لەوە نائومێد بوون برا پچکۆلەیان بۆ رزگار بکرێ، کوڕو مەجلیسی یوسفیان بەجێ هێشتو بۆخۆیان کۆبونەوەیەکیان ئەنجام دا. سییاقی قورئانەکە گفتو گۆی کۆبوونەوەکە دیاری ناکا بەڵکوو ئاکامی کۆبوونەوەکە باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا اسْتَيْأَسُوا مِنْهُ خَلَصُوا نَجِيًّا﴾ کە براکانی یوسف ناهومێد بوون لەرزگار کردنی براکەیان، لەمەجلیسەکە چوونە دەرەوە لەناو خۆیان دەستیان کرد بەراوێژو گفتو گۆ: ﴿قَالَ كَبِيرُهُمْ:﴾ برا گەورەکەیان بەتەمەن یان بەعەقڵو هۆش وتی: ئەمە کارێکی گەورەیەو نابێ وا بەئاسانی سەیری بکەین: ﴿أَلَمْ تَعْلَمُوا أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقًا مِنَ اللهِ﴾ ئەوە نازانن‌و بیرتان نایەتەوە: کە باوکتان وادەو بەڵێنی لێ وەرگرتین: کە دەبێ بەسەلامەتی ئەم کوڕەی بۆ بەرینەوە مەگەر سەرمان تێدابچێ‌و هیچمان نەمێنین! ﴿وَمِنْ قَبْلُ مَافَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ﴾ ئەی ئەوەتان وەبیر نایەتەوە لەرابردوودا چیتان لەگەڵ یوسف کرد؟ چۆن بەو شێوە نامەردانەیە لەبەر چاوی باوکمان هونتان کردو ئاوا بوو بەهۆی غەم‌و خەفەت بۆی‌و چاوەکانی کوێر بون‌و ئاوا تووشی ئەو حاڵەتە ناخۆشە بوو!!

دەسا وەڵلاهی ﴿فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّى يَأْذَنَ لِي أَبِي﴾ ئەمن ئەم خاکی میصرە بەجێ ناهێڵم‌و بونیامینی تێدا بمێنێتەوە، هەتا باوکم بۆ خۆی ئیزنی گەڕانەوەم نەدا، ﴿أَوْ يَحْكُمَ اللهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ یان خودا بڕیارێک بدا دەربارەی من‌و براکەم بەجۆرێک بتوانم براکەم رزگار بکەم، یان فەرمانی دەرچوونم لەخاکی میصر دەر بکا ﴿وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ خودا باشترین دادوەرە، هەر حوکمێکی بیدا حەق‌و عەدالەتە، پێویستە پابەندبم پێیەوە. ئەمە بڕیاری شەخصی خۆمەو بەنیسبەت خودی خۆمەوە ئەمە هەڵوێستمە.

بەڵام براکانی تر کە بڕیاریان وابوو بگەڕێنەوە بۆ کەنعان دەربارەی ئەوانیش رای خۆی دەربڕی‌و وتی: ﴿ارْجِعُوا إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُوا: يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ!﴾ ئێوەش بڕۆنەوە بۆ لای باوکتان‌و بڵێن: بابە گیان بونیامینی کوڕت

ڕیەی پاشای دزیو عەزیزی میصر لەتۆڵەی ئەو تاوانەدا، کردی بەکۆیلەو گلی دایەوە، ئەم حوکمەشی لەسەر ڕۆشنایی شەریعەتی باوی ئێمە دەرکردو، ئێمە بۆ خۆمان پێمان گوت: سزای دزی لەشەریعەتی ئێمەدا ئاوایە ﴿وَمَا شَهِدْنَا إِلاَّ بِمَا عَلِمْنَا﴾ ئێمە ئاگادار نەبووین بەدزییەکە جگە لەوەی: کە زانیمانو بەچاوی خۆمان دیمان ڕیەکەی پاشایان لەباری ئەو دەرهێناو بەئاشکرا دزییەکەی لەسەر چەسپا! ئێمە ئەو کاتەی کە وادەو بەڵێنمان پێدای گوتمان: بەسەلامەتی دەیهێنینەوە چوزانین ئەوەمان بەسەر دێ ئەگینا نەبونیامینمان دەبردو نەوادەو بەڵێنی ئاوا جەخت لەسەر کراویشمان بەجەنابت دەدا ﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ﴾ ئێمە خۆئاگاداری زانیاری پەنامەکی نین، کەی دەمانزانی: کە بونیامین دزی دەکاو دەگیرێو دەکرێتە کۆیلە؟ ئێمە چوزانین ئەمیش توشی کارەساتێکی ئاوا دەبێو بۆ تۆ دەبێتە غەمو ناڕەحەتیەکی تر؟!

بەکورتی حەقیقەتی حاڵەکە نازانین چۆنە چونکە هەر خودا غەیب زانەو کەسی تر شتی پەنامەکی نازانێ، ئێمە ئەوەی دیمان ئەوەبوو، جا ئەگەر لەپاش ئەم ڕوداوەوە شتێکی تر هەبێ ئەوە ئێمە بێ ئاگاینو ئاگاداری عیلمی غەیب نین. جا ئەگەر تۆ شکو گومانت لەم قسانەی ئێمەدا هەیە ئەوە ﴿وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا﴾ دەتوانی یەکێک بنێری بۆ شاری میصرو شایەدی دانیشتوانی شاری میصرت بۆ بێنێ، بنێرە پرسیار لەخەڵکی ئەو شارە بکە کە ئێمە لێی بوینو ئەو ڕوداوەمان تێیدا بەسەرهات، چونکە دەنگو باسی دزییەکە بەناو شاردا بڵاوەی کردوو هەموو پێی زانی. ﴿وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا﴾ بۆ خۆت پرسیار لەو کاروانچییانە بکە: کە لەگەڵمان بونو شایەدی ڕوداوەکە بوون. ئەمە هەموو پاکانەیە بۆ خۆیانی دەکەنو دەیانەوێ تۆمەت لەخۆیان دوور بخەنەوە، چونکە گومانیان لێ دەکرێو لەڕوداوی یوسفدا تۆمەتبارن! ئەمجار جەختیان لەسەر ڕاستگۆیی خۆیان کردەوە وتیان: ﴿وانا لصدقون﴾ بێگومان ڕاستگۆین لەو هەواڵانەی پێمان دایو

درۆمان لەگەڵ نەکردووی! ئەمە راسپاردەی برا گەورەکەیان بوو: کە لەمیصر بۆ خۆی مابووەوەو بڕیاری دابوو تا باوکی ئیزنی نەدا میصر بەجێ نەهێڵێ.

جا کاتێ براکانی یوسف گەڕانەوە بۆ کەنعانو ئەم هەواڵە ناخۆشەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە باوەڕی پێ نەکردن ﴿قَالَ: بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْراً﴾ فەرمووی: نەخێر ئەمەشتان فرتو فێڵێکی ترەو بۆ خۆتان ریەکەتان خستۆتە ناو باری بونیامینەوە بۆ ئەوەی بەگرتی بدەن، بەڵکوو ئەمەش پیلانێکە لەنەفسو دەروونتاندا داتانڕشتووە بۆ ئەوەی بونیامینیش وەکوو یوسف لەناوبەرنو خۆتانی لێ رزگار بکەن، ئەگەر بۆ خۆتان بەدەمی خۆتان فتوا نەدەن بۆ عەزیزی میصر: کە هەر کەسێکێ ریەکەی لەبارەکەیدا دۆزرایەوە دەگیرێو دەکرێتە کۆیلە، عەزیزی میصر کوڕی منی نەدەگرتو گلی نەدەدایەوە برا گەورەکەشتان لەمیصر هەڵەوگیر نەدەبوو!

دەی هەڵوێستی من لەئاست ئەم بەڵاو بەتاقیکردنەوانەدا رازی بوون بەو قەزاو قەدەرە ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ حاڵو وەزعی من لەئاکامی ئەم موصیبەتانەدا خۆگریو دان بەخۆدا گرتنە، نە ئاخو ئۆف دەکەم، نەشکایەتو سکاڵام بۆ لای کەس دەبەم! رازیم بەقەزاو قەدەری پەروەردگار، سکاڵام بەس بۆ بارەگای خودا دەبەم، هەر ئەو کەسی بێکەسانە، هەر ئەو پەنای بۆ دەبرێو هاواری لێ دەکرێ، هەرگیز لەرەحمەتی خودا نائومێد نابم ﴿عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعاً﴾ هومێدەوارم خودا هەرسێکێ کوڕەکانم بۆ بگێڕێتەوە (یوسفو بونیامینو روبیل) چاوەڕوانی بڕیاری خودا دەکەم دەربارەیان، ئاواتە خوازم خودا هەرسێکێ کوڕەکانم بۆ بنێرێتەوە (بەئیلهام ئەوەی دەزانی کە یوسف نەمردوە).

﴿إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ بێگومان خودا بۆخۆی زاناو ئاگادارە بەحاڵی تەنیایی منو فەوتانی کوڕەکانمو غەمو نارەحەتی من بۆیان، داناو کارامایە لەکردەوەکانیدا، هەرچی دەیکا، ئەنجامی بێ هۆو حیکمەت نیە، بەندەکانی

بەتاقی دەکاتەوە، بەلاو موصیبەتیان تووش دەکا، پاشان بەگوێرەی حیکمەتو لێزانی خۆی بەگوێرەی دابو نەرێتی خۆی لەبوونەوەردا ئەو بەلاو ناخۆشییانە هەڵدەگرێو پاش ناخۆشی خۆشی دێنێتە کایەوە. هەموو کارێک؛ خۆشی بێ یا ناخۆشی بێ لەکاتی گونجاوی خۆیدا ئەنجامی دەداو رێکی دەخاو. زانایە بەهەموو ئێشو ئازارێ، خاوەن حیکمەتە لەهەموو کارێکیدا.

ئەمجار ﴿وَتَوَلَّى عَنْهُمْ﴾ پشتی لەکورەکانی هەڵکردو پێی ناخۆشبوو ئەو هەواڵە ناخۆشەیان پێدا، بەدڵی غەمبارەوە رۆیشتە کەنارێکەوە، سەرباری غەمو خەفەتی نەهاتنەوەی بونیامینو کورە گەورەکەیشی بیری رۆژگاری رابردوی کردەوە، برینی ونبوونی یوسفی کولانەوە، بەئاهو حەسرەتەوە هەستی بەوە کرد: کەس هاوبەشی غەمی نیە، سەرباری پیریو کوێریو کەفتەکاری، کورەکانیشی لەدەس چوونو دەوروبەریش هەست بەناسۆری پڕ جەخاری ناکەن، بەتەنیا لەکوڵبەی ئەحزاندا ماتو غەمبارە ﴿وَقَالَ: يَاأَسَفَى عَلَى يُوسُفَ!﴾ وتی: ئەی ئەسەفو خەسار بۆ تۆ ئەی یوسف! ئای چۆن لێم هونبوویو لەدەستم چووی؟!

﴿وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ﴾ هەردوو چاوی کوێر بوبوونو سپی هەڵگەڕابوون لەبەر غەمو نارەحەتیو فرمێسک رژاندن، ﴿فَهُو كظيم﴾ بەراستی دڵو سینەی پڕ بوبوو لەئازارو ناسۆر.

تێپەڕبوونی ئەو هەمووساڵو رۆژگارە دورو درێژە نەیانتوانی یوسف لەبیر پیرەمێردی کۆنە ساڵ بەرنەوە هەواڵی گیرانی بونیامین قەتماغەی لەسەر برینی ناو جەرگی باوکی دڵسۆز هەڵگرتو ناسۆری لەدەستدانی یوسفی کولاندنەوە. ئاخو ئۆفی زیادو لەسنوور بەدەر دیاردەیەکی ئینسانییە لەکاتی بەلاو موصیبەتی کاریگەردا. دڵتەنگیو غەمو پەژارە ئەگەر صەبرو خۆگری لەگەڵدا بێو کۆنترۆڵی نەفسی خۆی بکا شەرع پەسندی دەکاو کارێکی بێ شەرعی نیە.

پێغەمبەر ﷺ لەکاتی مردنی ئیبراهیمی کوڕیدا گریا.

هەردوو پیری فەرمووده بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوە: کە لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ الْعَيْنَ لَتَدْمَعُ، وَإِنَّ الْقَلْبَ لَيَخْشَعُ، وَلَا نَقُولُ إِلَّا مَا يَرْضَى رَبُّنَا، وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَاإِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ) چاو فرمێسکی لێ دەڕژێتە خوار، دڵ دەترسێو دەلەرزێ، شتێک ناڵێین خودا پێی رازی نەبێ، ئێمە بەلەدونیا دەرچوونت ئەی ئیبراهیم غەمبارین!.

ئاخو ئۆفی ناشەرعی ئەوەیە: کە نەفامو نەزان لەکاتی بەڵاو ناخۆشیدا دەست دەکەن بەهاتو هاوارو لەخۆدانو یەخە دادڕینو لەسنگ دانو قوڕ لەخۆگرتن؛ خۆ لەقوڕوەردان.

ئەگینا گریانی لەسەرەخۆو بەکوڵ شتێکی رەوایە. ریوایەت کراوە: کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی گیان دەرچوونی منداڵی یەکێ لەکچەکانیدا گریانی هات. گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە تۆش دەگری لەکاتێکدا جلەوگیری گریانت لێ دەکردین؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مانهيتكم عن البكاء، وانما نهيتكم عن صوتين أحمقين: صوت عند الفرح، وصوت عند الترح) من جلەوگیری گریانم لێ نەکردون، بەڵکوو من جلەوگیریم لەدوو دەنگی قێزەون لێ کردن پێکەنینی قاقای کاتی خۆشی، قیژەو گریانی بەدەنگی بەرز کاتی موصیبەت.

رۆژگار هاتنو رۆیشتن، حەزرەتی یەعقووب جەرگ سوتاوو کوێرو پیرەمێردی کۆنە ساڵ بەئاخو ئۆفەوە دەتلایەوە رۆژ دوای رۆژ دەردی جەرگ سوتانی لێ گرانتر دەبوو، سۆزی لەدەسچوونی رۆڵەونبوەکانی تەنگی پێ هەڵدەچنی، کارگەییشتە ئەوە کوڕەکانی ترسی ئەوەیان لێ پەیدا کرد لەپەلو پۆ بکەوێو بەتەواوی شپرێو بێ! ئیتر کەوتنە سەرزەنشتکردنیو ویستیان لەو هەڵوێستەی ژێوان بکەنەوە. ﴿قَالُوا: تَاللهِ تَفْتَؤُا تَذْكُرُ يُوسُفَ﴾ وتیان: سوێندمان بەخودا تۆ خراپت لێ قەوماوە ماڵ خرانەبوو! ئەوە تۆ چیتە کەس

بەشت نازانێ یوسف نەبێ، تاکەی تۆ هەر باسی یوسف دەکەی! ئێستا تۆ دوو کوڕت دیارنینو تووشی ئەو تەنگو چەڵەمەیە بوون، کەچی باسی ئەوان ناکەیو ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو ڕوداوە ناباره نادۆزیتەوە. ئەم دادو فیغانەت لێ بووە بەخۆو لێی دەسبەردار نابی ﴿حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا﴾ هەتا بەتەواوی نەخۆش دەکەویو نیوە مردو دەبیو لەدەستو دوو دەکەویو دەتوێیەوە ﴿أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ﴾ یان هەر بەیەکجاری دەمریو لەناو دەچی! بۆ بەزەییت بەخۆتدا نایەو تاکەی ئەم ئاخو ئۆفە؟! یوسف مردو بڕایەوە! تۆ تازە بەتەمای یوسفی بێتەوە؟!

پیرەمێردی کۆنە ساڵی جەرگ بڕاو ڕەددی دانەوەو ﴿قَالَ:﴾ پێیانی فەرموو: ئێوە حەقتان چیە بەسەرمەوە، خۆمن داوا لەئێوە ناکەم هەندێ غەمو پەژارەم لەگەڵ هەڵبگرن؟ نامەوێ ئێوە باری گرانم لێ سووک بکەن! نەڕۆییشتووم لەناو خەڵکدا هاتو هاوار بکەم، ئێوە پێی لەکەدار بن. لێم گەڕێن ﴿إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾ من: کە سکالاو شکاتی خۆم دەکەم، تەنیا بۆ لای پەروەردگاری خۆم بۆ لای (الله) هانا دەبەم، داوای لابردنی غەمو پەژارەی پڕ ئازارم هەر لەخودا دەکەم، دوعاو پاڕانەوەم هەر ئاڕاستەی ئەو دەکەم، وازم لێ بێنن خۆمو خودای خۆم!! ﴿وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئەوەی کە من دەربارەی خودا دەیزانم ئێوە پەی پێ نابەن! من هیوا بڕاونیمو ناهومێد نەبووم، چونکە من دەزانم: ڕەحمەتو فەضلو بەخششی خودا چەند زۆرو زەبەندەیە، چەند دەریای ئیحسانو چاکەکاری فراوانو بێ سنوورە، بڕوام وایە: خودا ڕۆژێک لەڕۆژان بەکورەکانم شاد دەکاتەوە، ئەو غەمو پەژارەیەم لەدڵ دەردەهاوێ! هیوادارم بەم گریانو پاڕانەوەیە خودا بەزەیی پێماندا بێتەوەو لەم مەینەتە ڕزگارمان بکا.

ئەمجار تەوجیهی کوڕەکانی دەکاو فەرمانیان پێ دەکا کەبە سۆراغی کوڕەکانیەوە بچنەوە بۆ میصرو دەفەرموێ: ﴿يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ

يُوسُفَ وَأَخِيهِ﴾ ئەی کورە خۆشەویستەکانم! بچنەوە بۆ وڵاتی میصرو لەگەڵ برا گەورەکەتان یەکدی بگرنەوە، بەهێدیو هێمنی بەوردیو کارامایی‌یەوە لەیوسفو بونیامینی برای بگەڕێنو هەوڵی دۆزینەوەو رزگار کردنیان بدەن، مەهێڵن کەس پێتان بزانێ، بەشێوەیەکی نهێنیو لەسەرەخۆیی سۆراغیان بکەن ﴿وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللهِ﴾ لەدەرو لێکردنەوەی خودا ناهومێد مەبن، هەمیشە گەشبینو دڵ پڕ هیوا بن، بەتەمای رەحمەتو یارمەتی خودا بن، هیوا بڕاو مەبن ﴿إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ﴾ بێگومان شەئنو حاڵ وایە: کەس لەدەرو لێکردنەوەو بەهانا هاتنی خودا ناهومێد نابێ مەگەر کەسانێک کە لەگرۆهو تاقمی بێ بڕوایان بن. جگە لەزیانکارانو سەرپێچیکاران کەسی تر لەرەحمەتی خودا هیوا بڕاو نابێ.

خاوەن باوەڕان هەمیشە دڵیان بەخودای خۆیانەوە پەیوەستە، گیانیان بەئاونگی رەحمەتی لەگەشەو نەشەدایە، هەست دەکەن بەنەسیمی پاش بارانی رەحمەتی، هەرگیز لەدەرولێکردنەوەی پەروەردگاریان نائومێد نابن، تەنانەت ئەگەر لەهەموو لایەکەوە غەمو پەژارە دەوریان بداو تەنگانە تەنگیان پێ هەڵچنێ، ئەوان چاوەڕوانی دەرووی رەحمەتنو بتمانەیان بەهاتنی یارمەتی خودا لەرزەی پێ ناکەوێ. لەو کاتەدا کە لەو پەڕی تەنگانەو ناڕەحەتی‌دان گەشبین ترو دڵ پڕ هیواو بتمانەیان بەخودا زیاترەو بەرچاو رونن!

بەشی پانزەهەم لەچیرۆکی یوسف

ناسینەوەی کورەکانی یەعقووب بۆ یوسف و داننانیان بەهەڵەی خۆیان!

فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا ۖ إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾ قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ ﴿٨٩﴾ قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ ۖ قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهَٰذَا أَخِي ۖ قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا ۖ إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٩٠﴾ قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ ﴿٩١﴾ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴿٩٢﴾ اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾

وەکوو زانیمان حەزرەتی یەعقووب فەرمانی بەکوڕەکانی کرد: کە بچنەوە بۆ شاری میصرو هەوڵی دۆزینەوەی یوسفو رزگارکردنی بنیامینی برای بدەن، ئەوانیش لەسەر فەرمانی باوکیان بۆ جاری سێیەم گەڕانەوە بۆ میصر بەمەبەستی سۆراغکردنی یوسفو بونیامینی برای، بەڵام بەدڵێکی پڕ لەهیواو بەشێوەیەکی جیدیو لێبڕانەوە. جا کە بەخزمەت عەزیزی میصر گەییشتنەوە دڵی پێیان سوتاو خۆی پێ ناساندنو وتی: من یوسفمو ئەمە بونیامینی برامە.

دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ﴾ کە کوڕەکانی یەعقووب بۆ جاری سێیەم چوونەوە بۆ میصرو هەوڵیاندا بچنە لای عەزیزی میصر، جا کە چوونە لای عەزیز ﴿قَالُوا يَاأَيُّهَا الْعَزِيزُ! مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ﴾ وتیان: ئەی خاوەن شکۆ، ئەی عەزیزی میصر! تەنگو چەڵەمەیەکی ئێجگار کاریگەر تووشی خۆمانو خاوو خێزانو بنەماڵەکەمان بووە! قاتو قڕیو گرانی تەنگی پێ هەڵچنیوین، ئازارو بێزاری، بێ نانیو بێگوزەرانیو برسیایەتی بەتەواوی تینی بۆ هێناوینو شەپرزەی کردوین.

﴿وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ﴾ هاتووینەوە بۆ بارەگای بەڕێزتان بەکالایەکی بێ نرخو کەم بەها، بە ئەندازەیەکی کەمو ناڕەواجەوە، بازرگانەکان مامەڵەی پێوە ناکەنو لەبازاڕدا رەواجی نیە. بەچاکەو پیاوەتی خۆت وەکوو جارەکانی پێشوو بارەکانمان بۆ داگرەو دانەوێڵەی تەواومان بدەرێ. ﴿وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا﴾ بەخشندەیی خۆت بنوێنە بەسەرماندا، پارەی ناڕەواجی ئەندازەکەمو کەم نرخمان لەباتی دانەوێڵە لێ وەربگرە، چاوپۆشی لەماڵی کەمو خراپمان بکە! یان بەخشندەیی خۆت بنوێنە بەسەرمانداو چاوپۆشی بکە لەتاوانمانو براکەمان بۆ بەربدە!

﴿إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ﴾ بێگومان پەروەردگار پاداشی چاکەکاران دەداتەوە بەباشترین پاداش، چی دەبەخشن بۆیان پڕ دەکاتەوە، پاداشیان دوچەندانەو چەند چەندانە دەداتەوە. پاداشی ئەوانە بەفیڕۆ نادا کە دەستی

داماوان دەگرن، بەهانای لێقەماوانەوە دەچن، لەتاوانی تاوانباران چاوپۆشی دەکەن، بەزەییان بەدڵ بیماراندا دێتەوە.

ئیتر کە حەزرەتی یوسف گوێی لەم سکالایانەیان بوو، زانی حاڵو وەزعیان گەییشتۆتە ئەم ئاستە تەنگو چەلەمەیەو بەم جۆرە تینیان بۆ هاتووە، نەیتوانی چی تر لەبەرامبەریاندا خۆ بەعەزیزی میصر بزانێو دەوری پاشایەتییان لەگەڵدا بەکار بێنێ، چی تر نەیتوانی کەسایەتی خۆییان لێ بشارێتەوە، خۆیان لێ ئاشکرا نەکا! بۆی دەرکەوت وانەکان تەواو بوونو تاقیکردنەوەکان بەئاکام گەییشتوون، ئێستا کاتی موفاجەئەیەو وەختی ئەوە هاتووە خۆیان پێ بناسێنێو هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوو بەخەیاڵدا نەهاتوویان پێ بدا!!

سۆزی برایانەی جولاو چاوپۆشی لەخراپەی رابوردیان بوو بەبڕیارێکو لەدەروونی یوسفدا بنجی بەستو کەوتە ئاخاوتن لەگەڵیانداو دەستی کرد بەخۆئاشکرا کردن لێیانو بەشێوەیەکی نەرمو نیانو هونەرمەندانە ﴿قَالَ:هَلْ عَلِمْتُمْ مَافَعَلْتُمْ بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنْتُمْ جَاهِلُونَ؟﴾ وتی: ئایا دەزانن کاتی خۆی چ کارێکی نامەردانەتان بەرامبەر یوسفو بونیامینی برای کرد؟ لەیادتانە چۆن فڕێتان دایە بیرەکەوەو ویستتان لەناوی بەرن، لەبونیامینی براتان جیا کردەوە. براتان لەبرا دوور خستەوە؟؟ چەند بەتوندو تیژی هەڵسو کەوتتان لەگەڵ یوسفو بونیامینی برایدا کرد، ئەوتان خستە بیرەوە، بەشێوەیەکی توندو رەقیش هەڵسو کەوتتان لەگەڵ بونیامیندا ئەنجامدا؟ ئێوە ئەو کارە ناشیرینانەتان ئەنجام دان کاتێک نەتاندەزانی چەند کردەوەکەتان ناشیرینە!! ئەزیەتدانی باوکو دایک، پچڕاندنی خۆشەویست لەخۆشەویست!! ئای کە کارێکی ناشیرینتان ئەنجام دا!! وەی کە دڵڕەقو بێ ویژدان بوون!! چۆنتان پرکێشی ئەو کارە کردو چۆنتان ئەنجامدا؟!

براکانی حەزرەتی یوسفو ئەم دەنگە گلەیی ئامێزە پرسۆزەیان بەرگوێچکە کەوتو بیرێکیان لەنیشانەی سیمای یوسفی برایان کردەوەو سەرنجیان داو، روخساری یوسفی رابوردوو عەزیزی میصری ئێستایان پێک گرتو بۆیان دەرکەوت کە ئەم وەزیرە خاوەن شکۆیە یوسفەو هەستو شعوریان یوسفی منداڵی خراوە ناو بیریان لەجەستەی ئەو پیاوە گەورە بەدەسەڵاتە خاوەن شکۆیەدا ناسییەوە ﴿قَالُوا: أَئِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ؟﴾ ئەرێ بەراستی تۆ یوسفی کوڕی یەعقووبی؟!

حەزرەتی یوسفی دڵسۆزو دڵ گەورەو لێبوردو ﴿قَالَ: أَنَا يُوسُفُ﴾ فەرمووی: بەڵێ بزانو دڵنیابن من یوسفم ﴿وَهَٰذَا أَخِي﴾ ئەم کوڕەش کە لام دانیشتووە بونیامینی برامە، ﴿قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا﴾ بێگومان خودا نیعمەتو فەضلی خۆی بەسەردا باراندوین بەوە کە دوای لێک دابڕانو پەرتەوازە بوون یەکترمان گرتەوە، بووینەوە بەیەک خێزانو یەکتریمان ناسییەوە. پەروەردگار کەرەمو بەخششێکی وای لەگەڵ کردین ناتوانم بەیانی بکەم!

﴿إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ شەئنو حاڵ وایە: هەر کەسێک تەقوای خودا بکاو خۆپارێزێ لەنافەرمانی پەروەردگارو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی بێ، بەردەوام بێ لەسەر طاعەتکردنو خۆگربێ لەبەرامبەر بەڵاو موصیبەتی رۆژگاردا، ئەوە بێگومان خودا بەسیەتیو بەهانایەوە دێو لەهەموو ناخۆشیو تەنگو چەڵەمەیەک دەیپارێزێو هەرگیز خودا پاداشی چاکەکاران فەرامۆش ناکا!

ئەمە شایەتیدانی پەروەردگارە بەوە: کە یوسف تەقواکارو خۆڕاگرو چاکەکار بووە!!

بەراستی ئەمە هەواڵێکی لەنکاوو چاوەڕوان نەکراوو موفاجەئەیەکی عەجایەیب بوو حەزرەتی یوسف رایگەیاندو بەکورتیو لەسەرەخۆ فلیمی هەڵوێستو کرداری براکانی بەرامبەر خۆیو بونیامینی برای رانواندو بەبێ

ئەوەی هەرەشەیان لیٚ بکاو بڕیاری تۆڵەساندنەوەیان بەرامبەر بدا، سوپاسی خودا دەکا کە کۆی کردونەوەو بەیەکی شاد کردونەوە، بابیسی ئەم نیعمەتە بەپاداشی تەقواکاریو خۆڕاگری دەهێنێتەوە! بەلاّم براکانی شێوەی کردارو هەڵوێستی رابوردوویان کە بەرامبەر یوسف ئەنجامیان داو نواندیان لەبەرچاویان (تەمەثوول) دەکاو ئارەقی شەرمەزاریو خەجاڵەتی دەردەدەنو خۆیان دەبینن لەبەرامبەر چاکە کارێکدا دانیشتوون: کە ئەوان خەراپەیان لەگەڵ کردوە، ئاخاوتن لەگەڵ پیاوێکی دڵ گەورەو خاوەن کەرەمو حیلمدا دەکەن کە ئەوان بەرامبەر بەئەو ئەوپەڕی کاری نامەردییان ئەنجام دا، بەناحەق خستیانە بیرەوە، لەباوکیان دابڕی، لەبرای پچوکیان دوور خستەوە.

بۆیە هیچکەیان پیٚ نەکرا جگە لەعوزر هێنانەوەو ئیعلانی پەشیمانی ﴿قَالُوا: تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا، وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ﴾ وتیان: سوێندمان بەخودا پەروەردگار تۆی بەسەر ئێمەدا بەرز کردەوە: زانیاریو حیلمو رەوشتی جوانو دەسەلاتو فەرمانڕەواییو پێغەمبەرایەتی پیٚ بەخشی، دان بەهەڵەی خۆماندا دەنێین ئێمە تاوانبارین، ئێمە نەزانو بیٚ ویژدان بووین بەرامبەرت، حەسوودیو نەزانی وای لیٚ کردین رەفتاری ناڵەبارت دەرحەق بکەین. ئەگینا تۆ پیاوێکی هەڵکەوتوو خاوەن چەماڵو شانو شەوکەتو بەوەفاو ئەمەکێ پاکێ بووی! ئێمە هەڵمان کردو لێمان ببوورە.

حەزرەتی یوسف کە لەکاتی بەلاو ناخۆشیدا بەصەبرو خۆڕاگر بووە، لەکاتی خۆشیو دەست رۆیشتوییشدا خاوەن صەبرو خۆڕاگرە، بۆیە جوانمەردی خۆی راگەیاندو پیاوەتیو لێبوردوویی خۆی دووپات کردەوەو ﴿قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ﴾ فەرمووی: هیچ جۆرە لۆمەو سەرزەنشتێکتان لەسەر نیە، من هیچ رەخنەیەکم لێتان نیەو هیچم لەدڵدا نیە بەرامبەر ئیوە! ﴿يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ، وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ خودا لێتان خۆشبیٚو لەتاوانو ستەمکاریتان

ببورێ: خودا لەهەموو کەس بەرحم ترو لێبوردوو ترە بۆ کەسانێک تۆبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆ لایو ملکەچی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی بن!

ئەمجار مەوجی ئاخاوتنەکە بەبارێکی تردا وەردەگێڕێو هەواڵی باوکی کۆنەساڵی لەبراکانی دەپرسێ، ئەو باوکەی لەتاوی یوسف روناکایی چاوەکانی لەکیس چووە، ئەوانیش لەوەڵامدا راستی روداویان عەرز کردو پێیان گوت: کە بەهۆی زۆر گریانەوە چاوەکانی لەدەست داوە!

پاشان دەفەرموێ: کە مەسەلەکان هەموویان روون بوونەوە ئیتر پێویست بەوە ناکا بارەکانتان بۆ بار بکەینو خواردەمەنی ببەنەوە بۆ کەنعانو (بونیامین)یش بنێرمەوە ﴿اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا﴾ئەم کراسەم ببەنەوە بۆ خزمەت باوکم با بەسەر دەمو چاوی خۆیدا بهێنێ، چاوەکانی چاک دەبنەوە، دڵنیا دەبێ لەساغو سەلامەتی منو دڵی خۆشی تێدەکەوێو جەستەی گەشەی تێ دەکەوێتەوە. ﴿وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ هەمووتان بەخاوو خێزانەوە کەنعان جێ بێڵنو باریکەن بۆ ئێرە، وەرن بۆ شاری میصر بۆ لای خۆم.

هەڵبەتە ئەمە موعجیزەی حەزرەتی یوسف بوو! پەروەردگار بەنیگا پێی راگەیاند: کە بەو شێوە چاوەکانی حەزرەتی یەعقووب چاک دەبنەوە.

راڤەکەرانی قورئان لەبارەی چۆنیەتی ئەم کراسەوە زۆر راوو بۆچونیان دەربڕیوە. هەندێکیان دەچنە چوارچێوەی هەواڵی ئیسرائیلییاتەوەو پشتیان پێ نابەسترێ. ئەوەی: کە وەگیرمان دەکەوێو بەباشی دەزانین لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەو ریوایەتەیە کە ئیمامی قوشەیری ریوایەتێکی لەئەنەسەوە بەمەرفووعی گێڕاوەتەوە: دەفەرموێ: ئەو کراسە کراسی حەزرەتی ئیبراهیم بووەو لەئاوریشمی بەهەشت بووە، کاتێ ئیبراهیم خرایە نێو ئاگرەکەوە پەروەردگار بەخەڵات بۆی ناردو لەبەری کرد، دوایی حەزرەتی ئیسحاق لەبەری کردوە، ئەمجار ئەویش لەبەر یەعقووبی کرد دوای حەزرەتی یەعقووب بۆ

دەفعی چاوەزار کردیە ملی حەزرەتی یوسف. جاکاتێ حەزرەتی یوسف، براکانی دەناردنەوە حەزرەتی جوبرائیل فەرمانی پێکرد کە ئەو کراسە بنێرێتەوە بۆ باوکی؛ چونکە بۆنی بەهەشتی لێ دەهات، بۆنی بەهەشتیش بەسەر هەر نەخۆشێو دەردەدارێکدا رابرێ چاک دەبێتەوە. واتە بەنیگا خودا ئەمەی بەیوسف راگەیاند!!

هەندێک دەڵێن: کراسەکە هەر هی خودی یوسف بووە کە لەبەر خۆی دایکەندوە. دوایی کە بەسەر دەمو چاوی باوکیدا هاتووە دڵی پێی گەشاوەتەوەو خۆشیو کامەرانیەکی زۆر چووەتە دڵی یەعقووبەوە، کەیفخۆشی ئاواش گیان بەهێز دەکاو زەبوونی لەهێزی هەستەکان لادەباو چاوو دڵ روون دەبنەوەو ئەوپەردە تاریکییەی بەسەریاندا هاتووە لادەچێو روناکیو بیناییبان تێدەگەرێتەوە. زانستی پزیشکی ئێستا پشگیری ئەم جۆرە دیاردانە دەکا!!

تێبینی :

ئەو لێبوردنەی حەزرەتی یوسف: کە لەبراکانی خۆش بوو فەرمووی ﴿لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ...الآية﴾ نموونەیەکی هەرە بەرزە لەسەماحەتو چاوپۆشیدا؛ عەفوو کردنێکە لەناخی دڵەوە هەڵقوڵاو بێ گلەییو سەرزەنشت کردن، لێبوردنە لەکاتی هێزو تواناداا، سەرباری چاوپۆشیو لێخۆشبوون دوعاو نزاشی بۆ کردن کە خودا لێیان خۆشبێو لەتاوانیان ببورێ!.

بێگومان پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لەکاتی رزگار کردنی مەککەدا هەمان هەڵوێستی حەزرەتی یوسفی نواندو لێبوردنی خۆی لەقورەیشییەکان راگەیاند:

ئیبنو مەردەوەیهی لەئیبنو عەبباسو بەیهەقی لەئەبو هورەیرەوە ریوایەتیان کردوە:کە پێغەمبەر ﷺ رۆژی رزگار کردنی مەککە دەستی بەلاشیبانی دەرگای کەعبە گرت (لەو کاتەدا دانیشتوان هەریەکەیان چوبوە ماڵی خۆیو خۆیان لەترسان حەشار دابوو) فەرمووی: (الحمد لله الذي صدق وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده، ثم قال: ماذا تظنون يا معشر

قريش؟ قالوا: خيرا، اخ كريم، وابن كريم، وقد قدرت، قال: وانا أقول: كما قال اخي يوسف: ﴿لَاتَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ، يَغْفِرُ اللهُ لَكُمْ﴾).

ئیتر دانیشتوانی مەککە هەموویان لەماڵ هاتنە دەر دەتگوت لەگۆڕ رادەبن بۆ حەشر!

بەشی شانزەهەم لەچیرۆکی یوسف

هەواڵدانی یەعقووب بەبۆنکردنی یوسف و پشتگیری کردنی ئەم بۆنکردنە بەهۆی کابرای موژدە دەرەوە!

وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴿٩٥﴾ فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾ قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾

وەکوو زانیمان خۆشیو کامەرانی کەوتە ناو دڵو دەروونی کوڕەکانی یەعقووبەوە لەمیصر بەهۆی یەکتر ناسینەوەو بەیەکگەیشتنەوە ئەم کامەرانیو خۆشییە گوێزرایەوە بۆ وڵاتی کەنعان بەهۆی گەڕانەوەی کاروانەکە بەو موژدە خۆشە! پەروەردگار موعجیزەی لەسەر دەستی یەعقووب

دەرخست؛ بەوە کە لەدوورەوە بۆنی یوسفی کرد، پەروەردگار پشتگیری ئەو بۆنکردنەی کرد بەموژدەدانی کوڕە گەورەکەی کە لەمیصر مابوەوەو مانی گرتبوو وتبووی تا باوکم ئیزنم نەدا ناگەڕێمەوە! هاتەوەو کراسی یوسفی بەسەر دەمو چاوی باوکی‌دا هێناو چاوی چاکبوونەوە!.

دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ﴾ هەر لەگەڵ کاروانی کوڕەکانی یەعقووب لەسنووری شاری میصر دەرچوون بەرەو ئاخی کەنعان گەڕانەوە، حەزرەتی یەعقووب هەواڵێکی سەرسوڕهێنەری راگەیاند! هەواڵێک بەخەیاڵی کەس‌دا نەدەهات؛! هەواڵێک پەیوەندی بەحەزرەتی یوسفەوە هەیە، حەزرەتی یەعقووب؛ پیری کفتەکارو کوێرو بێ روناکایی بەڵام دڵ پڕ لەنووری ئیمان بەنەوەو خزمو کەسو کارەکانی دەوروبەری فەرموو: ئەمن بۆنی یوسف دەکەم ئەگەر پێم نەڵێن: خەرەفاوەو عەقڵی تێک چووە؟! بەشێتم مەزانن ئەمن ئێستا بۆنی یوسفو کراسەکەی دەکەم!

سەیرە لەو کۆڕو مەجلیسەدا هەموو شتێک بەخەیاڵدا دێ جگە لەمەوزوعی یوسف، کەس بەخەیاڵی‌دا نەدەهات دوای ئەو هەموو ماوە دورو درێژە یوسف لەژیاندا مابێ! کەس بڕوای نەدەکرد یوسف بۆنی هەبێو ئەم پیرە کۆنە ساڵە کوێرە کەفتەکارە بۆنی بکا!!

ئیبنو عەبباس ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: کە کاروانەکە لەسنووری میصر تێپەڕی بایەکی هەڵکرد بۆنی یوسفی گەیاندە حەزرەتی یەعقووبو فەرمووی: ﴿إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ﴾ هەشت رۆژە رێگا دوور بو کە بۆنی کرد!

ئیمامی رازی دەفەرموێ: قسەی راست ئەوەیە: پەروەردگار بۆنی یوسفو کراسەکەی بەشێوەیەکی موعجیزە گەیاندە حەزرەتی یەعقووب چونکە

بۆنکردن لەو مەسافە دورو درێژەیە شتێکە پێچەوانەی عادەتە. کەوابێ ئەوە موعجیزەی یەعقووب بووە.

﴿قَالُوا: تَاللهِ. اِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ﴾ وتیان: سوێندمان بەخودا، تۆ هەر لەگومڕایی‌یە کۆنەکەی خۆت دای، هەر بەتەمای یوسفی‌و چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەوی. تازە یوسفی چی‌و بۆنی چی؟ تاکەی تۆ لەم هەڵوێستە هەڵەیەی خۆت نایەیە خوارێ؟! تاکەی یوسفت لەیاد ناچێ‌و بڕوی نانێی؟

قەتادە دەڵێ: بەراستی قسەیەکی گەورەو ناخۆشیان بەو پیرەمێردە دڵسوتاوە گوت. نەدەبوو قسەی ئاوا رەق‌و ناخۆش بەو بابە گەورەیەیان بڵێن. چۆن دەبێ قسەی ئاوا رەق ئاراستەی پێغەمبەرێکی ئاوا بکرێ!!!

﴿فَلَمَّا اَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ اَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ، فَارْتَدَّ بَصِيراً﴾ جا کە کاروانەکە گەییشت مزگێنی دەر: کە کوڕە گەورەی یەعقووبەو یەهوزای ناوە هاتە لای باوکی‌و کراسی یوسفی بەسەر دەم‌و چاوی باوکی‌دا هێنا یەکسەر چاوەکانی لەخۆشیا روناکاییان تێکەوتەوەو موفاجەئەی چاوەڕوان نەکراو پەیدا بوو، موفاجەئەی کراس! کە نیشانەی مانی حەزرەتی یوسفەو بەم زوانە بەیەکتر شاد دەبنەوە موفاجەئەی چاکبوونەوەی چاوە کوێر بووەکانی حەزرەتی یەعقووب کە چەند ساڵ بوو سپی هەڵگەڕابوون.

ئیمامی سوودی دەفەرموێ: بۆیە یەهوزا؛ کوڕە گەورەی یەعقووب، کراسەکەی یوسفی جاری دووەم بۆ هێناو مزگێنی گەیاند؛ چونکە هەر ئەو جاری یەکەم کراسە خوێناوی‌یەکەی بۆ باوکی هێنایەوە ویستی ئەو هەواڵە ناخۆشە بەئەم هەواڵە خۆشە داپۆشێ!! ئەو خراپەیە بەم چاکەیە بشواتەوە، تەنانەت ریوایەت کراوە نەک هەر چاوەکانی چاکبوونەوەو بەس، بەڵکوو هێزو توانای ئەندامەکانی تریشی تازە بوونەوە، ئیتر لێرەدا حەزرەتی یەعقووب راستی‌یەک دەدرکێنێ: کە لای ئەو نمایانەو لەدەوروبەرەکەی پەنهانە، لەوەپێش پێی گوتن ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن، ئێستاش هەمان راستی

دووبارە کردەوە ﴿قَالَ: أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ: إِنِّيٓ أَعْلَمُ مِنَ اللهِ مَالاَ تَعْلَمُونَ﴾ حەزرەتی یەعقووب بەکوڕو نەوەو کەسو کارەکانی فەرمووی: ئەی ئەوە نەبوو کاتی خۆی پێم گوتن لەرەحمەتی خودا نائومێد مەبن. بچنەوە بۆ میصر سۆراغی یوسفو بونیامینی برای بکەنو لەرەحمەتو بەهانا هاتنی خودا نائومێد مەبن. من بەهۆی نیگاو سروشەوە دەربارەی سونەنو دابو نەرێتی خودا شتی وا دەزانم کە ئێوە نایزانن! ئیتر لەو کاتەدا کوڕەکان تێکرا دەستەو دامانی باوکیان بوونو ﴿قَالُوا: يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ﴾ وتیان: بابە گیان! داوای لێ خۆشبونمان بۆ بکە، ئێمە پەشیمانین لەکردەوەکانمان، بەرامبەر جەنابتو یوسفی برامانو بونیامینی برابچوکمان هەڵەمان کردوەو چاوپۆشیمان لێ بکە. سەد تاوانو یەک تۆبە!

لێرەدا سیاقی قورئان ئاماژە بەشتێک دەکا کە دیارە لەدڵی یەعقووبی دڵسوتاودا پەنگی خواردۆتەوە. دیارە جۆرە گلەییەکی لەکوڕەکانی هەیەو وا دیارە هێشتا دڵی نەچۆتەوە شوێنی خۆیو برینی هەناوی سارێژ نەبوون بۆیە خێرا چاوپۆشی خۆی رانەگەیاند! وەکوو حەزرەتی یوسف خێرا نەیفەرموو ﴿لاَتَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ﴾ بەڵکوو ﴿قَالَ: سَوْفَ اَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ، إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ فەرمووی: لەوە دوا داوای لێخۆشبوونتان بۆ لەخودای خۆم دەکەم لێی دەپاڕێمەوە کە لێتان خۆشبێ بێگومان پەروەردگاری من لەتاوان خۆش دەبێو بەسۆزو بەزەییە بۆ بەندەکانی.

بەشی حەڤدەهەم لەچیرۆکی یوسف
بەیەکگەییشتنەوەی خێزانی یەعقووب لەشاری میصر

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَرَفَعَ أَبَوَيۡهِ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدٗاۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّٗاۖ وَقَدۡ أَحۡسَنَ بِيٓ إِذۡ أَخۡرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجۡنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلۡبَدۡوِ مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بَيۡنِي وَبَيۡنَ إِخۡوَتِيٓۚ إِنَّ رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾

دوای ئەوەی کە حەزرەتی یوسف ﷺ داوای لەبراکانی کرد: کە بچنەوە بۆ وڵاتی کەنعانو بەخاوو خێزانەوە بگوێزنەوە بۆ میصر، لێرەدا ئایەتەکان ئەوەمان بۆ رون دەکەنەوە: کە بنەماڵەی یەعقووب هەموویان وڵاتی کەنعانیان بەجێ هێشتو هاتن بۆ میصر، حەزرەتی یوسفو کاربەدەستانی وڵات پێشوازییان لێ کردنو لەشاری میصردا نیشتەجێ بوون، خێزانی پەرتەوازە بوو لێک دابڕاو یەکدیگیر بوونەوە، خەونی یوسف هاتە جێو یانزە براکەیو باوکو دایکی، یان پووری، سوجدەی رێزیان بۆ برد! ریوایەتکراوە دەڵێن: حەزرەتی یوسف دوو سەد وڵاغی نارد بۆ کەنعان بەمەبەستی گواستنەوەی بنەماڵەی حەزرەتی یەعقووب دوایی کە نزیک شاری میصر

بوونەوە خۆیو پاشاو چوار هەزار کەس لەکاربەدەستو پیاو ماقوڵان پێشوازییان لەحەزرەتی یەعقووب کرد.

دەڵێن: ژمارەی بنەماڵەی حەزرەتی یەعقووب لەکاتی چونیان بۆ میصر حەفتاو دوو کەس بوون بەپیاوو ژنەوە، ئەو کاتەش کە لەگەڵ حەزرەتی موسادا لەمیصر دەرچوون شەش صەد هەزاروپێنج سەدو حەفتاو ئەوەندە پیاوی شەڕکەر بوون، جگە لەمنداڵو ئافرەتو پیرو کەفتەکار.

وەکوو ریوایەت کراوە حەزرەتی یەعقووب لەلای حەزرەتی یوسف بیستو چوار ساڵ یان حەڤدە ساڵ مایەوە، دوایی کە کۆچی دوایی کرد لەسەر راسپاردەی خۆی حەزرەتی یوسف بردیەوە بۆ وڵاتی کەنعانو لەنزیکێ ئیسحاقی باوکییەوە بەخاکی سپارد!

بەهەر حاڵ سیاقی قورئان زەمانو مەکان دەپێچێتەوەو دیمەنی کۆتایی چیرۆکەکە نمایش دەکاو دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَى يُوسُفَ آوَاى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ﴾ جا کاتێک خیزانی یەعقووب گەییشتنە سنووری میصرو حەزرەتی یوسف بەنزیکبوونەوەیانی زانی پێشوازی لێ کردن، بەفەرمانی پاشا کاربەدەستو گەورە پیاوانی میصر هاوبەشی پێشوازییەکەیان کرد، حەزرەتی یەعقووب بەخۆیو خاوو خێزانییەوە گەیشتنە میصر حەزرەتی یوسف دەستی لەملی باوکیو دایکی کردو ماچو مۆچ ئەنجام دراو ئەمجار فەرمانی بەهەموو خێزانەکە کردو ﴿وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ﴾ فەرمووی: هەمووتان بچنە ناو شاری میصرەوە بەپشتیوانی خودا ئەمین دەبن لەگیانو ماڵی خۆتانو هیچ ترسو بیمێکتان لەسەر نیە.

﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ﴾ باوکو دایکی بردنە لای خۆیەوەو لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی لەپەناخۆیەوە دای نیشاندن بۆ رێز گرتنو گرنگی پێدان ﴿وخروا له سجداً﴾ باوکو دایکو هەر یازدە براکانی لەئاست یوسفدا

سەری خۆیان دانەواند، چونکە دابو نەریتی ئەو رۆژگارە وا بوو بەو جۆرە سەردانەواندنە نیمچە سوژدە بردنە ریزیان لەپاشاو گەورە پیاوان دەگرت.

تێبینی ئەوە دەکرێ: لەئایەتەکەدا بۆ مەبەستی تایبەتیو بەلاغی پاشو پێش کراوە، ئەوەتا رستەی ﴿إِنْ شَاءَ اللَّهُ﴾ پێش ﴿آمِنِينَ﴾ خراوە، چونکە مەبەست ئەوەیە: چوونە ژوورەوەکە لەهەموو کاتەکانیدا بەسەلامەتو دڵنیاییو سەرکەوتوانە بێ.

رستەی ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ﴾ پێش ﴿وَخَرُّوا لَهُ سُجَّداً﴾ خراوە تا ئاماژەبێ بۆ ئەوە: کە یوسف رێزی لەباوکو دایکی گرتو گرنگی پێدان، ئەگینا ئەوان پێش ئەوەی سەربکەونە سەرکورسی پاشایانەو لەلای یوسف دابنیشن سوژدەکەیان بردوە. ئەوەشمان لەیاد نەچێ سوژدە بۆ خۆی عیبادەت نیە، کاتێک دەبێتە عیبادەت کە نییەتی تایبەتیو صیفەتە شەرعییەکەی تێدا بێ.

جا کە حەزرەتی یوسف سوژدە بردنەکەی باوکو دایکو براکانی بینی، یادی ئەو کاتەی کردەوە کە بەمنداڵی لەخەونەکەیدا بینی مانگو خۆرو یانزە ئەستێرە سوژدەیان بۆ برد! رووی کردە باوکی ﴿وَقَالَ: يَاأَبَتِ! هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ﴾ وتی: ئەی باوکی خۆشەویستم! ئەمە ئاکامو مانای خەونەکەی سەردەمی منداڵیمە کە بۆم گێرایەوەو وتم: بابە: ﴿إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾ ئەتۆش وتت: ئەم خەونەت بۆ کەسی مەگێرەوە با کەس بەمە نەزانێ.

﴿قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا﴾ بێگومان خودا خەونەکەمی بەراست گێراو هێنایە دی.

﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ﴾ بێگومان پەروەردگار چاکەی لەگەڵ کردم، بەشێک نیعمەتو فەضلی خۆی بەسەردا رشتم: کە لەبەندینخانە رزگاری کردم، فەرمانڕەواییو دەسەڵاتی پێ بەخشیوم کردومی بەکاربەدەستی

قسەرۆیشتوو ﴿وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ ٱلْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي﴾ ئێوەی لەلادێوە هێنایە ناو شارو لەژیانی لادێ نشینیو کولەمەرگیو ئاژەڵداریو وەرزێری رزگاری کردن، هەموو ئەم نیعمەتانەم بەسەردا رژاون، پاش ئەوەی شەیتان نێوان منو براکانمی تێک داو، سۆزی برایەتیو خۆشەویستی لەنێوانماندا نەهێشتو حەسوودیو دژایەتی خستە ناومانەوە.

﴿إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ﴾ بێگومان خودای من زاناو ئاگادارە بەوردو درشتی هەموو کاروبارێک، بەلوطفو مەرحەمەتە بەرامبەر بەندەکانی، هەر کاتێ ویستی شتێ بکاو کارێک ئەنجام بدا، هۆکارەکانی بۆ دەرەخسێنیو وەکوو پێویست دەیهێنێتە دی! بەخەیاڵی کێدا دەهات بەشوێن خستنە ناوبیردا بەندایەتیو بەشوێن کۆیلایەتیدا فیتنەی عیشقو دڵداریو لەسەر مل نەدانی بۆ داخوازییەکانی زولەیخا بخرێتە کونجی بەندینخانەوەو لەوێوە بۆ سەر کورسی دەسەلاتو فەرمانڕەوایی!!

﴿إِنَّهُ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾ بێگومان خودا زانایە بەبەرژەوەندی بەندەکانی سەرەتاو ئاکامی هیچ شتێکی لێ هون نیە، داناو حەکیمە هەرچی دەیکا لەشوێنی خۆیدایەو بۆ بەرژەوندی بەندەکانیەتی پاداشی چاکەکاران بەچاکە دەداتەوە، سەرەنجام بۆ خوداپەرستانە هەر ئەوان سەرفرازو سەرکەوتوو دەبن!!

راڤەکەرانی قورئان کۆکن لەسەر ئەوە: کە سوژدە بردنی خێزانی حەزرەتی یەعقووب سوژدەی سلاوو رێزگرتن بووە، سوژدەی تەقدیسو عیبادەت نەبوە، سەریان دانەواندوە نەک بیخەنە سەر زەوی، لەشەریعەتی ئەواندا سەردانەواندن دروست بووە. بەڵام لەشەریعەتی ئیسلامدا نەسخ بۆتەوە.

جا هەرچەندە سەردانەواندن لەسەلامکردندا لەئایینی ئیسلامدا سڕاوەتەوەو هەڵگیراوە، کەچی بەداخەوە هەندێ لەموسوڵمانان ئاگاداری ئەوە نینو لەکاتی سەلامکردندا خۆیان دەچۆمێنننەوەو لاسایی رۆژ ئاواییەکان دەکەنەوە!

ئیبنو عەبدولبەر لە(التمهید)دا لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئێمە کە بەیەکگەییشتین بەمەبەستی رێز لێک گرتن سەردانەوێنین؟ فەرمووی: نەخەیر! وتمان: قوربان! ئایا دەست لەملی یەکتری بکەین؟ فەرمووی: نەخەیر! وتمان: ئایا دەست بخەینە ناو دەستی یەکترەوە؟ فەرمووی: بەڵێ.

بەلام هەڵسان لەبەر کەسێک کە دێ بۆ لای کۆمەڵێک ئەوە دروستە. چونکە فەرموودەیەکی صەحیح هەیە ئەبو داوود لەئەبو سەعیدەوە ریوایەتی کردوە: دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەتاقمی ئەوس کرد فەرمووی: (قُومُوا اِلَى سَيِّدِكُمْ وَخَيْرِكُمْ) هەستن بۆ رێزگرتنی گەورەکەتانو پیاوماقوڵەکەتان.

بەکورتی هەڵسان بۆ رێزنان لەمیوان بەمەرجێ پێی لەخۆبایی نەبێ، ئەگەر لەبەر هەڵسان وای لەکابرا دەکرد لەخۆی بایی ببێو خۆی بەشیاوو موستەحەق زانی بۆلەبەر هەڵسان ئەوە دروست نیە چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَتَمَثَّلَ لَهُ النَّاسُ قِيَاما فَلْيَتَبَوأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ) کەسێک پێی خۆشبێ خەڵک لەبەری هەڵسن، با جێگای خۆی لەناو ئاگردا ئامادە بکا.

دروستە ئاماژە کردن بەدەست بۆ سەلامکردن بۆ دوور نەک بۆ نزیک، ئەگەر سەلامیشی کرد سەر نەوی نەکاو پشتی خۆی نەچەمێنێتەوە. چونکە خۆکۆمکرنەوە بەمەبەستی تەواضوعو رێزگرتن لەبەرامبەر بۆ خودا نەبێ بۆ کەسی تر ئەنجام نادرێ، دەست ماچکردنیش باش نیە بەکرداری ناشیرین دەژمێردرێو دەڵێن: (اِنَّهُ مِنْ فِعْلِ الأَعَاجِمِ!).

وەلێ دەگوترێ دروستە ئینسان دەستی باوکو دایکی خۆی ماچ بکا، دەستی مامۆستاو پیاوچاکان ماچ بکا.

بەشی هەژدەهەم لەچیرۆکی یوسف

پارانەوەیەکی گشتی

﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾

بەباوکو دایکی خۆی شادمانی کردەوە، لەگەڵ خێزانو کەسو کارەکانیدا یەکتریان گرتەوە، لەزوور هەموو نیعمەتەکانیشەوە نیعمەتی پێغەمبەرایەتیو فەرمانڕەوایی‌یە: کە خودا پیی بەخشیوە. ئەمجار لێرەدا ئەم دوعایە دەکاو داوا لەپەروەردگاری خۆی دەکا وەکوو چۆن لەجیهاندا نیعمەتی جۆراو جۆری بەسەردا رشتووە، لەقیامەتیشدا بیخاتە ژێر فەضلو کەرەمی خۆیەوەو نیعمەتی بەسەردا برێژێو بەموسوڵمانی بیکوژێو بیخاتە ریزی صالحانەوە. دەفەرموێ: ﴿رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ﴾ پەروەردگارا! فەرمانڕەواییو دەست رۆیشتووی بێ بەرهەڵستت پێ دام، کەس نیە دەست بەردەستم بێنێ، کەس نیە بەرێزەوە سەیرم نەکا، هەرچی گەنجو خەزێنەی ولاتی میصر هەیە هەمووی کەوتە ژێر دەستم، پلەو پایەی بەرزم دەست کەوت، شانو شکۆمەندێ تەواوم پێ درا لەهیچم کەم نیە، ئەمانە نازو نیعمەتی دونیایین.

﴿وَعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ﴾ فێری تەعبیری خەونو ئاکامەکانی خەونت کردم؛ ئەمەشیان نیعمەتی عیلمو زانستە. خودایە نیعمەتەکانت دەژمێرم یەکە یەکە، باسیان دەکەم بەدڵ شوکرو سوپاست دەکەم!

﴿فاطر السموات والأرض﴾ ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی! کە بەقودرەتی خۆت دروستت کردونو کارو باریان بەدەست خۆتە، دەسەڵاتو توانات بەسەریانداو بەسەر دانیشتوەکانیدا هەیە. ﴿أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ هەر تۆ یارمەتدەرو پشتیوانو چاودێرو خاوەنمی، هەموو شتێکم بەدەست تۆیەو تۆ خاوەنمی لەدونیاو قیامەت!

خودایە ئەوە نیعمەتو ئەوە دەسەڵاتو تواناتە! خودایە! من ئێستا داوای دەسەڵاتو لەشساغیو ماڵو جاهت لێ ناکەم، خودایە داوای شتێکت لێ دەکەم لەوانە پایەدارترو گرنگترە، خودایە! داوات لێ دەکەم ﴿تَوَفَّنِي مُسْلِماً وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ﴾ بەموسوڵمانی بمرێنەو بمخەرە پێری صاڵحانەوە.

ئا بەم جۆرە جاهو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی دیمەنیان لای حەزرەتی یوسف دادەپۆشرێن، خۆشیو شادی بەیەک گەییشتنەوەو کۆبونەوەی خاوو خێزانو خزمو کەسو کار هیچی لەگۆڕێ نامێنێ، دیمەنی کۆتایی دیمەنی بەندەیەکی روت لەهەموو جاهو جەلالێک، دیمەنی بەندەیەک لەخودای خۆی دەپاڕێتەوەو داوای لێ دەکا ئایینی سەلامەت بێو لەسەر ئیسلامەتی بمرێو بگات بەپیاوچاکان کە باوکو باپیرانی پێغەمبەرنی دروودی خودا لەسەر پێغەمبەری ئێمەو ئەوانیش بێ.

ئەمەش سەرکەوتنێکی موطلەقەو دەرچوونە لەتاقیکردنەوەی کۆتایی.. ئیتر پەروەردگار بەپاکو خاوێنی لەدونیا کۆچی پێ کردو لەناو صندوقێکی روخامدا لەوڵاتی میصر بەخاک سپێردرا، پاش چوار سەد ساڵ حەزرەتی موسا لەوێوە تابوتەکەی گواستەوە بۆ بەیتولمەقدیسو لەوێ لەنزیک باوکو باپیرانیدا نێژرا.!

شایانی باسە کە لەشەریعەتی ئیسلامدا ئاوات خواستنی مردن دروست نیە.

لەصەحیحەین دا فەرموودەیەک هەیە ئیمامی ئەحمەد لەئەنەسەوە ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لايَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمُ الْمَوْتَ لِضَرٍ نَزَلَ بِهِ، فَإِنْ كَانَ لَابُدَّ مُتَمَنِّياً، فَلْيَقُلْ: اَللّهُمَّ أَحْيِنِي مَا كَانَتِ الْحَيَاةُ خَيْراً لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْراً لِي.)

لەئەبو هورەیرەشەوە ریوایەت کراوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لايتمنى أحدكم الموت، ولايدع به من قبل أن يأتيه، انه اذا مات أحدكم انقطع عمله، وانه لايزيد المؤمن عمره الا خيرا).

بەشی نۆزدەهەم لەچیرۆکی یوسف

چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ

ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَمَا تَسْـَٔلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾ وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ أَفَأَمِنُوٓا۟ أَن تَأْتِيَهُمْ غَٰشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ ٱللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ قُلْ هَٰذِهِۦ

سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار سەرگوروشتەی یوسفی گێڕایەوە، ئەمجار دەیەوێ لەرێگەی ئەم چیرۆکەوە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد بچەسپێنێ، لەم روەوە: کە چیرۆکی حەزرەتی یوسف هەواڵی غەیبە، هەواڵی غەیبیش تەنها خودا دەیزانێ، دەی خۆ موحەممەد ﷺ ئاگاداری ئەم چیرۆکە نەبوە، گەلو هۆزەکەشی هیچیان لێ نەزانیوە، جا کە پێغەمبەر ﷺ ئەو سەرگوروشتەی ئاوا بەرێکو پێکی گێڕایەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە: کە قورئان کەلامی خودایەو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدیش حەقو راستە.

ئەمجار رەخنەی لەهەڵوێستی موشریکەکان گرتو باسی ئەوەی کرد: کە زۆر نیشانەو ئایەت هەن تاکو تەنهایی خودا دەگەیەنن وەلێ ئەو موشریکانە ئاوڕی لێ نادەنەوەو پشتی لێ هەڵدەکەن، ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ: کە رێباوی بانگەوازی پێغەمبەری ئیسلام بریتییە لەبانگەوازی بۆ یەکتاپەرستیو رەتکردنەوەی هەموو جۆرە شیرکێو هاوەڵ پەیدا کردنێک.

دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَ﴾ ئەوەی باسکرا لەچیرۆکی یوسف، هەر لەو رۆژەوە کە خەونەکەی بینیو دوایی خرایە بیرەکەوە تا ئەو رۆژەی بووە فەرمانڕەوای دەست رۆیشتووی میصر، هەروا هەڵوێستی براکانی بەرامبەری، حاڵو وەزعی باوکی ئەمانە هەموویان هەواڵی پەنامەکینو پێش نازڵبوونی قورئان پێغەمبەرﷺ ئاگاداریان نەبوە، هەروەها گەلو هۆزەکەشی ئاگاداری نەبوون! خیطابەکە بۆ پێغەمبەرە ﷺ ئەم چیرۆکە نیگای خودایە بۆ پێغەمبەر، بۆ ئەوەی زیاتر دڵی دامەزرێ، خۆگر بێ لەبەرامبەر ئەزیەتدانی گەلەکەیو رو وەرگێڕانیان لەبانگەوازییەکەی!

مەبەست ئەوەیە: هەواڵدان لەشتی غەیبی نیشانەی ئەوەیە: کە قورئان موعجیزەیە؛ چونکە پێغەمبەر ﷺ لەوەپێش لەکتێبانی نەڕوانیوە قوتابی کەس نەبوە، هاوچەرخی یوسفو براکانی نەبوە، دەی هەواڵدانی پێغەمبەر ﷺ بەم چیرۆکە دورو درێژە بەبێ گۆڕانکاریو هەڵە نیشانەی ئیعجازو سەرئاسایی قورئانە.

﴿وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوا أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ﴾ ئەی موحەممەد! ئەتۆ لەلای براکانی یوسف نەبووی، ئاگاداری پیلانو نەخشەیان نەبووی، ئەو کاتەی بڕیاریان دا: کە یوسف بخەنە بیرەکەوە، فێڵیان لەیوسفو باوکیشی کرد. بەڵام ئێمە بەنیگا ئەو سەرگوروشتەیەمان فێر کردیو بەسروش بۆمان ناردی.

لەقورئانی پیرۆزدا لەم جۆرە هەواڵە غەیبیيانە زۆرن وەکوو لەسەرگوروشتەی خاتو مەریەمدا دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ﴾ال‌عمران/٤٤. یان دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنْتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ﴾ تا دەگاتە ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَمَاكُنْتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا﴾القصص/٤٤-٤٦. یان دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنْتَ ثَاوِياً فِي أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾القصص/٤٥.

بێگومان دەبوایە پاش چەسپاندنی نیگاو هاتنی ئەم جۆرە چیرۆکانەو ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە غەیبیيانە کە هەستو شعوور دەهەژێنن، دەبوایە هەموو کەس بڕوایان بەم قورئانە بکردایە، بەتایبەتی ئەوان بۆ خۆیان بەچاوی خۆیان پێغەمبەریان دەدی، حاڵو وەزعیان دەزانی، ئایەتی قورئانیان لێ دەبیست کەچی بڕوایان پێ نەدەکرد، سەرباری ئایەتەکانی قورئان، نیشانەی تری بوونەوەر هەن، چەندەها بەڵگەی جۆراو جۆر لەسەر ڕوپەڕی بوونەوەر بڵاوکراونەوە، بەڵام ئەوان تێی نافکرن لەماناکانی حاڵی نابن.

لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو هەواڵـە نهێنی‌یانـەی قورئـان ئاماژەیـان پـێ دەکا، لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو بەڵگەو دەلیلانەی لەسەر روپـەڕی بوونـەوەر لێرەو لەوێ بلاو بوونەوە کـە هـەموویان پـەندو ئامۆژگـارین‌و رێبـازی راسـتی ژیانی دونیاو قیامەت نیشانی ئادەمیزاد دەدەن، کەچی وێـڕای هـەبوونی ئـەو هەموو بەڵگـەو نیشـانانە زوربـەی زۆری ئـادەمیزادان ئیمـان نـاهێنن. وەکـوو دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْـــتَ بِمُؤْمِنِـــينَ﴾ زوربـەی زۆری ئـەو ئادەمیزادانـە بـڕوا بەبانگەوازییەکـەت ناکـەن‌و شـوێن پەیامەکـەت ناکـەون، تەنانەت ئەگەر زۆریش خۆت ماندوبکەی‌و هەوڵ‌و تەقەڵلا بدەی ئیمان بـهێنن، بڕوات پێ ناکەن، چونکە ئەوان سوورن لەسەر کوفرو سەر رەقی خۆیان.

پەیوەندی ئەم ئایەتە بەئایەتەکانی پێشەوە لەم روەوەیـە: کـە بـەگوێرەی قسەی ئیبنو عەبباس هەندێک لـەکافرەکانی قورەیـش بەشـێوەی تەعـەننوت داوایان لەپێغەمبەر ﷺ کرد ئەم چیرۆکەیان بـۆ بگێڕێتـەوە پێغەمبـەریش ﷺ پێی وابوو ئەگەر بۆیان بگێڕێتەوە لەوانەیە ئیمانی پـێ بـهێنن. جا کـە بـۆی خوێندنەوە ئەوان هەر سوور بوون لەسەر کوفرو بێدینی خۆیان ئیتر ئەم ئایەتـە هاتە خوارێ، وەکوو ئـەوە بڵێـی ئامـاژە بـێ بـۆ ئایەتـەتی ﴿إِنَّكَ لَاتَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾القصص/٥٦.

ئەمجار پەروەردگار ئەوە رادەگەیێنێ: کە ئەو کافرانە هیچ عوزریـان نیـە لەوەدا کە ئیمان بەپەیامەکەت ناکەن، دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَسْأَلُهُمْ عَلَيْهِ مِـــنْ أَجْرٍ﴾ تۆ ئەی موحەممەد! داوای کرێ‌و موچە لـەو کـافرە سـەررەقانە ناکـەی لەسـەر بانگهێشـتنیان بـۆ خوداپەرسـتی، بـەڵکوو لـەپێناو ئـایینی خـوداداو بۆخاتری رەزامەندی خودا ئەو کارە ئەنجام دەدەی، ئەتۆ مەبەستت جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی خۆتەو پاداشـت لێیـان نـاوێ! دەی دەبوایـە ئـەوانیش بەبێ سێ‌و دوو ئیمانیان بهێنایەو بەپیر بانگەوازییەکەتەوە بهاتنایە!!

﴿إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ نیە ئەو قورئانەی تۆی پێ نێردراوەو بۆ تۆ بەنیگا هاتووەو پەیڕەوو پرۆگرامی ئایینی ئیسلامە ئیللا کە هەیە یادخەرەوەو ئامۆژگاریو شارەزاییکەری هەموو عالەمە، ئەگەر پەیڕەوی بکەنو شوێنی بکەون لەدونیاو قیامەتدا سەرفراز دەبن.

ئەم ئایەتە یەکێکە لەو ئایەتانەی کە راستییەتی پەیامی پێغەمبەر دووپات دەکەنەوە.

هۆکاری ئەوە: کە زوربەی خەڵک ئیمان ناهێنن ئەوەیە: کە ئەوانە لەبەڵگەکانی هەبونی خودایەکی بەدیهێنەر بێ ئاگانو تێنافکرنو لەبوونەوەر ورد نابنەوە، بەروداوەکانی رابوردوو پەندئامێز نابن!

دەفەرموێ: ﴿وَكَأَيِّنْ مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ﴾ چەندان لەنیشانە جۆراو جۆرەکانی ئاسمانەکانو زەوی: کە تاکو تەنهایی خودا دەچەسپێننو نیشانەی کەماڵی زانستو دەسەڵاتی پەروەردگارن، هەر لەئەستێرە گەرۆکو راوەستاوەکانەوە تا دەگاتە کێوو چۆمو دەریاو گژو گیاو دارو درەختو ئاژەڵو مردوو زیندو، هەروا بەروبومو تامو بۆنو بەرامو رەنگو روخساری میوەهات، شیناوەردو ئاوو هەواو هەورو بارانو بەفرو تەرزەو چەندەهاو ملیونەها شتی تر کە ئەو ئادەمیزادانە بەسەریدا رادەبرنو دێنە بەرچاویانو بەسەریاندا تێپەڕ دەکاو دەیان بینن کەچی لێیان بێ ئاگانو تێیان نافکرنو پەندیان لێ وەرناگرن هەمووشیان گەواهی هەبوونی خودایەکی تاکو تەنیاو خاوەن دەسەلاتی رەها دەدەن.

بەکورتی هەموو شتێکی بوونەوەر نیشانەی تاکو تەنهایی خودایە. ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللهِ إِلاَّ وَهُمْ مُّشْرِكُونَ﴾ زوربەی زۆری ئەو خەڵکە وێڕای هەبوونی ئەو هەموو نیشانە جۆێ جۆییانە دان بەوجودی خودادا نانێن مەگەر شەریکی بۆ دادەنێن، دەزانن خودا هەیە بەلام هاوەڵی بۆ بەرەوا دەزانن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَّنْ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ

﴿لَيَقُولُنَّ اللهُ﴾لقمان/٢٥. دان بەوەدا دەنێن کە خودا بەدیهێنەری بوونەوەرە کەچی یەکتاپەرستی ناکەن، هاوەڵی بۆ دادەنێن بتو صەنەم، فریشتەو مانگو خۆر دەپەرستن، هاوار دەکەنە غەیری خودا بۆ لابردنی زیانو هێنانی خێر، هەریەکە بەجۆرێک موشریکە، هەر عیبادەتێک خاڵص بۆ خودا نەبوو بەشیرک دەژمێردرێ، عیبادەتەکەی پوچەڵەو لێی وەرناگیرێ!

ئیمامی موسلیم لەئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خودا دەفەرموێ: من لەهاوەڵ بێ ئاتاجم کەس هێندەی من بێ ئاتاج نیە لەشەریک. جا کەسێک کارێکی کرد بۆ منو شتی تریشی کردە شەریکم، بەخۆیو ئەو کەسەی کردویەتی بەهاوەڵم دەستیان لێ بەردەدەم!

ئیمام ئەحمەد لەئەبوسەعیدی کوڕی فوضالەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: لەپێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: (کە رۆژی قیامەت پەروەردگار هەموو ئادەمیزادانی کۆکردەوە، بانگکەرێک بانگ دەکا دەڵێ: کەسێک لەکردەوەیەکدا کە بۆ خودای ئەنجام داوە کەسێکی تری کردبێتە هاوبەشی خودا، باداوای پاداش لەغەیری خودا بکا، چونکە خودا لەهەموو کەس بێ ئاتاج ترە لەهاوەڵو هیچ پێویستی بەشەریک نیە.)

ئیمامی ئەحمەد لەمەحمودی کوڕی لەبیدەوە ریوایەت دەکا: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەوەی کە من بۆ ئێوە لێی دەترسم شیرکی پچوکە، هاوەڵان عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! شیرکی ئەصغەر چیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ریبایە، رۆژی قیامەت کە خەڵک پاداشی وەرگرتەوە، پەروەردگار بەریبابازان دەفەرموێ: بچن بۆ لای ئەوانەی لەدونیادا ریبابازیتان بۆ دەکردن بزانن ئاخۆ پاداشیان هەیە بتاندەنێ.

ئیمام ئەحمەد لەئەبو موسای ئەشعەرییەوە ریوایەت دەکا: کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئادەمیزادینە! خۆتان لەو شیرکە کە ریبایە بپارێزن، چونکە لەخشەی مێرولە نهێنی ترە، پاشان فێری کردن چۆن خۆیان لەو شیرکی

بچووک نهێنی‌یە دەپارێزن. فەرمووی: بڵێن: (اَللّٰهُمَّ اِنَّا نَعُوذُبِكَ مِنْ اَنْ نُشْرِكَ بِكَ شَيْئًا نَعْلَمُهُ، وَنَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَنَعْلَمُهُ).

ئەمانە شیرکی نهێنین‌و پێویستە زۆر بەوریایی خۆمانی لێ بپارێزین بۆ ئەوەی ئیمانەکەمان پاڵفتەو رێکو پێک بێ.

شیرکی ئاشکراو عەیانیش هەیە: کە بریتییە لەگەردنکەچ کردن بۆ غەیری خودا لەکارو بارێکی ژیاندا، وەکوو گەردنکەچکردن بۆ یاساو قانوونێک کە هی خودا نەبێ، گەردنکەچکردن بۆ دابو نەرێتێک کە لەگەڵ شەریعەتی خودادا یەک نەگرێتەوە، بۆ نموونە پابەند بوون بەبەرگو پۆشاکێکەوە کە لەگەڵ یاسای پۆشاکی ئیسلامی‌دا ناگونجێ، بەم جۆرە عەورەت دانەپۆشێ، یان چۆنیەتی عەورەت بەدەربخا، ئەمانە شیرکی ئاشکرانو پێویستە موسوڵمانان زۆر وریایانە هەوڵی قەلاچۆکردنو خۆپاراستنو تێگەیاندنی لەخەڵکانی تر بدەن!

روتی ئافرەت ئەمرۆ بەو شێوە فراوانە کە دەبیندرێو بانگەشە بۆ کردنی لەلایەن نۆکەرانی جولەکەو ماسۆنیەوە، شیرکێکی ئاشکراو عەیانە، پیلانێکی دارڕژاوی کوفری جیهانی‌یە دژی موسوڵمانان، چەکێکی کوشندەیە بەدەست داگیرکەرانو چڵکاوخۆرانی کوفری عالەمییەوە بۆ روخاندنی رەوشتی ئیسلامی‌و ریشەکێشکردنی دابو نەرێتی باوکو باپیرانی خوداپەرستمان!

مام حاجی بۆ خۆی کەشیدەی پشتی باوەشێک دەبێو حاجی ژنی خێزانی داپۆشراوو عابا بەسەر کەچی کچەکەیان نیوەی جەستەی بەدەرەوەیە!

مامۆستاو شێخو خەلیفەو سۆفی‌یەکانمان بۆ خۆیان کونجی مزگەوت دەگرنو ریش بەشانەکراوو تەسبیح بەدەستو سیواک لەدەم رادراو دەم بەویردو سەلاوات کەچی کچەکانیان نەوەکانیان قولو قاچ رووتو سەرو مل قوتو بەرەڵلا! لەهەموو شتێک دەچن جگە لەبەچکەی موسوڵمان نەبێ.

هەڵبەتە ئەو مامۆستاو شێخو خەلیفەو سۆفییانە نوێژ دەکەن بەلام نوێژەکەیان لەفەحشاو مونکەر نایانگێڕێتەوە، بۆخۆیان موسوڵمانی ساغ نین بۆیە خاوو خێزانیان لەهی موسوڵمانان ناچن، بۆ خۆیان بەدەم موسوڵمانن بەلام کردەوەکانیان بەدرۆیان دەخەنەوە، بۆخۆیان هەر چەند بەرواڵەت موسوڵمانن وەلێ لەراستیدا پشتیان لەئایین هەڵکردوە، پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی خودا نین!!

دەی ئەوانە بەتەما چین؟ چاوڕوانی چ دەکەن؟

﴿أَفَأَمِنُوا أَنْ تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِنْ عَذَابِ اللهِ﴾ ئایا ئەو موشریکانە ئەو بەناو موسوڵمانو بەکردەوە کافرانە دڵنیان لەوەی: کە خودا عەزابێکی ئیقلیم گیرو داگرندەیان بۆ بێنێ، هەموانیان بگرێتەوەو تێکیانەوە پێچێ!؟ ﴿أَوْتَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لاَيَشْعُرُونَ﴾ یان لەوە دڵنیانو ناترسن کە بەناگەهان قیامەت رابێو ئەوان تایەخەیان نەگرێ بەخۆیان نەزانن!؟

بێگومان غەیب بۆ ئادەمیزاد نێهێنیو دەرگای لەسەر پێوەدراوە، چاو نایبینێو گوێچکە نایبیستێ، کێ دەزانێ پاش تاوێکی تر چ دەبێو چ دەقەومێ؟

ئەمجار پەروەردگار پاش ئەو هەڕەشە کردنو بەڵگە هێنانەوانە، مەبەستی پەیامی پێغەمبەر ﷺ رون دەکاتەوەو بتمانەی پێغەمبەر بەپەیامەکەی دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي﴾ ئەی موحەممەد! بەئادەمیزادو جندۆکە بڵێ: ئەمە ئەو رێگایەیە کە من بانگەوازی بۆ دەکەم، بانگەوازی دەکەم بۆ ئەوەی شایەتی بدەن کە هیچ خودا نین جگە لەخودا. ئەمن بەو بانگەوازییەم ﴿أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ خەڵک بانگ دەکەم بۆ پەیڕەویکردنی ئایینی خودا بەیەقینو بڕوایەکی تەواوەوە، بەبەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە، ئەمن بۆخۆم بانگەوازی دەکەم بۆ ئایینی خوداو هەموو ئەوانەش کە شوێنم کەوتوونو بڕوایان بەپەیامی من کردوە بانگەوازی

دەکەن بۆ ئایینی خودا، ﴿وَسُبْحَانَ اللهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ ئەمن خودا لەهەموو عەیبو نەنگی‌یەکێ بەدوور دەگرم بەپیرۆزی دەزانم تەقدیسی دەکەم. ئەمن هەرگیز شەریکی بۆ دانانێم هاوەڵو منداڵو خێزانی نیە، وەزیرو راوێژکاری نینو پێویستی بەهیچ نیە، هەموو کەس موحتاجی ئەوەو ئەو موحتاجی بەکەس نیە وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿تُسَبِّحُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ، وَلَكِنْ لاتَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ، إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُوراً﴾الأسراء/٤٤.

هەموو ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی تیاندایە هەرەیەکەو بەزوبانی خۆی تەسبیحاتی خودا دەکا، هیچ شتێک نیە تەسبیحاتی خودا نەکا، بەلام ئێوە تەسبیحاتەکەیان نابیسن، بێگومان خودا حەلیمو لێخۆشبووە داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن، تۆبە بکەن با لێتان خۆش بێ.

بەشی بیستەم لەچیرۆکی یوسف

پەند وەرگرتن لەچیرۆکەکانی قورئان

وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰٓ ۗ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۗ وَلَدَارُ ٱلْـَٔاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟ جَآءَهُمْ

نَصۡرُنَا فَنُجِّیَ مَن نَّشَآءُۖ وَلَا یُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِینَ ﴿١١٠﴾ لَقَدۡ كَانَ فِی قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةࣱ لِّأُو۟لِی ٱلۡأَلۡبَـٰبِۗ مَا كَانَ حَدِیثࣰا یُفۡتَرَىٰ وَلَـٰكِن تَصۡدِیقَ ٱلَّذِی بَیۡنَ یَدَیۡهِ وَتَفۡصِیلَ كُلِّ شَیۡءࣲ وَهُدࣰى وَرَحۡمَةࣰ لِّقَوۡمࣲ یُؤۡمِنُونَ ﴿١١١﴾

پاش ئەوەی قورئانی پیرۆز لەئایەتەکانی پێشوودا پێغەمبەرایەتی موحەممەدی ﷺ چەسپاند لەم ڕووەوە کە هەواڵی غەیبی ڕادەگەیەنێ، ئەمجار پەروەردگار ڕەدی ئەوانە دەداتەوە کە بڕوایان بەپێغەمبەرایەتی نیە: بڕێک لەشوبهەی ئەوانەی ئینکاری پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد دەکەن ئەوەیە: دەڵێن: ئەگەر خودا بیویستایە پێغەمبەری بناردایە فریشتەی دەنارد وەکوو قورئان لەشوێنێکی تردا لەزمانی کافرەکانەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ﴿لَوْ شَاءَ رَبُّنَا لَأَنْزَلَ مَلَائِكَةً﴾فصلت/١٤.

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەی لەکافرەکانی قوڕەیشو هاووێنەکانیان کرد بەناردنی عەزاب بۆ سەریان ئەگەر ئیمان نەهێنن، چونکە سوننەتی خودا دەربارەی بەندەکانی نەگۆڕە، دابو نەریتی وا هاتووە هەر گەلو نەتەوەیەک ئیمان نەهێنن سزایان دەدا. ئەمجار کۆتایی سورەتەکە بەوە دەهێنێ: کە چیرۆکی یوسفو باوکیو براکانی پەندو عیبرەتی تێدایە بۆ خاوەن عەقڵو فامان.

دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالاً نُوحِي إِلَيْهِمْ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى﴾ ئەی موحەممەد! ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان جگە لەپیاوان نەناردوە، نەفریشتەمان کردوە بەپێغەمبەرو نەئافرەتیشمان کردوە بەپێغەمبەر! بەڵکوو تەنها پیاومان کردون بەپێغەمبەرو ڕەوانەمان کردون

هەمووشیان لەئەهلی شاربوون دانیشتووی لادێو ساراو دەوارنشین نەبوون! نیگاو سروشمان بۆ ناردوون شەریعەتو یاسامان فێر کردون. ئەم ئایەتە بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ: کە پەروەردگار پێغەمبەرانی لەپیاو رەوانە کردوون نەکێ لەئافرەتان. هیچ کاتێ ئافرەت پێغەمبەرو رەوانە کراو نەبوون. دابو نەرێتی خودا واش هاتووە کە ئەو پێغەمبەرانە دانیشتووی شار بن، هەرگیز خودا لەدانیشتوانی لادێو دەوارنشین پێغەمبەری رەوانە نەکردوە، چونکە بەسروشت لادێو دەوار نشین تەبیات ترشو دڵرەقو وشکە تەبیعەتن! دانیشتوی شارەکان تەبیعەتیان هێدیو پشوو درێژن!

ئەوەتا قورئان لەشوێنێکی تردا دەرحەق بەلادێو دەوار نشینەکان دەفەرموێ: ﴿الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْراً وَنِفَاقاً﴾التوبة/٩٧.

پێغەمبەرێتی تۆ بەگوێرەی دابو نەرێتی خودایەو لەو دابو نەرێتە لەو یاساو نیظامە بەدەر نیە، ئێمە هەر پێغەمبەرمان هەر لەرەگەزی پیاوان ناردوە.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: هەندێک پیان وایە: سارا خاتون خێزانی حەزرەتی ئیبراهیمو دایکی حەزرەتی موسا، خاتو مەریەمی کچی عیمران دایکی عیسا ئەمانە پێغەمبەر بوون، بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە: کە فریشتە موژدەی بەسارا خاتون داوە بەوە کە کوڕێکی دەبێ، ناوی ئیسحاق دەبێ، دوا ئەویش یەعقووبی دەبێ، بۆ دایکی موساش بەڵگەیان ئەم ئایەتەیە: کە دەفەرموێ: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ أُمِّ مُوسَىٰ أَنْ أَرْضِعِيهِ﴾القصص/٧. بەنیسبەت خاتو مەریەمەوە ئەوەتا فریشتە هاتووە بۆ لایو مزگێنی پێ داوە کە کوڕێکی دەبێ ناوی عیسایە. هەروەها بەم ئایەتەش کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ عَلَىٰ نِسَاءِ الْعَالَمِينَ. يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ﴾آل عمران/٤٢-٤٣.

جا هەرچەندە ئەم خاتوونانە ئەم جۆرە نیگایەیان بۆ کراوە بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان پێغەمبەر بوبن.[1]

---

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٢/٤٩٦.

ئەمجار پەروەردگار هەرِەشەی توندو تیژ ئاراستەی موشریکەکان دەکا لەسەر ئەوە کە پێغەمبەریان بەدرۆ خستەوە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوە بۆ ئەو موشریکە بەدرۆخەرەوانەی کە پەیامی تۆ بەدرۆ دەزانن بەناوزەوی‌دا گەشتو گوزار ناکەن! بۆ ئەوەی سەرەنجامی ئەو گەلو نەتەوانە ببینن کە پێغەمبەری خۆیان بەدرۆ خستنەوە چییان بەسەر هاتوو خودا چۆن لەناوی بردن، بۆ لەشوێنەواری قەومی نوحو هودو صالحو لوط وردنابنەوە؟ بزانن ئەوانە بەهۆی کوفرو سەرپێچی پەیامی پێغەمبەرەکانیانەوە چییان بەسەر هاتووە؟ چۆن ریشەکێش کراونو لەناو بران! دەبوایە پەندیان وەربگرتایە بترسانایە لەوەی کە ئەو عەزابەی ئەو گەلو نەتەوانەی پێ لەناو برا دێتە سەر ئەوانیش!

پێویستە بزانن: سەرەنجامی کافرەکان لەناوچوونو فەوتانە سەرەنجامی خوداپەرستان سەرفرازیو رزگار بوونە.

دەی کەوایە هەوڵ بدەن بۆ قیامەتو خۆتان بۆ تاقیکردنەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەی ئەو رۆژە ئامادە بکەن، خۆتان لەکردارو گوفتارو هەڵوێستی خاپوورکەر بپارێزن ﴿وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ بێگومان پاداشی قیامەت زۆر باشترە بۆ ئەو کەسانەی لەخودا دەترسنو هاوەڵی بۆ دانانێن. خۆشگوزەرانی قیامەت زۆر باشترە لەپاداشو بەروبومی ئەم جیهانەی کە موشریکەکان پێغەمبەرانی تێدا بەدرۆ دەخەنەوە. جا وەکوو چۆن لەدونیادا خودا پەرستانمان سەرفراز کردونو رزگارمان کردون، هەر بەو جۆرە لەقیامەتیش‌دا سەرفرازیو رزگاربوونمان بۆ دەست نیشان کردوون. بێگومان قیامەت بۆ ئەوان زۆر لەدونیا باشترە، چونکە نیعمەتی دونیا تەمەن کورتو رو لەنەمانە، بەڵام نیعمەتی قیامەت تەواوو بەردەوام هەتا هەتاییە!!

﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ئایا عەقڵتان پێ ناشکێ، عەقڵو هۆشتان نەماوە!؟ بۆ تێنافکرنو بیر لەداهاتووی خۆتان ناکەنەوە؟؟ خۆ ئێوە ئەگەر تێفکرینو وردبوونەوەتان هەبوایە ئیمانتان دەهێنا!

ئەمجار پەروەردگار مزگێنی دەدا بەپێغەمبەری خۆیو هەواڵی ئەوەی پێ رادەگەیەنێ: (کە یارمەتی خۆی دەنێرێتە سەر پێغەمبەرانیو لەکاتی تەنگانەدا فریایان دەکەوێ، لەناسکترین کاتو لەتەنگو چەڵەمەو ئەزمەدا خودا بەهانای بەندە موخلیصەکانی خۆیەوە دێ! دەفەرموێ: ئێمە لەپێش تۆ جگە لەرەگەزی پیاو کەسی ترمان نەکردوە بەپێغەمبەر)) جا ئەو پێغەمبەرانە هاتوونە سەر گەلەکانیانو پەیامی خۆیان پێ گەیاندونو بانگەوازییان کردون بۆ یەکتاپەرستیو دڵسۆزی لەعیبادەتکردن بۆ پەروەردگار ئیتر گەلو نەتەوەکانیان بەدرۆیان خستوونەوە، زێدە رەوییان کرد لەکوفرو سەرکەشیو گومڕاییدا، پێغەمبەرانیش هەڕەشەی هاتنی عەزابی خودایان لێ کردنو بەتەما کۆمەگیو یارمەتی خودا بونو یارمەتییەکە دواکەوت ﴿حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ﴾ هەتا کار گەییشتە ئەوە پێغەمبەران نائومێد بوون لەئیمانهێنانی گەلەکانیان، یا لەسەر کەوتن بەسەریاندا؛ چونکە ئەوان بەتەواوی لەکوفرو بێدینیدا رۆچووبوون. ﴿وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا﴾ گەلو نەتەوەکان دڵنیا بوون لەوە: کە پێغەمبەرەکانیان درۆیان لەگەڵ کراوە، ئەوەی لەخوداوە وادەیان پێدراوەنایەتەدی، ئالەم ساتو کاتە حەریجانەدا کە پێغەمبەرەکان گەییشتوونە ئەوپەڕی نارەحەتیو تەنگانە، بەرەنگاری کوفرو گومڕایی دەکەن، رۆژگار دێنو دەڕۆن پێغەمبەران دەپاڕێنەوەو دوعا دەکەن کەمێک نەبێ وەڵامیان نادرێتەوە، ساڵ تێوەر دەسووڕێنەوەو کوفرو بەتاڵ لەهێزو توانای خۆیاندانو شوێنکەوتوویان زۆرو موسوڵمانان کەمو بێ هێز!

بەراستی کاتو ساتی ناسکو حەریجنو تەنگانەن. پێغەمبەر چاوەڕوانی هاتنی کۆمەکییەو نایەتی دی، کافرەکان پێیان وایە درۆیان لەگەڵ کراوە، ئا لەم کاتەدا کە تەنگانە دەگاتە ئەوپەڕیو پێغەمبەران تەنگەتاو دەبنو لەپەلو پۆ دەکەونو هێزی بەرگریو بەرەنگارییان پێ نامێنێ، ئا لەم کاتە حەریجەدا ﴿جَاءَهُمْ نَصْرُنَا﴾ لەنکاوێک یارمەتیو کۆمەگی خودا هات بۆیانو فریایان کەوت ﴿فَنُجِّيَ مَنْ نَشَاءُ﴾ ئەوانەی مەیلمان لێ بوو رزگاریان بێ، رزگار کران ئەوانیش پێغەمبەرو موسوڵمانەکان بوون. سزاو تۆڵەمان دابەزییە سەر

بەدرۆخەرەوەکان ﴿ولا یرد بأسنا عن القوم المجرمین﴾ عەزابو تۆڵـەی خـودا لـەتاوانباران ناگێڕدرێتـەوە، ئـەو تاوانبارانـەی کـافرن بـەخوداو پێغەمبـەریش بەدرۆ دەخەنەوە.

نموونەی ئەم ئایەتە لەقورئاندا زۆرو زەبەندەن: وەکوو دەفـەرموێ: ﴿إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾غافر/٥١. یان ﴿كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي، إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾المجادلة/٢١. یان دەفەرموێ: ﴿وَزُلْزِلُوا حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللَّهِ، أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ﴾البقرة/٢١٤.

﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِـبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَـابِ﴾ بێگومـان لـەچیرۆکی حەزرەتی یوسفـو براکانیو باوکیدا پەندو عیبرەت هەیە بـۆ ئەوانـەی خـاوەن عـەقڵو فـامن، لـەرووداو ورد دەبنـەوەو سـەیری سـەرەتاو ئاکـامی رووداوەکـان دەکەنو پەندیان لێ وەردەگرن!

وەلێ غافڵو نەفامەکان: کە عـەقڵی خۆیـان بـەکار نـاهێننو تێنـافکرن نەصیحـەتو ئامۆژگـاری کاریـان تـێ ناکـا سـوود لـەچیرۆکو سەرگوزشـتە وەرناگرن.

﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى﴾ ئەم قورئانە کە بەنیگا بـۆ تۆمـان ناردوە ئـەی پێغەمبەر! قسەو باسێکی هەڵبەستراو نیە، چیرۆکو سەرگوزشتەی دروستکراو نیە، چونکە کەلامێکی موعجیزەیەو لەتوانای ئادەمیزاددا نیە کتێبێکی ئاوا سەرئاسا بخاتە ڕو، چیرۆکگێڕەوەو حیکایەتخوان کەی توانای ئەوەیان هەیە کەلامی ئاوا ڕەوانو شیرینو صافـو لووس دابنێن؟! بەتایبەتی کە ئەم قورئانە لەلایەن کەسێکەوە رادەگەیەندرێ کە خۆی خوێندەوار نیە، هاموشۆی زانایانی نـەکردوە، کـەوابو ئەمـە گـەورەترین بەڵگەیـە کـە قورئـان کـەلامی خودایـەو بەرێگـەی نیگـاو سـروش بـۆ موحەممـەد ڕەوانـە کـراوەو چـیرۆکی دەسـت هەڵبەست نیە ﴿وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْـهِ﴾ بـەڵکوو پشـتگیری کتێبـە ئاسمانییەکانی پێش خۆی دەکا: کە خودا بۆ پێغەمبەرانی پێشـووی نـاردوون.

وەکوو تەوراتو ئینجیلو زەبوور.. ئەوەی: کە تێیاندایەو حەقەو دەستی لێ نەدراوەو نەگۆڕاوە قورئان پشتگیری دەکاو بەراستی لەقەڵەم دەدا.

﴿وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ﴾ هەموو شتێکی پێویست بۆ ئایین تێدا شی کراوەتەوە، هەرچی پێویست بێ بۆ کاروباری ئایینی وەکوو فەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگار، مزگێنیو هەڕەشەی رونکردنەوەی صیفاتو ناوەجوانەکانی، چیرۆکو سەرگوروشتەی پێغەمبەران لە گەڵو نەتەوەکانیاندا. لەم قورئانەدا رون کراوەتەوە!!

بەکورتیو پوختی لەقورئاندا شیکرنەوەو رونکردنەوەی هەموو شتێکی تێدایە کە پێویستە بۆ دین، لەشوێنکا پێویستی بەدرێژەکردنەوە هەبێ بەدرێژی دواوە لەهەر شوێنێکا کورتبڕی پێویست بووبێ کورتبڕی بەکار هێناوە، حەقو راستی بیرو باوەڕی رون کردۆتەوە، بەڵگەو دەلیلی زۆرو زەبەندەی هێناونەوە، ئەخلاقو رەوشتی جوانو بنەمای شەریعەتو ئەحکامی شی کردونەوە، بەجۆرێک ئەگەر پەیڕەوییان بکرێ بەختەوەری دونیاو قیامەت بۆ ئادەمیزاد دەستەبەر دەبێ. کاروباری کۆمەڵانی خەڵک بەئەوپەڕی رێکو پێکی بەڕێوە دەچێ.

﴿وَهُدًى﴾ قورئان هێدایەتدەرە بۆ کەسێک تێی بفکرێو لێی ورد بێتەوە، بەجوانی سەیری بکاو بیخوێنێتەوە. شارەزاییکەری رێگای راستو صەلاحە لەهەموو بوارێکی ژیاندا. ﴿وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ رەحمەتو بەخششێکی گشتییە بۆ ئەو موسوڵمانانەی ئەحکامی قورئانیان لەناودا جێ بەجێ دەکرێ، ئەوانەی موسوڵمانیش نین لەژێر سایەی حوکمی قورئاندا لەسەروەتو سامانی خۆیان دڵنیان، ناموسو گیانو بیرو باوەڕو شوێنی عیبادەتیان پارێزراوە. وەکوو موسوڵمانان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێو لەکۆمەڵگایەکی خاڵی لەفەسادو فاحیشەو تاوان ژیان بەسەردەبن!

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

سورەتی (الرعد)

ئەم سورەتە ناونراوە بەسورەتی (الرعد) چونکە باسی هەورو بروسکەو بارینی باران لەهەورەوەی تێدایە وەکوو دەفەرمووێ: ﴿هُوَ الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفاً وَطَمَعاً، وَيُنْشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالِ، وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ، وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ﴾الرعد/١٢-١٣.

باران هۆی ژیانە بۆ هەموو گیانلەبەرێکو بۆ هەموو روەکو گژو گیایەک. صاعیقە جاری وا دەبێ دەبێتە هۆی فەوتانو وێران بوونی ولات. ئەمەش پێچەوانەی سوودو قازانجی ئاوە :کە هۆکاری ژیانە، کۆکردنەوە لەنێوان دوو شتی دژبەیەکدا جێگای سەرسوڕمانە!

ریوایەت و رای جیا جیا هەن دەربارەی ئەم سورەتە ئاخۆ مەککەیی‌یە یان مەدینەیی‌یە!

موجاهید لەئیبنو عەبباسو عەلی کوڕی ئەبو طەلحەوە ریوایەت دەکا: کە مەککەیی‌یە. هەمان را لەسەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ریوایەت کراوە.

سەعیدی کوڕی مەنصوور لەسونەنەکەیدا دەڵێ: ئەبو عەزانە لەئەبو بیشرەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پرسیارم لەسەعیدی کوڕی جوبەیر کرد دەربارەی فەرموودەی پەروەردگار: کە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ﴾ ئایا مەبەستی عەبدوڵلای کوڕی سەلامە؟ لەوەلام دا فەرمووی: ئەمە چی بەسەر چییەوە هەیە؟ ئەم سورەتە مەککییەو چ پەیوەندییەکی بەعەبدوڵلای کوڕی سەلامەوە هەیە؟

لەلایەکی ترەوە هەر موجاهید لەئیبنو زوبەیرو مەردەوەیهی لەرێگای (العوفی) یەوە لەئیبنو عەبباسەوە، هەروەها لەرێگەی ئیبنو جورەیجو عوسمانەوە لەعەطاوە لەئیبنو عەبباسەوە، هەروەها ئەبو ششەیخ لەقەتادەوە

ریوایەتیان کردوە: کە ئەم سورەتە مەدەنی‌یە. تەنها لەریوایەتی ئەخیردا ئەوە چەرت کراوە کە ئایەتی ﴿وَلَايَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا تُصِيبُهُمْ بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ...الآية﴾ مەدینەیی‌یەو ئەوی تری مەککی‌یە.(١)

چەند موناسەبەو پێکەوە گونجانێک هەیە لەنێوان ئەم سورەتەو سورەتی یوسفدا، هەردوکیان باسەکانیان چیرۆکی پێغەمبەران لەگەڵ گەلەکانیانو چۆنیەتی رزگارکردنی موسوڵمانانو لەناوبردنی کافرانیان لەخۆگرتووە. هەردوو سورەتەکەش مەبەستەکانیان لێک دەچن ئەوەتا هەردوکیان مەبەستی تاکو تەنهایی خوداو بوونی خودایان لەخۆگرتووە.

لەسورەتی یوسفدا دەفەرموێ: ﴿أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ؟﴾ لەسورەتی (الرعد)یشدا دەفەرموێ: ﴿اللهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا﴾(٢-٤) یان دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ؟ قُلِ اللهُ﴾(١٦) هەروەها لەچەند ئایەتی تریشدا لێک دەچن!!

لەلایەکی ترەوە هەردوو سورەتەکە وەصفی قورئانیان تێدایە: ئەوەتا سورەتی یوسف بەوەصفی قورئان کۆتایی هاتووەو دەفەرموێ: ﴿مَاكَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ، وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ، وَهُدىً وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾.

سورەتی (الرعد)یش بەوەصفی قورئان دەستی پێ کراوە، دەفەرموێ: ﴿تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ، وَالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ، وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَايُؤْمِنُونَ﴾.

سورەتەکە بەبەڵگە هێنانەوە لەسەر هەبوونی خوداو تاکو تەنهایی زاتی پاکی دەست پێ دەکا، بەڵگەو نیشانەی خودایەتیو بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەویو مانگو خۆرو شەوو رۆژو کێوو دۆڵو دەشت دەریا، میوەو بەروبوم

(١) الأساس في التفسير ج٥/٢٧١٩.

تامو بۆنو رەنگو شێوەو روخساری جۆراو جۆر رادەنوێنێ، ئەوە دەچەسپێنێ: کە هەر خودا خۆی بەدیهێنەرە، خەڵقو ئیجاد ژیان پێدانو مراندن، سوود پێگەیاندنو زیان لێخستن هەر بەدەست خودایە.

ئەمجار باسی زیندوبوونەوەو پاداشو سزای رۆژی قیامەت دەکاو بەبەڵگەو دەلیل دەیانچەسپێنێ!

هەواڵ دەدا لەهەبوونی فریشتەو چۆنیەتی چاودێری کردنیان بۆ ئادەمیزاد بەفەرمانی خودا.

نموونەی حەقو بەتاڵ دێنێتەوە، ئەوانە خودا دەپەرستن دەیانکاتە نموونەی حەقو ئەوانەی بت دەپەرستن بەنموونەی بەتاڵو پوچ حلێبیان دەکا.

مزگێنی دەدا بەتەقواکاران بەبەهەشتو هەڕەشە بەسزای دۆزەخ لەوانە دەکا: کە پابەندی وادەو پەیمانی خۆیان نین.

چۆنیەتی پێغەمبەرانو ئەرکی سەرشانیان: کە بانگەوازیکردنە بۆ یەکتاپەرستیو جڵەوگیری لەبتپەرستیە دەست نیشان دەکا.

ئەوە دەچەسپێنێ: کە پێغەمبەران هەموویان ئادەمیزادنو خێزانو منداڵو نەوەیان هەیە، موعجیزە بەدەست ئەوان نیەو بەدەست خودایە، ئەرکی ئەوان راگەیاندنو موژدەدانو ترساندنە.

گەلێ مەبەستی تریشی لەخۆگرتوونو ئاماژەیان بۆ دەکا: خودا یار بێ لەکاتی راڤەکردنی ئایەتەکاندا رونیان دەکەینەوە.

کۆتایی سورەتەکەش بەوە هاتووە: کە پەروەردگار شایەتی پێغەمبەرایەتیو نبووەت بۆ حەزرەتی موحەممەد دەداو شایەتیدانی خودا پەرستانی ئەهلی کیتاب بەوەی: کە نیشانەی پێغەمبەری ئیسلام لەنامە ئاسمانییەکانی ئەواندا هەیە، رادەگەیەنێ.

بەراستی ئەم سورەتە یەکێکە لەسورەتە سەرسوڕهێنەرەکانی قورئان، کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی یەکێ شێوەو یەکێ تامو بۆنو بەرامی هەیە، دڵو دەروون

ئاو دەداو دیمەنو وێنەی جۆراو جۆر نیشان دەدا، لەهەموو لایەکەوە وێنەو دیمەنی جیا جیا کۆ دەکاتەوە، هەر دەڵێی فیستیڤاڵی دیمەنی جۆراو جۆری هەست هەژێنە، دڵ زەنوێر دەکەنەوە.

سورەتەکە نمایشگایەکە بۆ دیمەنە سروشتیەکان: هەر لەزەویو ئاسمانو مانگو خۆرو شەوو رۆژەوە تا دەگاتە تارماییو سێبەرو تاریکیو روناکی. لەم سورەتەدا دەتوانی دیمەنی کێوی راوەستاوو چەقیوو لەگەڵ چۆمو جۆباری رەوان، کەفو خڵتە دەڕواو ئاوی بەسوود دەمێنێتەوە، دیمەنی پارچە زەوی جۆراو جۆری بەتەک یەکەوە، داری بەرداری دو پەلو یەک پەل!، هەورەبروسکەو بارانو ژیان، روانو چکەرەکردنو رسکان... ئەم جۆرە دیاردە سروشتیانە بەشێوەیەکی چڕوپڕ نمایش دەکرێن. فلیمی بوونەوەرە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی یەزدانی رادەنوێنرێن.

دەی بابچینە خزمەت سورەتەکەو دەست بکەین بەراڤەکردنی یەکە یەکەی ئایەتەکانیو بەوردی سەرەنجی فلیمەکە بدەین!!.

قورئانی پیرۆز حەقو راستە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓر ۚ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ۗ وَٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١﴾

لەوەپێش لەکۆتایی سورەتی یوسفدا پەروەردگار پێنج صیفەتی قورئانی بەیان کرد، لێرەشدا صیفەتێکی تری خستە پاڵ ئەو صیفەتانە، کە ئەویش بریتییە لەوە:کە ئەو قورئانە کەلامی خودایەو بەحەقیقەت لای خوداوە هاتووە.

﴿المر﴾ لەوەپێش ئاماژەمان پێ کرد: کە ئەو پیتانە لەسەرەتای هەندێ سورەتدا هەن ئامێری ئاگادار کردنەوەنو دەبێ گرنگی بدرێ بەو پەیامو ئەحکامانەی بەدوا ئەو پیتانەدا دێن. شێوەی خوێندنەوەشیان دەبێ بەشێوەی لێک دابڕان بخوێندرێتەوە واتە: دەبێ بخوێندرێتەوە: (الف، لام، میم، را) هەر سورەتێک بەم جۆرە پیتانە دەست پێ بکا بەمەبەستی تەحەددا کردنی قورئانە بۆ کافرەکانو بۆردانیانە، هەروەها ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کە نازڵبوونی قورئان لەلایەن خوداوەیەو گومانی تێدا نیە.

﴿تِلْكَ آيَاتُ ٱلْكِتَابِ﴾ ئایەتەکانی ئەم سورەتە بریتین لەئایاتی قورئانی پیرۆز: کە گەییشتوونە سەر ترۆپکی کەماڵو بێ عەیبی، شیاوی ئەوەن بەناوی ﴿الكتاب﴾ ناوببرێن.

﴿والذي أنزل اليك من ربك الحق﴾ هەموو ئەو قورئانەی بۆ تۆ نازڵکراوە ئەی موحەممەد! لەخوداوە بۆت نێردراوەو شکو گومانی تێدا نیە.

واتە: دوای ئەوەی پەروەردگار پلەو نرخی سورەتەکەی راگەیاندو کەماڵو بێ عەیبی بۆ چەسپاند، ئەمجار ئەم حوکمەی گشتی کردو بۆ هەموو قورئانی چەسپاند.

﴿ولكن أكثر الناس لايؤمنون﴾ وەلێ زوربەی ئەو ئادەمیزادانە بڕوایان بەوە نیە کە ئەم قورئانە لەخوداوە بۆ تۆ نێردراوە... دان بەوەدا نانێن کە ئەم قورئانە شەریعەتو یاسایەکە یا بڵێی رێکو پێکەو گونجاوە بۆ هەموو رۆژگارو سەردەمێک؛ نازانن ئەگەر ئادەمیزادان پەیڕەوی حوکمو یاساکانی بکەن لەدونیاو قیامەتدا سەرفرازو ئاسودە دەبن! موسوڵمانانی پێشوو لەچاخە زێرینەکانیاندا چونکە پەیڕەوی ئەم قورئانەیان کردو بەگوێرەی یاساو حوکمەکانی هەڵسو کەوتیان کرد، بوونە باشترین گەلو نەتەوەی سەر زەوی، زوربەی زۆری دونیایان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، عەرشی کیسراو

رۆمانیان ژێرو زەبەر کرد، سەریان بەفارس‌و رۆم دانەواندو دوژمن پێش دۆست شایەتی عەداڵەتکاری‌و ئاشتیخوازی بۆ داون.

ئەگەر ئەمڕۆ سەرنج بدەینە واقیعی ئادەمیزاد دەبینین زوربەی زۆری دانیشتوانی سەر گۆی زەوی بڕوایان بەقورئان نیە، رێژەی موسوڵمانان بەنیسبەت هەموو جیهانەوە (١/٥) پێنج یەکە، ئەمەش بەموعجیزەیەکی گەورە دەژمێردرێ بۆ قورئان: کە لەوەپێش هەواڵی داوە کە زۆرینەی خەڵک ئیمان ناهێنن، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامیش وا هاتووە کە موسوڵمانان زۆرینەی سەر زەوی نەبن‌و ئێستاش‌و لەداهاتووش‌دا هەر وا دەبێ.

بڕێ دیاردەی دەسەڵات‌و بەتوانایی خودا لەئاسمانەکان‌و زەوی‌دا

ٱللَّهُ ٱلَّذِى رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى مَدَّ ٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ وَأَنْهَٰرًا ۖ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ۖ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٣﴾ وَفِى ٱلْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَٰوِرَٰتٌ وَجَنَّٰتٌ مِّنْ أَعْنَٰبٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ

﴿فِي ٱلۡأُكُلِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٤﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار ئەوەی راگەیاند: کە زوربەی ئادەمیزاد بڕوا بەقورئان ناکەن، بەشوێن ئەوەدا بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر تاکو تەنهایی خوداو زیندو بوونەوە، حاڵو چۆنیەتی ئاسمانەکانو مانگو خۆرو زەوی بەکێوو شیوو دۆڵو چۆمو دەریایەوە هەروەها حاڵو چۆنیەتی گژو گیاو کشتو کاڵو دارو درەختی بەمیوەو بێ میوە بە بۆنو رەنگو روخساریانەوە، هەموان ئاراستە دەکاو دەیانکاتە بەڵگە لەسەر بەتواناییو بەدەسەڵاتی خودا.

بەکورتی پاش ئەوەی کە پەروەردگار ئەوەی بەیانکرد: کە قورئان کەلامێکی حەقوراستە، ئەمجا رئەوە روون دەکاتەوە: کە ئەو کەسەی قورئانی نازڵ کردوە توانای تەواو دەسەڵاتی رەهای هەیە، دە ئەوەتا سەیری دروستکراوەکانی بکەن ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَا﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە ئاسمانەکانی دروستکردونو بەرزی کردوونەوەو بەبێ کۆڵەکە رایگرتوون، بەچاو دەبینن ئەو ئاسمانەپانو بەرینانە کە ئەم سەرەو سەریان نازاندرێ، بەبێ کۆڵەکە وەستاون، جگە لەقودرەتو دەسەڵاتی خودا هیچی تر رایانەگرتوون، ئێوە هەمیشە ئاسمانەکان دەبینن بەبێ کۆڵەکە وەستاونو هیچیان لەژێردا نیە، تەنانەت ئەگەر بشگوترێ: راوەستانەکەیان بەهۆی تەرازوو کێشی جاذیبییەتی نێوان ئەستێرەکانو قەبارە زەبەلاحەکانی ناو بۆشاییە! بێگومان ئەوەش هەر بەقودرەتو دەسەڵاتی خودایەو بەس!

﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ﴾ پاشان ئەو خودایەی کە ئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەکەو پایە راگرتوون، کۆنترۆڵی عەرشی کرد، دەسەڵاتی بەسەریا هەیە، کردویەتی بەمەرکەزی فرمانڕەوایی خۆی، ئەم کۆنترۆڵکردنو داگیرکردنە بەشێوەیەکە: کە شیاوی زاتی پاکی بێ، ئێمە نازانین ئیستیواکە چۆنەو چۆن نیە عەرش: شتێکی دروستکراوە، خودا بەقودرەتی خۆی بەدیهێناوە، قورئان

چۆن باسی دەکا ئاوا بڕوامان پێیەتی، لەهەموو ئاسمانەکانو زەوی گەورەترە!! لەفەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە کە دەفەرموێ: (مَالسَّمٰوَاتُ السَّبْعُ وَمَافِيهِنَّ فِي الْكُرْسِيِّ اِلاَّ كَحَلْقَةٍ مُلْقَاةٍ بِاَرْضٍ فَلَاةٍ، وُالْكُرْسِيّ فِي الْعَـرْشِ الْمَجِيـد كَتِلْكَ الْحَلَقَةِ فِي تِلْكَ الْفَلَاةِ) لەریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (وَالْعَرْشُ لَايَقْدِرُ قَدْرَهُ اِلاَّ اللهُ عَزَّ وَجَلّ).

لەئایەتەکەدا پەروەردگار سەرەنجی ئادەمیزاد رادەکێشێ بۆ تێفکرین لەئاسمانەکان: کە بینراوێکی بەرزو پانو پۆڕو بێ سەرو بنن.

ئەمجار سەرنجمان رادەکێشێ بۆ شتێکی غەیبی زۆر فراوانتر:کە عەرشی پەروەردگارە، گەورەیی‌و فراوانی عەرش هەر باس ناکرێ‌و هەستو عەقڵ پەی پێ نابەن! جا ئەگەر ئاسمانەکان بەرزبن ئەوە عەرش بەرز ترە، ئەگەر ئاسمانەکان گەورەو فراوان بن، ئەوە عەرش زۆر لەوان گەورەترو فراوان ترە. پەروەردگار بەقودرەتی خۆی ئەم جیهانە فراوانە: کە عەرشە کۆنترۆڵی کرد؛ کۆنترۆڵکردنێکی رەهاو موطلەق، قورئان وێنەی کۆنترۆڵکردنەکە دەکێشێ بەشێوەیەک:کە ئەو عالەمە رەهاو موطلەقە لەهەستی ئادەمیزاد نزیک بکاتەوە!!

﴿وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى﴾ خۆرو مانگی رام کردون، وای لێ کردون فەرمانبەردار بن بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی لەئەستۆیانەو سودی هەیە بۆ ئادەمیزادو ئاژەڵو روەکو درەخت. هەر یەکێ لەخۆرو لەمانگ بەرێو شوێنی خۆیدا تا کاتی دیاریکراو هاتو چۆ دەکا، هەر یەکەو لەجەمسەری خۆیدا هەڵدەسوڕێ، روناکایی‌و گەرمایی دەبەخشن بەزەوی هۆکاری ژیان دەستەبەر دەکەن.

نەک هەر خۆرو مانگ، بەڵکوو هەموو ئەستێرە گەڕۆکەکانی تریش لەهاتوچۆدانو هەریەکە لەتەوەرەی خۆیداو بەرێو شوێنی خۆیدا دێو دەڕوا تا کاتی دیاریکراو: کە کۆتایی هاتنی دونیایەو هاتنی قیامەتە، یان تا

کاتێکی دیاریکراو کە هەریەکەیان دەورەی خۆی تەواو دەکا، خۆر بەساڵێک تێوەرسوڕانەوەی خۆی تەواو دەکا بەڵام مانگ لەماوەی (٢٩) رۆژ یان (٣٠) رۆژدا خولی خۆی ئەنجام دەدا.

هەر یەکێ لەم ئەستێرە گەڕۆکانە بەگوێرەی یاسای بۆ دیاریکراویانو تا ئەو ئەندازەی بۆیان دانراوە لەهاتوچۆو هەڵسوڕاندان، دەورەی رۆژانەو مانگانەو ساڵانەی خۆیان ئەنجام دەدەنو لەجەمسەرو تەوەرەی خۆیان لانادەنو رێگەیان لێ هەڵە نابێ، ئامێرەکانیان ناسوێنو ساتەوەختێک لەکار نەکەوتوونو پاشو پێشیان نەکردوەو نایکەن، چونکە خودایەکی بەدەسەڵاتو باڵا دەستو حەکیمو لێزان هەڵیان دەسوڕێنێو دەیانهێنێو دەیانبا!!!

﴿يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ﴾ پەروەردگار کاروباری بونەوەر نەخشەکێش دەکاو بەوپەڕی رێکو پێکی‌یەوە بەگوێرەی ویستو داخوازی حیکمەتو دانایی خۆی، بونەوەر هەڵدەسوڕێنێ‌و گۆڕانکاری تێدا دەکا، دەژێنێو دەمرێنێ، هەندێ کەس بەرز دەکاتەوە هەندێک نەوێ، هەندێک بێ هێز دەکا هەندێک قەوی، بڕێک دەوڵەمەند دەکاو تاقمێک هەژار، ئەم جوان دەکاو ئەو ناشیرین، ئەم کورتو ئەو درێژ... هۆکار دەڕەخسێنێ بۆ بەدیهێنانی ئاکام، هەموو شتێک لەبوونەوەردا یاساو قانوونێکی تایبەتی بۆ داناوەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو حیکمەتی خودا داخوازی ئەوە بووە کە بەو جۆرە بێ، چۆن عالەمی ئەجسام بەڕێوە دەباو نەخشەو پلانی تێدا ئەنجام دەدا هەر بەو شێوەش عالەمی ئەرواح سەرپەرشتی دەکاو ویستو ئیرادەی خۆی تێدا ئەنجام دەدا، چۆن چاودێری مەجەڕە دەکا ئاواش ئاگاداری زەڕەیە، چاو دێریکردنی ئەمیان لەسەرپەرشتی کردنی ئەویان غافڵی ناکا. هیچ ئیشێک لەئیشێکی تری بێ ئاگا ناکا!

﴿يُفَصِّلُ ٱلْآيَاتِ﴾ نیشانەکانی دەسەڵاتو بەتوانایی خۆی رون دەکاتەوە، بەڵگە لەسەر خودایەتی‌و تاکو تەنهایی زانایی‌و دانایی خۆی دەهێنێتەوە، ئەم

بوونـەوەرە بــەگوێرەی یاســایەکی ورد هەڵدەســوڕێنێ، پــەیوەندی لــەنێوان ئەندامانی بوونەوەردا خولقاندوەو پێکەوە گونجاندونی، بۆ نموونـە کۆمـەڵـەی خۆریی (المجموعة الشمسية) بەخۆرو مانگو ئەستێرەکانی ترەوە، هەموویان لەنێوان خۆیـاندا پەیوەندییـەکی تـەواویان هەیـە، هـەموویان بـەگوێرەی یاسـاو نیظـامێک هەڵدەسوڕێن، هیچیـان رێ بـەهیچیان نـاگرنو هیـچ کامێکیـان لەرێبازی خـۆی لانـادا، هەریەکـەیان لەشـوێنی خـۆی دەردەکـەوێو بـەرێبازی خۆیدا دەڕواو لەتەوەرەی خۆیدا دەخولێتەوەو ئەرکی خۆی ئەنجام دەدا!

پەروەردگار ئەم کەونـەی ئاوا بەدیـهێناوەو بـەو شێوە هەڵیدەسـوڕێنیو نیشانەی دەسەلاتو بەتوانایی خۆی نیشان دەدا ﴿لَعَلَّكُـــم بِلِقَــاءِ رَبِّكُـم تُوقِنُونَ﴾ بۆ ئەوەی ئێوە بڕوای تەواو پەیدا بکـەن بـەهاتنی قیامـەتو زینـدو بوونەوە، بزانن: کەسێک ئەوە تواناو دەسەلاتی بێ، ئەوەندە دانـاو لـێزان بـێ، دەتوانـێ جـارێکی تـر ئـادەمیزادو گیانلەبـەرانی تریـش سـەر لـەنوێ زینـدو بکاتـەوە، کەدسێک بتوانـێ لەنـەبوو ئـەم بونـەوەرە بـەدی بـهێنێ دەتوانـێ جارێکی تر ئێـوەی ئـادەمیزاد پـاش مـردن زینـدو بکاتـەوەو سزاو پاداشـتان لەسـەر کردەوەکانتـان بداتـەوە. کەسێک بتوانـێ ئاسمانــەکانو زەوی بــەدی بهێنێو ئاوا بەو شێوە بوونەوەر ئیدارە بداو چاودێری بکا، دەتوانێ پاش مردن جـارێکی تـر سـەرلەنوێ گیانەکان بگەڕێنێتــەوە بـۆ جەسـتەکانو حیسـابو لێکۆڵینـەوەیان لەگـەڵ بکـاو بـەگوێرەی کـرداری دونیایــان سـزاو پاداشــیان بداتەوە!!

پـاش ئــەوەی بەڵگــە ئاسمانییــەکانی رانوانــدنو کردنــی بەنیشــانەی خودایـەتیو تـاکو تەنـهاییو بەدەسـەلاتی خـۆی، ئـەمجار بەڵگـەکانی زەوی رادەنوێنیو دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي مَــدَّ الأَرْضَ﴾ پـەروەردگار خودایـەکی وەهایە زەوی فراوان کردوە، لەباری درێژیو لەباری پانی درێـژی کردۆتـەوە، وا دێتە پێش چـاو دەڵێـی بەڕەیـە راخـراوە، بـلاوی کردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی قـاچی

ئادەمیزادو ئاژەڵی لەسەر بچەسپێ، بتوانن بەسەریدا هاتوو چۆ بکەن، سود لەخێرو خێراتی وەربگرن لەبەروبوومی دارو درەختی بخۆن، بەشیوو دۆڵو پێدەشتو لاپاڵیدا بگەڕێن. هەوڵی بەدەستهێنانی نیعمەتی خودا بدەن! بێگومان زەوی لەبەر گەورەیی روبەرەکەی وادێتە پێش چاو،کە راخراوەو درێژ بۆتەوە. ئەمەش لەگەڵ شێوە هێلکەیی زەویدا دژایەتی نابێ، چونکە قورئان ئاماژە بۆ شێوە هێلکەیی زەوی دەکاو دەفەرموێ: ﴿يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ﴾الزمر/٥. وەلێ لەبەر گەورەییو فراوانی بەشێوەی راخراو دێتە پێش چاو.

﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ﴾ پەروەردگار لەزەویدا کێوی چەقاندون بۆ ئەوەی جمو جۆڵ نەکا سەنتەری خۆی تێک نەداو لەنگەری خۆی رابگرێ، ﴿وأنهاراً﴾ چۆمی لەزەوی دروست کردون، ئەم چۆمو جۆگەو جۆبارانە بەناو زەویدا دەکشێن،سود بەئادەمیزادو ئاژەڵو دارو درەختو روەک دەگەیەنن زەوی تینوو ئاو دەدەن، کشتو کاڵو بەروبوم بەهۆی ئاوی ئەو چۆمانە وەبەرهەم دێن.

﴿وَمِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ﴾ پەروەردگار لەهەموو جۆرە میوەیەکدا نێرو مێی داناوە، روەکو درەخت بەروبومو میوەیان لێ پەیدا نابێ ئەگەر نێرو مێیان تێدا نەبن! زانستی تازەش ئەوەی سەلماندوە: کە دارو درەختو روەک، میوەو دانەوێڵەیان -بەبێ هەبوونی نێرو مێ- لێ پەیدا نابێ، جا ئەندامە نێرەکە جاری وا دەبێ لەتەک ئەندامە مێینەکەدایە، جاری وایش دەبێ لەدرەختێکی تردایە، وەکوو دارخورما، نێرەکە لەگەڵیدا نیە، بەڵکوو لەدارێکی تردایە. روەکی پەمۆ (لۆکە) نێرو مێیەکە پێکەوە لەگوڵوکەکەیدان، روەکی کولەکە نێرو مێیەکە هەردوکیان لەهەمان روەکدان بەلام گوڵەکانیان جوداوازە.

هەڵبەتە ئەمڕۆ زانیاری کشتو کاڵیو روەکناسیو درەخت ناسی پێشکەوتووەو زۆر شت لەم بارەوە زانراوەو کتێبە تایبەتییەکان ئاماژەیان پێ کردوە.

هەروەها پەروەردگار لەهەموو میوەیەکدا دوو جۆری رەخساندوە، لەبارەی تامەوە وەکوو شیرینو مزر، شیرینو تاڵ، ترشو سوێر... لەبارەی رەنگەوە وەکوو سپیو رەش، سوورو شین.... لەبارەی سروشتەوە وەکوو ساردو گەرم....هتد

﴿يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ﴾ پەروەردگار بەتاریکی شەو روناکایی رۆژ دادەپۆشێ، دەبینی دەمەو ئێوارە خۆرئاوا دەبێ، تاریکی باڵی رەشی خۆی بەسەر بوونەوەردا دەکێشێو بەرگێکی رەشی قەترانی بەبەر تەبیعەتدا دەکاو دونیا دەبێتە ئەنگوستەچاو، ئیتر وردە وردە شەو رادەبرێو دەگاتە دەمەو بەیان، ئەمجار شەو پۆشاکی رۆژ لەبەر خۆی دەکاو دونیا روناک دەبێتەوە ئەم گۆڕانکاریکردنە لەبوونەوەردا بۆ ئەوەیە بەرژەوەندی ئادەمیزادەکان دەستەبەر ببێ بەشەو ئارام بگرنو ماندویان بحەسێتەوە، بەرۆژ هەوڵی بژێوی خۆیان بدەنو پێداویستی ژیان دابین بکەن، وەکوو لەشوێنی تردا ئاماژە بەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَرَوْا أَنَا جَعَلْنَا اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِراً﴾النمل/٨٦. یان دەفەرموێ: ﴿ومن آياته منامكم بالليل والنهار وابتغاؤكم من فضله﴾الروم/٢٣.

دوا ئەوەی: کە ئەم بەڵگە بینراوە سروشتیانەی رانواندن: کە هەموو بەیانیو ئێوارەیەک ئادەمیزاد بەچاوی خۆیان دەیان بینن، بەڵکوو لەهەموو ئانو ساتێکدا ئەم گۆڕانە بەدی دەکرێ، باسی ئەوە دەکا: کە ئەم بەڵگانە هەرچەندە زۆر روونو ئاشکران، گەلێ گرنگو جێگای سەرنجن، کەچی کەس لایان لێ ناکاتەوەو تێیان نافکرنو عەقڵی خۆیانیان تێدا خەرج ناکەن، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بێگومان لەدروستکراوانی

خوداداو لەدیاردە سەرسوڕهێنەرەکانی دروستکراوەکانیدا کە نیشانەی بەتوانایی‌و دەسەلاتی ڕەهای زاتی حەقن، بەڵگەی جۆراو جۆر هەن بۆ کەسانێک لێیان ورد ببنەوەو پەندیان لێ وەربگرن، ئەگەر تێیان بفکرن دەزانن: کە بەدیهێنەری ئەم شتانە بەهەموو دیاردەیەکیانەوە خودای بالادەستو خاوەن ویستو ئیرادەی ڕەهاو خاوەن دەسەلاتی بێ سنوورە. هیچ شتێکی لەبەر عاسی نابێ، هەرچی بیەوێ لەناوی دەبا، هەر کاتێکیش بیەوێ لەناوچووەکە دێنێتەوە گۆڕەپانی بوونەوە، هەر چییەکیشی بوێ لەنەبوو دروستی بکا بەبێ ماندوبوون بەدی دێنێ!! کەوابێ بەندایەتیکردنی ئێوەی ئادەمیزاد جگە لەزاتی پەروەردگار بۆ کەسی تر دروست نیە، گەرنەکەچی هەر بۆ ئەو دەکرێ، هاوارو پاڕانەوە هەر لەخودا دەکرێ، پەنا هەر بۆ ئەو دەبرێ! بۆ کەسی تر نابێ ئەنجام بدرێن.

هەر لەو بەڵگە سروشتییانەی:کە بەچاو لەسەر زەوی دەبیندرێن جوداوازی نێوان پارچەکانی زەوی خۆیەتی، دەفەرموێ: ﴿وَفِي ٱلْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ﴾ لەزەویدا چەند پارچە زەوییەک لەپەنا یەکەوە هەن، ئەم پارچە هاوسێی ئەو پارچەیەو ئەو پارچەیە لەتەک ئەم پارچەیەدایە، کەچی وێڕای هاوسێیبو لەپەنا یەکبوونیانەوە بەسروشتو بەماهییەت لێکدی جیانو هەر یەکەیان بۆخۆی سروشتێکی تایبەتی هەیە، هەیە خاکێکی نەرمانی پڕ پیتو بەرەکەت، خاوەن بەرو بووم‌و سوود بەخش بۆ ئادەمیزادو گیانلەبەرانی تر. هەیە گونجاوە بۆ دارستانو باخ، هەیە بۆ کشتو کاڵ گونجاوەو دارستانی پێ ناکەوێ، بەشی وەهاشی هەیە ڕەقەنو چەقەنو ڕوتەن نەبەکاری کشتو کاڵ دێو نەدارو درەختی لێ وەبەر دێ. هەیە زیخەلانو لمبەلانە، هەیە کوێستانەو هەیە گەرمیانە،هەیە ئاوەدانو هەیە وێرانە، هەیە ئاودارو هەیە بێرونە، هەیە هەواسازو هەیە دەرداوی! ئەمیان خاکی ڕەش‌و ئەویان سورە خاکە، ئەمیان گڵە سوورە ئەویان گڵە زەردە!!...هتد.

﴿وَجَنَّاتٍ مِنْ أَعْنَابٍ﴾ لەزەویدا هەیە باخو رەزی تریێ جۆراو جۆر ﴿وَزُرُوعٍ﴾ هەروا کشتو کاڵی جۆراو جۆر،کە بەروبوومیان خۆراکێ بژێوی ئادەمیزادو گیانلەبەرانی ترە، ﴿وَنَخِيلٍ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ﴾ هەروەها لەزەویدا هەیە دار خورما، هەیە یەکێ بنکی هەیە لەسەر ئەو بنکە چەند قەدێکێ هەڵچوون وەکوو داری هەنارو دار هەنجیرو هەندێکێ دار خورما، داری وایش هەیە یەکێ بنکێو یەکێ قەدی هەیە وەکوو باقی درەختەکانی تر.

﴿يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ﴾ ئەمانە هەموویان بەیەکێ ئاو ئاو دەدرێن. زەوییەکەیان یەکێ زەوییە، یەکێ هەوایان هەیە، کەچی شێوەو روخسارو قەبارەو تامو بەرامیان جوداوازە.

﴿وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الْأُكُلِ﴾ هەندێکیانمان لەهەندێکیان باشترو بەسوود تر کردوە لەخواردنو تامو چێژدا. لەبۆنو بەرامو ڤیتاميناتا، لەشیرینیو مزریدا!

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ بێگومان لەم جوداوازییەی نێوان دارو درەختو روەکێو بەروبومو دانەوێڵەو شتی تریشدا نیشانەی جۆراو جۆرو بەهێز هەن لەسەر هەبوونی خودایەکی باڵا دەستی بەتواناو زاناو کارساز، بەڵگەی بەهێزیان تێدان لەسەر تاکێو تەنهایی خودا بۆ کەسانێکێ بیر بکەنەوەو لەشتەکان وردبینەوە، خاوەن عەقڵو فام بن! ئەوەتا: ئەو هەموو جوداوازییە لەخودی میوەو دانەوێڵەکاندا هەیە، شێوەو روخسارو رەنگێو تامو بۆنو بەرامیان جودایە، ئەو شیرینو ئەم تاڵ، ئەو مزرو ئەم تاڵو تفت، ئەم یەکرەنگێو ئەو رەنگاو رەنگ، هەروا جوداوازی لقو پۆپو گەڵاو گوڵو گوڵوکیان، جوداوازی بۆنو بەرامیان، لەکاتێکدا هەموویان خاکێو ئاوو هەوایان یەکە. بەراستی ئەمانە هەموو نیشانەی ئەوەن: کە خودا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایەو هیچی لێ عاسی نابێ، کەسێکێ بتوانێ سەرەتا ئەم شتانە بەدی بێنێ، ئەگەر فەوتان دەتوانی جارێکی تر بەدییان بێنێتەوە، بەڵکوو ئاسانتریشە!

بڕوانەکردنی کافرەکان بەهاتنی رۆژی قیامەتو بەپێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ

﴿ وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍ ۗ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلْأَغْلَـٰلُ فِىٓ أَعْنَاقِهِمْ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٥﴾ وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبْلَ ٱلْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِمُ ٱلْمَثُلَـٰتُ ۗ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ ۖ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٦﴾ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۗ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٌ ۖ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ



وەکوو زانیمان پەروەردگار لەئایەتەکانی پێشوودا بەڵگەی جۆراو جۆری (ئاسمانییو ئەرزیی) لەسەر تواناو دەسەلاتی خۆی هێنایەوە! بۆ ئەوەی بەئادەمیزادان بسەلمێنێ: کە کەسێک ئەوە تواناو دەسەلاتی بێ، چۆن ناتوانێ دوای مردن ئادەمیزاد زیندو بکاتەوەم چونکە کەسێک توانای بەسەر شتی گەورەو تەواودا هەبێ بەسەر شتی پچووکدا باشتر توانای هەیە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمٰوٰتِ وَالأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى﴾الأحقاف/٣٣.

ئەمجار باسی ئینکاریکردنی موشریکەکان بۆ زیندو بوونەوەو هاتنی قیامەت دەکا. هەروەها باسی نەفامییەکی تریان دەکا؛ ئەویش بریتییە لەپەلە کردنیان بۆ نازڵبوونی عەزاب بۆ سەریان! دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَئِذَا كُنَّا تُرَاباً أَئِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ ئەی موحەممەد! ئەگەر تۆ سەرت سوڕبمێنێ لەهەڵوێستی موشریکەکان بەرامبەر بەتۆ: کە بەدرۆت دەخەنەوە، یان تۆ سەرسام ببی لەوەی کە عیبادەتی شتی وا دەکەن نەزیان دەگەیەنن نەسوود، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو بەڵگە کەونییانە دەبینن کە نیشانەی هەبوونی خودایەکی خاوەن دەسەڵاتو زاناو دانایە. دانیش بەوەدا دەنێن: کە هەر ئەو خودایە لەنەبوو شتەکان وەدی هێناوە، جا ئەگەر تۆ ئەی موحەممەد! لەم هەڵوێستو بیرو باوەڕەیان سەرت سوڕبمێنێ، ئەوە سوڕهێنەر تر لەوە بڕوا نەکردنیانە بەزیندو بوونەوە، بەدرۆ خستنەوەیانە بۆ هاتنی ڕۆژی قیامەت، وتنی ئەو قسەیەیانە کە دەڵێن: ئەرێ ئێمە کە مردینو بووینەوە بەخاکو خۆڵ جارێکی دیکە چۆن زیندو دەکرێینەوە؟!

سەیرە ئاراستە کردنی ئەم پرسیارە ئینکار ئامێزە یازدەجار لەچوار چێوەی نۆ سوورەتدا دووبارە بۆتەوە! واتە: لەسورەتی (الرعد، الأسراء، المؤمنون، النحل، العنكبوت، السجدة، الصافات، الواقعة، النازعات)دا دووبارە بۆتەوە.

لەکاتێکدا هەموو هۆشمەندێکی زانا دەزانێ: کە دروستکردنو بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەوی زۆر لەدروستکردنی ئادەمیزاد گرنگترن، کەسێک بتوانێ سەرەتا ئەو شتانە دروست بکا ئیعادە کردنەوەیان ئاسانترە بۆی! وەکو لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى بَلَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾الاحقاف/٣٣.

خودایەکێ بتوانێ ئەم بوونەوەرە گەورەو فراوانە بەدی بێنێو بەڕێوەی بەرێو بەو شیوە رایبگرێ دەتوانێ پاش مردن ئادەمیزادەکان سەرلەنوێ زیندو بکاتەوە، دەی ئەوانەی بڕوا بەم راستیە ناکەن ﴿أولئك الذين كفروا بربهم﴾ ئەوانە ئەو کەسانەن کە بڕوایان بەخودای خۆیان نیە؛ ئەو خودایە لەسەرەتاوە دروستی کردون پەروەردەیان دەکا چاودێرییان دەکا رزقو رۆزییان دەداتێ ئەوان پێی کافرو نایناسن، نایانەوێ بیناسن!! ﴿أولئك الأغلال في أعناقهم﴾ ئەوانە وێڕای ئەوەی کە دەستو قاچیان پێوەند کراون کۆتو زنجیریشیان لەملدایە، ئەوانە رۆژی قیامەت زینجیر دەکرێتە ملیانو کێش دەکرێن بۆ حیسابو لێکۆڵینەوە.

﴿أولئك أصحاب النار هم فيها خالدون﴾ ئەوانە تاقمو پێری دۆزەخن دەخرێنە ناوی، شیاوی ئەو جیگا ناخۆشو پڕ ئازارەن، بۆ هەتا هەتایێ تێیدا دەمێننەوەو لێی دەرناچن!

جا وەنەبێ ئەو کافرانە بەدرۆخستنەوەکەیان هەر بۆ عەزابی قیامەت بێو بەس! بەڵکوو ئینکاری عەزابی دونیاش دەکەن، هەر کە پێغەمبەر هەڕەشەی هاتنی عەزابیان لێ دەکا، ئەوان دەڵێن: دە با بێ؛ بۆ نایە؟ ئەوانە لەجیاتی ئەوە داوای رەحمەتو هیدایەتی خودا بکەن کەچی ﴿ويستعجلونك بالسيئة قبل الحسنة﴾ واتە: ئەو کافرە بەدرۆ خەرەوانە پەلە لەهاتنی عەزاب دەکەن، بەگاڵتەپێکردنەوە دەڵێن: دەبا ئەو سزایەی تۆ هەڕەشەمان پێ لێ دەکەی با بۆمان بێو دوانەکەوێ! ئەوانە ئەوەندە نەفامن داوای هاتنی عەزاب دەکەن لەپێش ئەوەدا داوای رەحمەتو نیعمەتی خودا بکەن!

﴿وقد خلت من قبلهم المثلات﴾ وەلحال لەپێش ئەواندا چەندەها سزاو عەزابی ریشەکێشمان ناردە سەر گەلو نەتەوە بەدرۆ خەرەوەکان، سزای توندمان نازڵ کردوە بۆ سەر گەلو نەتەوە پێشینەکانو کردمانن بەپەندو عیبرەت بۆ کەسانێک پەند وەربگرن! دیارە ئەوانە بێ ئاگان لەئاکامو

سەرەنجامی گەلو نەتەوە رابوردوەکان،کە ریشەکێشمان کردنو بوونە پەندو عیبرەتی رۆژگار.

﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِلنَّاسِ عَلَى ظُلْمِهِمْ﴾ بێگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد! خاوەنی لێخۆشبونو داپۆشینە بۆ تاوانی بەندەکانی هەرچەندە بەندەکانی ستەمکارنو شەوو رۆژ خەریکی ئەنجامدانی تاوانو سەرپێچیکردنی فەرمانی پەروەردگارن، ئەگەر حیلمو عەفووی بەرفراوانی نەبێ لەگەڵ ئەنجامدانی تاوان یەکسەر عەزابی بۆ نازڵ دەکردنو لەناوی دەبردن؛ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا، ما ترك عَلَى ظَهْرِهَا مِنْ دَابَّةٍ﴾فاطر/٤٥. یان دەفەرموێ: ﴿وَرَبُّكَ الْغَفُورُ ذُو الرَّحْمَةِ، لَوْ يُؤَاخِذُهُمْ بِمَا كَسَبُوا، لَعَجَّلَ لَهُمُ الْعَذَابُ، بَلْ لَهُمْ مَوْعِدٌ لَنْ يَجِدُوا مِنْ دُونِهِ مَوْئِلاً﴾الكهف/٥٨.

پەروەردگار لەگەڵ بەندەکانی بەرەحمو سۆزە، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکیش ستەمکاری بکەن دەرگای لێخۆشبونیان بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی تۆبە بکەنو واز لەخراپەکاری بێنن! بەڵام ئەگەر هەر سوور بون لەسەر سەرپێچیکردن ئەوە سزای توندیان دەدا ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ بێگومان خودای تۆ سزای توندو بەئێشی هەیە بۆ ئەوانەی تاوانکارن، بۆ یاخی بوان!

پوختەی قسە ئەوەیە: خودا لەبەندەکانی خۆش دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا کە ستەم لەخودی خۆیان دەکەن بەوەی تاوان ئەنجام دەدەن، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: لەقورئاندا هیچ ئایەتێک لەم ئایەتە زیاتر جێگای هومێد نیە.

تێبینی ئەوەش دەکرێ پەروەردگار لەبەرامبەر بڕیاری لێخۆشبوونو رەحمەتدا ئەوەشی راگەیاند،کە عەزابیشی بەئێشە. ئەمەش عادەتی قورئانە کە باسی قیامەتی کرد باسی دونیاش دەهێنێ، کە باسی نیعمەتو خۆشی بەهەشتی کرد باسی سزای دۆزەخو ناڕەحەتیش دەکا. بۆیە لێرەشدا،کە باسی

(مغفرة)و (رحمة)ی پەروەردگاری کرد، باسی ئەوەشی کرد کە (شدید العقاب)ە. ئەمەش بۆ ئەوەی خەوفو رەجا هاوتەرازو بن، ئادەمیزاد هەمیشە بەتەما رەحمەتی خودا بێو لەسزاو تۆڵەشی بترسێ! وەکوو دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقُلْ: رَبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ، وَلاَ يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ﴾الأنعام/١٤٧. یان دەفەرموێ: ﴿نَبِّئْ عِبَادِي انِي انَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الأَلِيمُ﴾الحجر/٤٩-٥٠. یان دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾الأعراف/١٦٧.

ئەمجار پەروەردگار باسی ئەو داخوازییەی موشریکەکان دەکا: کە پێکیشییان لەپێغەمبەر ﷺ دەکرد: کە موعجیزەی مادیو حیسسییان بۆ بنوێنێ بەم داوایەشیان مەبەستیان بۆڕدانی پێغەمبەر بوو، دەیانویست سوور بن لەسەر کوفرو بێدینیو تانەدان لەپێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدو گومان خستنە سەر پەیامەکەی،دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلاَ أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ﴾ ئەو کافرو موشریکە نەفامانە لەروی رقەبەریو ئینکاریکردنەوە دەڵێن: ئەوە بۆچی موحەممەد موعجیزەیەکی وەکوو عەصای موساو وشترەکەی حەزرەتی صالح پێغەمبەرمان بۆ نانوێنێ، بۆ کێوی (الصفا)مان بۆ ناکا بەزێڕو زیو، یان بۆچی کێوەکانی دەورو بەری مەککەمان بۆ لانابەو لەشوێنەکانیان باخو باخاتو جۆگەو جۆبارمان بۆ ناخولقێنێ؟ جا کافرەکان کە ئەم جۆرە پێشنیارانەیان دەخستنە پێش چاو پێیان وا بوو قورئان بۆخۆی موعجیزە نیە!

هەڵبەتە پەروەردگار لەئایەتێکی تردا وەڵامی ئەو شوبهەیانی داوەتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَمَا مَنَعَنَا أَنْ نُرْسِلَ بِالآيَاتِ إِلاَّ أَنْ كَذَّبَ بِهَا الأَوَّلُونَ﴾الأسراء/٥٩. نامانەوێ سزاو عیقابی خۆمان بەسەر بەدرۆخەرەوەکاندا تەطبیق بکەین، چونکە دابو نەریتی ئێمە وەهایە کەسێک بڕوا بەموعجیزەی داواکراو نەکا بەهیلاکی دەبەین! ئەگەر کەسێک داوای موعجیزەی کردو موعجیزەکە هاتە

دیو ئیمانی پێ نەهێنا ئێمە ریشەکێشی دەکەین. بەلام لێرەدا وازی لەوەلامدانەوەی قسەی موشریکەکان هێناوە بەڵکوو ئەرکی سەرەکی پێغەمبەر بەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا أَنْتَ مُنْذِرٌ﴾ ئەی موحەممەد! ئەتۆ پێغەمبەری، ئەرکی سەرشانی تۆ گەیاندنی پەیامی پەروەردگارە، کاری تۆ ئەوەیە: ئەو کافرانە بترسێنی لەئاکامی ئەو سەرپێچیو خراپەکارییەی ئەنجامی دەدەن، بەدیهێنانی ئەو موعجیزەو ئایاتانەی داوایان دەکەن ئیشی تۆ نیە، ئەوە عائید بەخودایە وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ، وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾البقرة/٢٧٢.

﴿وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ﴾ بۆ هەمو گەلو نەتەوەیەک داعیو بانگەوازیکەرێک هەیە، بانگیان دەکا بۆ لای ئایینی خودا، بۆ رێبازی خێرو چاکە. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلاَ فِيهَا نَذِيرٌ﴾فاطر/٢٤.

کافرەکان: کە تانەو تەشەریان لەپێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد دەدا لەم روەوە بوو دەیانگوت: قورئان موعجیزەنیە، دەیانگوت: ئەمە کتێبێکە وەکوو کتێبەکانی ترو هێنانی کتێبێکی دیاریکراو لەهیچ رویەکەوە موعجیزە نیە، موعجیزە دەبێ وەکوو موعجیزەی موساو عیسا وابێ. دەریا شەق ببێ، عەصا ببێتە ئەژدیها!! جا وەنەبێ ئەم ئایەتە نیشانەی ئەوەبێ کە پێغەمبەر ﷺ جگە لەقورئان موعجیزەی تری نەنواندوەو نەیبوون. وێ دەچێ کافرەکان ئەمەیان کاتێک گوتبێ:کە هێشتا موعجیزەی تریان لەپێغەمبەر نەبینیبن، یان داوای غەیری ئەو موعجیزانەیان کردبن کە لەپێغەمبەریان بینیون: وەکوو نالەی بنکە دارخوماو لەتبوونی مانگو هەڵقولانی ئاو لەناو پەنجەکانیو تێر خواردنی خەڵکێکی زۆر لەخواردەمەنیەکی کەم! بەمانە رازی نەبوون داوای موعجیزەی تریان کردوە!

بەهەر حاڵ قورئـان بەهـەرە موعجـیزەی گـەورەو گرنگـی پێغەمبـەر ﷺ دەژمـێردرێ! قورئـان موعجیزەیـەکی گونجـاوو لـەبار بـوو بـۆ رۆژگـاری پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد!

لـەو رۆژگـاری حـەزرەتی موسـادا سـیحرو جادوبـازی بـاوبوو، بۆیـە موعجیزەکەی شتێك بوو:کە لەگەڵ زانیاری سیحری گەلەکەی‌دا گونجاو بوو، لەسەردەمی حـەزرەتی عیسـادا زانیـاری پزیشـکی بـاوبوو بۆیـە موعجـیزەی حەزرەتی عیسا شتێك بوو:کە لەگەڵ ئەو زانیاری‌یەدا گونجاو بوو: کە بریتی بوو لەزیندوکردنەوەی مردوو چاك کردنەوەی بەڵەكو کوێر!

لەرۆژگاری پێغەمبەری ئیسلامیش‌دا رەوانبێژیو زمانڕەوانیو خۆشخوانی باوبوو بۆیە موعجیزەی هـەرە گرنگـی پێغەمبـەر ﷺ قورئـانی پـیرۆزە، کـە گەییشتۆتە سەر ترۆپکی بەلاغەتو فەصاحەت!

بڕێ دیاردەی زانیاری خودا: کە هەموو شتێك دەگرێتەوە

ٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ۖ وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ ﴿٩﴾ سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ بِٱلنَّهَارِ ﴿١٠﴾ لَهُۥ مُعَقِّبَـٰتٌ مِّنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ يَحْفَظُونَهُۥ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ۗ

وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوْمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ 

دوای ئـەوەی پـەروەردگار باسـی ئینکـاریکردنی موشـریکەکانی کـرد دەربارەی هاتنی رۆژی قیامەت، ئەمجار هـەندێ بەڵگـە دەهێنێتـەوە لەسـەر بەدەسەڵاتی خوداو هەبوونی زانیاری تەواوی بەسەر هەموو شتێکدا!

زاتی پاکی پـەروەردگار زانایـە بەکۆرپەلـە لـەناو منداڵدانـی مێیینـەدا، ئاشـکراو نـهێنی دەزانـێ، زۆر لـەوەش نـهێنی تـرو پەنامـەکی تـر دەزانـێ، دەفەرموێ: ﴿اللَّهُ يَعْلَمُ مَاتَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى﴾ پەروەردگار زانیـاری تـەواوی هەیـە دەربارەی ئەو کۆرپەلەی لەسکی مێیینەدا هەیە، نێرە یان مێیە، یەکێکە یان زیاتر، ساغە یان ناتەواوە، جوانە یان ناشیرینە، چ رەوشتو سروشـتێکی تێـدا هەیە، تەمەنی کورتە یان درێژە...هتد. وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ، وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ﴾النجم/٣٢. یـان دەفـەرموێ: ﴿يَخْلُقُكُم فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِّن بَعْدِ خَلْقٍ، فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ﴾الزمر/٦.

جا ئەگەر ئەمڕۆ بەئامێری سۆنەرو رێبازی زانستی جۆراو جـۆر کۆرپەلـە لەناو منداڵدانی دایکیدا بزانـدرێ ئـاخۆ مێیـە یـان نـێرە، ئـەوە نابێتـە دژی ئایەتەکەو پێچەوانەی ناوەستێ! چونکـە زانیـاری خـودا تـەنیا پەیوەسـت نیـە بەلایەنی مێیینەیی یـان نێرینـەیی کۆرپەلـە، بـەڵکوو زانیـاری خـودا هـەموو لایـەنێکی دەگرێتـەوە، هـەموو رەوشـتو سروشـتێکی بەئەوپـەڕی وردیو لەناخەوە دەزانێ.

﴿وماتَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ﴾ هـەروەها پـەروەردگار دەزانـێ ئـەوەی منداڵدانی مێیینە کەمی دەکا یـان زۆری دەکـا، دەزانـێ یەکـە یـان زیـاترە،

جەستەی کۆرپەلەکە کەمو کورِی هەیە یان تەواوو کاملە، ماوەی مانەوەی منداڵەکە لەسکی دایکیدا کەمتر لەنۆمانگە، یان زیاترە، یان نۆ مانگی تەواوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەو ئاماری بڕوا پێکراوی خەستەخانەکانی لەندەنو بەرلین کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا لە(٣٠٥) رۆژ یان (٣٠٨) رۆژ زیاتر نامێنێتەوە..

بۆیە ئێستا دادگای شەرعی رێگە نادا کە عیددەی ئافرەتی تەڵاقدراو زیاد لەساڵێکی قەمەری بێ: واتە نابێ لە(٣٥٤) رۆژ تێپەڕ بکا.

﴿وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ﴾ هەموو شتێک لای پەروەردگار کاتی دیاریکراوی هەیەو ئەجەلی خۆی بۆ دیاری کراوە، زیادو کەم ناکا. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾القمر/٤٩.

لەفەرموودەی راستو رەواندا هاتووە کۆمەڵێک لەئوسامەی کوڕی زەیدەوە، ریوایەتیان کردوە: کە یەکێک لەکچەکانی پێغەمبەر ﷺ کوڕێکی لەگیانەڵاودا بوو ناردی بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کە پێی خۆشە لەکاتی گیان دەرچوونیدا تەشریفی ئامادەبێ، پێغەمبەر ﷺ وەڵامی بۆ کچەکەی ناردەوە فەرمووی: (ان لله ما آخذ، وله ماأعطى، وكل شيء عنده بأجل مسمى فمروها فلتصبر ولتحتسب) بۆ خودایە هەرچی وەری دگرێتەوە، هەرچی دەیبەخشێ، هەموو شتێک لای خودا بەکاتو وەختی دیاریکراوە، پێی بڵێن: با بەئارام بێو داوای پاداش لەخودا بکا.

﴿عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ زانایە بەو شتانەی ئێوەی ئادەمیزاد نایبیننو چاوتان دەرکی ناکا، ئەوەتا ئەمڕۆ زانستی تازە ئەوەی دەرخستووە کە چەندەها عالەم هەن بەچاو نابیندرێن بەڵکوو بەئامێری دووربینو وردبین (تەلیسکۆب) دەبیندرێن وەکوو میکرۆبی شێرپەنجەو سیلو زەهریو ئاوەڵەو خرۆێلکەو دەیانو سەدان میکرۆبی تر، ئەمانە هیچیان بەچاو نابیندرێن

بەڵکوو بەئامێری وردبینو پێشکەوتوو دەرکئ دەکرێن. هەروەها زاناو ئاگادارە بەسەر شتی پەنامەکیو ئاشکرا لەوردو گەورە، هەر لەزەرە تا مەجەرە هیچی لیێ هون نیە، ئاگاداری هەموو شتێکە لەبوونەوەردا!

﴿ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ﴾ خودایەکی وەهایە لەهەموو شتێکئ گەورەترە، هەموو شتێکئ بەنیسبەت خوداوە پچوکئو بیێ نمودە، بەسەر هەموو شتێکئدا باڵادەستە، زانیاری رەهاو بەرفراوانی هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردوە، هەموو شتێکی ملکەچ کردوە، بەخۆشیو ناخۆشی پابەندی فەرمانی بوون!

تێبینی ئەوە دەکریێ: کە ئایەتەکە زانیاری خودای شی کردۆتەوە لەسەرتای ئایەتەکەدا ئەوەی راگەیاند: کە پەروەردگار زانایە بەهەموو جوزئیاتو موفرەدات، ئەمجار ئەوە رادەگەیەنیێ: کە زانایە بەئەندازەی هەموو شتێکئ بەسنووری هەموو شتێکئ، ئەمجار ئەوە رادەگەیەنیێ: کە پەروەردگار زانایە بەشتە پەنامەکیو نهێنییەکان، زانایە بەو شتانەی کە لەجیهانی غەیبدانو غەیری خۆی کەسی تر هیچیان لیێ نازانیێ، یان ئەو شتانەی بەخودی هەستەکان هەستیان پیێ ناکریێو بەئامێری پێشکەوتوو شتێکیان لیێ دەزاندریێ! هەروەها زاناو ئاگادارە بەسەر شتە ئاشکراو نومایانەکاندا، بەکورتی زانایە بەهەموو شتێکئ، ئاشکراو نهێنی لای ئەو یەکسانە هەموو نهێنیو غەیبێکئ لای ئەو نومایانە!

دەفەرمویێ: ﴿سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ﴾ یەکسانە لای پەروەردگار کەسێکئ قسە بشارێتەوەو نەیدرکێنیێ یان بیڵیێو ئاشکرای بکا، بەهەر شێوەیەکیان بیێ خودا دەیبیسیێو ئاگای لێیەتی وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویێ: ﴿وَإِن تَجْهَرْ بِٱلْقَوْلِ فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى﴾طه/٧. یان دەفەرمویێ: ﴿ويعلم ماتخفون وما تعلنون﴾النمل/٢٥.

عائیشە رەزای خودای لیێ بیێ دەفەرمویێ: پاکئو مونەززەهی بۆ خودایە: کە هەموو دەنگێکئ دەبیسیێ، سوێند بەخودا ئەو ئافرەتەی هاتە خزمەت

پێغەمبەر ﷺ خەولەی ناو بوو شیکایەتی لەمێردەکەی کرد کە ظیهاری لێ کردبوو، من لەپەنا دیواریماڵەوە بووم قسەی ئافرەتەکەم نەدەبیستن، پاش ماوەیەک پەروەردگار ئایەتی ﴿قَدْ سَمِعَ اللهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللهِ وَاللهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا، إِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾المجادلة/١ ناردە خوارێ.

ئەمە گفتوگۆیەک بووە لەنێوان خەولەو پێغەمبەردا بووە خودا بیستویەتی، بێگومان خودا زۆر قسەی پەنامەکیو پەنهانی تر دەبیسێ، ئاگای لەخەتەرەی دڵەو خیانەتی چاو دەزانێ!! نەک هەر ئەوە بەڵکوو بەهەموو نهێنیو پەنامەکییەک ئاگادارە ﴿وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ﴾ هەروەها خودا ئاگادارە بەسەر ئەو شتانەدا کە لەکونو کەلەبەردا لەتاریکی شەودا خۆیان حەشار داوە، لەهەر شوێنێکدا بن، بەهەر شێوەیەک خۆیان بشارنەوەو پێیان وابێ کەس نایانبینێ، خودا ئاگای لێیانەو چاودێریانە.

﴿وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ﴾ هەروەها ئاگادارە بەسەر ئەو شتانەدا: کە بەروناکایی رۆژ هاتوچوویانە، ئەوەی لەتاریکایی شەودا خۆحەشار دەداو ئەوەی بەروناکایی رۆژ دێو دەچێ لای خودا وەکوویەک ئاشکران! وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ، وَمَا تَتْلُوا مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ، وَلاَ تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلاَّ كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُوداً إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ، وَمَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ، وَلاَ أَصْغَرُ مِنْ ذَلِكَ، وَلاَ أَكْبَرُ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾یونس/٦١.

ئەمجار پەروەردگار برێ وەسیلەی چەسپاندنی زانیاری خۆیوهەندێ زانستی گەنجینەی زانیاری خۆی رادەنوێنێ بۆ ئەوەی زیاتر ئادەمیزاد بەخۆیاندا بچنەوەو بزانن: کە هەموو کاتێک لەژێر موراقەبەی پەروەردگاردانو ناتوانن خۆیانی لێ بشێرنەوە دەفەرموێ: ﴿لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ﴾ هەمیشە بۆ ئادەمیزاد چەند فریشتەیەک هەن، کە

بەنۆرە چاودێری دەکەن، فریشتەی چاودێری شەوانەی دێنــە شـوێنی فریشـتەی چاودێری رۆژانەی، کە فریشتەی رۆژ کاریان تەواو بوو فریشتەی شەو جێگایان دەگرنەوە، ئەم فریشتانە کردارو گوفتاری ئادەمیزاد بــەچاکو خراپــەوە تۆمـار دەکەنو هەڵی دەگرن؛ چی دەکاو چی دەڵێ خێرا دەیقۆزنەوەو لەسـەری تۆمـار دەکەن.

ئیمامی بوخاری فەرموودەیەکی پێغەمبەری ریوایەت کردوە، دەفەرموێ: (فریشتەی شەوو رۆژ بۆ چاودێری ئێوە لەناو خۆیـاندا نـۆرە دەکـەن، هـەردوو وەجبەکە لەکاتی نوێژی بەیانیو نوێژی عەصردا یەکدەگرنەوە، جا کە دەچنەوە بۆ لای خودای گەورە لێیان دەپرسێ (هەرچەندە خۆی زۆر لـەوان ئاگـادار تـرە بەحاڵی ئێوە) دەفەرموێ: بەچ شـێوەیەک بـەندەکانی منتـان بـەجێ هێشـت؟ فریشتەکانیش دەڵێن: کە چووینە لایان نوێژیان دەکرد، کـە بـەجێمان هێشـتن خەریکی نوێژ کردن بوون).

جـاوەکوو لەکتێبـە تەفسـیرە بڕواپێکراوەکـاندا هـاتووە: ئـەم فریشـتانە ئەرکی پارێزگاریکردنی ئادەمیزادیان پێ سپێردراوە بەفـەرمانو ئـیزنی خـودا چاودێرییسان دەکـەن، فریشـتەیەک لەپێشـەوەو یـەکی تــر لەدواوەیـەتی، دوو فریشـتەی تـر یـەکیان لـەلای راسـتی چاکـەکانی دەنوســێو یــەکیان لــەلای چەپیەوەیەتی خراپەکانی دەنووسێ، کەوابوو هەموو ئادەمیزادێک بەرۆژ چوار فریشتەی لەگەڵدایــەو کۆنـترۆڵی هـەموو کـارو پیشـەیەکی دەکـەن، ئـەمجار لەکاتی نوێژی عـەصردا ئەمان بەجێیان دێڵنو چوار فریشتەی تر بۆ شەو دێنــە شوێنی فریشتەی رۆژ، ئەمجار لەکاتی نوێـژی بـەیانیدا نۆرەیـان دەگۆڕنـەوەو هەر بەو جۆرە نۆرەو ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن.

لەفەرموودەیەکی تـری پێغەمبـەردا هـاتووە دەفـەرموێ: (إن معكم مـن لايفارقكم الا عند الخلاء، وعند الجماع، فاستحيوهم وأكرموهم).

جا هەر کاتێ ئادەمیزاد زانی: کە فریشتە کردارو گوفتاری تۆمار دەکەن، خۆ لەتاوانکردن دەگرێتەوە، شەرم دەکا پەلاماری شتی حەرام بدا، هەروەکوو چۆن جاری وا دەبێ حەیا لەئادەمیزاد دەکاو لەبەرچاوی ئەوان پێکێیشی لەتاوان ناکا.

هەڵبەتە ئایین ئەوەی چەسپاندوە کە فریشتە هەموو کردارو گوفتارێکی ئادەمیزاد تۆمار دەکەنو دەینووسن عەقڵیش ئەم کۆنترۆڵکردنە بەدوور نازانێ، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ زانست گەیشتۆتە ئاستێک زوربەی کردارو خەرجی ئادەمیزاد بەئامێری پێشکەوتوو کۆنترۆڵ دەکرێ، ئەوەتا: لەشارو شارۆچکەکاندا زۆر بەوردی بەهۆی ئامێری ژمێریارەوە (العدادات) دەزانرێ هەموو خێزانێک چەند لیتر ئاوو چەند میگەواط کارەبای خەرج کردوە، ئامێری وا هەیە کۆنترۆڵی ئەو مەسافانە دەکا کە بەئوتومبێلو فرۆکەو کەشتی ئاسمانیو دەریایی تەی دەکرێ، ئامێری وا هەیە سەر ژمێری شەپۆلی ئاوو هەوا دەکا؛ زۆر بەوردیو زانستانە لەم بارەوە زانیاری دەخەنە ڕوو!! تەنانەت ئێستا لەولاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر بەوردیو زانستانە زۆر هەڵسو کەوتی ئادەمیزاد سەرژمێری دەکرێو لەکۆمپیوتەردا خەزن دەکرێو کۆنترۆڵ دەکرێ!

هەتا زانستو زانیاری پێش بکەوێ، داخوازی بڕواکردن بەتیۆری ئایینی بەهێز دەبێ، بیرو بۆچونی عەلمانیو مادییەکان جێگایان پێ لەق دەبێو ڕووەو ترێلبوون هەنگاو دەنێن!

بەراستی جوانیان گوتووە کە گوتویانە: (ئایینو عەقڵ لەئیسلامدا دوو هارکیفی یەکترینو لێک جیا نابنەوە، دوو دۆستی یەکترینو کێشەیان تێناکەوێ!!).

﴿يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ﴾ ئەو فریشتانەی کە خودا کردونی بەچاودێرو موراقیب بەسەر ئادەمیزادەوە، ئادەمیزاد دەپارێزن بەفەرمانو ئیزنی خودا،

هەر کاتێ ئادەمیزاد تـاوانێکی کـردو دوعـای لێخۆشـبوونی بـۆ دەکـەن، داوا دەکەن خودا مۆڵەتی بداو خێرا سزای نەدا، بەڵکوو تۆبە بکا.

پەروەردگار بەگوێرەی حیکمەتی خـۆی بـۆ هـەموو شـتێکی مـەحسـووس هۆکاری داناوەو ئاکامی پێوە پەیوەست کردوە، پێڵوی بۆ چاو داناوە بۆ ئەوەی پارێزگاری چاو بکاو شتی وای تێنەچێ زیانی پێ بگەیەنێ! هەر بـەو جـۆرەش بۆ شتی نادیار (غیر محسوس) هۆکاری داناوە، فریشتەی کـردون بـەهۆکاری پاراستنی ئادەمیزاد، ئیشی خوداش بـێ حیکمـەت نـین. هـەروەها فریشـتەی زێرداری کـردون بـەتۆمارکاری کـردەوەی ئێمـەی ئـادەمیزاد هەرچـەندە ئێمـە نازانین نووسینەکەیان چیـەو چۆنـە، پێنـوسو مەرەکـەبیان چ شـێوەیەکە، لەکوێی ئادەمیزادەوەنو حیکمەت لەم نووسینە چیـە، لـەکاتێکدا خـودا بـۆ خۆی بەبێ نووسینی فریشتەو موراقەبە کردنیان باش باش دەزانـێ ئـادەمیزاد چی دەکەنو چ دەڵێن. ئەمە بۆخۆی کارێکی غـەیبی‌یـەو پێویسـت ناکـا ئێمـە هەوڵی زانینی ئەم جۆرە شتانە بدەیـن، چونکـە قورئـان لـێی بێدەنـگ بـووە، چاک وایە ئێمەش بەبێ رۆشنایی (نەص) خۆمانی پێوە خەریک نەکەین!

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ پەروەردگار هیچ کاتێک نیعمەتو بەخششی خۆی کە بەگەلو نەتەوەیەکی بەخشیوە ناگرێتـەوەو لێیـان مەنع ناکا هەتا ئەو گەلو نەتەوە رەوتی خۆیان نەگۆڕن، زوڵمو ستەم لەیەکتری نەکەن، ئاشووبو ئاژاوە بەرپانەکەن، شیرازەی کۆمەڵگای خۆیان تێک نەدەن، هـەر کـاتێ گـەلو نەتەوەکـە دابـو نـەرێتی خۆیـان گـۆڕیو وازیـان لەشـوکرو سوپاسی خودا هێنا، خوداش نازو نیعمەتی خـۆی کـە پـێی بەخشـیون لێیـان دەگرێتەوەو تووشی قاتو قڕیو تەنگو چەڵەمەیان دەکاو ئەمن‌وئاساییشـیان لەناودا هەڵدەگرێ، پشێویو ئاژاوە دەکەوێتەناویان.

ئەبو داوودو تیرمیذیو ئیبنو ماجە لەئەبو بەکری صدیقەوە ﵁ ریوایەت دەکەن دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوُا الظَّالِمَ، فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ يُوشِكُ أَنْ يَعُمَّهُمُ اللهُ بِعِقَابٍ) هـەر کـاتێ ئـادەمیزاد

ستەمکاریان بینی ستەمی دەکردو دەستیان نەگرتو بەرەنگاری نەبوونەوە، لەوانەیە خودا هەموانیان سزا بدا!

ئەم فەرموودەیە مانای ئایەتی ﴿واتقوا فتنة لاتصيبن الذين ظلموا منكم خاصة﴾الأنفال/٢٥.(دەکا)

پێداچوونەوەیەکی سەرپێیِ بەمێژووی ئیسلامیدا لەسەدەکانیرابوردودا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە: کە پەروەردگار وەزعو حالی موسولمانانی نەگۆری لەشکۆمەندیو سەرفرازیو پێشکەوتوویی لەزانیاریو رامیاریو ئابووریو کۆمەلایەتیدا بۆ ژیانی ژێر دەستەییو بێ هێزیو نەدارایی مەگەر پاش ئەوەی بۆ خۆیان پشتیان لەقورئان هەلکردو لەکاریان خستو وازیان لەئایینی ئیسلام هێنا، لاسایی بێگانەیان کردەوە، یاسای دەسکردو نەگونجاوی فەرەنسیو رۆمانییان کردە دەستوورو یاسای خۆیان، ئەخلاقو رەوشتی ئیسلامییان روخاو پەیوەندی کۆمەلایەتیو گیانی هاریکاریو یارمەتیدانییەکتریان تێدا کزبوو، سەریان لێ شێوا، ولاتیان داگیر کران، بۆخۆیان بوونە ژێر دەستەو خزمەتکاری داگیرکەران، ئیتر کەلکی ئەوەیان پێوە نەما: کە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی زەوییان بخرێتە ئەستۆ! بۆخۆیان لەخۆیان تێکدا، صیفەتی صالحیو راستالییان لەخۆیان دارنی خوداش سەروەریو شکۆمەندی لێ ستاندنەوە چونکە خودا بۆ خۆی دەفەرموێ: ﴿ان الأرض يرثها عبادي الصالحون﴾الأنبياء/١٠٥. هەروەها دەفەرموێ: ﴿ان الأرض لله يورثها من يشاء من عباده والعاقبة للمتقين﴾الأعراف/١٢٨. هەر کاتێ ئادەمیزاد لایەنی تەقواکارییان پاشگوێ خست ئیتر کەلکی ئەوەیان نامێنێ زەوی ئاوەدان بکەنەوە.

ئەمجار پەروەردگار باسی دەسەلاتی رەهای خۆی دەکا، هەر کاتێ بیەوێ گەلو نەتەوەیەک سزا بدا هیچ لەمپەرێک نیە بتوانێ بەربەستی عەزابەکە بکا، دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا أَرَادَ اللهُ بِقَوْمٍ سُوءاً فَلَا مَرَدَّ لَهُ﴾ هەروەها کاتێ خودا ویستی گەلو نەتەوەیەک تووشی گێرمەو کێشە بکا، قاتو قریو

نەخۆشیو ئاژاوەو دوویەرەکی بخاتە ناویانەوە، ژێر دەستەییو دەستکورتیو نەهامەتییان بەسەر بێنێ، کەس نیە بتوانێ نەهێڵێ ویستی خودا بێتەدی! کەس نیە جگە لەخودا بتوانێ زیانیان لێ دوور بخاتەوەو سوودو قازانجیان بۆ دەستەبەر بکا، ئەو خودا درۆزنانە، شیاوی خودایەتی نین چونکە هیچیان پێ ناکرێ!

﴿وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ﴾ جگە لەخوا کەسی تر نیە سەروکاری بەرژەوندی ئادەمیزاد بکا، کەس نیە بتوانێ خێرو خۆشییان بۆ بێنێو زەرەرو زیانیان لێ دوور بخاتەوە.

دیاردەی خودایەتی پەروەردگارو نیشانەکانی دەسەڵاتی

هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ ﴿١٢﴾ وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِۦ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِۦ وَيُرْسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ وَهُمْ يُجَٰدِلُونَ فِى ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلْمِحَالِ ﴿١٣﴾ لَهُۥ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ إِلَّا كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ وَمَا دُعَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿١٤﴾ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْأَصَالِ ۩ ﴿١٥﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار بەندەکانی خۆی ترساندن بەوەی هەر کاتێ بیەوێ گەلو نەتەوەیەکێ تووشی تەنگانەو ناخۆشی بکا کەس نیە بتوانێ ببێتە لەمپەرو نەهێڵێ ویستەکەی بێتە دی، ئەمجار لێرەدا چەند نیشانەیەکێ لەسەر بالادەستیو بەتوانایی خۆی رادەنوێنێو دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفاً وَطَمَعاً﴾ خودایەکی وەهایە هەورەبروسکەتان نیشان دەدا، هەورە بروسکە رامدەکاو ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دەدا، رێبوارو کاروانچی لێی دەترسێن، خاوەن خەلەو خەرمان ترسی زیان لێ کەوتنو تەرپوونی دانەوێڵەو توتنو مشتاغیان لێ پەیدا دەبێ، ترسی چاوکوێر بوون بەشوعلەی بروسکەکەیان لێ پەیدا دەبێ ترسی لافاوو زریانیان لێ غاڵب دەبێ! لەهەمان کاتدا ئەوانەی پێویستیان بەباران هەیە بۆ کشتو کاڵەکەیان، بۆ پاککردنەوەی کەشو هەوای ولاتیان، بۆ تەقینی کانیاوو بیریان خۆشی خۆشییانەو تەماعی خێرو بەرەکەتیان بۆ پەیدا دەبێ، خوا خوایانە هەور بگرمێنێو بروسکە چەخماخە بداو باران دابکا ئیقلیمگیر بباری ئەمە حاڵی ئادەمیزادانە بەرامبەر هەموو دیاردەیەکی گشتی دونیایی! بارانبارین سوود بەخشە بۆ ئەوانەی پێویستیان پێیەتیو زیانبەخشە بۆ هەندێکی تر عەرەب گوتەنی: (مَصَائِبُ قَوْمٍ عِنْدَ قَوْمٍ فَوَائِدُ) کوردیش کە نموونەی یەکێک بهێننەوە کە بەرژەوەندی پارێزراو بێ دەڵێن: (فلان کەس باران بباری ئاشی دەگەرێ، باران نەباری جوتی دەگەرێ!)

﴿وَيُنْشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە هەوری ئاوسی پڕ باران بەدی دێنێ؛ هەورێکێ کەلەبەر قورسایی بارانی کە تێیدایە لەزەوی نزیکێ بۆتەوە.

موجاهید دەڵێ: ﴿السَّحَابُ الثقال﴾ ئەو هەورەیە: کە بارانی پێیە!

﴿وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِ﴾ واتە: هەور کە دەگوڵێنێو دەشریخێنێ بەزمانی حاڵ تەسبیحاتی خودا دەکا، پەروەردگار بەدوور دەگرێ لەهاوەڵو

منداڵو خێزانو بێ توانایی، گەردنکەچی خۆی بۆ خودا رادەگەیەنێو ئاماژە بەدەسەڵاتو قودرەتی خودای باڵادەستو زاناو دانا دەکا. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وان من شيء الا يسبح بحمده ولكن لاتفقهون تسبيحهم﴾الأسراء/٤٤.

ئیمام ئەحمەدو بوخاریو تیرمیذیو نەسائیو هی تریش لەئیبنو عومەرەوە ریوایەت دەکەن: دەفەرموێ: (كان رسولُ الله ﷺ اذا سَمِعَ صَوْتَ الرَّعْدِ وَالصَّوَاعِقِ يَقُولُ: اَللّٰهُمَّ لاَتَقْتُلْنَا بِغَضَبِكَ وَلاَ تُهْلِكْنَا بِعَذَابِكَ وَعَافِنَا قَبْلَ ذٰلِكَ).

ئیبنو مەردەویهی لەئەبو هورەیرەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کە با هەڵی دەکرد، یان دەنگی هەوری دەبیست، رەنگی دەمو چاوی دەگۆڕا، ئەمجار بەهەورەکەی دەفەرموو: پاکو مونەزەهە ئەو خودایەی کە تۆ تەسبیحاتی بۆ دەکەی، دەربارەی بایەکەش دەیفەرموو: خودایە بیکە بەمایەی رەحمەت بۆمان، مەیکەرە مایەی عەزاب!

﴿وَالْمَلاَئِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ﴾ فریشتەکان تەسبیحاتی خودا دەکەن لەبەر هەیبەتو جەلالی، بەدووری دەگرن لەوەی هاوەڵو خێزانو منداڵی هەبێ.

﴿وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بها من يشاء﴾ خودایەکی وەهایە هەورە بروسکە دەنێرێ، لەو شتانە دەکەوێ کە دەیەوێ لێی بداو بەهیلاکی بەرێ.

﴿وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللهِ﴾ ئەوانە وێڕای ئەو هەموو بەڵگەو دەلیلانە لەسەر بەتواناییو زاناییو دانایی خودا، کەچی کێشەو جیدال دەکەن دەربارەی تاکو تەنهاییو خودایەتی خودا. ئەمەش دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ چونکە لەوەپێش سەرزەنشتی کافرەکانی مەککەی کرد لەسەر ئەوە: کە داوای موعجیزەو ئایاتی جۆراو جۆریان لەپێغەمبەر کرد: وتیان دەبێ موعجیزەی وەکوو موعجیزەی موساو عیسامان بۆ بێنێ، پێغەمبەریش بەم پەڵپانە دڵ ناخۆش بوو، ئیتر پەروەردگار تەسەللای دایەوەو فەرموی: وەنەبێ ئینکاری

ئەوانــە هــەر دەربــارەی پێغەمبەرایــەتی تــۆ بــێو بــەس! بــەڵکوو ئینکاریکردنەکەیان سەری کێشــاوە بـۆ کێشـەو جەدەل دەربارەی خودایـەتی پەروەردگار، ئەوەتا لەگەڵ هەبوونی ئـەو هـەموو بەڵگـەو دەلیلانـە دەربـارەی تاکئو تەنهاییو بەتواناییو زاناییو دانایی خودا کەچی کێشە دەخەنەوە لەوەدا کە خودا هاوەڵی هەیــەو خـێزانی بـۆ بـەرەوا دەزانــو منداڵـی وەپاڵ دەدەن! ئینکاری زیندوبوونەوەو هاتنی قیامەت دەکەن! کـەوابێ ئـەی پێغەمبـەر! تـۆ دڵت بەخۆ نەمێنیو خەفەتیان بۆ مەخۆ!

﴿وَهُوَ شَدِيدُ ٱلْمِحَالِ﴾ پەروەردگار هەڵمەتی توندو تیژە بۆ دوژمنــانی بـە خۆیان نازانن تێکیانەوە دەپێچێ، خودا بــە توانـاو دەسـەڵاتە کـە سـزایان بـۆ بنێریو نەتوانن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، بەڵام مۆڵەتیان دەدا تــا کــاتی خـۆی دێو بە گوێرەی حیکمەتی خۆی سزایان دەدا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ان ربك لا يهمل ولكن يمهل) خودای تــۆ شـت پاشـگوێ ناخـاو لـەبیری ناچێتـەوە بەڵام مۆڵەت دەدا بۆ ماوەیەک!

﴿وَلَهُ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ﴾ بانگ کردنو پاڕانەوە هەر لەخودا دەکرێ، هەر خودا بەتاکئو تەنـها بزانــن بەندایـەتیکردنو طاعـەت هـەر بـۆ خـودا بکـەن، هـاوار مەکەنە بتو صەنەمو فریشتەو ئادەمیزاد، هاوار هەر لەخودا بکەن، هەر ئـەو هــاواری لێ دەکــرێ. لەمــەشدا جـۆرە هەڕەشـەیەک لـەکافرەکان دەکــا: دەفەرموێ: سەرپێچی فەرمانی پێغەمبــەر مەکـەن، ئـەوەندە تـوڕەی مەکـەن دوعاتان لێ بکا، ئەگەر دوعاتان لێ بکا دوعاکەی گیرا دەبێ!

﴿وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ إِلَّا كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ﴾ ئەو خودا درۆزنانــەی کافرەکـان لـەجیاتی خـودا دەیانپەرسـتو دوعــاو نزایـان ئاڕاسـتە دەکـەن، بـەهومێدی ئـەوەن وەڵامیـان بدەنەوە، با چاک بزانن کە وەڵامیان نادەنەوە، دوعایان لێ وەرناگرن بانگیـان نابیســن، سـودو قازانجیـان بـۆ نـاهێنن، زەرەرو زیانیـان لێ دوور ناخەنــەوە،

بەهیچ جۆرێو بەهیچ شتێک جوابیان نادەنەوە! مەگەر وەکوو وەڵامدانەوەی ئاو بۆ کەسێک کە تینووی بیو دەست رادێری بۆ لای ئاو داوای لێ بکا ئاوەکە بێتە ناو مشتیەوەو ئەمجار بگاتە دەمی، خۆ ئاو بێ هەستو شعوورەو ئاگای لەدەست پانکردنەوەی کابرای تینوو نیە، ئیتر چۆن وەڵامی دەداتەوە هەر بەو جۆرەش خودا درۆزنەکانیان هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە ئەمە نموونەیەکە خودا هێناویەتەوە بۆ ناهومێدی ئەوانەی جگە لەخودا شتی تر دەپەرستنو دوعاو نزایان ئاڕاستە دەکەن. چۆن کەسێک دو دەستی پان بکاتەوە بۆ ئاو لەدوورەوەو داوا لەئاوەکە بکا بێتە ناو مشتییەوە بیخواتەوە ئیشەکەی بیهودەیەو رەنج بەخەسارە، ئەوانەش کە عیبادەتی غەیری خودا دەکەن رەنج بەخەسارنو هەر دوعاو پاڕانەوەیەکی ئاڕاستەیان بکەن نایبیسنو بێ سوودە!

﴿وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلاَّ فِي ضَلَالٍ﴾ عیبادەتکردنو پاڕانەوەی کافرەکان بۆ بتەکانیان جگە لەگومڕاییو سەرلێ شێوانو کات بەفیڕۆدان هیچی تری لێ شین نابێو رەنج بەخەسارو ماڵوێران خۆیانن، چونکە ئەوانە ئەگەر هاوار لەخودا بکەن وەڵامیان ناداتەوە ئەگەر هاوار لەبتەکانیان بکەن ناتوانن وەڵامیان بدەنەوە!

ئەمجار پەروەردگار بەیانی عەظەمەتو گەورەیی خۆی دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعاً وَكَرْهاً﴾ هەر بۆ خودا گەردنکەچو سوژدەبەرە هەرچی لەئاسمانەکانو زەویدا هەیە: فریشتەو موسوڵمانان لەحاڵی خۆشیو ناخۆشیدا بەویستو هەوەسی خۆیان سوژدە بۆ پەروەردگار دەبەن، کافرو خودا نەناس لەکاتی تەنگانەداو بەناعیلاجی گەردنکەچی خودا دەبن؛ بەڵکوو هەرچی مەخلووقات هەیە لەبوونەوەردا بەئادەمیزادو ئاژەڵو روەکو جەماداتەوە گەرندنکەچن بۆ ئەو خودایەی بەدیهێناون!

﴿وَظِلَالُهُمْ بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ﴾ هەروەها سێبەری ئەوانەی سێبەریان هەیە بەیانیو ئێوارە سوژدە بۆ زاتی پاکی دەبەن، بەتایبەتی باسی بەیانیو ئێوارەی کرد: چونکە لەم دووکاتەدا درێژ بوونەوەو کورت بوونەوەی سێبەری شت ئاشکراو نەمایانە. یان مەبەستی ئەوەیە بفەرموێ: هەموو کاتێک ئەم شتانە سوجدە دەبەنو گەردنکەچییەکەیان بۆ خودا هەمیشەیی‌یە!

هەندێک پێیان وایە سوجدە بردنی سێبەری شتەکان بریتییە لەهەڵکشانو داکشانی سێبەرەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. کە گۆڕانکارییان تێدا پەیدا دەبێ لەکورتیو درێژی بەهۆی بەرز بوونەوەی خۆرو شۆڕبوونەوەی خۆر، ئەمانە هەموو چ ئادەمیزادو چ فریشتەو دارو درەختو جەماداتو هەموو شتێکی تر بەخۆیانو سێبەریانەوە ملکەچیو بەندەیی خۆیان رادەگەیەنن.

تاک و تەنهایی خوداو نموونەی موسوڵمان و موشریکەکان لەبەرامبەر تاک و تەنهایی خودادا

قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ قُلْ أَفَاتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ قُلِ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿١٦﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار ئەوەی بەیان کرد: کە هەرچی لەئاسمانو زەوی‌دا هەیە سوجدە بۆ خودا دەبەن، گەردنکەچی قودرەتو گەورەیی پەروەردگارن،

ئـەمجار دێتـە سـەر ڕەتدانـەوەی بتپەرسـتەکان. تـاکو تەنـهایی خـودا دەچەسـپێنێ؛ تـاکو تەنـهایی لەئولوهییـەتدا، لەربوبییـەتدا، بـۆ ئـەوەی بیانوویان نەمێنێو دان بەخودایەتی خودادابنێن!

دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَـنْ رَبُّ السَّـمَوَاتِ وَالأَرْضِ؟﴾ ئـەی پێغەمبـەر! بەموشـریکەکان بڵـێ: کـێ بەدیهێنـەری ئاسمانـەکانو زەوییـە؟ کـێ خـاوەنو هەڵسـوڕێنەرییانە؟ کـێی ڕایگرتـوون؟ ئـەم پرسـیارە بـۆ ئـەوە نیـە وەڵامــی بدەنەوە چونکە سیباقی قورئانەکە لـەوەپێش وەڵامـی داوەتـەوە، بـەڵکوو بـۆ ئەوەیە: وەڵامـەکە بەگوێچکەی خۆیان ببیسن پاش ئەوەی واقیعە کە بـەچاوی خۆیان دەبینن. دەبوایە پاش بیستنی ئـەم پرسـیارە دەمو دەست بڵێـن: خـودا بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەریانە، جا ئەگەر لەبەر عەنادیو سـەررەقییان بێدەنـگ بـوون، تـۆ ئـەی پێغەمبـەر! بۆخـۆت وەڵامـەکـە بـدەرەوە ﴿قُـلِ اللهُ﴾ بڵـێ: بەدیهێنەرو خاوەنو هەڵسوڕێنەری ئاسمانەکانو زەوی خودای تـاکو تەنهایـە. چونکە وەڵامـەکە ئاشکرایەو هەر ئەو وەڵامـەی هەیە، چار ناچارە، بۆخۆشـیان ئەگـەر لەبـەر سـەررەقی نـەبێ دانـی پێـدا دەنێـن. وەکـوو لەشـوێنێکی تـردا دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ: مَنْ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ؟ لَيَقُولُنَّ اللهُ﴾لقمان/٢٥.

ئەمجار پرسیاریان لێ بکە: ﴿قُلْ أَفَاتَّخَذْتُمْ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ بڵێ: ئەدی بۆچی جگـە لـەخودا چـەند پەرسـتراوێکتان بـۆ خۆتـان بڕیـار داوەو لـەجیاتی خـودا بەندایەتیان بۆ دەکەن؟! بۆچیو بەچ عـەقڵێک عیبادەت بۆ خودا ناکەنو خـودا ناپەرسـتن لـەجیاتی خـودای مـەزن چـەند خـودا درۆزنەیـەکتان بڕیـار داوەو دەیانپەرستن، لەکاتێکدا ئەو خودا درۆزنانە ﴿لاَيَمْلِكُونَ لِأَنْفُسِـهِمْ نَفْعـاً وَلاَضَراً﴾ توانای ئەوەیان نیە سوود بەخودی خۆیان بگەیـەنن، زیـان لـەخۆیان دوور بخەنەوە، ئەدی چۆن ئێوە هیواتان پێیانە سوودتان پێ بگەیەنو زیانتان لێ دوور بخەنەوە؟ جا کە ئەوانە توانای هیچ شتێکیان نەبێ دیارە عیبـادەت کردنی ئێوە بۆیان ئەوپەڕی نەفامییە، کەسێک عـەقڵی هـەبێ شـتی وا ناکـا.

کەسێک تۆزێک لێوردبوونەوەی هەبێ، کاری ئاوا رەچاو ناکا. پرسیاریان لێ بکە، مەسەلەکە ئاشکراو نومایانە، جوداوازی نێوان حەقو بەتاڵ رونو ئاشکرایە، هەر تۆزێک بیر بکەنەوە، کەمێک وردبینەوە راستییان بۆ دەردەکەوێ، چونکە شتێکی ئاشکرایە ئەوانەی عیبادەت بۆ ئەو خودا درۆزنانە دەکەن وەکوو ئەوانە نین کە عیبادەت بۆ خودای تاکو تەنها دەکەن!؟ ئاشکرایە ئەوانەی خودای تاکو تەنها دەپەرستن بەرچاو روونو هیدایەت دراونو بەنووری خودا هەڵسرو کەوت دەکەن!

ئەمجار ﴿قُلْ: هَلْ يَسْتَوِي ٱلأَعْمَى وَٱلْبَصِيرُ؟﴾ پێیان بڵێ: کوێرو بینا وەکوو یەک وان؟؟ کەسێک کوێرو سەرلێ شێواوو بتپەرست بێ وەکوو موسوڵمانی خودا پەرست وایە؟ حاشا حاشا هەرگیز ئەم دووانە وەکوو یەک نینو ناخرێنە تای تەرازوی یەکترەوە! ﴿أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّـــورُ؟﴾ یان ئایا تاریکیەکانو روناکی وەکوو یەکتر وان؟ نەخەیر هەرگیز ئەمانە وەکوو یەکتر نینو نابن!

مەبەست ئەوەیە: پرسیاری ئەوە بکا ئایا کەسێک هەیە بڕیاری ئەوە بدا: کە کافرو موسوڵمان چون یەکن؟ کوفرو ئیمان وەکوو یەک وان؟ کافر وەکوو کوێر وایە، کوفر تاریکییە، موسوڵمان وەکوو ئادەمیزادی چاو ساغ وایە، ئیمانو باوەڕ نورو روناکییە! ﴿أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَـــابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ؟﴾ بەڵکوو گێڕاویانە بۆ خودا چەند هاوەڵێک کە وەکوو خودا مەخلووقاتیان بەدیهێناوە، جا ئەو کاتە دروستکراوی ئەوانو دروستکراوی خودایان لێ تێکەڵاو بوونو بۆیان لێک جیا ناکرێنەوە؟؟ جا: کە چەند هاوەڵێکیان بۆ خودا بڕیارداو صیفاتی خودایان بۆ بەرەوا زانین، وەکوو خودا توانای دروست کردنو بەدیهێنانیان پێدان، ئیتر لێیان تێکچوو وتیان: مادام ئەم بتانەیش شت دروست دەکەن وەکوو خودا، ئەمانیش شیاوی خودایەتینو عیبادەتیان بۆ دەکرێ، کەوابێ ئەوانە عوزریان هەیە!!

ئەمە شێوە گاڵتەپێکردنێکە بەو کافرانە. مەبەستەکەی ئەوەیە: دەفەرموێ: ئەوەی کە ئەوان بۆی چوون بۆچونێکی هەڵەو بێ بناغەیە! خودا زاتێکە بەدیهێنەرو راگرو هەڵسورێنەری بوونەوەرە، کەس لەخودا ناچێ، خودا لەزاتو صیفاتدا بێ وێنەو هاوەڵە، بێ خێزانو ماڵو منداڵە، ئەو موشریکانە چەند بتێک دەپەرستنو کردویانن بەخودا کە هیچیان لەبارا نیە، هیچیان پێ ناکرێ، کافرەکان بۆخۆشیان دان بەوەدا دەنێن: کە ئەو بتانەش مەخلووقاتی خودانو بۆیە دەیانپەرستن تا لەخودایان نزیک بکەنەوە! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مَانَعْبُدُهُمْ اِلاّ لِيُقَرِّبُونَا اِلَى اللهِ زُلْفَى﴾الزمر/٣. کە تەوافی کەعبەشیان دەکرد دەیانگوت: (لَبَّيْكَ لاَشَرِيكَ لَكَ اِلاّ شَرِيكاً هُوَ لَكَ، تَمْلِكُهُ وَمَامَلَكَ).

ئەمجار کە بیرو باوەڕی بەهەڵە حسێب کردنو ئەوەی رون کردەوە: کە هیچ بیانوێک نیە بۆ ئەوان کە هاوەڵ بۆ خودا دابنێن ئیتر بڕیاری کۆتایی دەداو دەفەرموێ: ﴿قُلِ: اللهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ!﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، ئێوەش و بتەکانتانو هەموو مەخلووقاتێکی تریشی بەدیهێناوە، ئەگەر تۆزێک جوان بیر بکەنەوە بۆتان دەردەکەوێ: کە خودا تاکو تەنهایە لەئولوهییەتو ربوبییەتدا، هەر ئەو شیاوی عیبادەت بۆ کردنە، هەر ئەو شیاوی خودایەتییە، هەر خۆی بالادەستو خاوەن دەسەلاتە بەسەر هەموو شتێکدا، ئیتر ئێوە بەچ عەقڵێک چەند بتو صەنەمێک دەپەرستن کە دارای سوودو زیانیان بۆ خۆیان نیە چ جایی بۆ ئێوە!

بەکورتی پەروەردگار بەدێهێنەری هەموو شتێکە، کەوابێ پێویستە هەموو شتێک گەردنکەچی ئەوبێ. پەروەردگار پێش هەموو شتێک تاکو تەنیاو بێ هاوەڵو یارمەتیدەرە، بالادەستە بەسەر هەموو شتێکدا، هەرچی بیەوێ دەیکا، هیچ شتێک نیە بتوانێ ببێتە کۆسپو لەمپەڕ لەبەردەم ویستی

خودادا، دەی کەوابێ چۆن ئەو خودایە شەریکی هەیە، چۆن ئەو بتانە شیاوی ئەوەن بکرێن بەشەریکی خودا، هیچ شتێک رایەی ناکەوێ ببێتە هاوەڵی خودا!

زانایانی ئیسلام (ئەهلی سوننەو جەماعەت) ئەم ئایەتەیان کردوە بەبەڵگە لەسەر ئەوە کە خودا بەدیهێنەری کرداری بەندەکانیەتیو بەندەکان بۆخۆیان بەدیهێنەری کرداری خۆیان نین، چونکە ئەفعالی عیباد جۆرێکە لە(شيء) ئایەتەکەش دەفەرموێ: ﴿قُلِ: اللّٰهُ خَالِقُ كُلِّ شَـيْءٍ﴾. ئادەمیزاد تەنها کەسبو ئیختیاری هەیە.

موعتەزیلە دەڵێن: ئادەمیزاد بەدیهێنەری کردەوەی خۆیەتی، وەلێ بەدیهێنانەکەی وەکوو بەدیهێنانی خودا نیە.

نموونەی حەق و بەتاڵ و سەرەنجامی بەختیارانو بەدبەختەکان



لِلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَهُۥ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡحِسَابِ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴿١٨﴾ ۞أَفَمَن يَعۡلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ كَمَنۡ هُوَ أَعۡمَىٰٓۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿١٩﴾

دوای ئـەوەی پـەروەردگار دوو جـۆر بانگـەوازی بـەیان کـردن؛ بانگـەوازی حەق‌و بانگەوازی بەتاڵ، بانگەوازی خـودا حـەق‌و راستە، بانگـەوازیکردن لـەو خودا درۆزنانەی کافرەکان دەیانپەرسـتن بانگـەوازی بـەتاڵ‌و پووچـە، ئـەمجار تەشـبیهی موسـوڵمان‌و کـافرو بـڕواو کوفـری کـرد بـەبیناو کوێـرو روونـاکی‌و تاریکییەکان. بەشوێن ئەوەدا نموونەیەکی تر دەهێنێتـەوە بـۆ ئیمـان‌و کوفـر! نموونەیەک دەهێنێتەوە بۆ حەق‌و حەقخوازان، نموونەیەکیش بۆ بـەتاڵ‌و هـەوا خواهـانی. نموونـەی حـەق‌و حـەقخوازانی لەبـەر دەوامـی‌و بەسـوودی‌دا بـەئاو هێنایەوە کە لەبەرزاییەوە دەباری‌و سوود بەزەوی‌و ئادەمیزادو ئـاژەڵ‌و روەک دەگەیەنێ!

هەروەها شوبهاندی بەکان‌و مەعدەن کە سودی لێ وەردەگیرێ بۆ خشـڵ‌و ئـامێری جۆراو جۆر، لـەو کـان‌و کانزایانـە شـتی بەقیمـەت‌و بـەهای گـران دەردەهێندرێن‌و ئادەمیزاد کەڵکیان لێ وەردەگرن!

نموونەی بەتاڵیش لەخێرا فەوتان‌و بـێ سـوودی‌دا دەشـوبهێنێ بەوکـەف‌و خشت‌و خاڵەی کەبەسەر لافاوەکەوەیە! یان بەو کەفـو خشت‌و خاڵەی دەکەوێتە سـەر بۆتـەو مەنجـەڵی کـانزا توانـەوە لـەکاتی توانـەوەو لەبۆتـەدانی کـانزا بەنرخەکان دا.

دەفەرموێ: ﴿أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَـــةٌ بِقَدَرِهَـــا﴾ واتـە: پەروەردگار لەهەورەوە باران دەبارێنێ، هەموو شیوو دۆڵێک بەئەندازەی خۆی لافاوی تێدا هەڵدەستێ، بەگوێرەی کەم‌و زۆری ئاوی هەر شیوێک لافاو دێ!

جا ﴿فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَداً رَابِيـاً﴾ ئـەو لافـاوە بـەگوێرەی ئـەو شـوێنەی پیێدا تێدەپەڕێ خەوش‌و چیلکەو چەوێڵ‌و کەفـو خشـت‌و خـاڵ رادەداو بەسـەر خۆیەوە هەڵی دەگرێ‌و بەسەر ئاوەکەوە بەرز دەبێتەوە.

ئەمە نموونەی ئەوەیە: کە ئەصڵێک هەیە وەکوو بارانەکە کە بەهەزاران جۆر سوودی هەیە بۆ ژینگەو ئادەمیزادو ئاژەڵ. فەرعێکیش هەیە: کە کـەفـو

خشتو خاڵو چیلکەو چەوێڵەکەیە لەئەملاو ئەولای شیوەکەدا بەزایە دەڕواو بەکاری هیچ نایەو دەفەوتێ.

باران لەئاسمانەوە دەبارێو لافاو هەڵدەستێو لەرێگەی خۆیدا هەر خشتو خاڵێکی وەبەربێ رایدەداو دەیخاتە سەر خۆی، لەشێوەی کەفو خشتو خاڵێکی فشەڵدا خۆی دەنوێنێ، تەنانەت جاری وا دەبێ ئەو کەفو خشتو خاڵە ئاوەکە دادەپۆشێ، ئاوەکە لەژێریەوە دەڕواو سەرەو ژێر دەکشێ، بەلام ئەم ئاوە خێرو بەرەکەتی پێیەو مایەی ژیانە!

﴿وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِثْلُهُ﴾ هەروەها نموونەی حەقو ئیمان وەکوو کانزای بەسوودو بەنرخ وەکوو هی زێرو زیوو ئاسنو مسو ئەو جۆرە شتانە وەهایە کە دەخرێنە بۆتەو مەنجەڵو کورەوە بۆ ئەوەی پاڵفتە بکرێنو خشتو خۆڵو چڵکو ژەنگیان پێوە نەمێنێ زێرو زیوێکی پاڵفتەکراوی بێ خەوشیان لێ جیابکرێتەوە بۆ خشڵو پیاڵەو پەرداخ، یان ئامێری پێداویستی بۆ کاروباری ژیانیان لێ بەرهەم بێنرێ لەئاسنو مسو فافۆنو ئەو جۆرە شتانە، چونکە بەهۆی ئاگرەکەوە چڵکو پیسییەکە جیا دەبێتەوەو مادەکە بەپاکیو پاڵفتە کراوی دەمێنێتەوە. جا لەکاتی توانەوەو لەبۆتەداندا ژەنگو خشتو خۆڵو پیسایی سەردەکەوێو مادەکە دادەپۆشن، ئەمەش نموونەی شتی بەتاڵو پووچە، شتە ئەصڵەکە دەشارێتەوەو دایدەپۆشێ بەلام بەرقەرار نابێو زوو وەلا دەخرێو فڕێ دەدرێ! مادە ئەصلەکەش دەهێڵدرێتەوەو سوودی لێ دەبیندرێ! تەنانەت جاری وا دەبێ وا گومان دەبرێ: کە مادە ئەصڵییەکە هەر نەماوەو فەوتاوەو رۆچووە، بەلام لەراستیدا باقییەو هەر ئەو سوود دەبەخشێ وەکوو ئەو ئاوەی مایەی ژیانە بۆ زەویو بۆ گیانلەبەران، یان وەکوو ئەو کانزایەی سوود دەبەخشێ بەئادەمیزاد!

﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ﴾ ئاواو بەو جۆرە خودای زاناو دانا پەندو نموونە دەهێنێتەوە، نموونەی حەقو بەتاڵ دەخاتە ڕو، حەقو راستی لەجێگیر

بوونو سوود بەخشیدا وەکوو ئاو وایـە کـە بـەناخی زەویدا دەڕواتـە خـواریو کانیاوو جۆگەو جۆبار پێک دێنیو دەبێتە مایـەی زیندوبوونـەوەی تەبیعـەتو هۆی ژیانی گیانلەبەران، یان وەکـوو مـەعدەنێکی پاڵفتـە کـراوی بـێ خـەوش وایە: کە ئادەمیزاد سوودی لێ دەبینن.

بەتاڵیش لەزوو بەسـەر چونو بـێ سـوودیدا وەکـوو ئـەو چڵـکو کـەفـو خشتو خاڵە وەهایە کە لافاو بەم لاو بـەولای خـۆیدا دەیـپرژێنێ، هـەروەها وەکـووئەو چڵـکو ژەنـگو خەوشـە وەهایـە کـە لـەکاتی لەبۆتـەدانی کـانزادا سـەردەکەویو مـادە ئەصڵەکـە دادەپۆشـێ. کـەوابێ بـەتاڵ لەبـەردەم حـەقدا خۆناگریو بەردەوام نابێ!

هەر بەو شێوە ئاکامی بانگەوازییو ئاکامی بیرو باوەڕو ئاکامی کـردارو گوفتار دیاری دەکا، بانگەوازی حەقو باوەڕی راسـتو کـردارو گوفتـاری بـاش دەمێننەوەو سوود بەخش دەبن، بانگەشـە بـۆ بـیرو بـاوەڕی بـەتاڵو ناحـەقو کرداری خراپو گوفتاری ناشیرین بڵقی سەر ئاوەو پایەدار نیەو زوو دەفـەوتێو شکست دێنێ! ئەو کاتەی بەردەوامیشە بێ سوودو زیانبەخشە!

جا ﴿فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَـاءً﴾ ئـەو کـەفـو خشـتو خۆڵـەی وا بەسـەر ئاوەکەوەیە یان کانزاکەی داپۆشیوە ئەوە دەپوکێتەوەو بەم لاو بـەولای راڕەوی لافاوەکەدا دەپرژێو لەناودەچێ، بادەیبا، کونو کەلەبەر دەیانگرنەوە! ﴿وَأَمَّـا مَايَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُـــثُ فِي الْأَرْضِ﴾ ئـەوەی سـوود دەگەیـەنێ بـەئادەمیزاد لەئاوو کانزاکە ئـەوە دەمێننـەوە؛ ئاوەکـە بـەکار دەهێنـدرێ بـۆ خواردنـەوەو پێداویستی تری گیانلەبەران، کشتو کاڵی پـێ ئـاو دەدرێ ئاشـی پـێ وەگـەڕ دەکەوێ، کارەبای لێ دروست دەکرێ...هتد. کانزاکەش سوودی لێ وەردەگیرێ یا دەکرێتە خشڵو ئامێری جوانیو خۆڕازاندنەوە، یان ئامێری پێداویسـتی بـۆ ژیـانی لێ دروسـت دەکـرێ. وەکـوو لەشـوێنێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿وانزلنـا الحديد فيه بأس شديد ومنافع للناس﴾الحديد/٢٥.

زججاج دەفەرموێ: نموونەی موسوڵمانو بیروباوەڕیو سوودی ئیمانی بۆ خۆی وەکوو ئاوێک وایە کە سوودی هەیە بۆ گژو گیاو ژیانی هەموو شتێک، هەروەها وەکوو سوودی زێڕو زیوو باقی کانزا بەنرخەکان وایە سوودیان بۆ ئادەمیزاد هەیە! نموونەی کافرو کوفرەکەی وەکوو کەفو خشتو خۆڵو چیلکەو چەوێڵی سەر لافاو وایە سوودی بۆ کەس نیە، یان وەکوو ژەنگی ئاسنو چڵکو خشتو خۆڵی تێکەڵاو بەکانزاکان وایە کە هیچ سودێکیان لێ وەرناگیرێ!

﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ﴾ وەکوو چۆن ئەم نموونەو پەندانەمان هێنانەوە، کە ئەو شتانەی ئادەمیزاد لێیان چەواشە بووە بۆیان روون دەکەینەوە، جوداوازی نێوان حەقو بەتاڵیان بۆ دەکەین، ئیمانو کوفریان بۆ لێک جیا دەکەینەوە. هەر بەو شێوە لەهەموو بوارو لایەنێکەوە نموونە بۆ ئادەمیزاد دەهێنینەوە هەتا رێگەی هیدایەتیان بۆ رون بێتەوەو پێیدا بڕۆن، رێگەی چەوتو بەتاڵ بناسنو لێی دوور بکەونەوە، بۆ ئەوەی بەختەوەری دونیاو قیامەت بەدەست بێنن، موسوڵمانان ببنە ئەو تاقمو دارو دەستەیەی خۆشیو کامەرانی بۆ ئادەمیزاد دەستەبەر دەکەن! وەکوو لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ ئێوە باشترین گەلو نەوەیەکن هێندراونە گۆڕەپانی ژیانەوە، رەوشتتان وایە فەرمان دەکەن بەچاکەو نەهی دەکەن لەخراپە.

لەصەحیحی بوخاریو موسلیم فەرموودەیەک هەیە ئەبو موسای ئەلئەشعەری ریوایەتی کردوە؛ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (نموونەی ئەو ئایینو پەیامەی منی پێ رەوانەکراوە لەهیدایەتو زانیاری وەکوو بارانێک وایە: کە لەزەوییەک دەبارێ، هەندێ لەو زەوییە سوود لەبارانەکە دەبینێو گیاو گژ وەبەرهەم دێنێ، هەندێکیشی روتەنو چەقەنە گیای لێ ناڕوێ ئاوەکە عەمبار دەکاو کانیو کارێزی لێ هەڵدەقوڵێن، بۆ

خواردنـەوەو ئـاودێری‌ پێویسـتی تـری ژیـان ئـادەمیزاد سـوودی لێ دەبینـن، هەندێکی تـر لەبارانەکـە لـەخاڵێک دەبـارێ دەشـتێکی لمبـەڵانو روتەنـە نـە ئاوەکـە لـەخۆ دەگـرێ، نـەگیاو گژی لێ شـین دەبـێ، ئەمـە نموونـەی ئـەو کەسانەیە لەئایین حاڵی بوونو خودا سـودمەندی کـردون بـەم پەیامـەی مـنو بۆخۆیان لـەئایین حـاڵی بـونو خـەڵکی تریـش فـێر دەکـەن، هـەروا نموونـەی کەسانێکیشە کە ئایین کاری تێ نەکردوون هیدایەتی یـەزدانییان وەرنـەگرتو سوودییان لەپەیامی من وەرنەگرتووە).

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار حەقو بەتاڵی روون کردەوە دەست دەکـا بەڕونکردنەوەی سەرەنجامی حەقخوازانو بەتاڵدۆستان، بەمەبەسـتی هـەڵنانو تـەرغیب کردنیـان بـۆ کـاری چاکـەو ترسـاندنیان لەخراپـەکاری، بـۆ بانگەوازیکردنیان بۆ رێبازی خێرو حەقو راستیو دوورخسـتنەوەیان لـەرێبازی گومڕاییو بەتاڵ! دەفەرموێ: ﴿لِلَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمُ الْحُسْنَىٰ﴾ هەیـە بـۆ ئەوانـەی فەرمانبـەرداری فـەرمانی خـوداو شـوێن پـەیامی پێغەمبەرەکـەی دەکەون، بڕوا بەئایینەکەی دەکـەن، پاداشتی بەهەشتیان دەدرێتـێ، پاداشـی بەختەوەریو دوور لەهەموو ناخۆشیو تەنگو چەڵەمەیەک پاداشـی بەهەشتی رازاوەو بەردەوامو نەبڕاوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَىٰ وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْراً﴾الکهف/٨٨. ئەمـە سەرەنجامی حەقخوازان بوو.

ئەمجار دێتە سەر باسی بەتاڵدۆستانو دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُ لَوْ أَنَّ لَهُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ﴾ ئەوانـەی فەرمانبەرداری خودا نابن پابەندی فەرمانو نەهیـەکانی نـین، شـوێن پـەیامی پێغەمبەر ناکەون ئەگەر ئەوەی لەجیهان دایە رۆژی قیامەت مڵکی ئەوان بێو ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێ دەیکەنە فیدیەو بەدەڵی سـزای قیامـەت، بـەڵام هیچ سودیان پێ ناگاو کەڵکی لێ وەرنـاگرنو لێیـان وەرناگـیرێ واتـە: بۆیـان

ناکرێو ناگونجێ لەرۆژی قیامەت دا پڕ بەزەوی‌و وەندەی تریشی لەگەڵدا بێ لەزێڕو زیو بیکەن بەفیدیە، ئەگەر ئەوەندەیان ملکو ماڵ هەبێ دەیدەن بەفیدیە، بەلام نەهەیانەونەدەیانبێ لەفەرزێکدا ئەگەر بشیان بێ لێیان وەرناگیرێ.

﴿أُولَئِكَ لَهُمْ سُوءُ الْحِسَابِ﴾ ئەوانەی: کە ئیطاعەی خودایان نەکردوەو وەلامی پەیامی پێغەمبەریان نەداتەوە، لەقیامەتدا سزای سەختیان دەدرێو لەسەر هەموو خراپەیەکیان کەم بێ یا زۆر حیسابیان لەگەڵ دەکرێ، لەهیچ شتێکیان خۆشبوون نیە، کەسێکیش موناقەشەی لەگەڵ بکرێو لێخۆشبونی خودا نەیگرێتەوە، سزا دەدرێ! پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: (من نوقش الحساب عذب).

﴿وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ سەرەنجامیان سزای ئاگری دۆزەخە، دۆزەخیش خراپترین جێگەیە بۆ حەوانەوە. ئەمە هەڕەشەیەکی توندو تیژە، ترساندنێکی سامناکە بۆ ئەوانەی بێ ئاگان لەفەرمانو نەهیەکانی خودا، شوێن پەیامی پێغەمبەر نەکەوتوون.

ئەمجار پەروەردگار بەراوردێک لەنێوان دوو تاقمدا ئەنجام دەدا دەفەرموێ: ﴿أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى﴾ واتە: ئایا کەسێک بزانێو بڕوای وا بێ ئەو پەیامەی بۆ تۆ نازڵ کراوە لەلایەن خودای خۆتەوە حەقو راستەو گومانی تێدا نیە چەواشەکاری تێدا نیە، هەموو حەقو راستە، هەندێکی پشتگیری هەندێکی تری دەکا، هەواڵەکانی هەموو حەقن، فەرمانو نەهیەکانی دادپەروەرانەیە، ئایا کەسێک ئەوە بڕواو هەڵوێستی بێ وەکوو کەسێک وایە کە شارەزای خێر نەبێو تێی نەگا تەنانەت ئەگەر تێشی بگا گەردنکەچی نابێو تێی ناگاو شوێنی ناکەوێ ئایا ئەم کەسە وەکوو ئەوی تر وایە؟!

ئیستیفهامەکە ئینکار ئامێزە: واتە: بەراستی شتێکی خراپو ناشیرینە دوای ئەم هەموو بەڵگەو دەلیلانە، دوای هێنانەوەی ئەم هەموو پەندو مەثەلانە، سەرباری هیدایەتی قورئان کەچی شکو گومان هەبێ لەراستی پەیامی موحەممەد! بێگومان هۆی ئەمە کوێریی چاوی دڵە کە حەق نابینن‌و راست نابیسن!

﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾ تەوەکوو پەندئامێز دەبی‌و عیبرەت وەردەگری‌و بیر دەکاتەوە مەگەر کەسانێک: کە خاوەنی عەقڵی ساغ‌و بیری وردو تێفکرینی راستن؛ ئەوانەی ژیرانە بیر دەکەنەوەو دانایانەو زانایانە هەڵس‌و کەوت دەکەن، چونکە کەسێک عەقڵی نەبێ بیر ناکاتەوە تێنافکرێ، کەسێکیش بیر نەکاتەوە ئەوە چاوی دڵی کوێرەو بەسەر لێ‌شێواوی لەناو تاریکایی نەفامی‌و نەزانی‌دا دەمێنێتەوە گومڕاو بەدبەختە!!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەم ئایەتە دەربارەی حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیب‌و ئەبو جەهل هاتۆتە خوارێ!

حەمزە ﷺ نموونەی خاوەن باوەڕی تەواوە بەوەی کە ئەو قورئانەی لەخوداوە بۆ پێغەمبەر هاتووە حەق‌و راستە بەپێی ئەو پەیامەش هەڵس‌و کەوت دەکا، چاوی دڵی روون‌و بینایە، تێگەییشتوو عاقڵ‌و هۆشیارە!

ئەبو جەهلیش نموونەی کافرێکی سەرلێ شێواوی نەزانە‌چاوی دڵی کوێرو نابینایە، گومڕاو بەدبەختە، هەرچی دەیکا زیانبەخشە بۆخۆی‌و گەل‌و ولاتی!!! ئەم وەصفانەی کە لەکۆمەڵە ئایەتی داهاتوودا دێن وەصفی خاوەن عەقڵ‌و ژیرەکانە پێناسەیان دەکاو پاداشیان رادەگەیەنێ!

ڕەوشتی خاوەن عەقڵ و فامەکان، بەختەوەرو کامەرانەکانو پاداشیان

﴿وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ (٢١) وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَٰئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ (٢٢) جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ (٢٣) سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ﴾ (٢٠)



ئەم ئایەتانە پەیوەندییان بەئایەتەکانی پێشەوە نومایانە، چونکە ڕەوشتە جوانەکانی (أُولُوا الْأَلْبَابِ) دەستنیشان دەکا، یان ڕەوشتی ئەو کەسانە شی دەکاتەوە: کە لەئایەتی پێشوودا بە﴿أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ﴾ ئاماژەی بۆ کردن، ئەو ڕەوشتانە دیاری دەکا: هەر کەسێک خۆیان پێ ئاراییش بدا بەختەوەریی دونیاو قیامەت بەدەست دێنێ!

دەفەرموێ: خاوەن عەقڵو فام، یانێ تاقمی سەرفرازو حەقخوازو خاوەن باوەڕو شوێنکەوتووی پەیامی پێغەمبەر ئەم کەسانەن کە ئەمە ڕەوشتو هەڵسو کەوتیانە:

١- ﴿الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللهِ﴾ ئەو كەسانەی پابەندی وادەو بەڵێنی خۆیانن؛ ئەو وادەو بەڵێنانەی خۆیان پێوە پابەند كردوە، كە داننانە بەخودایەتی پەروەردگارو تاكو تەنهایی ئەو زاتە. ئەو بەڵێنو پەیمانەی لەگەڵ خودا بەستوویانە لەعالەمی ئەرواحدا، ئەو پەیمانەی لەگەڵ بەندەكانی خودادا بەستوویانە لەكاروباری ژیانیاندا پێوەی پابەندن.

﴿عهد الله﴾ بریتییە لەهەر شتێك بەڵگەی عەقلیو نەقلی ئەو شتەی تێدابێ، واتە:هەر شتێك خودا چەسپاندبێتی؛ جا فەرمانو نەهی بێ وەصیەتو ئامۆژگاری بێ، بەكورتی ﴿عهد الله﴾ بریتییە لەپابەند بوون بەهەموو شتێك كە خودا فەرمانی بەئادەمیزاد كردبێ بەكردنی، خۆپاراستن لەهەر شتێك خودا نەهی لێ كردبێ!!

٢- ﴿وَلَا يَنْقُضُونَ الْمِيثَاقَ﴾ میثاقو پەیمانی خۆیان هەڵناوەشێننەوە پەیمانی باوەڕ كە لەگەڵ خودا بەستوویانە هەڵی ناوەشێننەوە، ئەو پەیمانو وادەی لەگەڵ ئادەمیزاددا بەستوویانە دەربارەی كڕینو فرۆشتنو بەكرێدانو باقی بوارەكانی ژیان، پووچی ناكەنەوەو پابەندی دەبن.

وەكوو دووڕوو كافرەكان نین كە پەیمانیان دا پابەندی نەبن، ئەگەر لەگەڵ یەكێكدا كێشەیان بوو زمان پیسو جنێوفرۆش بن، ئەگەر قسەیان كرد درۆ بكەن، كە سپاردەیان لادانرا خیانەتی تێدا بكەن!

لەراستیدا ئەم دوو خاڵە هەردوكیان یەك واتایان هەیەو دوو چەمكی هاوتەریبی یەكترین هەرچەند یەكیان ئیثباتەو ئەویتریان نەفیە. كەوابوو دەتوانین بڵێین: پەیمان هەڵنەوەشاندنەوە تەئكیدە بۆ پابەندبوون بەوادەو بەڵێن. یان بڵێین: ﴿لَايَنْقُضُونَ الْمِيثَاقَ﴾ تەئكیدو دووبارەكردنەوەیە بۆ خاڵی یەكەم: كە ﴿یفون بعد الله﴾یە.

قەتادە دەفەرموێ: پەروەردگار باسی پابەند بوون بەوادەو بەڵێنی لەبیستو ئەوەندە شوێنی قورئاندا تۆمار كردوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە: كە

وەفا بەعەهدو پەیمان پابەندبوون بەوادەو بەڵێن رەوشتێکی زۆر پەسندو گرنگە!

٣- ﴿وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَاأَمَرَ اللهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ﴾ ئەوانەی هەرچی خودا فەرمانی کردوە بەپەیوەستبوون پێیەوەو نەی کردوە لەدابڕینی ئەنجامی دەدەن؛ وەکوو یارمەتیدانی ئایینی خوداو پشتگیریکردن لەپێغەمبەر ﷺ لەجیهادو بانگەوازیدا، هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەو شیکردنەوەی ئایینی ئیسلام، هەروەها ئەنجامدانی صیلەی رەحمو هاتوچۆی خزمو کەسو کارو هەواڵپرسییان.

لەصەحیحی موسلیمو بوخاریدا فەرموودەیەک هەیە ئەنەس ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (من احب أن يبسط له في رزقه، وينسأ له في أثره، فليصل رحمه) کەسێک پێی خۆشە رزقو رۆژیی گوشادبێو تەمەنی درێژ بێ باصیلەی رەحم بەجێ بێنێ.

هەروەها چاکە کردن لەگەڵ هەژارو ئاتاجان، فریاکەوتنی لێقەومان دەچێتە چوارچێوەی صیلەی رەحمەوە.

٤- ﴿وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ﴾ ترسی سزای خودای خۆیان هەیە، هەرچی دەیکەنو دەیڵێن لایەنی خودای تێدا رەچاو دەکەن، دان دەنێن بەگەورەیی خوداو تاکو تەنهایی زاتی پێچوونی دا. چونکە ئەوان خودا ناسن دەزانن خودا دەبێ چۆن بێ، دیاریشە هەتا ئادەمیزاد زاناتر بێ دەبێ لەخودا ترس تر بێ، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿انما يَخْشَى اللهَ من عباده العُلَمَاءُ﴾فاطر/٢٨.

٥- ﴿ويخافون سوء الحساب﴾ دەترسن لەچەندو چون لەگەڵدا کردنی حیسابی قیامەت، دەترسن لەموناقەشەی کاتی لێکۆڵینەوەی رۆژی رەستاخیز، چونکە وەکوو لەمەوپێش وتمان: کەسێک لەحیساب لەگەڵ کردندا موناقەشەی لەگەڵ بکرێ سزا دەدرێ، بۆیە ئەو خاوەن عەقڵو فامانە خۆیان

موحاسەبەی خۆیان دەکەن پێش ئەوەی حیسابیان لەگەڵ بکرێ. کەسێکیش بترسێ لەحیساب لەگەڵ کردن روو دەکاتە خواپەرستیو خۆی لەتاوان دەپارێزێ.

٦- ﴿وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ﴾ ئەوانەی خۆڕاگرن لەکاتی بەلاو تەنگئو چەڵەمەدا، بەردەوامن لەسەر طاعەتو خواپەرستی، دوورە پەرێزن لەتاوانو تاوانکاری. هەرچی تاعەتو خودا پەرستییە ئەنجامی دەدەن، خۆ دەپارێزن لەهەر شتێک نافەرمانی خودای تێدا بێ. رازین بەقەزاو قەدەری خودا، خۆڕاگرییان لەبەرامبەر بەلاو موصیبەتدا لەبەر خاتری رەزامەندی خودایە، بۆ بەدەست هێنانی پاداشی باشی پەروەردگارە. بۆ ریبابازیو ناوو شۆرەت نیە.

٧- ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ ئەوانەی نوێژەکانیان بە رێکو پێکی ئەنجام دەدەن، بەئاگاداری دڵو ترسی خوداوە نوێژەکانیان دەکەن.

٨- ﴿وأنفقوا مما رزقناهم سراً وعلانيـة﴾ لە بڕێ لەو رزقو رۆژییەی پێمان داون بەگوێرەی پێویست بەئاشکراو بەنهێنی دەبەخشن! جا هەر چەند ئەم خاڵە دەچێتە چوارچێوەی خاڵی سێیەمەوەو بەشێکە لە ﴿ماأمرالله بـه أن يوصل﴾وەلێ کەبە خاڵێکی سەربەخۆ راینواندو دەست نیشانی کرد لەم روەوەیە: کە ماڵبەخشین پەیوەندی نێوان بەندەکان پتەو دەکا، لەبەر خاتری خودا یەکیەتیو تەباییان لەنێودا بڵاو دەکاتەوە، دڵو دەروونی ماڵبەخش لەرزیلیو رژدیو پاڵفتە دەکا، دڵو دەروونی ماڵ پێ بەخشراو لەبەخیلیو حەسوودی پاک دەکاتەوە، کۆمەڵگایەکی پوختو خاوێنو هەم ئاهەنگو هاریکار پێک دەهێنن.

٩- ﴿ويدرءون بالحسـنة السـيئة﴾ بەچاکە خراپە رەت دەکەنەوە لەهەڵسو کەوتی رۆژانەیاندا (نەک لەئایینی خودادا) بەچاکە بەرەنگاری خراپە دەبنەوە، بەحیلمو لەسەرەخۆیی روبەرووی نەفامی دەبنەوە، بەصەبرو

خۆڕاگریی بەرەنگاری ئەزیەتدانی خراپەکاران دەکەن! وەکوولەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واذا خاطَبَهُمُ الجاهِلُونَ قَالُوا سَلاماً﴾الفرقان/٦٣. یان دەفەرموێ: ﴿واذا مرّوا باللغو مرّوا كراماً﴾الفرقان/٧٢.

ئیمام ئەحمەد لەئەبو زەڕەوە فەرموودەیەک ریوایەت دەکا: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (اذا عملت سيئة فاعمل بجنبها حسنة تمحها) ئەگەر خراپەت لێ رودرا تاوانێکت ئەنجامدا خێرا بەشوێنیدا چاکەیەک بکە دەیسڕێتەوە.

لەریوایەتێکی تردا ئەحمەدو تیرمیذیو بەیهەقیو حاکم لەئەبو زەڕەوە ریوایەت دەکەن: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (واتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق الحسن) بەشوێن خراپەدا چاکە بکە دەیسڕێتەوە، لەگەڵ ئادەمیزاداندا رەوشتت جوان بە، بەرەوشتی جوانو شیرین تێکەڵاوی خەڵک بکەو هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بنوێنە!

ئەوەی ئاشکراو چەسپاوە مامەڵەکردنی باش لەگەڵ خراپەکار بەرەنگاریکردنی خراپە بەچاکە بەسوودترەو کاریگەر ترەو سەرەنجامی سەلامەت ترەو رقو کینە دەپوکێنێتەوە.

هەڵبەتە بەرەنگاریکردنی خراپە بەچاکە کاتێک پەسندە، کە خراپە پووچەڵ بکاتەوەو خراپەکەر بەخۆیدا بشکێتەوە، نەک لەخۆی بایی بێو پێی لێ هەڵبڕێ، ئەگینا کاتێک خراپە پێویستی بەریشەکێش کردن بوو پێویست بوو رەت بکرێتەوە نابێ بەچاکە بەرامبەری بکرێ. دەبێ بەگژیدا بچیەوەو قەلاچۆی بکەی، بۆ ئەوەی خراپەکار لەخۆی بایی نەبێو بەرز بێتەوە بەرەورووبوونەوەی خراپە بەچاکە زوربەی کات،کە پەسندە لەبواری مامەڵەکردنی دوو کەس دایە لەکاروباری دونیاییدا بەلام لەبواری ئایینی خودادا نابێ بەرەنگاری لوتبەرزو خراپەکاران بەچاکە ئەنجام بدرێ، چونکە ملهوڕو سەرڕەقو نەفام دەمکوتانەوەیان پێویستە، قەلاچۆکردنیان گەرەکە،

ئاشوبگێران، فیتنە جۆیان هەڵسو کەوتی چاکە ئامێز لەگەڵیاندا سوودی نیە، دەبێ بەدەستی پۆلایین لێیان بدرێ کورد وتەنی (شەرحی ماری بەداری) تەوجیهی قورئان لێرەدا کەوا بەموطلەقی هاتووە، تەحدیدی ئەوەی نەکردوە کەی خراپە بەچاکە پاساو دەدرێتەوەو کەی خراپەکار دەمکوت دەکرێو ریشەکێش دەکرێ. بەڵکوو ئەمەی هێشتۆتەوە ئادەمیزادەکان بۆخۆیان لەهەڵوێستەکان وردبینەوە، عەقڵی خۆیان بخەنە گەڕو تەصەروف بکەن بەجۆرێک کە خێرو خۆشی کۆمەڵگای تێدا بێو خێرو صەواب بێ.

دوای ئەوە پەروەردگار وەصفی موسوڵمانە عاقڵ مەندەکانی بەو نۆ صیفەتانە کرد: کە باسمان کردن، ئەمجار دێ پاداشی دونیاو قیامەتیان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿أُوْلَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ﴾ ئەوانەی ئەوە رەوشتیانەو ئاوا هەڵسو کەوت دەکەن سەرەنجامی باشیان هەیە، خۆشبەختی دونیاو قیامەتیان دەست دەکەوێ؛ لەدونیادا زاڵیان دەکەین بەسەر دوژمنداو لەقیامەتیشدا بەهەشتیان بەخەلات دەدەینێ. ﴿جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا﴾ ئەو سەرەنجامە باشە بریتی‌یە لەچەند باخو باخاتێک کە شوێنی مانەوەی هەتا هەتاییانەو هەرگیز لیێ دەرناچن، خۆیان دەچنە ئەو بەهەشتەوەو ﴿وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ﴾ هەروەها باوکو باپیرە صاڵحەکانیانو خێزانو نەوەیان؛ ئەوانەی لەدونیادا کردار باشو خاوەن باوەڕو رەفتار پەسەند بوون بەمەش زیاتر کەیفیان خۆش دەبێو ماڵو خێزانیان یەکدیگیر دەبنەوەو بەبینینی یەکتری دڵ شادیو بەختەوەریان زیاد دەکا، ئیتر دەست دەکەن بەیادکردنەوەی ژیانی دونیایانو حاڵو وەزعی رابوردوویان شوکرو سوپاسی خودا دەکەن کە لەو وەزعە رزگاریان بووە لەژیانی زەحمەتەوە کەوتوونە ناو ژیانی رەحمەتەوە.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە بنەماڵەو نەسەبو رەچەڵەک بەبێ کردەوەی چاک چ نرخێکیان نیە. باوکو دایکو کچو کوڕو نەوە بەکردەوەی


خۆیان نەبێ ناچنە بەهەشتەوە وەکوو قورئان لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿یوم لاینفع مال وبنون الا من اتی الله بقلب سلیم﴾الشعراء/٨٨-٨٩. سەرباری خۆشی بەهەشتو کۆبوونەوەی خێزانو خزمو کەسو کار ﴿وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ﴾ لەهەموو لایەکەوە فریشتە دیدەنییان دەکەنو پیرۆزبایی چوونە ناو بەهەشتو مانەوەی هەتا هەتایی لەتەک راستگۆیانو پێغەمبەراندا لەو بەهەشتە رازاوەیەدا لێ دەکەن جا فریشتەکان پێیان دەڵێن: ﴿سلام علیکم بما صبرتم﴾ ئاشتیو دڵنیایی لەرزگار بوون لەسەر ئێوە بێ، بەهۆی ئەوەی لەدونیادا خۆڕاگربوون، بەردەوام بوون لەسەر طاعەتو خواپەرستی، بەڵاو موصیبەتو تەنگو چەڵەمە کاری لەخۆگری ئێوە نەکرد.

﴿فنعم عقبى الدار﴾ بەراستی ئەم بەهەشتە پاداشو سەرەنجامێکی فرەخاسەو پیرۆزتان بێو شوێنێکی زۆر باشە بۆ حەوانەوەو ژیان تێدا بەسەر بردن.

ئیبنو جەریر دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ هەموو سەری ساڵێک دیدەنی گۆڕی شەهیدانی دەکردودەیفەرموو: (سلام علیکم بما صبرتم فنعم عقبى الدار) دوا پێغەمبەریش ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانیش ئەم سەردانەیان دەکرد.

ڕەوشتی بەدبەختەکانی ڕۆژی قیامەتو سزادانیان

وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَٰئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ ﴿٢٥﴾



دوای ئەوەی پەروەردگار ڕەوشتی بەختەوەرەکانو پاداشی نەبڕاوەی بەهەشتی بۆ دیاریکردن، ئەمجار حاڵی بەدبەختەکانی ڕۆژی قیامەتو ئەو

سزایەی بۆیان دانراوە بەیان دەكا، واتە: بەشوێن وادەو بەڵێندا هەڕەشە دەكاو بەشوێن پاداشدا باسی سزا دەكا. ئەمەش دابو نەرێتی قورئانە هەر كاتێ باسی دونیای كرد باسی قیامەتیش دێنێ، كە باسی موسوڵمانی كرد باسی كافرانیش دەكا..هتد. بۆ ئەوەی بەیانو ڕونكردنەوەكانی باشتر كاریگەربنو زیاتر هەڵنەربن بۆ پابەندبوون بەفەرمانو نەهیەكانییەوە.

لەم ئایەتەدا پەروەردگار وەصفی بەدبەختەكان بەسێ صیفەت دەكا. دەفەرموێ:

١- ﴿وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ﴾ ئەوانەی پەیمانی خودا هەڵدەوەشێننەوە، ئەو عەهدو پەیمانەی خودا فەرمانی پێ كردوون پابەندی بن كە بریتییە لەئیمان بەخوداو بڕوا بەقودرەتو باقی صیفەتەكانی، هەروا ئیمان بەپێغەمبەرانو كتێبە ئاسمانییەكانو ئەو پەیمانو بەڵێنانەی كە لەگەڵ ئادەمیزاددا دەیانبەستنو خۆیانی پێوە پابەند دەكەن، كەچی دوایی لێیان پاشگەزدەبنەوە پابەندیان نابن!

هەڵوەشاندنەوەی عەهدو پەیمان ئەوەیە: لەو بەڵگانە وردنەبێتەوە: كە هەبوونی خوداو تاكو تەنهایی خودا دەچەسپێنن، یان تێیان دەفكرێو دەزانێ بەڵگەكان حەقو ڕاستن بەڵام سەررەقی دەنوێنێو ئینكەبەری دەكاو بەگوێرەی زانیاری خۆی كار ناكا، یان شوبهەو گومان ڕاست دەكاتەوەو پێچەوانەی حەقو ڕاستی هەنگاو هەڵدەنێ. كە دەفەرموێ: ﴿مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ﴾ واتە: دوای ئەوەی دان دەنێ بەراستی پەیمانەكەو خۆی پێوە پابەند دەكا. ئەمجار دژی دەوەستێ.

٢- ﴿وَيَقْطَعُونَ مَاأَمَرَ اللهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ﴾ هەرچی خودا فەرمانی كردوە بەئەنجامدانی ئەوان نایكەن، هەرچی خودا نەی لێ كردوە ئەوان دەیكەن، بەكورتی دژی فەرمانو نەهیەكانی خودا دەجوڵێنەوە بڕوا بەخودا ناكەن شوێن پەیامی پێغەمبەرەكەی ناكەون. صیلەی ڕەحم بەجێ ناهێنن، لەگەڵ

موسوڵماندا هاریکارو هەم ئاهەنگ نین، یارمەتییان نادەنو پشتگیرییان ناکەن.

٣- ﴿وَيُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ فەسادو ئاشووب لەسەر زەوی بڵاودەکەنەوە، کردەوەی پیسو ناشرین ئەنجام دەدەن. ستەم لەخۆشیانو خەڵکی تریش دەکەن، بانگەوازی بۆ غەیری بەرنامەی خودا دەکەن، ستەمکاری دەرحەق بەگیانو ماڵی ئادەمیزادان ئەنجام دەدەن، هەر شتێک ببێتە هۆی وێرانبوونی وڵات ئەوان هەوڵی بۆ دەدەنو بانگەشەی بۆ دەکەن، فیتنە جۆو شەڕانیو شووم ویستو خراپەکارن ﴿أُولَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ﴾ ئەوانە نەفرینی خوداو پێغەمبەرانو فریشتەیان لەسەرە، شیاوی نەفرین لێکردنن، لەرەحمەتو سۆزی خودا دوور دەخرێنەوە، لەخێرو خۆشی دونیاو قیامەت بێ بەش دەکرێن.

﴿وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ﴾ ئەوانە سەرەنجامی خراپیان هەیە، دوا ڕۆژیان سامناکەو شوێنی حەوانەیان دۆزەخە، هەرچی تووشیان دێ خراپەو سزاو تۆڵەیە.. وەکوو لەوەپێش لەئایەتی ژمارە (١٨)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾.

ئەوانە بەژیانی دونیا دڵخۆشنو باوەشیان بەدونیای بێ بەقادا کردوە، هەوڵیان بۆ دەستەبەر کردنی کامەرانی قیامەتو ژیانی بەردەوامی نەداوە. ئەوەیان لەبیر چۆتەوە؛ کە هەر خودا رزقو ڕۆژیی دەدا، حەزی لێ بێ رزقو ڕۆژیی بۆ فلان زیاد دەکاو بۆ فیساری تەنگ دەکا. ئەوە نازانن یان دەیزانن و خۆیانی لێ گێل دەکەن: کە هەموو شتێک بەدەست خودایە لەدونیاو قیامەتدا، ئەگەر ئەوان هەوڵیان بۆ قیامەت بدایە بێگومان خودا لەلەززەتی دونیا بێ بەشی نەدەکردن.

رزق‌و رۆزیی بەدەست خودایە، هیدایەت لەخوداوەیە بۆ کەسێک ئیمان بەخودا بهێنێ

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ طُوبَىٰ لَهُمْ وَحُسْنُ مَـَٔابٍ ﴿٢٩﴾ كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَٰكَ فِىٓ أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَآ أُمَمٌ

دوای ئەوەی پەروەردگار سەرەنجامی موسوڵمانو موشریکی دیاری کرد، ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە: کە هەر خودا رزقو رۆژی دەداو ئەندازەداری دەکا، دونیا خانووی تاقی کردنەوەیە، رژاندنی رزقو رۆژی زۆر بەسەر کافردا نیشانەی رێز لێنان نیە، هەروەکوو تەنگ کردنەوەی رزقو رۆژی لەسەر موسوڵمان نابێتە بەڵگەی بەکەمزانینی، رزقو رۆژی چ پەیوەندییەکی بەکوفرو ئیمانەوە نیە، زۆر جار وا دەبێ رزقو رۆژی زۆرو فراوان دەدرێ بەکافر بۆ لەخشتەبردنی، موسوڵمانانیش دەست کورتو ژیانی کولەمەرگی دەدرێتێ بۆ زێدە پاداشو ئەوابی چاک.

ئەمجار باسی پەڵپو بیانووی کافرەکانی قورەیش دەکا: کە لەپێغەمبەریان دەگرت، پاشان حاڵو وەزعی موسوڵمانە لەخودا ترسەکانو

پاداشیان لای خوداو سەرەنجامی کافرو موسوڵمانەکان دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ﴾ پەروەردگار رزقو رۆژیی دەڕێژێ بەسەر کەسانێکدا کە مەیلی لێیە بیانداتێ، بۆ هەندێ کەسیش کەمی دەکاتەوە، ئەمەش حیکمەتو دادپەروەریی یەزدانە، چ پەیوەندییەکی بەکوفرو ئیمانی ئادەمیزادەکەوە نیە. جاری وا دەبێ خودا رزقو رۆژیی لەسەر موسوڵمان کەم دەکاتەوە بۆ بەتاقیکردنەوەو ئەجرو ثەوابی زۆر، بەسەر کافریشدا رزقو رۆژی دەڕژێنێ بۆ لەخشتەبردنیو کێشکردنیو بێ بەشکردنی لەرزقو رۆژی بەهەشت ئەمە عەدالەتی یەزدانییە، زۆری رزقو رۆژی بۆ کافر نیشانەی خۆشەویستیو لێ رازی بوون نیە، لەهەمان کاتدا تەنگدەستیو کەمدەرامەتی موسوڵمان نیشانەی ئەوە نیە خودا ناخۆشی دەوێو سوکایەتی پێ دەکا. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ایحسبون انما نمدهم به من مال وبنين، نسارع لهم في الخيرات بل لايشعرون﴾المؤمنون/٥٦. یان دەفەرموێ: ﴿والذين كذبوا بآياتنا سنستدرجهم من حيث لايعلمون﴾الأعراف/١٨٢.

ئەمجار هەڵسوکەوتی موشریکەکانی مەککە دیاری دەکا: کە لەکاتی دەوڵەمەندیو ژیانخۆشییاندا لەخۆیان بایی دەبن، دەفەرموێ: ﴿وَفَرِحُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ واتە: موشریکەکانی مەککە بەژیانی دونیا کەیف خۆشو تەردەماخ بوونو پێیەوە پەیوەست بوونو وا دەزانن جگە لەژیانی دونیاو لەززەتەکانی هیچی تر نیە، پێیان وایە: ژیان هەر ژیانی دونیایەو بەس! ﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ﴾ بەلام لەراستیدا خۆشیو ژیانی دونیا لەبەرامبەر ژیانی قیامەتدا وەکوو مەتاعێکی بێ بەقاو کەم بایەخ وایە، شتێکی کەمو هیچو پووچو خێراتواوەیە.

ئیمام ئەحمەدو موسلیمو تیرمیذی لە(المستورد)ەوە: کە برای بەنی فیهرە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ماالدنيا في الآخرة الا كما يجعل احدكم اصبعه هذه في اليم، فلينظر بم ترجع، واشار بالسبابة).

تیرمیذی لەئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لەسەر کوتە حەصیرێک نووستبوو، کە هەستا دیاربوو حەصیرەکە شوێنکەی لەلاپەراسووی پێغەمبەر کردبوو، عەرزیان کرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر رێگەت بداینایە جێگایەکی نەرمو نۆڵمان بۆ رێک بخستیتایە! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مالي وللدنيا، ماأنا في الدنيا الا كراكب استظل تحت شجرة، ثم راح وتركها). ئەمن چم بەسەر دونیاوە هەیە؟! لەراستیدا من لەجیهاندا خۆم وادەبینم وەکوو سوارێک لەرێگا لای دایە ژێر سێبەری درەختێکو تۆزێک ماندووی حەسایەوەو دووایی بەرێ کەوتو سێبەرەکەی جێ هێشت.

جا کە ئەوەی روون کردەوە: کە موشریکەکانی مەککە بەژیانو لەززەتی دونیا لەخۆیایی بوونو مادە هەستو شعووری داپۆشیون، ئەمەش وای لێ کردن: کە داوا لەپێغەمبەر ﷺ بکەن موعجیزەی مادی وایان بۆ بێنێ کە بەڵگە بێ لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیەکەی، چونکە گەلو نەتەوەیەکی مادە پەرستو نەفام بوون بروایان وانەبوو قورئان موعجیزەیە،بەڵگەی بەهێزە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد، گەلو نەتەوەیەکی ماددی نەزان بوون، مێشک پوتی دڵ داخراوی سەررەقو بێ گوێی هەڵخەڵەتاو. هێندە لەخۆیان بایی بوبوون پەڵپو بیانووی جۆراو جۆریان لەپێغەمبەر ﷺ . وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ؟﴾ واتە: کافرەکانی قورەیش هی وەک عەبدوڵلای کوڕی ئومەیەو هاوەڵانی دەڵێن: ئەوە بۆچی موعجیزەیەکی وەکوو موعجیزەی پێغەمبەرەکانی پێشوو دانابەزێ بۆ سەر موحەممەد!؟ بۆ پارچەیەک لەئاسمان بەرنابێتەوە بۆ سەرمان؟ بۆچی کێوی صەفا ناکا بەزێڕ؟ بۆچی کێوەکانی دەورو بەری مەککە رانامالێو شوێنەکەیان ببێتە باخو باخاتو شوێنی سەیرانگاو کانیاوی لێ هەڵقوڵێنو جۆگەو جۆباریی تێدا بکشێن. دەڵێن: بۆچی موعجیزەی وەکوو حەزرەتی

موساو حەزرەتی عیسامان بۆ ناهێنیّ؟ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویّ:
﴿فلیأتنا بآیة کما ارسل الأولون﴾الأنبیاء/٥.

وەکوو ئەوە بڵێیّ: ئەو کافرانە لەبەر ئینکەبەریو خۆیەزلزانیو نەفامییانو ئیدیعای ئەوەیان دەکرد: کە موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺ بەقورئانیشەوە ناچنە ئاستی موعجیزەیەکی وەهاوە شیاوی ئەوەبن ئەوان بڕوای پیّ بکەنو بەموعجیزەیان دانێن. بۆیە پەڵپی موعجیزەی تریان دەگرت.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەر دەکا: کە ئەوەیان بۆ روون بکاتەوە:کە نازڵکردنی ئایاتو موعجیزە چ دەخڵێکی بەهیدایەتو گومڕابوونەوە نیە،بەڵکوو هەموویان بەدەست خودان!

دەفەرمویّ: ﴿قُلْ: إِنَّ اللهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ﴾ واتە: چ سوودێک لەموعجیزە هاتنە خوارەوەدا نیە بۆ ئێوە ئەگەر خودا ئیرادەی هیدایەتدانی ئێوەی نەکردبیّ، هەر کەسێک وەکوو ئێوە سەرڕەقو ئینکار بیّ، لەکوفرو گومڕاییدا رۆچو بیّ، ئەگەر موعجیزەی تریشی بۆ بێنن هەر ئیمان ناهێنیّ، چونکە هیدایەتو گومڕایی بەدەست خودایە، بۆیە پێویستە ئێوە لەجیاتی داوا کردنی موعجیزەی تر. لەخودا بپاڕێنەوە هانای بۆ بەرن، دەستی دوعا بەرز بکەنەوەو بنووزێنەوە داوای لیّ بکەن هیدایەتتان بدا، چونکە خودا کەسێک مەیلی لیّ بیّ گومڕای دەکا، وەکوو چۆن ئێوەی گومڕا کرد دوای ئەوەی موعجیزەی وەکوو قورئانی بۆ ناردن، ئەگەر موعجیزەی تریشتان بۆ بنێریّ هەر لەگومڕایی خۆتان دەرناچن. هەروەها کەسێک هیدایەت دەدا کە بۆلای خودا بگەڕێتەوەو هانای بۆ بەریّ، واز لەسەر رەقی خۆی بێنیّو رویکاتە ئیسلامو گەردنکەچی فەرمانو نەهیەکانی خودابیّ.

بەکورتی قورئان بۆ خۆی موعجیزەیەکی تەواوو بیّ کەمو کورییە، کەسێک قورئانی بۆ بیّ بەموعجیزە ئیتر پێویستی بەموعجیزەی تر نیە، جا ئەگەر خودا ئیرادەی هیدایەتدانی ئێوەی بکردایە، وای لیّ دەکردن ئیختیاری

ڕێبازی هیدایەتتان بگرتایە بەرو هۆکارەکانی هیدایەتتان دەستەبەر بکردنایە ئیتر ئەو کاتە قورئان دەبوە باشترین مورشیدو هیدایەتدار بۆ ئێوە، بەلام خودا ئێوەی ڕۆچواندوە لەگومڕاییدا واتان لێ هاتووە ئاوڕ لەهیچ شتێکی تر نادەنەوە، هیچ ئامۆژگاریو نەصیحەتێک کارتان تێ ناکا، چونکە بۆخۆتان ئامادەباشی ئیمان هێنانتان تێدا نیە، سەررەقو لوتبەرزو گوێ نەبیستن، جا کەسێک ئەمە حالّی بێ چۆن ڕێگای هیدایەت دەگرێتەبەر با هەرچی موعجیزە هەن بۆی بنێردرێن!!

وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ولو اننا نزلنا اليهم الملائكة وكلمهم الموتى، وحشرنا عليهم كل شيء قبلاً، ماكانوا ليؤمنوا الا أن يشاء الله، ولكن اكثرهم يجهلون**﴾الأنعام/١١١. یان دەفەرموێ: ﴿**وما تغني الآيات والنذر عن قوم لايؤمنون**﴾یونس/١٠١. یان دەفەرموێ: ﴿**ان الذين حقت عليهم كلمة ربك لايؤمنون ولو جاءتهم كل آية، حتى يروا العذاب الأليم**﴾یونس/٩٦-٩٧. بەلام کەسانێک ڕوبکەنە خوداو لەبەڵگەو نیشانە ئاشکراکانی خودایەتی ئەو وردببنەوە، ڕێبازی ڕاستو حەق بگرنەبەر، ئەوە خودا بەرچاویان ڕۆشن دەکاتەوە، دڵیان گۆشادو نورانی دەکاو هیدایەتیان دەدا، ئەوانە حەتمەن بەئاوات دەگەنو خۆشبەختی دونیاو قیامەت بەدەست دەهێنن! وەکوو لەم ئایەتەدا ئاماژەیان بۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ﴾ ئەوانەی بڕوایان بەتاکو تەنهایی خودا هەیەو شوێن پەیامی پێغەمبەر کەوتوون، دڵیان ئارامی گرتووەو دڵنیان لەتاکو تەنهایی پەروەردگارو هاتنی وادەو بەڵێنەکانی، پشتیان بەخودا بەهێزەو هەمیشە چاوەڕوانی ڕەحمەتی بەرفراوانی یەزدانن. ئەگەر شکو گومانێکیان بۆ پەیدا ببێ، خێرا بەبەڵگەو نیشانەی جۆراو جۆر گومانەکەیان دەڕەوێننەوە. لەنیشانەو دیاردەکانی کائینات ورد دەبنەوە، دان بەخودایەتی خوداو تاکو تەنهاییدا دەنێن، بەیارمەتیدەرو چاودێری خۆیانیدەزانن ﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾

ئاگادار ببنــەوە هەمیشــە بـەیادی خـوداو خـۆ تەسـلیم کردنـیو پابـەند بـوون بەفـەرمانو نەهیـەکانی دڵـەکان ئــارام دەگـرنو ختوکــەو قەڵــەقو ڕاڕایــیو چەواشەییان تێدا نامێنێ، ڕاڕایـیو غـەمو نارەحـەتی لـەو دڵانـەدا جێگایـان نابێتەوە کە پەیوەستن بەذیکری خوداوە، هەر کاتێ موسوڵمانی ڕاستاڵ وادەو بەڵێنی خودای خۆی یاد بکاتـەوە، پاداشو ڕەحمـەتی خـودا بێنێتـە نـاو دڵو دەروونی خۆیەوە ئارامییەکی یەزدانی ناو دڵو دەروونـی ئـاوەدان دەکاتـەوەو دڵی ئارام دەگرێ! بـەرچاو ڕوونو ڕەفتـار بـاشو کـردار پەسـند دەبـێ. وەکـوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ثم تلين جلودهم وقلوبهم الى ذكر الله﴾الزمر/٢٣.
موسوڵمانی ساغ هەر کاتێ سزاو تۆڵەی خـودای بـیر کەوتـەوە ترسـی خـودای لاپەیدا دەبێ، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفـەرموێ: ﴿انما المؤمنون الذين اذا ذكر الله وجلت قلوبهم﴾الأنعام/٢.

ئەمجار پەروەردگار پاداشی موسـوڵمانە دڵ بەئارامـەکان دیـاری دەکـاو دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ طُوبَى لَهُمْ وَحُسْنُ مَآبٍ﴾ ئەوانەی بڕوایان بەخودا کردوەو شوێن پەیامی پێغەمبەر کـەوتوون، کـردەوەی چاکو پەسندیان ئەنجام داوە، ئەوانە کەیفخۆشیو تەڕدەماخیو چاو فێنکییان لای خودا بـۆ تـەرخان کـراوە، ژیـانی خۆشو نـازو نیعمـەتو پاداشـی بـاشو سەرەنجامی چاکیان دەست دەکەوێ.

بەکورتی:

ئەهلی بەهەشت (بەئافرەتو پیاویانەوە) لەلەززەتو خۆشی دان هەرچی حەزیان لێ بێ بۆیان حازرو بەیدەستە، هەرچی بیانەوێ دەیاندرێتێ.
ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: (طوبی) واتە: بەهەشت. ڕیوایەتێکی تری لێ دەگێڕنەوە: فەرموویەتی: (طوبی) درەختێکە لەبەهەشتدا.

قورطوبی دەفەرموێ: راست وایە کە (طوبی) درەختێک بێ لەبەهەشتدا. ئاماژە بەفەرموودەیەکی مەرفووع کە دەفەرموێ: (نعم شجرة تدعی طوبی)

فەرموودەیەکی تری مەرفووع هەیە ئیمام ئەحمەد لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: (طوبی: شجرة في الجنة، مسيرة مأة سنة، ثياب أهل الجنة تخرج من اكمامها)

ئیمامی موسلیمو بوخاری فەرموودەیەکی تر ریوایەت دەکەن لەسەهلی کوڕی سەعیدەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (انّ في الجنة شجرة يسير الراكب في ظلها مئة عام لايقطعها) ئەمەش بۆ فەضلو گەورەیی خودا شتێکی ئاسایی‌یە، چونکە بەهەشت هەمووی شتی عەجائیبو سەرسوڕهێنەر وەکوو لەو حەدیثەدا کە لەئەبو هورەیرەوە ریوایەت کراوە دەفەرموێ: (فيها مالا عين رأت، ولا أذن سمعت، ولا خطر على قلب بشر) واتە: لەبەهەشتدا شتی وا هەیە هەرگیز چاو نەیبینیوە، گوێچکە نەیبیستووە، بەخەیاڵیش بەسەر دڵی ئادەمیزاددا رانەبوردوە..!!

حەزرەتی موحەممەد ﷺ شتێکی نائاسایی نیە لەناو پێغەمبەراندا، ئەویش وەکوو پێغەمبەرەکانی تر ئادەمیزاد بووەو نیگای بۆ کراوە

كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَٰكَ فِىٓ أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَآ أُمَمٌ لِّتَتْلُوَا۟ عَلَيْهِمُ ٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ ۚ قُلْ هُوَ رَبِّى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ ﴿٣٠﴾ وَلَوْ أَنَّ قُرْءَانًا سُيِّرَتْ بِهِ ٱلْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ ٱلْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ

بِهِ ٱلْمَوْتَىٰ ۗ بَل لِّلَّهِ ٱلْأَمْرُ جَمِيعًا ۗ أَفَلَمْ يَاْيْـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعًا ۗ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُوا۟ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّىٰ يَأْتِىَ وَعْدُ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٣١﴾ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٣٢﴾ أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ۗ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ قُلْ سَمُّوهُمْ ۚ أَمْ تُنَبِّـُٔونَهُۥ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلْأَرْضِ أَم بِظَـٰهِرٍ مِّنَ ٱلْقَوْلِ ۗ بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مَكْرُهُمْ وَصُدُّوا۟ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾ لَّهُمْ عَذَابٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَشَقُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٣٤﴾

دەربارەی هۆی نازڵبوونی ئایەتی ژمارە (٣١) طەبەرەانیو هی تریش لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکەن دەفەرموێ: قورەیشییەکان بەپێغەمبەریان گوت ﷺ: ئەگەر ئەوەی دەیڵێی راستە دە پیاو ماقوڵە مردوەکانمان نیشان بدە با قسەیان لەگەڵ بکەین، ئەم کێوانەی دەوروبەری مەککەمان بۆ راماڵە باولاتمان بۆ ببێتە دەشتاییو کشتو کاڵی لێ بکەینو ئاومان بۆ لێ هەڵقوڵێنە. ئیتر ئایەتی ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرآناً سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ﴾ نازڵ بوو!

لەریوایەتێکی تردا: کە لەئیبنو عەبباسەوە ریویاتیان کردوە دەفەرموێ: قورەیشییەکان بەپێغەمبەریان گوت: (سیر بالقرآن الجبال، قطع بالقرآن الأرض، أخرج به موتانا) ئیتر ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو مەردەوەیهی لە(عطیه العوفي)یەوە ریوایەت دەکەن دەڵێ: بەپێغەمبەریان گوت: (ئەگەر کێوەکانی دەوروبەری مەککەمان بۆ لابەری تا ولاتمان ببێتە شوێنی کشتو کاڵو فەلاحەتی تێدا دەکەین، یان رێگای دوورمان بۆ نزیک بکەیتەوە وەکوو چۆن سولەیمان بەهۆی تەختەکەیەوە کە (با) هەڵی دەگرت بەیانیان مانگەرێیەک دەرۆیی‌و ئیواران مانگەرێیەک دەگەڕایەوە، یان مردوومان بۆ زیندو بکەرەوە وەکوو چۆن عیسا مردووی زیندو دەکردنەوە!!) ئیتر ئایەتی ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرآناً سُيِّرَتْ...الآيــة﴾ نازڵ بوو.

ئیبنو ئەبی شەیبەو ئیبنولمونذیرو هی تریش ریوایتیان کردوە لە(الشعبي)یەوە دەڵێ: قورەیشییەکان بەپێغەمبەریان گوت. ئەگەر تۆ راست دەکەی پێغەمبەری، دە ئەم دوو کێوەی دەوری مەککەمان بۆ لێک دوور بخەرەوە، مەسافەی چوار رۆژ یان پێنج رۆژە رێ لێکیان دوور بخەرەوە، چونکە زۆر لێک نزیکن، نێوانەکەیان ببێتە زەوی‌و زارو دێبەر، کشتو کاڵی تێدا دەکەین، ئاژەڵی لێ دەلەوەرێنین. باوکو باپیرە مردووەکانمان بۆ زیندو بکەرەوە قسەیان لەگەڵ بکەین‌و هەواڵمان بدەنێ: کە تۆ پێغەمبەری. یان بەهۆی شتێکەوە بمانگەیەنە شام یان وەلاتی یەمەن یان خاکی حیرە، بەشەوێک بمانبەو بمانهێنەوە! ئەی ئەوە نیە تۆ بۆخۆت لافی ئەوە لێ دەدەی گوایە بەشەوێک چویتە بەیتولمەقدیسو ئاسمانەکانو گەڕاویتەوە! ئیتر ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

پەیوەندی ئەم ئایەتە بەهی پێشەوە ئەوەیە: دوای ئەوەی پەروەردگار پەڵپو بیانووی موشریکەکانی بۆ گێڕاینەوە، ئەوەی بەیان کرد: کە

موحەممەد ﷺ وەکوو باقی پێغەمبەرەکانی تر وایە بانگەوازی یەکتاپەرستی دەکا. جا گەلێ نەتەوە پێشینەکان داوای موعجیزەو نیشانەی جۆراو جۆریان لەپێغەمبەرەکانیان کردوە، خوداش داخوازییەکەی بۆ هێنانەدی، بەلام ئەوان ئیمانیان پێ نەهێناون، ئیتر خودا بەسزای ریشەکێشکەر لەبێخی دەرهێناون..

جا گەلو نەتەوەکەی تۆش ئەی پێغەمبەر! ئەگەر داوای موعجیزە دەکەن، ئەوە قورئانمان بۆ ناردووی، بۆیان دەخوێنیەوە، پەروەردگار دەتوانێ هەمو شتێک بکا، ئەو موعجیزەو نیشانانەی ئەوان داوای دەکەن خودا دەتوانێ بیانهێنێتەدی.... بەلام هێنانەدی ئەو موعجیزانە سوودی نابێ. ئەمجار هەرەشەیان لێ دەکاو دڵنەوایی پێغەمبەر دەکاو. دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَاكَ فِي أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَا أُمَمٌ لِّتَتْلُوَ عَلَيْهِمُ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ﴾ وەکوو پێغەمبەرمان ناردوون بۆ سەر گەلو نەتەوە پێشینەکانو بەدرۆیان خستوونەوەو پەلپو بیانوویان بێ گرتوون، تۆشمان کردوە بەپێغەمبەرو رەوانەمان کردوی بۆ سەر ئەم گەلو نەتەوەیە بۆ ئەوەی پەیامی خودایان پێ بگەیەنیو ئیمانت پێ بهێنن.

جا وەکوو چۆن سزاو تۆڵەو عەزابی خۆمان نارده سەر ئەو گەلو نەتەوانە، با کافرەکانی مەککەش بترسن لەوەی هەمان سزاو عەزاب بێتە سەر ئەوانیش. لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿تالله لقد ارسلنا الى امم من قبلك﴾النحل/٦٣. یان دەفەرموێ: ﴿ولقد كذبت رسل من قبلك، فصبروا على ماكذبوا واوذوا حتى اتاهم نصرنا، ولا مبدل لكلمات الله، ولقد جاءك من نبأ المرسلين﴾الأنعام/٣٤.

بەکورتی:

ئەی موحەممەد! ئێمە تۆمان ناردوە بەنامەیەکی پیرۆزەوە بۆ ئەوەی بەئادەمیزادانی رابگەیەنیو بەسەریاندا بیخوێنیەوە، وەکوو چۆن لەوەپێش پێغەمبەری ترمان رەوانە کردوون بۆ سەر گەلە پێشینەکان. جا کاتێ کە

پێغەمبەرەکان بەدرۆ خرانەوە، بڕوانە چۆن سەرمان خستنو یارمەتیمان دانو سەرئەنجامی سەرورەری هەر بۆ ئەوانو شوێنکەوتوانیان بوو لەدونیاو قیامەتدا.

﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ﴾ وەلحاڵ ئەم هۆزەی تۆمان بۆسەر ناردوون ئەی موحەممەد! بڕوایان بەخودا نیە، ئەو پەروەردگارە رەحمانە ناناسن کە رەحمەتو فەضلی بەشی هەموو شتێک دەکا، دان بەخودایەتی‌دا نانێن، بڕوایان بەبێ هاوەڵی خودا نیە، سوپاسی نیعمەتەکانی ناکەن، دەڵێن: هاوەڵی هەیە، کوڕو کچی هەن!

﴿قُلْ هُوَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ﴾ ئەی فروستادەی خۆشەویست! بەوکافرانە بڵێ: ئەو (رەحمانە)ی ئێوە بڕواتان پێ‌ی نیە، من بڕوای تەواوم پێیەتی، ئەو بەدیهێنەری منە، چاودێرو پارێزەرمە، هەر ئەو خودامە خودای ترم نین، هیچ خودای تر نین شیاوی پەرستن بن!

﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ لەهەموو ئیشو کارێکمدا پشت بەئەو دەبەستمو کارەکانم حەواڵەی ئەو دەکەمو بتمانەم هەر بەخودایە!

﴿والیه متاب﴾ گەڕانەوەم هەر بۆ لای خودایە، تۆبە هەر بۆ لای ئەو دەکەم، کەسی تر شیاوی ئەوە نیە من بۆ لای بگەڕێمەوە. ئەم ئایەتە فەضلو گەورەیی تۆبە دیاری دەکاو هەڵنانی کافرەکانە بۆ واز هێنان لەکردارو هەڵوێستیان بەناسکترین شێوە، چونکە فەرمان بەپێغەمبەر کراوە بەتۆبە کردن، لەکاتێکدا ئەو دوورە لەتاوانکردن، کەوابێ تۆبەکردنی کافرەکان: کە سوورن لەسەر کوفرو بێدینی زۆر پێویست ترە! ئەمە وەکوو مانای ئایەتی ﴿واستغفر لذنبك﴾غافر/٥٥ وایە.

ئەمجار گرنگیو گەورەیی قورئان دیاری دەکاو، ئەوە دەچەسپێنێ، دەفەرموێ: ئێمە تۆمان کردوە بەپێغەمبەرو رەوانەمان کردوی بۆ ئەوەی کە

ئەم قورئانەیان بەسەردا بخوێنیەوە، ئەم قورئانــە عــەجیبو سەرسوڕهێنەرەی کە لەهەموو رویەکەوە موعجیزەیەو لەتوانای ئادەمیزاددا نیە وێنەی بهێنیٚ!

تەنانەت ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرآناً سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ﴾ ئەگەر بچەسپیٚ کە کتێبێک هەبوە بەخوێندنــەوەی کێــو وەگەڕکــەوتووەو شــوێنی خــۆی بــەجیٚ هێشــتووە، وەکوو ئەو جمو جوولەی کە بەسەر کێوی طور هــات لــەئاکامی ئــەو داوایــەی موسا کە فەرمووی ﴿رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ﴾ خودایە خۆتم نیشان بدە باســەیرت بکەم.

﴿أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْضُ﴾ یان زەوی بەهۆیەوە شەق بکــریٚ وەکــوو ئــەوەی کە موسا لەبەردەکەی داو دوانزە سەرچاوەی لیٚ هەڵقولا..

﴿أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَىٰ﴾ یان بەهۆیەوە قسە لەگەڵ مــردو بکــریٚ بــەم شــێوە مردو بەهۆی قورئان بەسەرا خوێندنەوە بکەوێتە قسە، وەکوو بۆ عیســا هاتــە دی.

بەڵیٚ ئەگەر شتێک لەمانــە بــۆ نامەیــەکی ئاسمــانی دەستەبەر بووبــیٚو دەستەبەربوایە، ئەوە بەتەئکید بۆ قورئان دەهاتە دی ئەو قورئانەی: کە بەهیچ جۆرێک بەتاڵی تێدا نیەو هەمووی حەقو بیٚ خەوشە.

بــەڵیٚ ئەگــەر شــتێک لەوانـــە بـــۆ نامەیــەک لەنامــە ئاسمانییــەکانی بهاتایەدی، بۆ قورئان دەهاتە دی، چونکە هیچ نامەیەکی تــر جگــە لــەقورئان ئــەوەندە ئایــاتی کــەونی لــەخۆ نــەگرتوون، ئـــەو ئایەتانــەی: کــە نیشــانەی دەسترەنگینیو ئیبداعی پەروەردگارن بۆخودی ئادەمیزادەکانو لەبوونــەوەردا، ئەو هەموو ئەحکامەی لەخۆ گرتوون: کە پەیڕەوی کردنیان مایەی خۆشبەختی ئــادەمیزادە لــەدونیاو قیامــەتدا، ئــەو هــەموو پــەندو ئامۆژگــاریو یاســای ئاوەدانکردنەوەو ڕێنومایی پێکەوە ژیانەی تێدا هەن: کە پابەند بوون پێوەیــان دەبێتە مایەی خــێرو خۆشــی بــۆ ئــادەمیزاد، کۆمەڵگایــەکی بەختــەوەر دێتــە کایەوە!

بەکورتی ئەگەر هێنانەدی ئەو ئایاتو موعجیزانەی کافرەکان داوایان دەکەن حیکمەتو دانایی خودا داخوازیان بوایەو بەرژەوندی ئادەمیزادی تێدا هەبوایە، ئەوە بێگومان لەقورئاندا رەنگی دەدایەوە: ئەو قورئانەی کە ئەوان بەموعجیزەی نازانن‌و پەڵپی نیشانەو موعجیزەی تر دەگرن.

ئەی ئەوە نیە لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**لو انزلنا هذا القرآن على جبل لرايته خاشعاً متصدعاً من خشية الله**﴾**الحشر/٢١.**

دەتوانین بڵێین: مانای ئایەتی ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرآناً سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْض أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى...﴾ بەم جۆرەیە: ئەگەر کتێبێک هەبوایە ئەو موعجیزە گەورانەی پێ ئەنجام بدرانایەو بەهۆی خوێندنەوەی بەسەر بوونەوەرو ئادەمیزاددا کێوی بڕۆیاندنایەو زەوی شەق بکردایە، مردووی بهێنانایە قسە، ئەوانە ئیمانیان پێ نەدەهێنا، لەبەر سەررەقی‌و لوتبەرزی‌و عەنادییان! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ولو اننا نزّلنا اليهم الملائكة وكلمهم الموتى وحشرنا عليهم كل شيء قبلا ماكانوا ليؤمنوا الا ان يشاء الله**﴾**الأنعام/١١١.**

مامۆستا سەیید لێرەدا دەفەرموێ: (بێگومان ئەم قورئانە کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری لەدڵ‌و دەروونی ئەوانەدا بەدی هێناوە کە پێشوازییان لێ کردوەو بەراستی وەریان گرتووە، کاریگەریەکە زۆر گرنگترە لەگرنگی ڕۆیاندنی کێوو شەقکردنی زەوی‌و زیندو کردنەوەی مردو، قورئان لەو دڵ‌و دەروونانەدا موعجیزەو خارقەی گەورەترو کاریگەرتری دروستکردون، کارگەریەکەی لەشێوەو روخساری زەویشدا رەنگی داوەتەوە. بڕوانە موسوڵمانان وێڕای گۆڕانی رەوڕەوەی مێژوو چۆن رووی زەویشیان گۆڕیوە؟......

ئەوانەی پێشوازییان لەقورئان کردو بڕوایان پێ کردو پێوەی پابەند بوون، گەورە تریان لەکێو رۆیاندوە: کە مێژووی گەلو نەتەوەکانە. لەزەوی قاییمتریان شەق کردوە کە فکری جامیدو دابو نەرێتی جامیدە. لەمردوویان مردوتر

زیندو کردۆتەوە کە دڵو دەروونی ئەو گەلو نەتەوانەیە: طوغیانو بوغرایی‌و خەیاڵی پووچ‌و بێ جێیانی گیانی لەناوبردبوون... ئەو گۆڕانکارییەی لەدڵو دەروونی نەتەوەی عەرەبدا هێنایە دی‌و ئەو بازە مێژوویی‌یەی پێیدانو ئەو گواستنەوە گرنگ‌و گەورەیەی لەژیانی کۆمەڵگای ئادەمیزاددا بەگشتی‌و هی عەرەب بەتایبەتی ئەنجامی دا هۆکارە بینراوەکانی جگە لەقورئان هیچی تر نابیندرێ! بەیڕەوو پرۆگرامی قورئانو کاریگەرییان لەدڵو دەروونی ئادەمیزاددا زۆر گەورەترە لەجولاندنی کێوی چەقیو لەشەقکردنی زەوی بێ گیان لەزیندو کردنەوەی مردوو!!)

﴿بَل لِّلَّهِ ٱلْأَمْرُ جَمِيعًا﴾ بەڵکوو جەمسەری هەموو کاروبارێک، سەرەنجامی هەموو شتێک، بەدەست خودایەو لەلای خودایە، هەرچی بیەوێ ببێ دەبێ، ئەوی نەیەوێ ببێ نابێ! کەسێک خودا هیدایەتی نەدا کەس نیە بتوانێ هیدایەتی بداو بیگەیەنێتە مەبەست. پەروەردگار بۆخۆی خاوەنی ئیرادەو فەرمانە دەربارەی نازلکردنی ئایاتو موعجیزە، دەسەلاتو توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ‌و هیچ شتێک نیە لیێ عاسی بێ! جا ئەگەر داخوازی کافرەکانی قورەیش حیکمەتێکی تێدا بوایەو بەرژەوندی ئادەمیزادی تێدا بەدی بکرایە، خودای بالادەست داخوازییەکانیانی دەهێنانە دی. وەلێ قورئان بۆخۆی بەسە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی موحەممەدو ویستی خوداش وانەبوە موعجیزەیەکی تر بخاتە روو چونکە خودا بۆ خۆی دەزانێ؛ هیچ سوودو فائیدەیەک لەوەدا نیە پەڵپو بیانوەکانیان ببڕێن، زانایە بەوەی کە دڵیان لەبەرد رەقترەو ئەگەر بەقورئان هیدایەت نەدرێن بەموعجیزەی تریش موسوڵمان نابن.

بەکورتی:

هیدایەتدانو گومراکردن پەیوەستن بەیاسای سەبەبییەتەوە: واتە: پەروەردگار لەقورئاندا ئایاتی هیدایەتو رەهنومایی نازلێ کردوون هەر

کەسێک پابەندیان بیو بەگوێرەیان هەڵسو کەوت بکا هیدایەت دراوە، هەر کەسێک پشتیان لێ هەڵکا گومڕاو سەر لێ شێواوە. کەوابێ گوێ نەدان بەقورئانو ئامۆژگارییەکانی هۆکارە بۆ گومڕابوونو سەرلێ شێوان! جا کە مەوزوع ئەوەبێ با موسوڵمانان بەلایانەوە سەیر نەبێ کە کافرەکان ئیمان ناهێنن!!

﴿أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعاً؟﴾ ئایا موسوڵمانان نەیانزانیوەو نازانن تا ئێستا بۆیان ئاشکرا نەبوە: ئەگەر خودا بیویستایە هەموو ئادەمیزادی دەخستنە سەر ڕێبازی هیدایەتو دەیگەیاندنە مەبەست!؟

بێگومان بەڵگەو موعجیزە لەقورئان گەورەترو کاریگەرتر نابن، هیچ شتێکی تر بەئەندازەی قورئان کاریگەری لەسەر دڵو دەروون نیە، جا کە ئەوان بەقورئان هیدایەت نەدرێنو بەئەو پەندو عیبرەت وەرنەگرن ئاشکرایە بەهیچی تر نایەنە سەر ڕێگای هیدایەت.

لەصەحیحی بوخاریدا هاتوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مامن نبيّ الا وقد أوتي ما آمن على مثله البشر، وانما كان الذي اوتيته وحياً أوحاه الله اليّ فأرجو ان اكون اكثرهم تابعاً يوم القيامة) مەبەست ئەوەیە: دەفەرموێ: موعجیزەی هەموو پێغەمبەرێک بەلەدونیا دەرچوونی پێغەمبەرەکە کۆتایی هاتووە. وەلێ قورئان بەڵگەیەکی هەتا هەتاییو بەردەوامە، عەجایەبەکانی نابڕێنەوە، کۆن نابێ، زانایان لێی تێر نابن، جوداکەرەوەی حەقو بەتاڵەو گاڵتەجاڕ نیە، کەسێک لەبەر لوتبەرزی وازی لێ بێنێ خودا تێکی دەشکێنێ، کەسێک هیدایەت لەغەیری قورئان وەربگرێ خودا گومڕای دەکا.

﴿وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا تُصِيبُهُمْ بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ﴾ بەردەوامو بەشێوەیەکی گشتی بەڵاو موصیبەتی جۆراو جۆر تووشی ئەو کافرانە دەبێ کە ئیمان بەپەیامی تۆ ناکەن، کوژرانو دیلیو تاڵانو بڕۆو نەخۆشیو دڵتەنگیو

دڵەڕاوکێو تەنگێو چەڵەمە باڵی رەشیان بەسەر ئەواندا دەکێشن، چونکە پەیامی تۆ رەتدەکەنەوەو تۆیان لەزێدو نیشتمانی خۆت وەدەرناوە.

﴿أَوْ تَحُلُّ قَرِيباً مِنْ دَارِهِمْ﴾ یان ئەو بەلاو نەخۆشیو بوومەلەرزەو (قاریعانە) لەدەوروبەریان پەیدا دەبنو پرپیشکێو سەلبیاتی ئەو روداوانە لەسەر ئەوانیش کاریگەر دەبن. هەواڵی روداوەکان دەبیسن، بەچاوی خۆیان دەیانبینن بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرنو لەهەڵوێستی نادروستی خۆیان پەشیمان ببنەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئایەت و موعجیزەیەکی بەردەوامە بۆ کەسانێک خاوەن عەقڵو فام بن! دەی کەوابێ بۆچی پەڵپو بیانووی موعجیزەی تر دەگرن!

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولقد اهلكنا ماحولكم من القرى وصرفنا الآيات لعلهم يرجعون﴾الأحقاف/٢٧.

بەردوام خودا قاریعەی جۆراو جۆر بۆ سەر کافرەکان نازڵ دەکاو بەلاکوتیان دەکا ﴿حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللهِ﴾ هەتا خودا ئەو وادەو بەڵێنەی پێی داوی دەیانهێنێتە جێو ئەتۆو موسوڵمانانیان بەسەردا زاڵ دەکاو ئەوان بەناچاری دێنە ژێر رکێفی ئێوەوەو گەردنکەچو فەرمانبەردار دەبن. بەزەبری شمشێر سەریان پێ شۆڕ دەکەی! وەکوو لەرۆژی رزگار کردنی مەککەدا هاتە دی.

ئیبنو عەبباسو هی تریش دەفەرموون: مانای ﴿حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللهِ﴾ هەتا ئەم بوونەوەرە کۆتایی پێ دێو رۆژی قیامەت بەرپا دەبێ.

﴿إِنَّ اللهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ بێگومان پەروەردگار وادەو بەڵێنی خۆی بەجێ دێنیو لێیان پەشیمان نابێتەوە، ئەو وادەو بەڵێنانەی بەپێغەمبەرانی خۆی داون، دەیانهێنێتە جێو پێغەمبەرو موسوڵمانان زاڵ دەکا بەسەر کافرەکاندا لەدونیاو قیامەت، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فلا تحسبن الله مخلف وعده رسله، ان الله عزيز ذو انتقام﴾ابراهيم/٤٧.

ئـەمجار پـەروەردگار بـۆ دڵدانـەوەی پێغەمبـەر لـەئاکامی ئـەو پـەڵپو بیانوانەی کافرەکان بەشێوەی لاقرتێو گاڵتـەوە لەپێغەمبـەریان دەگرت، ئـەم ئایەتەی نازڵ کردو فەرمووی: ﴿وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ ئـەی پێغەمبەر! ئەگەر ئەو کافرو موشریکانەی گەلو هۆزەکەت گاڵتەو لاقرتێت پێ دەکەنو داوای موعجیزەی سەیرو سەمەرە دەکەنو پەڵپو بیانووت پێ دەگرنو بەدرۆت دەخەنەوە، ئەوە تۆ خۆگریەو صەبرو ئارامت هەبێو بەردەوام بە لەسەر ئـەنجامدانی ئـەرکی سەرشـانت، چونکـە بێگومـان هـەمان گاڵتـەو لاقرتـێ بەپێغەمبەرانی پێش تـۆ کـراوەو، لەلایـەن گـەلو نەتـەوەکانیان پەیامەکـەیان بەدرۆ خراوەتەوە، ﴿فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ مۆڵـەتی ئەوانـەم دا کـە کـافرو موشریکن بۆ ماوەیەکو ﴿ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ﴾ ئـەمجار کـە زێدەڕەوییان لەگومڕاییو بێدینیدا کرد، عەزابی سەختی خۆمانمـان بەسـەردا دانو تێکمانەوە پێچان، دەی وردبەرەوەو بڕوانە: چۆن تۆڵەم لێ ستاندنو چۆن عەزابی سەختم بەسەردا دان، ئایا عـەزابی بەئێشـم پـێ نەچـەژتنو نەمکردنـە پەندی زەمانە؟! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وكأين من قرية امليت لها وهي ظالمة، ثم اخذتها، والي المصير﴾الحج/٤٨.

لەصەحیحی بوخاریو موسلیمیشدا هاتووە: پێغەمبەر فەرموویەتی: (ان الله ليملي للظالم حتى اذا أخذه لم يفلته) پەروەردگار سـتەمکار مۆڵـەت دەدا هەتا کاتێک کە دەیگرێ ئیـتر ڕزگـاری نـابێو لەدەسـتی دەرنـاچێ! ئـەمجار پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وكذلك اخذ ربك اذا اخذ القرى وهي ظالمة، إن اخذه اليم شديد﴾/.

بەکورتی:

پـەروەردگار لـەم ئایەتـەی ئـێرەدا دەفـەرموێ: مـن تۆڵــە لــەو کــافرو موشـریکانە دەسـتێنم، وەکـوو چـۆن لـەوەپێش تۆڵـەم لـەکافرو سـتەمکارانی گەلەپێشـینەکان سـتاند. بێگومـان پـەروەردگار وادەی خــۆی بــەجێ هێنــاو

پێغەمبەرو موسوڵمانانی بەسەر دوژمنـەکانیاندا زاڵ کـردنو ئەوانـەی هاتنـە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە هاتن ، ئەوانەی پشتیشیان هەڵکرد کوژرانو لەناوچوون، هەموو جیهانی عەرەب بەخۆشیو ناخۆشـی ملیـان کـەچ کـردو لـەژێر ئـاڵای ئیسلامدا خۆیان بینیەوە، وادەی پەروەردگار هاتە جـێو بـەڵێنی خـۆی بـەجێ هێنا!

ئەمجار پەروەردگار سەرزەنشتی کافرەکان دەکاو ئەوە بـەیان دەکـا: کـە هەڵسو کەوتییان جێگای سەرسوڕمانەو بـێ عـەقڵیو نـەفامییان گەییشـتۆتە ئاستێک ئادەمیزادی ژیرو هۆشیار بۆی قبووڵ ناکرێو ناتوانێ لێیان بێ دەنگ بێ. فەرمووی: ﴿أَفَمَنْ هُوَ قَائِمٌ عَلَى كُلِّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ﴾ ئایـا خودایـەک ئاگادارو چاودێرو بەرپرسی هەموو رزقو ڕۆژی گیانلەبـەرێک بـێ، کاروباریـان هەڵسوڕێنێ ئاگاداری هەڵسو کـەوتیان بێ، هـەرچی دەیکـەن لـەکاری خێرو کاری خراپە لەسەریان تۆمار بکا، هـەر لـەزەڕە تـا مەجـەڕە هیچـی لێ گـوم نەبێ؛ وەکوو کەسێک وایە کە ئەو ڕەوشتانەی تێدا نەبن؟ وەکوو بتەکانی ئێوە کـە تەنانـەت بـێ گیـانو بـێ هەسـتن نەدەبیسـتن نـەدەبینن!! نەلـەخۆیانو نەلەغەیری خۆیان زیان دوور ناخەنـەوە نـاتوانن هیـچ شـتێک ئـەنجام بـدەن، کەمترین خێرو خۆشییان بۆ دەستەبەر ناکرێ نەبۆ خۆیان نەبۆ غەیری خۆیان!!

بەکورتی ئەوە جێگای سەرسوڕمان نیـە: کـە ئەوانـە ئینکـاری ئایـەتو موعجیزەو نیشانەکانی تۆ دەکـەن، هەرچـەندە نیشـانەی پێغەمبەرایـەتی تـۆ وەکـو ڕۆژی ڕونـاک عـەیانو نمایانـە، بـەڵکوو ئـەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە ئەوەیە: ئەو خودایەی خاوەن دەسەڵاتەو دەتوانێ بەڵاو قاریعەی جیـا بنێرێتـە سەر ئادەمیزادو بۆخۆیان بەچاوی خۆیان دیاردەی دەسەڵاتو بـەتواناییی خـودا دەبینن کەچی ئەو خودا خاوەن دەسـەڵاتە دەبەنـە ڕیـزی خـودا درۆزنـەو بـتو صەنەمێک کە هیچیان لەدەست نایە، نەزیانیان پێ لەکەس دوور دەخرێتـەوە نەدەتوانن سوود بەکەس بگەیەنن.

ئـەمجار جـەخت لەسـەر ئـەو بتپەرسـتییەیان دەکاتـەوەو دەفـەرموێ: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ﴾ ئەوانـە هـاوەڵو شـەریکیان بـۆ خـودا دانـاوە، لەتـەک پـەروەردگاردا چـەند بـتو صەنـەمێکیان قـوت کردۆتـەوەو بەندایـەتییان بـۆ دەکەن، هاواریان لێ دەکەن، هانایان بۆ دەبەن.

﴿قُلْ: سَمُّوهُمْ﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەو خودایانـەم بـۆ پیناسـە بکەن، پێم بڵێن: ئەو هاوەڵانـەی بـۆ پـەروەردگارتان دیـاری کـردون کامانـەنو چینو کێن بابزاندرێن. چونکە ئەوانە هیچ بنەمایەکیان نیە، شیاوی بەندایەتی بۆ کردن نین، چونکە ناتوانن زیان لەکەس دوور بخەنەوە، ناتوانن خێرو خۆشی بۆ کەس بێنن!

﴿أَمْ تُنَبِّئُونَهُ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي الْأَرْضِ﴾ یـان هـەواڵ دەدەن بەپـەروەردگار بەوەی چەند هاوەڵو شەریکێکی هەیە: کە وجوودیان نیەو خودا پێیـان نـازانێ لەکوێن؟ چونکە ئەگەر وجوودیان هەبوایە پێی دەزانـینو دەیناسـینو چونکـە خودا هیچ شتێکی لا پەنهان نیە..

﴿أَمْ بِظَاهِرٍ مِنَ الْقَوْلِ﴾ یان هەر بەهەوانتەو بەقسە ناوی خودایان لێ دەنێنو بەقسە دەیانکەنە هاوەڵی خوداو پێتان وایە: سوودو زیانیـان بەدەسـتە؟ بـەبێ ئەوە هیچ حەقیقەتێک بۆ ئەم بۆچونەتان هەبێ. ئای لەو بێ عـەقڵیو نەفامییە ناوێکی گەورەو پیرۆز بدەیە شتێک کە وجوودی نیـە، بەهەوانتـەو بـێ بەڵگـە صیغەتی خودایەتی بدەیە شتێکی نـەبوو، ئـەمجار مامـەڵـەی ئـەوەی لەگـەڵ بکەی کە حەقیقەتە!؟ وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفـەرموێ: ﴿ان هـي الا اسمـاء سميتموهـا انتـم وآباؤكم مـاانزل الله بهـا مـن سلطان، ان يتبعـون الا الظـن، ومـا تهوى الأنفس، ولقد جاءكم من ربهم الهدى﴾النجم/٢٣.

بەکورتیو پوختی ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەو کافرانە لەم هاوەڵ دانانەیاندا هیچ بەڵگەیەکی نەقڵیو عـەقڵییان بەدەسـتەوە نیـە، ئـەوە بـوو پـاش ئـەوەی قاعیدەی هاوەڵدانانی بۆ خودا هەڵوەشاندەوە بەوە کە فەرمووی: ﴿أَفَمَنْ هُـوَ

قائِمٌ عَلَى كُلِّ نَفْسٍ.... بِمَا كَسَبَتْ﴾ ئەمجار زیاتر مەوزوعەکە روون دەکاتەوە دەفەرموێ: خۆزگە ئەوانە کە هاوەڵ دادەنێن بۆ خودایەکی وەها کە نابێ هاوەڵی هەبێ، کەسێکیان بکردایە بەهاوەڵی کە حەقیقەتو ئیتعیبارێکی هەبوایە، نەک شتێک بکەن بەهاوەڵی کە نەناوی هەیەو نەخودی خۆشی هەیە. بەڵکوو لەئاسمانەکانو زەویدا ئەو شتە هەبوونی نیە!!!

یان دەیانەوێ هەواڵێک بەخودای زاناو ئاگادار بەسەر هەموو نهێنیو پەنامەکییەکدا بدەن: بەشتێک کە نایزانێ؟ جا شت هەیە خودا پێی نەزانێ؟!

ئەمجار پەروەردگار جەخت لەسەر نەفامیو تێنەگەییشتوییان دەکاتەوەو دەفەرموێ: ئەو شتەی ئەوان ناوی خودایان لێناوە هیچ ناولێنراوێکی نیە (ئیسمی بێ موسسەمایە) دەنگێکی بێ ناوەرۆکی وشەزۆری بێ مانایە!!

سەیرە! ئایا قەضییەی ئولوهییەت ئەوەندە سادەو گاڵتەجارە بەجۆرێک کە بشێی ئەوانە بەقسەی بۆشو بێ مانا دەمی تێوەدەن؟؟

﴿بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مَكْرُهُمْ وَصُدُّوا عَنِ السَّبِيلِ﴾ کێشەو دانو سان لەگەڵ ئەوان بخەرە لاوە، ماندو بوون لەگەڵیاندا بێهودەیە، بەڵکوو ئەوان گەڵۆ نەتەوەیەکن کوفرو فرتو فێڵیان رێگای گومرابوونی بۆ جوان کردونو لەرێبازی حەق لادراون! کەوابێ مەسەلەکە ئەوەیە: ئەوانە کافرن، بەڵگەو نیشانەی ئیمانیان داپۆشیوە نەفسی خۆیان لەبەڵگەی هیدایەت لاداوە، ئیدی سوننەتی خودایان بەسەردا چەسپاوە! نەفسیان وای نیشان داون کە لەسەر رێبازی حەقن، فرتو فێڵو پیلانیان دژی بانگەوازی ئیسلامییە، ئیتر ئەم هەڵوێستو کردەوانەیان لەرێبازی راستی خودا پەسند لای داون.

﴿ومن يضلل الله فما له من هاد﴾ کەسێک خودا گومرای بکا لەبەر بیرو باوەڕی چەواشەییو کردەوەی خراپیو تاوانکردنو لادان لەرێبازی حەق،

کەس نیە بتوانێ هیدایەتی بداو تۆفیقی بۆ بڕەخسێنێ بۆ رزگاربونو گەیشتن بەبەختەوەری! وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ومن یرد الله فتنته فلن تملك له من الله شیئاً﴾المائدة/٤١. یان ﴿وان تحرص علی هداهم، فان الله لایهدي من یضلّ ومالهم من ناصرین﴾النحل/٣٧.

ئەمجار پەروەردگار سەرەنجامی سروشتی ئەو گرۆهو تاقمە گومڕایانە بەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿لَّهُمْ عَذَابٌ فِي ٱلْحَيَاةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ئەوانە لەدونیادا سزای سەختیان دەدرێ بەکوشتنو بەدیل گرتنو باقی ئەو بەلاو موصیبەتانەی تووشیان دێن.

﴿وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَشَقُّ﴾ بێگومان سزای قیامەت زۆر بەئێشو ترو سامناکترە.

لەصەحیحی موسلیمدا فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ لەئیبنو عومەرەوە ریوایەت کراوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ان عذاب الدنیا أهون من عذاب الآخرة) چونکە سزای دونیا کاتی‌یە، سزای قیامەت بۆ هەتا هەتایی‌یە، ئاگری دۆزەخ حەفتا هێندەی ئاگری دونیا گەرمە.

﴿وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ نیە بۆ ئەو کافرانە لەمپەرێك بیانپارێزێو لەسزای دۆزەخ رزگارییان بکا، بەبێ ئیزنی خودا کەس ناتوانێ شەفاعەت بۆ کەس بکا.

چۆنیەتی بەهەشت و هەڵوێستی ئەهلی کیتابو شوبهەی موشریکەکان بەرامبەر پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ

۞ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۖ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ أُكُلُهَا دَآئِمٌ وَظِلُّهَا ۚ تِلْكَ عُقْبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ ۖ وَّعُقْبَى ٱلْكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ﴿٣٥﴾ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ ۖ وَمِنَ ٱلْأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُۥ ۚ قُلْ إِنَّمَآ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ وَلَآ أُشْرِكَ بِهِۦٓ ۚ إِلَيْهِ أَدْعُوا۟ وَإِلَيْهِ مَـَٔابِ ﴿٣٦﴾ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا ۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَٰجًا وَذُرِّيَّةً ۚ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ﴿٣٨﴾ يَمْحُوا۟ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٣٩﴾

دوای ئەوە پەروەردگار باسی سزای کافرەکانی کرد لەدونیاو قیامەتدا، بەشوێن ئەوەدا باسی پاداشی تەقواکاران دەکا، لەعززەتو نیعمەتەکانی رادەنوێنێ، ئەمەش وەکوو چەند جاری تر دووبارەمان کردۆتەوە، کە قورئانی

پیرۆز ئوسلوبێکی تایبەتی هەیە، هەر کاتێ باسی دونیای کرد، باسی قیامەتیش دەکا، باسی دۆزەخ بکا، باسی بەهەشتیش دێنێ.

ئەمجار کەیفخۆشی برێ ئەهلی کیتاب باس دەکا کە دڵخۆشن بەوەی قورئان لەگەڵ نامەکانی ئەواندا یەکدەگرێتەوەو هەندێکیشان ئینکاری دەکەن.

پاشان دێتە سەرباسکردنی هەندێ شوبهەو گومانی موشریکەکان: کە ئاراستەی پێغەمبەری دەکەن! وەکوو ئەوانەی تانەی لێ دەدەن: کە ژنی زۆرن، ناتوانێ موعجیزەو داخوازی قورەیشییەکان بخاتەڕو، ئیتر پەروەردگار رەدیان دەداتەوەو پێیان دەفەرموێ: موحەممەد وەکوو باقی پێغەمبەرانی تر خێزانو منداڵی هەیە، مەوزوعی پەڵپو بیانووی موعجیزەش ئەوە عائید بەخودایەو بۆ کەس نیە دەمی تێوەدا. نازڵکردنی عەزابیش کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەموو روداوێکێ لەکاتی خۆیدا رودەدا.

دەفەرموێ: ﴿مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ﴾ لەوەی لەمەبەولاوە بۆت دەخوێنینەوە صیفەتو چۆنیەتی ئەو بەهەشتەیە: کە پەروەردگار وادەی بەتەقواکاران داوە لەپاداشی خواپەرستیو تۆبە کردنیانو هانابردنیان بۆ خوداو دڵسۆزییان بۆ ئایین. ئەو بەهەشتە بەهەشتێکی وەهایە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَارُ﴾ جۆگەو جۆبار لەژێریەوە جاری دەبن! لەهەموو لایەکیەوە جۆگاو چۆم دەکشێن، دانیشتوان چۆنیان بوێ ئاوا جۆگاکان دەڕۆن جا وەنەبێ هەر جۆگەی ئاو هەبێو بەس بەڵکوو جۆگای شیرو هەنگوینو مەی هەر شتێکی حەزیان لێ بێ. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مثل الجنة التي وعد المتقون فيها انهار من ماء غير آسن وانهار من عسل مصفىً، ولهم فيها من كل الثمرات ومغفرة من ربهم، كمن هو خالد في النار وسقوا ماءً حميماً فقطع امعاهم﴾محمد/١٥.

ئەو بەهەشتە شتێکی کاتی نیە بەڵکوو ﴿أُكُلُهَا دَآئِمٌ وَظِلُّهَا﴾ میوەو خۆراکو خواردنەوەکانی بەردەوامو هەمیشەییەو نابڕێتەوەو کۆتایی نایە.

هەروەها سێبەرەکەشی بەردەوامو نەبڕاوەیە، خۆری تێدا نیەو دانیشتوانی سەرماو گەرما نابینن. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿لایرون فیها شمساً ولا زمهریراً﴾الدهر/١٣.**

لەصەحیحی موسلیمو بوخاریدا فەرموودەیەک هەیە ئیبنو عەبباس ریوایەتی کردوە لەباسی نوێژی خۆرگیراندا هاتووە. گوایە هاوەڵان عەرزی پێغەمبەر ﷺ دەکەن دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە تۆمان بینی لەم شوێنەی خۆتدا وەکوو دەست بۆ شتێک بەری وابوو، پاشان بینیمانی کشایتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(انی رایت الجنة، فتناولت منها عنقودا ولو اخذته لأكلتم منه ما بقيت الدنيا).**

ئەمجار دوا بەدوای وەصف کردنی بەهەشت بەو سێ صیفەتانە سەرەنجامی تەقواکاران دیاری دەکاو دەفەرموێ: **﴿تلك عقبى الذين اتقوا﴾** ئەو بەهەشتە جوانو رازاوەیە عاقیبەتو سەرەنجامی ئەو کەسانەی تەقوای خودا دەکەن، وازیان لەکوفرو بێدینی هێناوە، تاوان ئەنجام نادەن، ستەمکاری ناکەن، ملیان بۆ خودای مەزن کەچ کردوە، دەترسن لەرۆژێک منداڵ پیر دەکا، لەو رۆژەدا خەڵکی دەبینی وەکوو سەرخۆش وەهان لەراستیدا سەرخۆش نین بەڵکوو سزای خودا بەئێشەو توندو تیژە.

﴿وَعُقْبَى الْكَافِرِينَ النَّارُ﴾ ئاکامو سەرەنجامی کافرانیش دۆزەخە بەهۆی ئەو تاوانو ستەمکارییەی لەخۆیانو خەڵکیشیان کردوە.

ئایەتەکە دەرگای تەماعو هیوای بۆ خوداپەرستان خستۆتە سەرپشتو کافرەکانیشی نائومێد کردوون.

ئەمجار پەروەردگار ئەوە بەیان دەکا: کە ئەهلی کیتاب (جولەکەو گاوور) دوو تاقمن: تاقمێکیان دڵخۆشن بەنازڵبوونی قورئانو کۆمەڵێکیشیان ئینکاری قورئانیان کردوەو بڕوای پێ ناکەن.

دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَفْرَحُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ ئەوانەی نامەی ئاسمانیمان داونێ لەجولەکەو نەصرانییەکان: دوو بەشن، ئەوانەی بەگوێرەی نامەکانیان هەڵسو کەوتیان کردوە ئیمانیان بەپەیامی پێغەمبەری خۆیان هێناوە، دڵیان خۆشە بەو سروشەی بۆ لای تۆ نێردراوە: کە قورئانی پیرۆزە، چونکە لەکتێبەکانی خۆیاندا نیشانەو بەڵگە هەن لەسەر راستی پەیامی تۆ، رەوشتو نیشانەکانی تۆ لەنامەکانی ئەواندا دیاری کراوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿الذين آتيناهم الكتاب يتلونه حق تلاوته اولئك يؤمنون به﴾البقرة/١٢١. ئەمانە کۆمەڵێک جوولەکە بوون وەکوو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو هاوەڵانی، کۆمەڵێکیش نەصرانی بوون کە ژمارەیان هەشتا کەس بوو لەدانیشتوانی حەبەشەو یەمەنو نەجران بوون!

﴿وَمِنَ الْأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُ﴾ لەتاقمو کۆمەڵی ئەهلی کیتاب هەندێک هەن: کە ئینکاری بڕێ لەقورئان دەکەن، حیزبو پارتیان پێک هێناوە دژی پێغەمبەر ﷺ ئەمثالی کەعبی کوڕی ئەشرەفی یەهوودیو (السد)و (القاعب) کە دوو کەشیشی نەجران بونو شوێنکەوتوانیان. ئەمانە ئینکاری هەندێ لەقورئان دەکەن، واتە: ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ تەوراتە گۆڕاوەکەی ئەواندا یەک ناگرێتەوە.

جا لەبەرامبەر ئەم راجیاییەی کەوتۆتە نێوان ئەهلی کیتابەوە دەربارەی قورئانی پیرۆز. پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەر دەکاو دەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ﴿إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ وَلَا أُشْرِكَ بِهِ﴾ من تەنها فەرمانم پێکراوە: کە عیبادەتی خودا بکەمو بەتاکو تەنهای بناسمو یەکتاپەرستی بکەمو هاوەڵ بۆ خودا دانەنێم. هەروەکوو چۆن پێغەمبەرانی پێش منیش هەمان بانگەوازییان کردوەو هەمان هەڵوێستو بیرو باوەڕیان بووە. ئەمنیش وەکوو پێغەمبەرانی پێش خۆم بانگەوازی خەڵک دەکەم بۆ رێبازی خوداپەرستیو یەکتاپەرستی! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قل

یاأهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا وبينكم الا نعبد الا الله ولانشرك به شيئاً، ولا يتخذ بعضنا بعضاً أرباباً من دون الله، فان تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون﴾آل‌عمران/٦٤.

ئەمن فروستادەمو ئەرکی بانگەوازیم خراوەتە سەر شانو ﴿إِلَيْهِ أَدْعُو﴾ بۆ ڕێبازی خواپەرستیو دڵسۆزی لەعیبادەتدا ئادەمیزادان بانگ دەکەم.

﴿وَإِلَيْهِ مَآب﴾ هەر بۆلای خودایە گەڕانەوەو حیسابو لێکۆڵینەوە، پاداشو سزا هەر بەدەست ئەوە. ئێمەو ئێوە لەمەدا ناکۆکیمان نیە، سەیر ئەوەیە: ئێوە ئینکاری شتێک دەکەن کەهەمووماں لەسەری کۆکین. ڕاجیایی دروست دەکەن لەشتێک دا کە جێگای خیلاف نیە.

ئایەتەکە ئاماژە دەکا بۆ مەبدەئی یەکتاپەرستیو ڕەتکردنەوەی هاوەڵدانان بۆ خودا، مەبدەئی پێغەمبەرایەتی. هەروەکوو چۆن ئاماژە دەکا بۆ مەبدەئی زیندوبوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەو هاتنی ڕۆژی قیامەت.

ئەمجار فەرمان بەپێغەمبەر ﷺ دەکا کە مەنهەجی خۆی ڕابگەیەنێو بەرامبەر بەوانەی ئینکاری هەندێ لەقورئان دەکەن، ئەوە ڕابگەیەنێ: کە ئەو بەتەواوی پابەندی هەموو قورئانەو هەمووی بەلاوە ڕاستو حەقە، جا ئەهلی کیتاب بەهەمووی دڵخۆش بن، یان هەندێکیان هەندێکی ڕەت بکەنەوە. ئەوە ڕابگەیەنە کە ئەو قورئانەی بۆ تۆ هاتووە دوا ئەحکامو یاسای خوداوەندە بۆ ئادەمیزاد، پێیان بڵێ پەروەردگار بەزمانی عەرەبی نازڵی کردوەو بەتەواوی لێی تێدەگەمو بۆ هەموو شتێک دەگەڕێمەوە بۆ قورئانو هەر ئەو دەکەم بەسەرچاوەی یاسای ژیانم.

دەفەرموێ: ﴿وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا﴾ وەکوو لەپێش تۆوە پێغەمبەرمان ناردوونو نامەمان بۆ سەر نازڵ کردون، نازڵمان کردوە بۆ سەر تۆ قورئانی پیرۆز: کە ڕێکو پێکو بێ عەیبو بێ کەمو کوڕییە، یاسایەکە

بەزوبانی عەرەبیو بەزمانی گەلو نەتەوەکەت هاتۆتە خوارێ بۆ ئەوەی لیێ حالّی بنو تیێ بگەن.

قورئانی ناو ناوە (حوکم) واتە: جوداکەرەوەی حەق لەبەتالّ،چونکە حەلالّو حەرام لەیەکێ جیادەکاتەوە، نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە،کە دەفەرموێ: ﴿وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم﴾ابراهيم/٤. جا هەرچەندە پێغەمبەر بەزمانی عەرەبی سروشی بۆ هاتووە، بەلاّم ئایینەکەی گشتییەو بۆ هەموو کەسە وەکوو لەچەند ئایەتێکی تردا قورئان ئاماژەی پێ دەکا.

﴿وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَاجَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ﴾ ئەی موحەممەد! ئەگەر تۆ شوێن هەواو ئارەزوبازی ئەوانە بکەوی کە ئینکاری هەندێ لەقورئان دەکەنو موجامەلەیان بکەی، وەکوو ئەوە رویکەیتە بەیتولمەقدیس پاش قیبلە گۆڕان، یان بەگوێرەی بیرو باوەڕی ئەوان هەلّسو کەوت بکەی، ئەوە دلّنیابە ﴿مَا لَكَ مِنْ دُوْنِ اللهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ﴾ نیە بۆ تۆ لەغەیری خودا بەولاوە هیچ وەلیو یارمەتیدەرێکێ، کەس نیە بتوانێ تۆ لەعەزابی خودا بپارێزێ، کەوابێ بترسە لەوەی شوێن بیرو باوەڕی ئەوان بکەوی، وەکوو ئەوان هەلّسو کەوت بکەی!

بێگومان ئەم جۆرە ئوسلوبانە لەسەر شێوەی پەندی مەشهوورو بەناوبانگێ (اياك أعني واسمعي ياجاره) یان کوردی وتەنی (بوکێ لەگەلّ تۆمەو خەسوو گوێت لێ بێ)،مەبەستی بێ هیواکردنی کافرەکانە:کە دلّنیابن پێغەمبەر هیچیان بەقسە ناکا، هەروەها هەلّنانی موسولّمانانە لەسەر بەردەوام بوونو پابەند بوون بەفەرمانی ئایینەکەیانەوە. چونکە پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی گەییشتۆتە پلەو پایەیەکێ لەبیرو باوەڕدا پێویستی بەهەلّنانو هەڕەشە لێ کردن نیە، ئەو گەییشتۆتە (حەقولیەقینو عەینولیەقین) واتە: خیطابەکە بۆ پێغەمبەرەو مەبەست گەلەکەیەتی. لەهەمان کاتدا هەڕەشەیەکی توندو

تیژە لەزانایان کە نابێ بەهیچ شێوەیەکێ دوای ئەوەی کە ئایینی حەقیان زانیو ناسی ڕێبازی گومڕایان بگرنەبەر.

کولەبی دەڵێ: جولەکەکان پێغەمبەریان بەوە عەیبدار دەکردو دەیانگوت: ئێمە نابینین ئەم پیاوە جگە لەژن مارەکردن هیچ هیوایەکی تری هەبێ! ئەگەر وەکوو دەڵێ: پێغەمبەر بێ، دەبوایە ئەرکی پێغەمبەرایەتی ئافرەتی لەبیر ببردایەوە، ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَذُرِّيَّةً﴾ واتە: ئەی موحەممەد! وەکوو چۆن تۆمان کردوە بەپێغەمبەرو ئادەمیزادمان کردون بەپێغەمبەر، هەموویان خواردنو خواردنەوەیان هەبوە بەناو بازاڕدا ڕۆیشتوون، خێزانیان هەبوون، منداڵو نەوەیان لێ کەوتوونەوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قل: انما انا بشر مثلكم يوحى﴾الكهف/١١٠.

لەصەحیحی بوخاریو موسلیم دا فەرموودەیەکێ هاتووە: ئەنەس ریوایەتی دەکا دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: (وەلێ من وادەبێ بەرۆژوو دەبمو وادەبێ بەرۆژوو نابم، شەونوێژ دەکەمو دەشخەوم، گۆشت دەخۆم، ئافرەتیش مارە دەکەم، جا کەسێکێ ڕێبازی من پەسند نەکا ئەوە لەئوممەتی من نیە).

ئیمام ئەحمەدو ئیرمیذی لەئەبو ئەیوبەوە ریوایەت دەکەن دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: (اربع من سنن المرسلين: التعطر، النكاح، والسواك، والحناء).

لەهەمان کاتدا فرەژنی پێغەمبەر ﷺ دوای تەمەنی (٥٤) ساڵی بوو، ئەمەش تەمەنێکە بەعادەت هێزی پیاوەتی تێدا کز دەبێ، کەوابێ فرەژنی پێغەمبەر ﷺ بۆ بەرژەوەندی بانگەوازی ئیسلامی بووە، بۆ خزمایەتی دروستکردن لەنێوان موسوڵمانانو هۆزە عەرەبەکاندا بووە، مارەکردنی هەندێ لەخێزانەکانی بۆ قەرەبوو کردنەوەی مێردەکانیان بووە، مێردەکانیان لەرێگای

ئیسلامدا شەهید بوونو بێ مێرد کەوتوونەوە، پێغەمبەر ﷺ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بۆیان مارەی کردونەوە!!!

جا وەکوو ریوایەتکراوە موشریکەکان تانەو تەشەریان لەپێغەمبەر دەدان لەسەر ئەوە: کە موعجیزەو ئایاتی پێشنیارکراوی ئەوان ناخاتە ڕو، ئیتر پەروەردگار رەددی دانەوەو فەرمووی: ﴿وما کان لرسول أن یأتِيَ بآیةالا بـأذن الله﴾ ناگونجێو لەتوانای هیچ پێغەمبەرێکدا نیە: کە موعجیزەو ئایاتی داوالێکراو لەلایەن گەلو نەتەوەکانیان بخەنەڕو، مەگەر خودا مەیلی لێ بێو بزانێ: کە لەهێنانی ئەو موعجیزانەدا حیکمەتی خودایی هەیەو بەرژەوەندی ئادەمیزادانی تێدا بەرچاو بگیرێ!

ئەی ئادەمیزادینە: بێگومان موعجیزەیەکی واتان بۆ هاتووە کە قورئانە، هیچ کەمو کوڕی تێدا نیە، کەسێک بیەوێ پەندو عیبرەتی لێ وەربگرێ کیفایەتە، ئەگەر لیێ ورد ببنەوە پێویستیان بەموعجیزەی تر نیە، موعجیزەیەکی بەردەوامو نەمرە هەتا دونیا دونیایە. بەلام ئەو گومڕاو سەرلێ شێواوانە لەبەر زێدە ڕۆچوونیان لەگومڕاییو کوفرو بێدینیدا بەم موعجیزە گەورە پەند ئامێز نابنو پەلپو بیانووی موعجیزەی تر دەگرن.

ئایاتو موعجیزەی پێشنیاریکراو بەگوێرەی داخوازی حیکمەتی پەروەردگار نەبێ نایەن، لەکاتێکدا دێن: کە هەر خودا دەزانێو کەسی تر دەخلی تێدا نین، لەهەموو ڕۆژگارێکدا ئەحکامو یاسای وا دادەنێ کە ببنە مایەی خێر بۆ ئادەمیزاد. دەی هیچ حیکمەتو مەصلەحەتێک لەهێنانی ئەو موعجیزانەدا نیە کە ئەوان داوایان دەکەن ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ﴾ بۆ هەموو روداوو فەرمانێک کە خودا نووسیونی تەمەنو کاتی دیاریکراو هەیە، هیچ موعجیزەو ئایەتێک پێش وەخت نایە، هیچ عەزابو سزایەک لەکاتی خۆی پێش ناکەوێ.

شەریعەتو یاسا بەرژەوەندی ئادەمیزادیان تێدایە، بەگوێرەی کاتو شوێن دەگۆڕێن. شەریعەتی پێغەمبەرانی پێشوو وەکوو حەزرەتی موساو حەزرەتی عیسا، پاشان شەریعەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ بەگوێرەی رۆژگارەکانیان هاتوون. تەمەنو رزقو رۆژیو کردارو زانیاریو زانستی هەموو گەلو نەتەوەیەک کاتو ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، پاشو پێش ناکەنو کەمو زیادییان بەسەردا نایە!

﴿يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ﴾ پەروەردگار ئەوەی بیەوێ دەیفەوتێنێو ئەوەی بیەوێ دەیهێڵێتەوە، ئەو شەریعەتو یاسایەی بیەوێ بیسڕێتەوە دەیسڕێتەوە، هەر یاساو شەریعەتێکیش حیکمەتی خودا داخوازی بێو بەرژەوەندی ئادەمیزادانی تێدا بێ دەیچەسپێنێو نەسخی ناکاتەوە!

حەسەن دەفەرموێ: مانای ئایەتەکە ئەوەیە: هەر کەسێکو هەر شتێک ئەجەلی هات دەیمرێنێ، کەسێکیش ئەجەلی نەهاتبێ دەیهێڵێتەوە.

نموونەی دونیا بەئەستێرەو مانگو خۆرو زەویو ئاوو هەوایەوە وەکوو کارگەیەک وایە هەموو ئامێرو ئیشو کارو کارمەندی رێک خرابن، ئیشو کاریان لەنێودا دابەش کرابێ، بەیاساو نیظامێکی تایبەتی بخرێتە گەڕو کاری پێ بکرێ، ئیتر دەیانبینی ئەمانە هەریەکەی کاری خۆی ئەنجام دەداو هەڵدەسوڕێ، کارمەندانی دێنو دەچن ئامێرەکانی هەڵدەخولێنو رۆژانە ئەم کارو پیشەیەی کارمەندو ئامێرەکان دووبارە دەبێتەوەو گۆڕانکاری تێدا نابێ!

جیهانیش پەروەردگار بەگوێرەی زانیاری خۆی یاساو نیظامێکی بۆ داناوەو هەڵیدەسوڕێنێ. بەگوێرەی ئەم یاساو نیظامە مانگو خۆرو ئەستێرەکان لەگەڕدانو هەڵدەسوڕێنو دێنو دەچن، گیاو گژو دارو درەختو ئاژەڵو ئادەمیزاد دێنە گۆڕەپانی ژیانەوە، مردنو ژیانیان تێدا ئەنجام دەدرێ، ئەستێرەیەک هەڵدێ یەکێکی تر ئاوا دەبێ، گیایەک شین دەبێ یەکی تر دەپەڕێو دەبێتە پوشو پەلاش، پێغەمبەرێک دەمرێ یەکێکی تر راست

دەبێتەوە ئايينێكێ بلاو دەبێتەوەو ئاينێكی تر دەپوكێنێتەوە. هەر بەم جۆرە چين لەدوای چين گەلو نەتەوەو هۆزو بنەماڵەو ئايينو حيزبو پارتو ياساو نيظام دێنو بەسەر دەچن، ئەمانە هەموويان بەگوێرەی مەنهەجێكی نەخشە بۆ كێشراو ئەنجام دەدرێن، هەر بەم جۆرەش ئايەتی قورئان نەسخ دەكرێتەوەو ئايەتێكی تر دێتە شوێنی ئەوەتا: شەو دیخاتە شوێنی رۆژو گەلو نەتەوەيەكێ لەجێگا گەلو نەتەوەيەكی تر جێگير دەبێ، ئايينی پێغەمبەرێكێ دێتە شوێنی ئايينی پێغەمبەرێكی تر، وەكوو چۆن ئايينی نووحی بەئايينی ئيبراهيم نەسخ كردەوە ئايينی ئيبراهيمی بەتەوراتو تەورات بەئينجيلو ئينجيل بەقورئان نەسخ كردەوە.. هەر كتێبێ، هەر ياساو نيظامێكێ خودا بيەوێ دەوامی پێ بدا دەوامی پێ دەداو پايەداری دەكا. ئەوەتا بڕياری داوە قورئان ياسای بەردەوامی ئادەميزادبێ تا رۆژی قيامەت نەسخ نەبێتەوە. ئەمە دەربارەی رەفتاری ئادەميزاد، دەربارەی پەروەردگاريش بۆخۆی ئەوە ﴿وعنده ام الكتاب﴾ بنەماو سەرچاوەی هەموو كتێبەكانی لايە: كە (لەوحولمەحفووظە) هەموو شتێكی تێدا تۆمار كراوە.

يان مانای ﴿وعنده أم الكتاب﴾ لای خودايە ئەو كتێبەی: كە هيچ گۆڕانكارييەكێ رووی تێ ناكا، يان مەبەست: زانستی خودايە واتە: هەرچی روو دەداو لەدەفتەری فريشتەكاندا دەنووسرێ دەبێ موافيقی ئەوە بێ كە لەزانستی خودادايە.. چونكە زانياری پەروەردگار،كانو سەرچاوەی هەموو شتێكە. ئيبنو عومەر دەڵێ: لەدەمی پێغەمبەرم ﷺ ژنەوت دەيفەرموو: ﴿يمحوا الله ما يشاء ويثبت الا السعادة والشقاوة والموت﴾ ئيبنو عەبباس دەفەرموێ: پەروەردگار ئەوەی بيەوێ لايدەبا، ئەوەی بيەوێ دەيچەسپێنێ جگە لەچەند شتێكێ: دروستكردن، رەوشت، ئەجەل، رزقو رۆژی، بەختەوەریو بەدبەختی..

ئيبنو كە ثير دەفەرموێ: مانای ئايەتەكە ئەوەيە: پەروەردگار لەقەزاو قەدەر چی بوێ لای دەباو چی بوێ دەيچەسپێنێ. فەرموودەيەكێ هەيە ئيمام

ئەحمەدو نەسائیو ئیبنو ماجە لەئەوبانەوە ریوایەتی دەکەن دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: **(ان الرجل ليحرم الرزق بالذنب يصيبه، ولا يرد القضاء الا الدعاء، ولايزيد في العمر الا البر)**.[1]

لەریوایەتی حاکمدا بەم شێوە هاتووە دەفەرموێ: **(الدعاء يرد القضاء، وان البر يزيد في الرزق، وان العبد ليحرم الرزق بالذنب يصيبه)** دوعا قەزا رەت دەکاتەوە، چاکە رزقو رۆژی زیاد دەکا، بەندە لەرزقو رۆژی بەهۆی تاوانەوە بێ بەش دەبێ.

لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە دەفەرموێ: بەجێهێنانی صیلەی رەحم تەمەن درێژ دەکا.

بەکورتی:

ئایەتەکە گشتییەو هەموو شتێک دەگرێتەوە، هەموو شتێک ئاڵو گۆڕکردنو لابردنو چەسپاندن رویان تێدەکا. بەڵام ئەصلی لەوحولمەحفوظ گۆڕانی تێدا ناکرێ.

دەتوانین بڵێین: مانای ﴿يَمْحُو اللهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ﴾ بەم جۆرەیە: موشریکەکانی مەککە پێیان ناخۆشە ;کە تۆ بویتە رەهبەری گشت ئادەمیزادو پلەو پایەی پێغەمبەریت پێ دراوە. بێ ئاگان لەوەی پەروەردگار بەویستو ئیرادەی خۆی هەرچی بوێ دەیکا، لەبوونەوەردا شتێک لادەباو شتێکی تری دەخاتە شوێن، شەو لادەباو رۆژ دەخاتە شوێنی، گرانی دەگۆڕێ بەهەرزانی شەڕو جەنگ دەگۆڕێ بەئاشتیو ئارامی. نەخۆشی لادەبا تەندروستی بڵاو دەکاتەوە، عەزیز زەلیل دەکا، نەوی بڵند دەکاو نەزان زانا دەکا، بێ بڕوا دەگۆڕێ بەئیمانداری راستاڵ، هەروا بەپێچەوانەشەوە ئەم روداوانە هەموویان یەکە یەکە لەلەوحولمەحفوظدا چەسپێندراون، هۆکاری مەحوو کردنەوەی فلان

---

(١) تەفسیری المنير ج ١٣/١٨٦.

شتو چەسپاندنی فیسار شت لەلەوحی مەحفوظدا نوسراون. لای خودایش زانیاری ئەزەلی هەیە پێی دەگوترێ: (أم الكتاب) زانیاری (ام الكتاب) گۆڕانکاری بەسەردا نایەو ثابیتو چەسپاوە.

ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر ﷺ گەیاندنی شەریعەتە

پاداشو سزا بەدەست خودایە

وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ ﴿٤٠﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ وَٱللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤١﴾ وَقَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلِلَّهِ ٱلْمَكْرُ جَمِيعًا ۖ يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ ۗ وَسَيَعْلَمُ ٱلْكُفَّٰرُ لِمَنْ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٤٢﴾ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَسْتَ مُرْسَلًا ۚ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٤٣﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار باسی ئەوەی کرد: کە کافرەکان پەڵپو بیانوویان بەپێغەمبەر گرتو داوایان لێ کرد زوو ئەو عەزابەی هەڕەشەی پێ لێ کردون بۆیان بێنێ.

ئەمجار لێرەدا باسی ئەوە دەکا: کە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر گەیاندنی پەیامەکەیەتیو بەس! ئاماژە بەئەوەش دەکا: کە پەیدا بوونی ئەو

عەزابە هەڕەشە پێ لێ کراوەو نیشانەکانی پەیدا بوونو خودی عەزابەکەش نزیکە.

ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە: کە فرتو فێڵی ئەو موشریکانە زیان بە موسوڵمانان ناگەیەنێ، سەرکەوتنو سەروەری هەر بۆ خوداپەرستانە، تێشکانو ریسوایی بۆ تاوانبارانە، رەدی بیرو بۆچونی جولەکەکانیش دەداتەوە؛کە دەیانگوت؛موحەممەد پێغەمبەر نیە بەوە: کە خودا شایەتی راستی پێغەمبەرایەتیەتی بۆ دەدا، شایەتیدانی خوداو ئەوانەی ئیمانیان پێ هیناوە لەخاوەن نامەکان بەسیەتی، دەفەرموێ: ﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەگەر لەماوەی ژیانتدا برێ لەو هەڕەشەو گوڕەشانەی لەدوژمنەکانتمان کردوە بیانهێنینە دیو پیشانت بدەین چۆن کافرو موشریکەکان ریسوا دەکەینو سزایان دەدەینو لەناویان دەبەین، یان پێش ئەوەی ئەوەیان بەسەر بێنین ئەتۆ بمرێنین،هەر لایەکمان بریار دابێ، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەنجامی بدەی راگەیاندنو بلاوکرنەوەی پەیامی ئیسلامە، ئێمە تۆمان ناردوە بۆ ئەوەی پەیامی پەروەردگار بگەیەنیو ئەنجامیشت داوە!

ئیتر لەوە زیاتر ئەتۆ بەرپرس نی، حیسابو لێکۆڵینەوە لەگەڵیانو پاداشو سزادانەوەیان بەچاکەو بەخراپە ئیشی ئێمەیەو تایبەتە بەئێمەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین؛کە ئەم ئایەتە مەککییەو پێش واجب بوونی جیهاد هاتۆتە خوارێ، نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە؛کە دەفەرموێ: ﴿فذكر انما انت مذكر، لست عليهم بمسيطر الا من تولى وكفر، فيعذبه الله العذاب الأكبر، ان الينا ايابهم، ثم ان علينا حسابهم﴾الغاشية/٢١-٢٦.

بەکورتی:

بانگەوازخوازانی رێبازی ئیسلام تەنیا ئەوەیان لەسەرە ئەرکی سەرشانی خۆیان لەبواری بانگەوازیدا بەجێ بێنن، تەنیا ئەوەیان لەسەر پێویستە ئەوەی

خودا پێی خۆشە بلاوی بکەنەوە، نابێ هەست بەتێشکانی خۆیان بکەن، دەبێ هەمیشە ورەیان بەرز بێ.

بێگومان دەستی قودرەتی خودا بەدەوروبەریانەوە دیارە چەند شارو گوند لەدەوروبەریان هەن شوێنەواریان ماوە کاتی خۆی لەسەر سەرپێچی کردنو بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکانیان وێران کراونو دانیشتوانەکانیان لەناوبراون!

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا﴾ ئایا ئەو موشریکانەی شاری مەککە لەبیریان چۆتەوە؟ یان گومانیان هەیە؟ نابینن ئێمە هەر کاتێ گەلو نەتەوە لەخۆیان بایی بوونو کافر بوون، ئێمە لەهێزو توانایان کەم دەکەینەوە، ژیارو دەسەلاتیان کەم دەکەینەوە، لەروبەرێکی تەسکی زەویدا خڕیان دەکەینەوە، بەپێچەوانەی حالو وەزعی پێشوویان کە خاوەن دەسەلاتو هێزو توانا بوون، دەسەلاتیان بەسەر روبەرێکی فراوانی زەویدا هەبوو.

یان ئایا نابینن ئێمە رۆژ بەرۆژ پارچە زەوییەکان رزگار دەکەین، ولات دوا ولات لەکافران دەستێنینەوەو دەیخەینە سەر ولاتی ئیسلامو خەلکی پۆل پۆل دێنە سەر ئایینی ئیسلامو موسولمان دەبن، ئەوێ قبوولی ئایین ناکا بەکوشتنو بەئەسیر کردنو دەرکردن زەوییان لێ پاک دەکەینەوە، ئایا ئەمە پێشەنگو رۆخۆشکەرە نیە بۆ هاتنی ئەو سزاو عەزابەی هەڕشەمان پێ لێ کردوون؟ ئایا ئەمە ترساندنی ئەوانوهی تریش نیە لەعەزابو ناڕەحەتیو چەرمەسەری جۆراو جۆر کە لەدونیاو قیامتدا دێتە رێیان؟ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿افلا یرون انا ناتي الأرض ننقصها من اطرافها افهم الغالبون؟﴾الأنبياء/٤٤.

﴿وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ﴾ خودای بالا دەست بڕیار دەداو کەس نیە بڕیاری ئەو هەلوەشێنێتەوە.

بێگومان دابو نەرێتی خودا وا هاتووەو وا جاری بووە: کە زەوی لەلایەن بەندە راستالەکانیەوە ئاوەدان بکرێتەوە، بەعەدالەتکاری هەلسو کەوتی تێدا

بکەن، بڕیاری سەروەریو شکۆمەندیی بۆ موسوڵمانان داوە بەمەرجێ بەگوێرەی پەیامی خودا هەڵسو کەوت بکەن. بەدبەختیو سەرشۆڕیشی بڕیار داوە بۆ ستەمکاران!

﴿وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ پەروەردگار بەم زوانە لەقیامەتدا حیسابو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەندەکانیدا دەکا، تۆڵەی تاوانو، ستەمکارییان لێ دەستێنێ، عەزابو سزای خودا دێو گومان لەهاتنیدا نیە. ئەی پێغەمبەر پەلە لەعەزابیان مەکە، بێگومان خودا وێڕای ئەوەی لەدونیادا بەسزای کوشتنو بەدیل گرتنو ریسواکردن سزایان دەدا، لەقیامەتیش دا عەزابی سەختی بۆ ئامادە کردونو با چاوەڕان بن ئەو عەزابە دێو هەموو هاتوێکیش نزیکە!!

ئەمجار پەروەردگار دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ دەکاوئەوەی پێ رادەگەیەنێ: کە گەلەکەی ئەو یەکەم کەس نین لەبەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکەیاندا، لەوەپێشیش گەلو نەتەوەکانی تر ئەزیەتی پێغەمبەرەکانی خۆیان داوە، بەدرۆیان خستونەوە، ئیتر پەروەردگار بەعەزاب گرتنیو تێکیەوە پێچانو دەفەرموێ: ﴿وَقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ زۆر لەکافرەکانی گەلە پێشینەکان فرتو فێڵیان لەپێغەمبەرەکانیان کرد، بەدرۆیان خستنەوە ئەزیەتیان دان، لەوڵات دەریان کردن؛ وەکوو ئەوەی نەمروود لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمی کرد، یا فیرعەون دەرحەق بەحەزرەتی موسای کرد، یان جولەکەکان بەحەزرەتی عیسایان کرد، یان عادو ثەموودو گەلی لووط...هتد. جا:کە وەختی خۆی هات خودا یەکە یەکە گرتنیو لەناوی بردن، زاڵمو موفسیدەکانی قەلاچۆ کردن.

﴿فَلِلَّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا﴾ پیلانی پیلانگێڕان بەبێ ئیزنی خودا چ ڕۆڵێکی نیە، بەگوێرەی قەزاو قەدەری خودا نەبێ مەکری کافرەکان هیچ کاریگەریەکی نیە.

کەوابێ پێویستە هەر لەخودا بترسن، چونکە هەموو شتێک؛ هەموو مەکرو پیلانێک بەدەست خودایە، هەرچی ئەو بڕیاری بوونی نەدا نابێ.

لەقورئاندا زۆر جار مەکر وەپاڵ خودا دراوە، هەڵبەتە مەکری خودا لەجۆری مەکری ئادەمیزاد نیە، وەکوو چۆن زانیاریو شنەوایىو بیستنی خودا وەکوو هی ئادەمیزاد نیە. هەروا دیتنو زیندوییو بەدیهێنانو دانایی...هتد.

نموونەی ئەم ئایەتە چەند ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿**واذ يمكر بك الذين كفروا ليثبتوك او يقتلوك او يخرجوك، ويمكرون ويمكر الله، والله خير الماكرين**﴾ الأنفال/٣٠. یان دەفەرموێ: ﴿**ومكروا مكراً ومكرنا مكراً وهم لايشعرون، فانتظر كيف كان عاقبة مكرهم انا دمرناهم وقومهم اجمعين فتلك بيوتهم خاوية بما ظلموا**﴾النمل/٥٠-٥٢.

بەم جۆرە پەروەردگار پێغەمبەری خۆی لەکاریگەری مەکری کافرەکان دڵنیا دەکاتەوەو بەڵێنی ئەوەشی دەداتێ: کە لەئاکامدا سەرکەوتن هەر بۆ خوداپەرستانەو هەر ئەوان سەرفرازو شکۆمەندن!!

﴿يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ﴾ خودا دەزانێ هەموو ئادەمیزادێک چ دەکاو چی کردوە، خۆشەویستانی خۆی پارێزگاری دەکاو پیلانگێڕان سزا دەدا، هەر کەسە بەئەندازەی کردەوەکانی پاداشو سزا وەردەگرێتەوە.

﴿وَسَيَعْلَمُ الْكُفَّارُ لِمَنْ عُقْبَى الدَّارِ!﴾ لەوەبەولاوە ڕۆژی قیامەت کە کافرەکان حیسابو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا کرا، پێغەمبەرو موسوڵمانان چونە بەهەشتەوەو کافرەکان بۆ دۆزەخ بەڕێ کران: ئەو کاتە دەزانن کێ سەرەنجامو ئاکامی پیرۆزەو بەختەوەریو سەرفرازی کێ وەدەستی دەهێنێ.

ئەمجار پەروەردگار ڕەدی ئەوانە دەداتەوە کە ئینکاری پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد دەکەنو دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَسْتَ مُرْسَلًا﴾ ئەوانەی کافرن دەڵێن: ئەتۆ ڕەوانەکراوی خودا نیت، ئەتۆ پێغەمبەرێک نیت لەخوداوە نێردراي بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بانگ بکەی بۆ

خودا پەرستیو یەکتاپەرسەتی، کەسێک نی ئەرکی رزگـار کردنـی ئـادەمیزاد خرابێتە ئەستۆت لەتاریکی کوفرو بێدینی رزگاریان بکەی بۆ رونـاکی ئیمـانو باوەڕ.

ئیبنـو مەردەوەیـهی لـەئیبنو عەبباسـەوە ریوایـەت دەکـا؛دەفــەرموێ: ئاخوندێکی نەصرانی لەیەمەنەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ. پێغەمبەر لێی پرسی: ئەرێ لەئینجیلدا باسو خواسی پێغەمبەری ئاخرزەمـان هەیـە؟! وتـی: نەخـەیر، ئیتر پـەروەردگار ئایـەتی ﴿وَيَقُـولُ ٱلَّذِيـنَ كَفَـرُوا لَسْـتَ مُرْسَلاً...الآية﴾ ی نارده خوارێ.

﴿قُلْ كَفَى بِاللهِ شَهِيداً بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵـێ: مـن خودام بەسە بۆ ئەوەی شایەدیم بۆ بدا ،کـە مـن پێغەمبـەرمو پشـتگیریم بکـا! ئەوەتا پەیامی بۆ ناردووم، سروشم بۆ دەکا، ئەم قورئانە سەرئاسایەی بۆ نـازڵ کردوم، هەموو ئـادەمیزادو جندۆکـە نـاتوانن وێنـەی سـورەتێکی وەکـوو ئـەو بخەنە ڕو، جا ،کە من ئـەو خـودا زانـاو بەدەسـەڵاتە پشـتگیریم بکـا ئیـتر چ حەوێجەم بەئێوە هەیە، بەپێغەمبەرم بناسن؟!

﴿وَمَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ﴾ هەروەها ئەوانەی خاوەن نامەنو بڕوایان پێم کـردوە، وەکـوو عـەبدوڵای کـوڕی سـەلامو هـاوەڵانیو تـەمیمی (الـداري)و سەلمانی فارسیو هاوەڵانیـان. واتـە: وێـڕای شـایەتیدانی خـودا، شـایەتیدانی ئەمانیش، کە شایەتی پێغەمبەرایەتیم بۆ دەدەن.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سورەتی ابراهیم

ناونانی ئەم سورەتە بەناوی (ابراهیم) لەم روەوەیە: کە بەشێک لەچیرۆکی ئەو زاتە پایە بەرزەی لەخۆ گرتووە، بەشێک لەژیانی حەزرەتی ئیبراهیم لەمەککەو پەیوەندیکردنی بەعەرەبەکان، هاتنە دونیای ئیسماعیلی کوری. پاشان دروستکردنی کەعبە لەلایەن ئیبراهیمو ئیسماعیلەوە...

سورەتی ئیبراهیم سورەتێکی مەککییە: واتە: لەمەککە نازڵ بووە. باسە سەرەکییەکانی ئەم سورەتەش وەکوو زوربەی سورەتە مەکییەکانی تر: بریتین لەباسی عەقیدەو یەکتاپەرستیو سروشو زیندوبوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەی رۆژی قیامەت!

بێگومان ئەم سورەتە کۆمەڵێک حەقائیقی سەرەکی دەربارەی عەقیدە لەخۆگرتووە. وەلێ دوو حەقیقەتی گەورە لەسەر لەبەری سورەتەکەدا خۆیان دەنوێنن، ئەو دوو حەقیقەتە لەگەڵ سێبەری باسی ئیبراهیم لەسورەتەکەدا پێکەوە گونجاون، یەکەمیان حەقیقەتییەکیەتی پێغەمبەرایەتیو یەکیەتی بانگەوازو پەیامەکەیانو روبەرو بوونەوەیان لەبەرامبەر کۆمەڵگا نەفامو بەدرۆخەرەوەکاندا.

حەقیقەتی دووەم نازو نیعمەتی خودایە بەسەر ئادەمیزادداو زیادبوونی نیعمەتی خودایە لەسەریان بەهۆی شوکرو سوپاسگوزاری بەندەکانەوە، هەرچەندە بەداخەوە زوربەی ئادەمیزاد لەئاست نازو نیعمەتی پەروەردگاردا سپڵەو پێ نەزانو کافرو بێ بروانو سوپاسگوزار نین.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی پێشەوە :

سورەتی ئیبراهیم درێژەپێدەری سورەتی (الرعد)ە ئەوەی لەوێدا بەموجمەلی هاتووە لێرەدا شی دەکاتەوە، هەردوو سورەتەکان باسی قورئان

دەکەن، لەسورەتی (الرعد)دا پەروەردگار فـەرمووی: قورئانمـان نـازڵ کـردوە نامەیەکی موحکەمو پتەوو بێ عەیبو بێ کەمو کورپیـە بـەزمانی عەرەبییـە. فەرمووی: ﴿وکذلك انزلناه حکماً عربیاً﴾الرعد/٣٧. لـێرەشدا یەکـەم ئایـەت باسی حیکەمەتی ناردنی قورئان دەکا: کە بریتییە لەرزگار کردنی ئـادەمیزاد لەتاریکی گومڕاییەوە بۆ روناکی ئیمان.

لەهەردوو سورەتەکاندا ئەوە دەچەسپێنێ: کە نازڵکردنی ئایـاتی کـەونی تەنها بەدەست خودایەو کەسی تر دەسەڵاتی ئـەوەی نیـە. ئـەوەتا: لەسـورەتی (الرعد)دا دەفەرموێ: ﴿وما کان لرسول ان یأتيَ بآیة الا باذن الله، لکل اجل کتاب﴾الرعد/٣٨. لێرەشدا لەسەر زوبانی پێغەمبەران دەفـەرموێ: ﴿وما کان لنا ان نأتیکم بسلطان الا باذن الله﴾ابراهیم/١١.

لەهەردوو سورەتەکاندا ئایاتی کەونی دیاری کراون، وەکوو راگرتنو بەرز کردنەوەی ئاسمان بەبێ کۆڵەکە، راخسـتنی زەوی، رامکـردنو هێنـانو بردنـی مـانگو خۆر، چەقاندنی کێوەکان لەزەویدا، دروستکردنی میـوەو بـەروبوومی جۆراو جۆرو خاوەن تامو رەنگی جیا جیا.

لەهەردوو سورەتەکان دا باسی زیـنـدو بوونـەوەو هـاتنی رۆژی قیامـەت کـراوە، نموونـەی حـەقو بـەتاڵ هێندراوەتـەوە. باسـی فـرتو فێڵـی کـافرو بێدینەکان کراوە، فەرمان بەتەوەککولو پشت بەخودا بەستنیان تێـدا دووبـارە کراوەتەوە.

سورەتی ئیبراهیم بەگشتی باس لەم شتانە دەکا:

١- چەسپاندنی بنەمای عەقیدە، وەکوو ئیمان بـەخوداو بەپێغەمبـەرانو بەزیندوبوونـەوەو حیسـابو لێکۆڵینـەوە. هـەروەها داننـان بـەتاکو تەنـهایی خـوداو ناسـینی پـەروەردگار، بەدیهێنـەری ئاسمانـەکانو زەویو مەبەسـت لەنازڵکردنی قورئان: کە رزگارکردنی ئادەمیزادە لەگومڕایی یەوە بـۆ رونـاکی ئیمان، هـەروەها یەکیـەتی مەبەستی پێغەمبـەرانو بانگـەوازییان بـۆ بنـەما

سەرەکییەکانی عەقیدەو رەوشتە بەرزەکانو خوداپەرستیو دوورکەوتنەوە لەرێبازی شەیتان.

٢- بەڵێنو هەڕەشە: سەرزەنشتکردنی کافرەکانو هەڕەشە لێکردنیان لەسەر کوفرو ترساندنیان بەعەزابی بەئێش، هەڵنانی موسوڵمانان بۆ چاکەکردنو موژدە پێدانیان بەبەهەشت.

٣- باسی ناردنی پێغەمبەران بۆ سەر گەلو نەتەوەکانیان هەر پێغەمبەرە بەزمانی گەلەکەی نێردراوە بۆ ئەوەی زوو لەزمانی حاڵی ببنو لەبەرنامەکەی بگەن!

٤- دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ بەرونکردنەوەی ئەو ناخۆشیو دەردی سەرییەی بەسەر پێغەمبەرەکان هاتووە لەگەڵ گەلو نەتەوەکانیاندا.

٥- دوعاو نزای حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام دوای تەواو کردنی بینای کەعبە، بۆ دانیشتوانی شاری مەککە کە لەئاسایشو ئارامیدا بژین، خودا رزقو رۆزییان بەسەردا برێژێ، دڵی ئادەمیزادان بەودەڤەرە پێیەوە پەیوەست بێ، هەروەها دوعای ئەوەش کە نەوەو وەچەکانی لەبتپەرستی بپارێزێ. هەروەها شوکرو سوپاسی ئیبراهیم بۆ خودا: کە بەپیری منداڵی پێ داوە، تۆفیقی خۆیو نەوەکانی بدا بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیانو ئەمجار داواکردنی لێخۆشبوون بۆ باوکو دایکی.. هەروا گەلێ شتی تر؛کە لەکاتی راڤەکردنی ئایەتەکاندا شی دەکرێنەوە.!

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓر كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿١﴾ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَوَيْلٌ لِّلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٤﴾

﴿الر﴾ الف، لام، را [1] ﴿كتاب أنزلناه اليك﴾ ئەم نامە پیرۆزە:کە پێکُ هاتووە لەم پیتانە، نامەیەکی ئاسمانییە نازڵمان کردوە بۆ سەر تۆ، ئەتۆ بۆخۆت هەڵت نەبەستووە، ئێمە بۆمان ناردووی بۆ مەبەستێک: ﴿لتخرج الناس من الظلمات الى النور﴾ بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بەگشتی لەتاریکی گومڕایی رزگار بکەی؛ تاریکی خەیاڵاتو وەهم، تاریکی دابو نەرێت،

(١) دەربارەی مانای ئەم پیتە (مقطعانە)هەمان ماناو راو بۆچون: کەلەسەرەتای سورەتی (البقرة) دەربارەی (الم) ئاماژەمان پێ کردن لێرەدا بەرچاو دەگیرێن.

تاریکی سەرگەردانیو فرە خودایىو بتپەرستی، سەرگەردانی لەبیرو بۆچوونی پڕوپووچو پێوەرو تەرازوی لاسەنگی ئادەمیزاد، تۆمان کردوە بەپێغەمبەرو قورئانمان بۆ ناردووی بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەم هەموو تاریکیانە رزگار بکەی دڵو دەروون رۆشن بکەیتەوە بیر بۆچون روناک بکەیتەوە واقیعی ژیانو دابو نەریتەکان بگۆڕێ!

ئیمان بەخودا روناکایی‌یەکە لەدڵو دەرووندا هەڵدێو ئەو کیانو جەستەیەی ئادەمیزاد: کە پێک هاتووە لەگڵو گیان روناک دەکاتەوە، هەر کاتێ ئەو جەستەیە نووری ئیمانی تێدا نەبێ مشتەخۆڵێکی تاریکستانە، خوێنو ئێسقانو گۆشتە چ جوداوازیەکی لەگەڵ ئاژەڵدا نیە. بڕوا بەخودا روناکییەکە نەفسو گیان روناک دەکاتەوە، رێبازی راستی ژیان دەدۆزێتەوەو حەق دەناسێ، هەرکاتێ ئادەمیزاد رێبازی حەقی دۆزییەوە لەسەر هیدایەتو بەپێی بەرنامەی حەق هەنگاو هەڵدەنێو سەرگەردان نابێ!

﴿بِإِذْنِ رَبِّهِمْ﴾ قورئانمان بۆ ناردووی بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەگومڕایی رزگار بکەی بۆ روناکایی ئیمان بەهۆی تەوفیقی خودایی بەهۆی لوطفو بەخششی خودای خۆیان، بەهۆی ناردنی نووری هیدایەت بۆ ناو دڵو دەروونیان، کەوابوو توانای پێغەمبەر تەنها راگەیاندنە، ئەرکی سەرشانی ئامۆژگاریو رونکردنەوەیە، ترساندنو موژدە پێدانە، بەڵام دەرهێنانی ئادەمیزاد لەگومڕایی‌یەوە بۆ نوور ئەوە تەنها بەئیزنی خودا دێتە جێ، بەگوێرەی سوننەتی خوداو ویستو ئیرادە زاتی پاکی دەستەبەر دەبن، پێغەمبەر تەنها پێغەمبەرە.

﴿إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ﴾ قورئانمان بۆ ناردووی بۆ ئەوەی ئادەمیزادان شارەزا بکەی بۆ رێبازی راست، رێبازی خودایەکی وەها :کە بالادەستی هەموو کەسە، هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، لەسەر

هەموو کردارو گوفتارێکی سوپاسکراوە، هەموو کارێکی پڕحیکمەتو عەدالەتە، هەموو هەواڵێکی راستو دروستە.

﴿اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ پەروەردگارێکی وەهایە؛ هەرچی لەئاسمانەکانو زەویدا هەیە: دروستکردن و خاوەنیەتیو هەڵسوڕاندنو ئاڵو گۆڕتێداکردن هەمووی بەدەست پەروەردگارەو هی ئەوە! هەر ئەو خاوەنی ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی تێیاندایە، حەوێجەی بەکەس نیە، باڵادەستو خاوەن دەسەڵاتە بەسەر بوونەوەرو ئەوەی تێیدایە.

ئەم صیفەتە زۆر جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە، بۆ ئەوەی سەرەنجی ئادەمیزاد رابکێشێ بۆ گەورەیی پەروەردگارو بۆ بەکارخستنی فکرو هۆش لەتێڕوانینی مەخلووقاتو سوود وەرگرتن لەتێفکرین.

جا کەسێک هیدایەتی دراو بڕوای پێ کردی ئەوە باشەو بەختەوەرە. هەڵبەتە سیاقەکە هیچ باسی ئەم تاقمە ناکا، بەڵکوو هەڕەشە لەکافرەکان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَوَيْلٌ لِّلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ شیوی دۆزەخ، یان سزای بەئێش لەرۆژی قیامەتدا بۆ ئەوانەیە: کە بڕوا بەپەیامی تۆ ناکەنو ئینکاری تاکو تەنهایی خودا دەکەن!

ئەمجار پەروەردگار پێناسەی کافرەکان دەکا بەسێ صیفەت، سێ رەوشتیان بۆ دیاری دەکا:

١- ﴿الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ﴾ ئەوانەی ژیانی دونیا هەڵدەبژێرن بەسەر قیامەتدا، گرنگی بەژیانی دونیا دەدەنو پێش ژیانی قیامەتی دەخەن، کار بۆ جیهان دەکەنو وازیان لەکارکردن بۆ قیامەت هێناوە.

٢- ﴿وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾ مەنعی ئەوانە دەکەن: کە دەیانەوێ رووبکەنە خوداو ئیمان بەپێغەمبەر بهێنن، کۆسپو لەمپەڕ دروست دەکەن لەبەردەم ئەوانەدا: کە خەریکن بێنەسەر رێبازی راستو خوداپەسند، هەر کەسێ رووبکاتە ئیسلام ئەوان زێوانی دەکەنەوە.

٣- ﴿ويبغونها عوجاً﴾ پێیان خۆشە ڕێبازی خودا خوارو خێچ بێ، دەیانەوێ ڕێبازی ئادەمیزادان دوور لەحەق بێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەواو مەبەستی ئەواندا بگونجێ.

زومەخشەری دەفەرموێ: ئەصلی کەلامەکە بەم جۆرەیە؛ ﴿ويبغونها عوجاً﴾ هەوڵ دەدەن خوارو خێچی بخەنە ناویانەوە، ڕێبازی خوارو خێچ بەڕێبازی خودا لەقەڵەم بدەن، ئەگینا ڕێبازی خودا ڕاستو دروستەو لادان لەحەقی تێدا نیە.

هەر لەم ڕوانگەیەوەیە: کە ئەمڕۆ هەندێک لەبەناو موسوڵمانەکان لاسایی کافرەکانی سەردەم دەکەنەوەو دەڵێن: یاساکانی ئایین لەبواری حودودو جینایاتدا زۆر توندرەوی تێدایە، زۆر ڕەقو توندو تیژەو بەکاری ئەم ڕۆژگارە نایە، دەڵێن: یاساکانی ئیسلام بۆ ئەو عەرەبە دەشتەکییانەی ئەو سەردەمە کۆنە گونجاو بووە، بەڵام هەرگیز شیاوی ئەوە نیە بکرێتە یاسای گەلێکی پێشکەوتوو یان نیمچە پێشکەوتووی ئەم ڕۆژگارە. بەڕاستی چەواشەکارییەکی بێ عەقڵانەیەو بیرو بۆچونێکی بۆشو بێ بایەخەو درۆیەکی شاخدارە.بۆیە پەروەردگار لەشوێنێکی تردا دەرحەق بەئەوانو هەموو دوڕوو چەواشەکارێک دەفەرموێ: ﴿كبرت كلمة تخرج من افواههم ان يقولون الا كذباً﴾الكهف/٥.

کارنەکردن بەو حوکمە ئیسلامیانەو پاشگوێ خستنیان سەری کێشا بۆ زۆر بوونی تاوانو ستەمو ئەوەتا: بەردەوامو لەهەموو ئەو شوێنانەی حوکمی ئیسلامی تێدا کار پێ ناکرێ تاوانی کوشتنو دزیو ڕفاندنو تالانو بڕۆ..هتد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبوون دایە. ئەوەتا بەگوێرەی ئاماری ڕەسمیو حکوومی لەوڵاتێکی وەکوو بەریتانیادا لەهەر چرکەیەکدا پانزە هەزار تاوان ئەنجام دەدەرێ، هەڵبەتە لەئەمریکادا ڕێژەکە زۆر زۆرترە.

ئەو مولحیدو لاساکەرانەوانە یان نازانن، یان خۆیان نەزان دەکەن: کە شەریعەتی ئیسلام شەریعەتو یاسایەکە هەرگەلو نەتەوەیەک پابەندی بێ

بەختەوەرە ئەوەتا عەرەبەکان ئەو ماوەیەی پابەندی بوون رووی جیهانیان گۆڕی، ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی جیهانیان کرد، نموونەی عەدالەتکاری‌و ئاوەدانکردنەوەو زانستخوازی بوون، ستەم‌و ستەمکارانیان قەلاچۆ کرد، تەخت‌و کورسی کیسراکان‌و قەیصەرەکانیان ژێرو زەبەر کردن، ولاتیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوەو بەوپەڕی لێهاتوویی‌و لێزانیەوە فەرمانڕەوایی جیهانیان کرد، هەتا وردە وردە گیانی ئایینیان کزبوو، فەرمان‌و جلەوگیرییەکانی قورئانیان پاشگوێ خستن، ئیتر بەو هۆیەوە خودا زەلیلی بەسەردا هێنان‌و سەروەری لێ کردن بەزەلیلی‌و، خۆشی‌و ئازادی لێکردن بەنەگبەتی‌و نەهامەتی، ئەمە داب‌و نەریتی خودایە، زەوی دەبەخشێ بەکەسانێک راستال بن‌و بزانن رەدامی بێنن، بەخۆیان بچارێن، بەگوێرەی زانست‌و یاسای ژیان هەلسو کەوت بکەن. هەر کاتێ لەو یاساو نیظامە لایان داو بەگوێرەی ئەسباب هەلسو کەوتیان نەکردو گوێ بیسی فەرمان‌و نەهیەکانی خودا نەبوون ئەوە حالیان بەو حالە دەگا کە ئێستا موسولمانان تێی کەوتوون: رۆژێک ئەنفال دەکرێن، رۆژێک دەربەدەرو رۆژێک کیمیاباران‌و رۆژێک جینوسایدیان دەرحەق بەکار دەهێنرێ‌چاوگێڕانێک بەحال‌و وەزعی فەلەستینیەکان‌و کوردەکان‌و کشمیرییەکان‌و کۆسۆفۆیی‌یەکان..هتد کە بەناو موسولمان‌و پێناسەی موسولمانییان هەیە. ئەم راستیەمان زیاتر بۆ ئاشکرا دەکەن. هەرکاتێ موسولمانان بەخۆیاندا چوونەوەو سەرلەنوێ خۆیان رێک خستەوەو رابوونەوەو بەگوێرەی بەرنامەی خودا هەلسو کەوتیان کردەوە، قورئان دەستوورو یاسایان بوو (لا اله الا الله محمد رسول الله) دروشمیان بوو، بێگومان هەمان سەروەری‌و نگین‌و فەرمانڕەوایی‌یەیان بۆ دەگەرێتەوە، سەرلەنوێ دەبنەوە بەخاوەن دەسەلات‌و فەرمانڕەوا لەسەر زەوی وەکوو پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**ولقد كتبنا في الزبور من بعد الذكر ان الأرض يرثها عبادي الصالحون**﴾الانبياء/١٠٥.

ئـەمجار بێـنـەوە سـەر سـیاقی ئایەتەکـە: کـە دوای باسـکردنی سـێ ڕەوشتەکانی کافرەکان دەفەرموێ: ﴿أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ ئـەو کـافرو موشریکانەی ئـەوە ڕەوشتیانە لەگومڕاییـیـەکی دوور لەحـەقدان، لەنـەزانیو نـەفامیدا دەژیـن، هومێـدی ئـەوەیان لێ نـاکرێ بێنـە سـەر ڕێگـای ڕاسـتو پەسند!

ئـەمجار دوای ئـەوەی پـەروەردگار مەبەسـتەکانی قورئـانی باسـکردنو کاریگەری قورئانی لەبواری هیدایەتدا شی کردەوە، ئەوە ڕون دەکاتـەوە: کـە قورئان هۆکارێکی ئاسانو بەیدەستە بۆ هیدایەتدان، چونکە بەزمانی قوڕەیش: کەسـەرەتا بانگـەوازیی ئـەوان کراوەو زمـانی زگمـاکی پێغەمبـەر نـێردراوە. ئەمـەش نیعمەتێکی گشتیـیە بۆ ئادەمیزادو هـەموو پێغەمبـەرێک بـەزمانی گەلەکەی شەریعەتو یاسـای بـۆ نـێردراوە. بـۆ ئـەوەی پێغەمبەرەکـە بتوانـێ خەڵکەکە حاڵی بکاو ڕزگاریان بکا.

بێگومـان حـەزرەتی موحەمـمـەد ﷺ بـەزوبانی گەلەکـەی ڕەوانـە کـراوە (هەرچەندە پێغەمبەری هەموو ئادەمیزادە) چونکە تەقدیری خودا وەهـابووە: کە گەلو نەتەوەکـەی سـەرەتا موسـوڵمان بـبنو ئـەوان پـەیامی ئیسـلام بـڵاو بکەنـەوەو ببنـە هـەڵگری ئـەو ئایینـەو بانگـەوازی ئیسـلام بـۆ هـەموو گـەلو نەتەوەکانی سەر زەوی.

وەکوو ئاشکرایە تەمەنی پێغەمبـەر ﷺ تەمـەنێکی مـام نـاوەندی بـوو، لەلایـەن پـەروەردگارەوە فـەرمانی پـێ کرابـوو کـە سـەرەتا بانگـەوازی گـەلو نەتەوەکەی بکا، نیوە دوورگەی عـەرەب لەکوفرو شـیرک پـاک بکاتـەوە، ئـەو ناوچەیە بکاتە لانەی ئیسلامو لەوێوە ئایین بەناو وڵاتاندا پەخش ببێتەوە. لەو مەڵبەندەوە بانگخوازانی ئیسلام دەربچنو بەناو دونیا بڵاو ببنەوە.

ئەوەی بەفیعلی رویدا ئەوەبوو قەزاو قەدەری خودا وای هێنا کاتێک نیوەدوورگەی عەرەب لەکوفرو بێدینی پاک کرایەوە، پێغەمبەر ﷺ گیانی پاکی سپاردو بۆ لای پەروەردگار گەڕایەوە!!

سوبحانەڵلا! لەشکری ئیسلام لەلایەن پێغەمبەرەوە بەسەرۆکایەتی ئوسامەی کوڕی زەید رێک خرابوو بۆ پەلاماردانی دەوروبەری نیوەدوورگەی عەرەب، هێشتا سوپا بەڕێ نەکەوت پێغەمبەر ﷺ گیانی سپارد.

هەرچەندە پێغەمبەر ﷺ پێش لەدونیا دەرچوونی بەنامە بانگەوازی ئاڕاستەی هەندێ گەلو نەتەوە کرد لەدەرەوەی نیوەدوورگە بۆ موسوڵمان بوونو چەسپاندنی ئەو راستییە: کە پەیامەکەی گشتییەو بۆ هەموو کەسەو پێغەمبەری سەرجەم ئادەمیزادەو خاتەمی پێغەمبەرانە!

ئەوەی:کە خودا تەقدیری کردبوو، ئەوەی: کە لەگەڵ سروشتی تەمەنی ئادەمیزاددا دەگونجێو گونجا، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ گەلو نەتەوەکەی خۆی بەزمانی خۆیان تەبلیغ کردنو ئەو ئەمانەتەی خستە سەرشانی هاوەڵانیو بۆ ئەوەی ئەوان بەناو دونیادا بڵاوی بکەنەوە.

کەوابێ چ دژایەتیەک نیە لەنێوان ئەوەدا: کە پێغەمبەرایەتیەکەی گشتییەو بۆ سەر هەموو ئادەمیزاد نێردراوەو پەیامەکەشی بەزوبانی گەلو هۆزەکەیەتی!!

لەلایەکی ترەوە پێغەمبەر ﷺ کە نێردراوە بۆ سەر هەموو ئادەمیزاد بەگشتی، کۆمەڵگای ئادەمیزاد جۆرەها گەلو نەتەوەن بەصەدان زوبان ئاخاوتن ئەنجام دەدەن، ئەمانە زمانیان جیایەو زۆر گەلو نەتەوەی وا هەیە بەچەند زوبان قسە دەکەن، ئەم کۆمەڵ لەئەو کۆمەڵ ناگا. زمانی ئەم بەشە لەگەڵ زمانی بەشەکەی تر جوداوازە. دەی کەوابێ ناردنی پێغەمبەر ﷺ بەزمانی زگماکی خۆی بەزمانی نەتەوەکەی زۆر باشترە لەوەی کە بەزمانێکی تر بنێردرایە. چونکە گەلو نەتەوەکەی لیێ حاڵی دەبنو پەیامەکەی وەردەگرن

بۆ خاوەن زمانەکانی دی شی دەکەنەوەو تێیان دەگەیەنن وەکوو چۆن بۆخۆیان تێی دەگەن!

ئەگەر قورئان بەزمانی ئەوان نازڵ نەکرایە کەسەرەتا قورئانیان بۆ نێردراوەو یەکەمجار **خیطابیان** ئاراستەکراوە،بەڵکوو بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەکێ بەزمانی خۆیان قورئان بنێردرایە، ئەوە دەبوە جێگای ئیختیلافو دووبەرەکیو دەرگای کێشەو نیزاعی دەکردەوە. چونکە ئەو کاتە هەر گەلو نەتەوەیەکێ ئیدیعای مانای وایان بۆ قورئان دەکرد: کە ئەویتریان تێی نەگا، تەحریفو تەصحیفی وای تێدا پەیدا دەبوو بەهۆی داوای پڕوپووچی رەگەزپەرستانی هەر گەلو نەتەوەیەکێ کە بەهیچ شێوەیەکێ لەقورئان نەچێو هیچی بەسەر هیچەوە نەبێ..

دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ واتە: ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان لەپێغەمبەران نەناردوە ئیللا کە ناردومانە بەزمانی نەتەوەکەی خۆی ناردومانەو پەیامەکەی بەزوبانی ئەوان بووە، بۆ ئەوەی تێبگەنو بزانن چییان پێ دەگوترێ: لەفەرمانو نەهیو ئامۆژگارییەکانی حاڵی ببنو بەڵگەیان بەدەستەوە نەمێنێ، رۆژی قیامەت نەڵێن: لیێ حاڵی نەبووینو نەمانزانیوە!

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار ئەوەی رونکردەوە: کە ئادەمیزاد بیانووی ئەوەیان نیە: بڵێن: ئێمە ، لەشەریعەتەکە حاڵی نەبووین. باسی ئەوە دەکا: کە هیدایەتو گومڕایی بەدەست خودا خۆیەتی: ﴿فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ واتە: دوای گەیاندنی پێغەمبەر بۆ پەیامەکەی ئادەمیزاد دەبنە دوو تاقم، بەشێکیان خودا هیدایەتیان دەداو دڵیان بەنووری ئیسلام رۆشن دەکاو شوێن حەق دەکەونو رێبازی راست دەدۆزنەوە: کۆمەڵێکیشیان بەهۆی تاوانو بێدینی دڵیان بەپەردەی گومڕایی دادەپۆشرێو

حەق ناناسن، ئەمانە هەموویان بەقەزاو قەدەری خودا دێنەجێو هەرچی خودا بڕیاری لەسەردابێ گەڕانەوەی نیە.

﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ پەروەردگار بالادەستەو هیچ شتێک نیە بتوانێ بەرەنگاری ویستی خودا بکا، داناو لێزانە لەکارەکانیدا، شتێک ناکا بێ حیکمەت بێ پێچەوانەی یاساو سونەنی خودا بێ لەبوونەوەردا، چونکە خودا لەبوونەوەردا یاساو نیظامی خۆی هەیەو هەموو کاتێک بەگوێرەی سونەنی خۆی کار دەکا.

ئەم ئایەتە ﴿فَيُضِلُّ اللهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾ ڕەتدانەوەی کۆمەڵی قەدەرییەکانە دەربارەی کاریگەری مەشیئەت. هەواڵدانە بەوە: کە گومڕابوونو هیدایەت لەخوداوەن، واتە: خودا بەویستی خۆی کەسێکی بۆێ گومڕای بکا گومڕای دەکا، کەسێکیشی بوێ هیدایەتی بدا هیدایەتی دەدا، بەگوێرەی ئامادەباشی ئادەمیزاد بۆ گومڕابوون یان بۆ هیدایەت وەرگرتن، ئەوەی لەسەر پێغەمبەر پێویستە گەیاندنی پەیامەکەیەتیو شیکردنەوەیەتی بۆ خەڵکەکە. ئەرکی هیدایەتدانی لەسەر نیە، هیدایەتدان بەدەست خودایە بەگوێرەی قەزاو قەدەری خۆی!

زومەخشەری دەڵێ: مەبەست بە(ئیضلال) گومڕاکردن: ئەوەیە: خودا وازی لێ بێنێو لوطفو کەرەمی لەگەڵ نەبێ، مەبەست بەهیدایەتدان: تۆفیقدانو لوطفو کەرەمیەتی. لەگەڵ بەندەکانیدا.

ڕیوایەتکراوە ڕۆژێک لەرۆژان، ئەبو بەکرو عومەر لەگەڵ کۆمەڵێک لەهاوەڵان ﷺ بەرەوماڵی پێغەمبەر ﷺ ڕۆییشتن دەنگیان بەرز کردبووەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەم دەنگە دەنگە چیە؟ هەندێک لەهاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوە ئەبو بەکرە دەڵێ کرداری چاکەمان لەخوداوەیەو خراپەکان لەخۆمانەوەیە. عومەریش دەڵێ: چاکەو خراپە هەردوکیان لەخوداوەن. پێغەمبەر ﷺ لەرایەکەی ئەبو بەکر حاڵی بوو رووی وەرگێڕا

بەجۆرێك لەدەمو چاویدا رووەرگێڕانەكە دیاربوو، ئەمجار رووی كردە عومەرو لەهەڵوێستی ئەویش حاڵی بوو، پێخۆشبوون بەروخساری مویارەكیەوە دیار بوو! پاشان فەرمووی: ئێستا ناوانتان دەكەم بەو شێوەیەی ئیسرافیل لەنێوان جوبرائیلو میكائیلدا ناوانی كرد: ئەی عومەر! جوبرائیل وەكوو تۆی گوت. میكائیلیش وەكوو قسەی تۆی گوت: ئەی ئەبو بەكر. ئیرافیل وای حوكم لەنێواندا كردن: كە قەزاو قەدەر خێرو چاكەو شەرو نەگبەتی هەمووی لەخوداوەیە. ئەمەش ناوێژی كردنی منە لەنێوانتاندا.

ئیمام فەخرەدینی رازی پاش ئەوەی كە دەڵێ: ناگونجێ وای مانا بكەین بڵێین: مانای وایە: خودا كوفر لەئادەمیزاددا دەخولقێنێ.. سێ تەئویل بۆ ئایەتەكە ئاڕاستە دەكا:

١- مەبەست بە(ئیضلال) گومڕا كردن، حوكمدانە بەوەی كە فلان گومڕایە نەكێ گومڕا كردن.

٢- مەبەست بە(ئیضلال) بریتی بێ لەلادانیان لەرێگەی بەهەشتو روتێكردنیان بۆ رێبازی دۆزەخ. هیدایەتیش بریتی بێ لەشارەزایی كردنیان بۆ رێبازی بەهەشت.

٣- پەروەردگار: كە بەندەی گومڕابووی واز لێ هێنا وەكوو ئەوە وایە گومڕای كردبێ، هیدایەتدراویش؛كە بەلوطفی خۆی یارمەتی داوە وەكوو ئەوە وایە هیدایەتی دابێ.

بەكورتی پەروەردگار زۆرە ملێ لەبەندكانی ناكا بۆ ئیمانو كوفر، ئادەمیزاد بەكافری دروست ناكا، قەت كوفرو بێدینی لەئادەمیزاددا دروست ناكا. كەوابێ مەبەست بە(ئیضلال)و (هیدایەت) رونكردنەوەی رێبازی شەڕو رێبازی خێرە.

ئەركی سەرشانی حەزرەتی موسا بەرامبەر گەلەكەیی‌و ئامۆژگاریكردنی بۆیان

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٥﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنجَىٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٦﴾ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۖ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِى لَشَدِيدٌ ﴿٧﴾ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكْفُرُوٓا۟ أَنتُمْ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿٨﴾

لەوەپێش پەروەردگار ئەوەی بەیانكرد: كە موحەممەدی كردوە بەپێغەمبەرو رەوانەی كردوە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەتاریكی گومڕایی رزگار بكا بۆ روناكایی ئیسلام‌و رەوانە كردنەكەی خێرو پیرۆزییە بۆ گەلەكەی. ئەمجار بەشوێن ئەوەدا سەرگورشتەی موسا دەگێڕێتەوە، هەروەها چیرۆكی

پێغەمبەرانی تریش دەگێڕێتەوە لەگەڵ گەلەکانیاندا بۆ ئاماژە کردن لەسەر ئەوە: کە مەبەست لەناردنی پێغەمبەران یەکێکەو هەموو پێغەمبەران بۆ یەک ئامانج نێردراون: ئەویش رزگار کردنی ئادەمیزادە لەگومڕایی بۆ روناکاییو هەروەها دڵدانەوەی پێغەمبەرەو ورەپێدانیەتی بۆ خۆڕاگرتن لەسەر ئەزیەتدانی گەلەکەیو رێنمونی کردنیەتی بۆ هەڵسو کەوتکردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی گونجاو. دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ واتە: وەکوو چۆن تۆمان رەوانە کردوە ئەی موحەممەد! نامەمان بۆ ناردوی بۆ ئەوەی خەڵک لەگومڕایی رزگار بکەی بۆ روناکایی! هەر بەو شێوەیە موسامان کردە پێغەمبەرو رەوانەمان کرد بۆ سەر گەلی جولەکەو نۆ موعجیزەمان پێداو فەرمانمان پێ کردو پێمان گوت: کە گەلەکەت لەتاریکی گومڕاییەوە رزگار بکە بۆ روناکی، واتە: بانگیان بکە بۆ رێبازی خێرو چاکە، بۆ ئەوەی لەو گومڕاییو سەرلێ شێواوییەدا نەمێننەوە، بکەونە سەر رێبازی خوداپەرستیو هیدیایەتو روناکایی ئیمانو باوەڕ بەپەیامی خودا!

﴿وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللهِ﴾ ئامۆژگارییان بکە بەو روداوانەی لەرۆژانی خودا هاتوونە جێ، هەموو رۆژێک رۆژی خودان، وەلێ لێرەدا مەبەست ئەوەیە: ئامۆژگارییان بکا بەو رۆژانەی کە بەنیسبەت ئادەمیزادەوە یان بەنیسبەت هەندێکیشانەوە رۆژی تایبەتین: لەم روەوە کە روداوی گەورەو ناوازەیان تێدا رودراوە، ئەو روداوە سەرنج راکێشانەی بەسەر گەلو نەتەوەکانو پێغەمبەرەکانیاندا تێپەڕیوە، جا روداوەکان نیعمەتو خۆشی بوبوون یان نیقمەتو عەزابو نەگبەتی بووبن.

یان (أیام الله) بەمانا نیعمەتەکانی خودایە، واتە: نیعمەتەکانی خودایان بیر بهێنەوە کە بەسەریدا رشتن، لەژێر چنگی فیرعون رزگاری کردن لەچنگ زەبرو زەنگو ستەمی ئەو ملهوڕە دەری هێنان، دەریای بۆ شەق کردن،

دوژمنی ملهوڕی خنکاندن، هەوری بۆ کردن بەسێبەر، مەنو سەلوای بۆ ناردنە خواری....هتد.

بێگومان حەزرەتی موسا بەدڵسۆزی لێ بڕا بۆ ئامۆژگاریکردنی گەلو نەتەوەکەی بەرۆژانی گرنگ کە بەسەر خۆیاندا تێپەڕی، هەروا ئەم ڕۆژانەی کە بەسەر گەلو نەتەوەکانی تردا تێپەڕبوون؛ ڕۆژانی گەلی نووحو گەلی عادو گەلی ثەموودو ئەوانەی لەدوا ئەوانەوە هاتن هەمووی وەبیر هێنانەوەو بۆی باسکردن.

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ بێگومان لەم یادخستنەوەو وەبیر هێنانەوەدا بەڵگەی زۆرو زەبەندە هەن لەسەر تاکو تەنهایی خوداو دەسەڵاتو توانایبێ سنووری بۆ کەسانێک لەکاتی بەڵاو ناخۆشیدا خۆگرو پشوو درێژن، لەکاتی نیعمەتو خۆشیدا سوپاسگوزارو شوکرانەژمێرن.

لەصەحیحی بوخاریدا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ان أمر المؤمن کله عجب، لایقضی الله له قضاءً الا کان خیرا له ان أصابته ضراء صبر فکان خیرا له، وان أصابته سراء شکر، فکان خیرا له) بێگومان ئیشی موسوڵمان هەمووی سەرسوڕهێنەرە، هەر قەزاو قەدەرێک خودا بۆی بڕیاریدا بۆ ئەو خێرە؛ چونکە ئەگەر ناخۆشی تووش بوو صەبر دەگرێو بۆی دەبێتە خێر، ئەگەر خۆشی تووش هات، سوپاسگوزار دەبێو بۆی دەبێتە مایەی خێر.

قەتادە دەفەرموێ: چاک بەندەیەکە ئەو کەسەی کە تووشی بەڵا دەبێ خۆ دەگرێو کە دەکەوێتە خۆشییەوە سوپاسگوزارە. کەوابێ پێویستە موسوڵمان خاوەن صەبرو خاوەن شوکر بێ، لەکاتی بەڵاو ناخۆشیدا صەبر بگرێو لەکاتی خۆشیدا شوکرانە ژمێر بێ.

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنجَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! ئەوە بۆ گەلو نەتەوەکەت بگێڕەوە: کاتێک موسا

بەگەلەکەی خۆی وت: ئەی نەتەوەکەم! یادی ئەو نیعمەتەی خودا بکەنەوە بەسەر خۆتاندا: کە لەفیرعەونو دارو دەستەکەی رزگاری کردن، یادی ئەو رۆژگارە بکەنەوە کە فیرعەون ئەوپەڕی سزاو عەزابی پێ دەچێژتن، ئەرکی قورسو کاری لەتوانادا نەبووی لێ داوا دەکردن، نێرینەکانی سەردەبڕین، مێینەکانتانی بۆ دەهێشتنەوە. ئەمەش سزادانێکی بەئێشو تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو خودا رزگاری کردن لەدەستی ئەو ستەمکارە ملهوڕە!

﴿وَفِي ذَٰلِكُمْ بَلَاءٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَظِيمٌ﴾ لەوەی بۆتان باسکراو خوێندرایەوە تاقیکردنەوەیەکی خودایی بوو؛ چ لەحاڵی ناخۆشیو تەنگانەداو چ لەحاڵی نیعمەتو خۆشیدا، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بزانێ ئاخۆ شوکرانە ژمێرە یان کوفران دەکا. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولنبلونكم بالشرّ والخير فتنة والينا ترجعون﴾الأنبياء/٣٥. یان دەفەرموێ: ﴿وبلوناهم بالحسنات والسيئات لعلهم يرجعون﴾الأعراف/١٦٨.

بەکورتی :

ئایەتەکە ئامادەی ئەوەی تێدایە: کە پێویستە ئادەمیزاد لەژیانی دونیایدا لەنێوان دوو حاڵدا بێ. یان صابیرو خۆڕاگر بێ، یان شوکرانە ژمێرو سوپاسگوزار بێ. چونکە ئادەمیزاد لەژیاندا یان لەتەنگانەو ناخۆشیدایە، دەبێ خۆڕاگر بێ، یان لەخۆشیدایە، دەبێ سوپاسگوزار بێ.

کات لەم ژیانە لەزێڕ بەنرخ ترە، هەر کاتێ ماوەیەکی ژیانمان بەبێ هودە بڕوا خزمەتێکی ئایینو نیشتمانو کۆمەڵگای تێدا نەکەین. مانای وایە کوفرانی نیعمەتمان کردوەو هەلمان لەکیس خۆداوە، پەندمان لەرابوردوو وەرنەگرتووە!!!

﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ﴾ ئەی نەتەوەی ئیسرائیل! یادی ئەو رۆژە بکەنەوە کە خودا پیێ راگەیاندنو فەرمووی: ﴿لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾ ئەگەر شوکرانەژمێری نیعمەتەکانم بن، سوپاسم بکەن، زیاتر نیعمەتی خۆمتان

بەسەردا دەڕژێنم. ئیمامی بوخاری لەئەنەسەوە فەرموودەیەک ریوایەت دەکا دەفەرموێ: (ومن ألهم الشكر لم يحرم الزيادة) کەسێک شوکرانە ژمێر بێ خودا بەرۆژ نیعمەتەکانی بۆ زیاد دەکا.

﴿وَلَئِن كَفَرْتُمْ﴾ خۆ ئەگەر کوفرانی نیعمەتەکانم بکەن، سپڵەیی دەربڕن لەجیاتی شوکر. ﴿إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ سزای من زۆر بەئێشو ئازارە؛ لەدونیادا بەلێ ستاندنەوەی نیعمەتەکانو لەقیامەتدا بەئازاردانی توندو تیژ لەسەر سپڵەیی‌یەکەیان. وەکوو لەفەرموودەیەکی چەسپاودا هاتووە حاکم لەثەوبانەوە ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: (ان العبد ليحرم الرزق بالذنب يصيبه).

ئەمجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە: کە سوودی شوکرانە ژمێری‌و زیانی سپڵەیی‌و کوفران دەگەڕێتەوە بۆ سوپاسگوزارەکە یان بۆ سپڵە پێنەزانەکە. دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ: إِن تَكْفُرُوا أَنتُمْ وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ جا کاتێک حەزرەتی موسا دیاردەی کوفرو عینادی لەگەلەکەی بینی، مەبدەئێکی بنەڕەتی لەئایین‌دا راگەیاندو وتی: ئەگەر ئێوە ئینکاری نیعمەتەکانی خودا بکەن تەنانەت ئێوەش‌و هەرچی لەزەویدا هەیە بەئادەمیزادو جندۆکەوە کوفرانی نیعمەتەکانی خودا بکەن، ئەوە بێگومان چ زیانێک بەخودا ناگەیەنن، چونکە خودا بێ ئیحتیاجە لەسوپاسی بەندەکانی. خودا بۆخۆی سوپاسکراوە با خەڵکان کافرو سپڵە بن، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ان تكفروا فان الله غني عنكم﴾الزمر/٧. یان دەفەرموێ: ﴿فكفروا وتولّوا واستغنى الله، والله غني حميد﴾التغابن/٦.

ئیمامی موسلیم لەصەحیحەکەی‌دا لەئەبو زەڕەوە فەرمودەیەکی قودسی ریوایەت کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ لەپەروەردگارەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ئەی بەندەکانم! ئەگەر بەرودواتان، ئادەمیزادو جندۆکەتان هەمووتان لەسەر شێوەی بەتەقواترین دڵی پیاوێک بن، هیچ لەخودایەتی‌و خاوەنیەتیم زیاد ناکا، ئەی بەندەکانم! ئەگەر بەرودوواتان، ئادەمیزادو جندۆکەتان لەسەر شێوەی گوناهبارترین دڵی پیاوێک بن، هیچ خودایەتی‌و

خاوەنیەتیم کەم ناکا. ئەی بەندەکانم! ئەگەر بەروودوتان؛ ئادەمیزادو جندۆکەتان لەوشتێکدا راوەستن داوام لێ بکەنو پێویستی هەموانتان دابین بکەم لەخەزێنەم هیچ کەم نابێتەوە مەگەر بەئەندازەی ئەوەی دەرزییەک بخەیە ناو دەریاوەو دەری بێنیەوە چەند لەو دەریایە کەم دەبێتەوە هەر ئەوەندەش لەخەزێنەی من کەم دەبێتەوە.

بڕێ هەواڵ و سەرگورشتەی پێغەمبەرانی پێشوو لەگەڵ گەلەکانیاندا

أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ وَقَالُوا إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ (٩) ۞ قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى قَالُوا إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (١٠)

قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا ۚ وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿١٢﴾

ئەم کۆمەڵە ئایەتە بیرخستنەوەیە بەو رۆژگارانەی کە خودا تێیاندا تۆڵەی لەنەتەوە سەرەقو بەدرۆخەرەوەکان ستاندوە، واتە: دوای ئەوەی پەروەردگار باسی ئەوەی کرد: کە موسا داوای لەقەومی خۆی کرد: کە یادی نیعمەتو بەخششی خودا بکەنەوە بەسەریاندا؛ ئەو هەموو ناخۆشیو بەلایانەی لەسەر لابردن، ئەو هەموو خێرو بێرەی بەسەردا رژاندن، بەڵێنی پێ دان ئەگەر شوکرانە ژمێر بن بۆیان زیاد بکا، ئەگەر سپڵەو پێ نەزان بن سزایان بدا، ئەمجار سەرنجی ئادەمیزاد رادەکێشێ بۆ گفتو گۆی نێوان پێغەمبەرانی پێشوو گەلەکانیان روداوو بەسەرهاتی گەلەرابووردوەکانیان وەبیردێنێتەوە.

دەربارەی خیطابی ئایەتەکانی ئێرە ئایا ئاراستەی کێ کراونو کێی مەبەستە؟ چەند رایەک هەیە:

ئیبنو جەریری طەبەری دەفەرموێ: ئەم ئایەتانە لەتەواوکەری قسەکانی حەزرەتی موسانو خیطابی ئەوە بۆ نەتەوەکەی تا بیانترسێنێ لەوەی تووشی ئاکامی بەسەرهاتی گەلە پێشینەکان نەبن.

دەشگونجێ خیطابێکی تازەی خودا بێ بۆ نەتەوەی موساو نەتەوەکانی تر بۆ ئەوەی بەسەرهاتی گەلەپێشینەکانیان وەبیر بخاتەوە. مەبەستیش پەندو عیبرەت وەرگرتن بێ.

رازی دەفەرموێ: خیطابەکە بۆ ئوممەتی پێغەمبەری ئیسلامەو مەبەست پەندو عیبرەت وەرگرتنە، ئیبنو کەثیریش رایەکی لەم جۆرەی هەیەو دەفەرموێ: وادیارە خیطابەکە بۆ ئوممەتی ئیسلامە چونکە گوتراوە: چیرۆکی گەلی عادو ثەموود لەتەوراتدا نین. جا ئەگەر ئەم ئایەتانەی ئێرە تەواوکەری کەلامی حەزرەتی موسا بوونایە بۆ گەلەکەی دەبوایە: ئەم دوو چیرۆکە لەتەوراتدا بوونایە.

﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ﴾ ئایا بۆتان نەهاتووە هەواڵو سەرگورشتەی ئەو گەلو نەتەوانەی لەپێش ئێوەدا هاتوونە گۆڕەپانی ژیانەوە: کە ئەوانیش گەلی نوحو عادو ثەموودو هی تریش بوون لەو نەتەوانەی پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە، خودا نەبێ کەس نازانێ ژمارەیان چەندە؟

جا ئەو گەلو نەتەوانە ﴿جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ﴾ پێغەمبەرەکانیان هاتوونە ناویان بەموعجیزەو بەڵگەی جۆراو جۆرەوە، موعجیزەی ئاشکراو سەرەنج راکێشیان نیشانی گەلو نەتەوەکانیان داوە، موعجیزەی وا کە راستی پێغەمبەرایەتیەکەیان بچەسپێنێ، هەموو پێغەمبەرێک رێگای حەقو راستی بۆ نەتەوەکەی روون کردۆتەوە هەوڵی داوە لەگومڕایی کوفرو بێدینی رزگاریان بکا بۆ روناکی ئیمانو باوەڕ.

﴿فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ﴾ بەڵام ئەو گەلو نەتەوانە، پەنجەی رقو کینەیان لێ گەستن، دژایەتیان کردن، بەپەندو ئامۆژگارییەکانیان پەست بوون، وەکوو چۆن موشریکەکانی عەرەب دژایەتی پێغەمبەریان کردو پەیامی ئیسلامیان رەت کردەوەو پەنجەی رقو کینەیان لێ گەستن وەکوو

لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿عضّوا عليكم الأنامل من الغيظ، قل: موتوا بغيضكم...الآية﴾آل‌عمران/١١٩. مەبەست ئەوەیە: ئەو گەلو نەتەوانە پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستنەوە، گاڵتەیان پێ کردن، ئیمانیان پێ نەهێنان.

ئەبو عوبەیدەو ئەخفەش دەڵێن: عەرەب هەر کاتێ کابرایەکێ وەلامی کەسێکی نەدایەوەو بێدەنگ بوو پێی دەڵێن: (قد رده يده في فيه)!! واتە: بەدرۆی خستەوەو قەشمەری پێ کرد.

﴿وَقَالُوا: إِنَّا كَفَرْنَا﴾ بە پێغەمبەرەکانیان گوت: ئێمە بڕوا بەپەیامەکەتان ناکەین، پێمان وا نیە ئەو موعجیزاتانەی نیشانی دەدەن بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی ئێوە بێ.

﴿إِنَّا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾ ئێمە شکو گومانمان هەیە دەربارەی ئەو پەیامەی بانگەوازیمان دەکەن بۆ لای: کە ئیمان بەخودایە، بڕوا بەتاکو تەنهایی پەروەردگارە، شوێنکەوتنی ئەو شەریعەتو یاسایەی هێناوتانە! هەرچەند بیر دەکەینەوە ناتوانین دەس بەرداری بیرو باوەڕی خۆمان بینو شوێن ئایینی ئێوە بکەوین.

بەکورتی :

ئەوانە ئینکاری پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکانیان دەکەنو دڵنیان کە پەیامەکەیان راست نیە، چونکە ئەو یاساو شەریعەتەی هێناویانە جێگای گومانە.

ئەمجار پێغەمبەرەکانیان رەدیان دانەوەو سەریان سوڕما لەو وتارو هەڵوێستە ئەحمەقیانەیانو دەفەرموێ: ﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ: أَفِي اللَّهِ شَكٌّ؟﴾ پێغەمبەرەکانیان پێیان گوتن: ئایا ئێوە لەهەبوونی خودادا گومانتان هەیە! سەیرە ئێوە چۆن گومانتان لەهەبوونی خودادا هەیە، خۆ فیطرەتی ئادەمیزاد خۆی شایەتە لەسەر بوونی خودا، دان بەهەبوونی خودادا دەنێ هەرکەسێک تۆزێک عەقڵو فامی هەبێ دان بەهەبوونی خودادا دەنێ، زوربەی گەلو

نەتەوەکان ئیعتیراف بەهەبوونی خودا دەکەن، وەلێ لەگەڵ خودادا شتی تر دەپەرستن پێیان وایە: بەندایەتیکردن بۆ ئەو خودا درۆزنانە لەخودای گەورەو بالا دەستیان نزیک دەکاتەوە.

بەڵگەی فیطرەتو بەدیهێنان هەیە لەسەر وجوودی خودا:

١- بەڵگەی فیطرەت بەفەرموودەی پێغەمبەر ﷺ چەسپاوە، ئیبنو عودەیو بەرانیو بەیهەقی لەئەسوەدی کوڕی سەریعەوە ریوایەت دەکەن: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**كل مولود يولد على فطرة فابواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه**) هەموو زارۆکێک کە لەدایک دەبێ بەسروشت خودا پەرستە، پاشان باوکو دایکی دەیکەنە جولەکە یان فەلە یان ئاگر پەرست.

٢- بەڵگەی خەڵقو بەدیهێنان: ئەوە شتێکی هەست پێکراوو ئاشکرایە. دەفەرموێ: ﴿فَاطِرِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ خودای مەزن بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە. واتە: ئێوە چۆن گومانتان لەوجودی خودادا هەیە؟ لەکاتێکدا ئەو زاتە بەدیهینەری ئاسمانەکانو زەوییە، لەنەبووە ئەم بوونەوەرەی بەو شێوە رێکو پێکیە هێناوەتە دی. پەروەردگار وێرای ئەوەی بەدیهێنەرو خاوەن دەسەلاتە، تەواوی سۆزو بەزەییشی هەیەبۆ بەندەکانی، هەر لەروانگەی ئەو رەحمەتو میهرەبانییەوەیەتی: کە ﴿يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ﴾ بانگەوازی ئێوەی ئادەمیزاد دەکا ئیمانی پێ بهێنن شوێن پەیامی پێغەمبەرەکەی بکەون، بۆ ئەوەی لەقیامەتدا لەبری تاوانتان خۆش بێ، ئەو تاوانانەی پەیوەندی بەخوداوە هەیە، نەک ئەو تاوانانەی پەیوەندییان بەمافی ئادەمیزادانی ترەوە هەیە.

تێبینی ئەوە دەکرێ: لەقورئاندا هەر کاتێ: باسەکە باسی لێخۆشبوونی تاوانی کافرەکان بێ وشەی(مِنْ) کە بۆ تەبعیضە بەکار دەهێنرێ. لەهەر شوێنێکداباسەکە باسی لێخۆشبوونی تاوانی موسوڵمانان بێ وشەی (مِنْ) ناهێندرێ.

نموونەی یەکەم وەکوو ﴿واتقوه واطیعون یغفر لکم من ذنوبکم﴾نوح/٣-٤. یان دەفەرموێ: ﴿یاقومنا اجیبوا داعي الله وآمنوا به یغفر لکم من ذنوبکم﴾الأحقاف/٣١. چونکە دەربارەی ئیمان لەگەڵیان دەدوێ.

نموونەی دووەم وەکوو دەفەرموێ: ﴿قل: ان کنتم تحبون الله فاتبعوني یحببکم الله وریغفر لکم ذنوبکم﴾آل‌عمران/٣١. یان دەفەرموێ: ﴿ذلکم خیر لکم ان کنتم تعلمون، یغفر لکم ذنوبکم﴾الصف/١١-١٢. چونکە لێرەدا لێخۆشبوونەکە رودەکاتە تاوانەکان.

﴿وَيُؤَخِّرُكُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى﴾ دواتان دەخا بۆ کاتێکی دیاریکراو واتە: بانگەوازیتان دەکا کە ئیمانی پێ بهێنن، بۆ ئەوەی لەبرێ تاوانتان خۆش بێ کە لەپێش ئیمانهێنانتان ئەنجامتان داون هەروەها دواتان بخا بۆ کاتێکی دیاریکراو لەزانیاری خۆیدا کە کۆتایی هاتنی تەمەنتانە ئەگەر ئیمانی پێ بهێنن، ئەگینا خێرا بەهیلاکتان دەباو سزاتان دەدا. کەوابێ ئیمانهێنان دوو نیعمەتی لێوەدەست دێن: یەکێکیان لێخۆشبوونی تاوانە یەکیشیان مۆڵەتدانە تا کۆتایی تەمەن.

ئەمجار پەروەردگار باسی رەتدانەوەی گەلو نەتەوەکان دەکا بۆ پێغەمبەرەکانیان بەسێ جۆر:

١- ﴿قَالُوا: إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا﴾ وتیان: چۆن هەروا بەهەوانتە شوێنتان بکەوین، هێشتا ئێمە موعجیزەیەکمان لێ نەبینیون، ئێوەش وەکوو ئێمە ئادەمیزادن، چ زێدە فەضلو رێزێکتان بەسەر ئێمەوە نیە، ئەدی چۆن ئێوە بوونە فروستادەی خوداو ئێمە نەبووین؟! ئەگەر خودا پێغەمبەری بۆ سەر ئێمەی ئادەمیزاد بناردایە لەرەگەزێکی تری دەناردو دەبوایە ئەو پێغەمبەرە پێویستی بەخەوو خواردنو خواردنەوە نەبوایە.

٢- ﴿فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ﴾ دە بەڵگەو موعجیزەی ئاشکرامان بۆ بێنن، راستی داواکەتان بچەسپێنێ! ئێمە بەشتی حیسسی نەبێ بڕوا ناکەین!

دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویو ئەو شتە عەجایەبانەی تێیاندایە ئەوە ئێمە بەبەڵگەیان دانانێینو نازانین چۆنن نابنە بەڵگە لەسەر راستی پەیامەکەتان!!

ئەمجار پەروەردگار دوا بەدوای ئاراستە کردنی شوبهەی کافرەکان کە تانەیان لەپێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکان دا لەزمانی پێغەمبەرەکانەوە رەدی شوبهەکان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ: إِنْ نَحْنُ إِلاَّ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ وَلَكِنَّ اللهَ يَمُنُّ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾ پێغەمبەرەکان بەگەلو نەتەوەکانیان فەرموو: راستە ئێمە ئادەمیزادێکین وەکوو ئێوە دەخۆینو دەخۆینەوە، دەخەوینو دێینو دەرۆین بەبازاڕدا، هەوڵی رزقو رۆژی ژیان دەدەین، بەڵام خودافە ضل و نیعمەتی خۆی دەرژێنێ بەسەر کەسانێکدا کە مەیلی لێ بێ رێزی پێغەمبەرایەتی بداتێ. وەکوو دەفەرموێ: ﴿الله أعلم حيث يجعل رسالته﴾الانعام/١٢٤.

شوێنکەوتنو لاسایی کردنەوەتان بۆ باوکو باپیرانتان ئەمە کارێکە عەقڵ وەری ناگرێو هیچی بەسەر هیچەوە نیە. پەڵپو بیانوتان داوا کردنی موعجیزەو بورهان بۆ چەسپاندنی راستی پێغەمبەرایەتی ئێمەو بەگوێرەی داواکاری ئێوە، ئەوەعائید بەخودایەو ﴿وما كان لنا أن تأتيكم الا بأذن الله﴾ ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان لەهێنانی ئەو جۆرە موعجیزانەدا نیە، هەر موعجزەو نیشانەیەکی داوامان لێ دەکەن ئەگەر بەویستو ئیرادەی خودا نەبێ نایەتە جێ! ﴿وَعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ با هەر لەسەر خودابێ تەوەککولی خاوەن باوەڕان، پێویستە هەموو موسوڵمانێک پشت بەخودا ببەستێ، لەهەموو کارو کردەوەیەکیدا هانا بۆ ئەو بەرێ!

ئەمجار جەختیان لەسەر پشت بەستنی خۆیان لەسەر خودا کردەوەو وتیان: ﴿وَمَا لَنَا أَلاَّ نَتَوَكَّلَ عَلَى اللهِ وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا﴾ چۆن ئێمە پشت بەخودا نابەستین وەلحال ئێمەی هیدایەت داوە بۆ رێبازی زانستو زانیاری،

لەسەرﻯ پێویست کردوین: کە رێبازی راستی ئەو بگرینە بەر، رێبازی سەرفرازیو رزگار بوونی نیشان داوین، کەسێکیش خودا نیعمەتی خۆی بەسەردا رشت پێویستە بەگوفتارو کردار سوپاسگوزاری بێ.

﴿وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَا آذَيْتُمُونَا﴾ دڵنیابن ئێمە لەبەرامبەر سەررەقیو پەڵپو بیانووی جۆراو جۆرتان خۆراگرو پشوو درێژ دەبین، بەردەوام دەبین لەسەر بانگەوازی کردنتان!

﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ با خاوەن تەوەککولەکان بەردەوام بن لەسەر پشت بەستن لەسەر خودا، با بتمانەیان هەر بەخودا بێ، لەپێناو ئاینی خودا هەموو نارەحەتیو ناخۆشیەک بچێژنو تەحەمولی بکەن!

دووجار فەرمان بەتەوەککول دووبارە بۆتەوە، سوودی دووبارە بوونەوەی فەرمانەکە ئەوەیە: سەرەتا فەرمانی بە پێغەمبەرەکان کردوە پاشان فەرمانی بەشوێنکەوتووەکانیان کردوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوە: کە ئەو کەسەی فەرمان بەکاری چاکە دەکا دەبێ بۆ خۆی سەرەتا لەخودی خۆیدا تەنفیذی بکا. ئەگینا کاریگەر نابێ.

هەرەشە کردنی کافرەکان لەپێغەمبەرانو بەڵێنی پەروەردگار بەخوداپەرستان: کە ستەمکاران لەناو دەبا

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا ۖ فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ ﴿١٣﴾ وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ الْأَرْضَ مِن بَعْدِهِمْ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ وَاسْتَفْتَحُوا

وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿١٥﴾ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ ۖ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ ۖ أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ ۖ لَّا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُوا۟ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار پێغەمبەرانی ڕێنومایی کرد بۆ پشت بەستن بەخوداو تەوەککول لەسەر پاراستنو چاودێری زاتی پاکی، لەهەموو بوارێکی ژیاندا، باسی هەڵوێستی کافرەکان دەکا کە لەوپەڕی نەفامیو ئەحمەقیدا خۆدەنوێنێ: کە لەجیاتی ئەوەی گوێ بیسی ئامۆژگاری پێغەمبەرەکان بن، هەڕەشەیان لێ کردن، دوو ڕێبازیان خستنە بەردەم: کە یان لەوەلاتیان دەردەکەن، یان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ئایینی بتپەرستیو دابو نەریتی باوکئو باپیرانیان!!

ئەمە پیشەی ملهوڕانو خاوەن بیرو باوەڕی پڕو پووچە، هەموو کاتێک لەجیاتی زمانی حیوارو عەقڵ و مەنطیق پەنا بۆ هەڕەشەو گوڕەشە دەبەن، ئیستیغلالی بێ هێزیو کەمدەرامەتیو ئاشتیخوازی ئەهلی حەقو خودا پەرستان دەکەن!

ئەوە نازانن: کە دەسەلاتی پەروەردگار لەژوور هەموو هێزو دەسەلاتێکەوەیە. سەرەنجام هەر خاوەن باوەڕانی حەق دەیبەنەوە، سەروەریو

پیرۆزی کۆتایی بۆ خودا پەرستانو تێشکان بۆ کافرانە، ئەمە سوننەتی خودایە لەبوونەوەردا، لەگەڵ هەموو نەتەوەو پێغەمبەرێکدا.

ئەمجار پەروەردگار کردەوەی کافرەکان بەتەپو تۆزی بابردو دەشوبهێنێ. دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُمْ مِنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا﴾ ئەوانەی کافرو بێ بڕوا بوونو گوێ بیسی ئامۆژگاری پێغەمبەرەکانیان نەبوون، پەنایان بۆ هەڕەشە کردن بردو وتیان: ئەگەر واز لەهەڵوێستو بانگەوازی خۆتان نەهێنن، لەزێدو نیشتمانی خۆمان دەرتان دەکەین، ناهێڵیین ئاوا بەئاسوودەیی دانیشن یان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ئایینی بتپەرستیو بەمیرات بۆ بەجێماومان.

بەڵێ بەدرێژایی مێژوو ئەمە سەرەنجامو ئاکامی سروشتی حیوارو کێ برکێی نێوان پێغەمبەرانوگەلو نەتەوە کافرو سەررەقەکان بووە. هەر لەگەڵ مایە پوچ بونیان لەگۆڕەپانی موناقەشەو حیواردا، لەپاش بۆرخواردنیانو تێشکانیان لەبەرامبەر نیشانەو موعجیزەی پێغەمبەرەکانیان هیچکەیان بەدەستەوە نەماوە جگە لەوە کە پەنایان بردۆتە بەر هەڕەشەو هێزو دەست درێژیکردن؛ هەڕەشەیان لەپێغەمبەرەکانیان کردوە بەیەکێ لەم دوو شێوە هەڕەشەیە:

١- دەرکردن لەوڵاتو ئاوارە کردنیان بۆ هەندەران.

٢- یان گەڕانەوە بۆ سەر ئایینی باوکو باپیرانیان کە بەمیرات بۆیان بەجێ ماوە.

ئەوەتا گەلی شوعەیب بەشوعەیبو شوێنکەواتوانی شوعەیبیان گوت: ﴿**لنخرجنك یاشعیب والذین آمنوا معك من قریتنا أو لتعودن في ملتنا**﴾الأعراف/٨٨.

هەروا پەروەردگار لەبارەی هەڵوێستی موشریکەکانی قورەیش لەئاستی پێغەمبەردا دەفەرموێ: ﴿**وان كادوا لیستفزونك من الأرض لیخرجوك منها،**

واذاً لایلبثون خلافك الا قلیلاً﴾الأسراء/٧٦. هۆکاری ئەم هەڕەشەو گوڕەشانە لەخۆبایی بوونی کافرەکانە بەهێزو توانای خۆیانو کەمی ژمارەی موسوڵمانانو بێ هێزیو لاوازییانە.

بەڵێ جەمسەری ناکۆکی نێوان خودا پەرستانو کافرەکان لەوەوە دەست پێ دەکا: کە بتپەرستەکان ئامادەی حیوارو موناقەشە نین، بەڵکوو پەنا دەبەن بۆ هێزو هەڕەشەکردن!

لێرەدا حەقیقەتی جەنگی نێوان ئیسلامو کۆمەڵگای نەفامان دەردەکەویو سەرهەڵدەدا. کۆمەڵگای نەفامی رازی نابێ ئایینی ئیسلام کیانو کەسایەتی خۆی هەبێ، ناتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکا، تەنانەت ئەگەر ئیسلامخوازان دەستی ئاشتیو برایەتیش درێژ بکەن، هێزی کوفرو بێدینان ئامادەی ئەوە نین پابەندی ئاشتی بنو دەستی ئاشتیو برایەتییان بۆ درێژ بکەن.

کەوابێ ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە لێ ببڕینو هەوڵو تەقەڵلا بدەن بۆ دروست کردنی کیانێکی خودا پەسند! دەبێ تێبکۆشن خۆیان لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی جمو جوڵکارو سەر بەخودا بدۆزنەوە، قیادەیەکی سەربەخۆو لایەنگیرییەکی سەربەخۆیان هەبێ. دڵنیاش بن: کە کۆمەڵگای نەفامان هەبوونی کۆمەڵێکی ئاوا تێکۆشەری پێ هەزم ناکرێو ناتوانێ لەگەڵ گرۆهێکی ئیسلامخوازی ئاوەهادا هەڵبکا! بەدرێژایی مێژووش وەها بووەو هەروایش دەبێ! بۆیە گەلو نەتەوە کافرەکان هەر بەوەندە رازی نەبوون کە پێغەمبەرەکان واز لەبانگەوازییەکەیان بهێنن، بەڵکوو داوایان لێ کردوون کە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئایینی باوکئو باپیری ئەوانو لەکۆمەڵگای نەفامی ئەوان بتوێنەوەو کیانی سەربەخۆو خاوەن کەسایەتییان نەێنێ، هەڵبەتە پێغەمبەران ئەمەیان پێ قبووڵ ناکرێو سروشتی ئایینی خودا بەشتی وا رازی نابێ، نابێ هیچ موسوڵمانێك ئامادەباشی ئەوەی تێدا بێ، ئیتر بەرامبەریو بەرەنگاری

دروست دەبیٚو دژایەتی نیٚوان کۆمەڵی موسوڵمانو کۆمەڵی کافران دەگاتە ئاستی بەگژیەکاچوونو هەوڵدان بۆ قەلاچۆکردنی یەکتری!

ئالیٚرەدا هیٚزی گەورەو بەزەبری یەزدانی دیٚتە مەیدانو گورزی خۆی وەکار دەخاو زەبری بیٚ رەزای خۆی دەوەشیٚنیٚ، ئاشکراشە زەبری خودا کاریگەرەو هیچ شتیٚکٚ خۆی بۆ ناگریٚو دەفەرمویٚ: ﴿فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ﴾ پەروەردگار نیگای بۆ پیٚغەمبەرانی کردو پیٚیانی فەرمو: دڵنیابن ئیٚمە ستەمکارو موشریکەکان لەناو دەبەین، خاکٚو وڵاتی ئەوان دەخەینە ژیٚر دەستی ئیٚوە، پاش بەهیلاکبردنی ئەوان ئیٚوە لەشویٚنی ئەواندا جیٚگیر دەکەین، لەتۆڵەی هەرِەشەو گورِەشەی ئەوان بۆ ئیٚوە بەدەرکردنتان لەخاکٚو نیشتمانی ئیٚمە خاکٚو نیشتمانی ئەوان دخەینە ژیٚر دەسەڵاتی ئیٚوە...

ئەمە هەرِەشەی پەروەردگارە لەو کافرو ستەمکارانە، لەبەرامبەر هەرِەشەی کافرەکان لەپیٚغەمبەرەکان، بەلاٚم نیٚوان هەرِەشەی پەروەردگارو ئەوان عاسمانو ریٚسمانە! وەکوو لەشویٚنیٚکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿ولقد سبقت كلمتنا لعبادنا المرسلين، انهم لهم المنصورون، وان جندنا لهم الغالبون﴾الصافات/١٧٠-١٧٣. یان دەفەرمویٚ: ﴿كتب الله لأغلبن انا ورسلي ان الله قوي عزيز﴾المجادلة/٢١. یان دەفەرمویٚ: ﴿ولقد كتبنا في الزبور من بعد الذكر ان الأرض يرثها عبادي الصالحون﴾الأنبياء/١٠٥. هەروا لەم بارەوە زۆر ئایەتی تر هەن.

﴿ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي﴾ ئەم نیگا کردنە بەلەناوبردنی ستەمکارانو نیشتەجیٚ کردنی موسوڵمانان لەشویٚنی ئەوان، ئەم کارە حەقو راستە بو کەسیٚکٚ لەحیسابو لیٚکۆڵینەوەی من بترسیٚ، هەوڵی بەدەستهیٚنانی رەزامەندی بدا ﴿وَخَافَ وَعِيدِ﴾ بترسیٚ لەهەرِەشەو عەزابو تۆڵەستاندنەوەم لیٚیان، بترسیٚ لەرۆژی روبەرِوبونەوە لەگەڵ مندا، بەباشی بەندایەتیم بکاو

خۆپیارێزیێ لەغەزەبو رق هەڵسانم، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەروەریو پیرۆزیو سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا.

﴿وَاسْتَفْتَحُوا﴾ پێغەمبەران داوای یارمەتیو کۆمەکییان لەخودا کرد بۆ سەرکەوتن بەسەر گەلو نەتەوە ستەمکارەکانیاندا. واتە: داوای سەرکەوتنو پیرۆزییان لەخودا کرد بەسەر دوژمنەکانیاندا یان دادگایی کردنو یەکالا کردنەوەی نێوان ئەوانو دوژمنەکانیان، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویێ: ﴿ربنا افتح بيننا وبين قومنا بالحق﴾الأعراف/٨٩. ئەمە ئەگەر راناوی (استفتحوا) بۆ پێغەمبەرەکان بگەڕێتەوە.

ویێ دەچیێ راناوەکە بۆ کافرەکان بگەڕێتەوە ئەو کاتە مانای ﴿وَاسْتَفْتَحُوا﴾ واتە: کافرەکان داوای سەرکەوتن لەخودا دەکەن بەسەر پێغەمبەرەکان دا، لەم روەوە کە پێیان وایە خۆیان لەسەر حەقنو پێغەمبەرەکان لەسەر بەتاڵن.

هەندێکێ پێیان وایە: راناوەکە بۆ هەردوو گرۆهەکان دەگەڕێتەوە، چونکە هەردولایان داوای ئەوەیان لەخودا کرد: کە کامیان لەسەر حەقن ئەوەیان سەرخا، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەربارەی داوای سەرکەوتنی حەق بەسەر ناحەقدا دەفەرمویێ: ﴿اللهم ان كان هذا هو الحق من عندك، فأمطر علينا حجارة من السماء، أوئتنا بعذاب اليم﴾الأنفال/٣٢.

ئەمجار سەرەنجامو ئاکامی موشریکەکان دیاری دەکاو دەفەرمویێ: ﴿وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾ ئاکامی ئەم کیێ برکێیە ئەوە بوو: سەرکەوتنو پیرۆزی بۆ تەقواکاران بوو، خەسارەتمەندیو لەناوچوون بۆ موشریکەکان بوو، خەسارەتمەندو گۆڕ بەگۆڕ بوون هەموو ئەوانەی لەخۆیان بایی بوونو لوتبەرزییان نواند، رویان لەخواپەرستی وەرگێڕا، دژایەتی حەقو راستییان کرد، لەرێبازی خودا پەسەند لایان دا.

وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿القیا في جهنم كلّ كفار عنید، مناع للخیر معتد مریب، الذي جعل مع الله الهاً آخر، فألقیاه في العذاب الشدید﴾ق/٢٤-٢٦.

مەشهەدەکە تا بڵێی ترسناکو سەرنج راکێشە، مەینەتیو چەرمەسەری ئەو لوتبەرزو سەر رەقانە برانەوەی نیە، ﴿مِنْ وَرَائِهِ جَهَنَّمُ﴾ بەڵکوو لە پێش ئەم لوتبەرزە سەر رەقانەدا عەزابی دۆزەخ هەیە، ئاگری دۆزەخ بۆیان لەبۆسەدایەو چاوەڕێیانە بۆ ئەوەی لەناویدا بمێننەوە بۆ هەتا هەتایێ.

ئەمجار شێوەی خواردنەوەی دۆزەخییەکان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَيُسْقَى مِنْ مَاءٍ صَدِيدٍ﴾ ئاوی خواردنەوەیان بریتییە لەکێمو زوخاوی هەڵچۆڕاوی پێستو گۆشتی دۆزەخییەکان، ئەو کێمو زوخاوەی لەجەستەی ئەهلی دۆزەخ دەچۆڕێتەوە دەکرێتە ئاوی خواردنەوەیان، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿هذا فلیذوقوه حمیم وغساق وآخر من شكله ازواج﴾ص/٥٧-٥٨. ئەم حەمیمەی لێرەدا ناوی هاتووە تا بڵێی گەرمە. غەسساقیش تا بڵێی ساردو بۆگەنە، نەحەمیم نەغەساق هیچیان ناخورێنەوەو تەبیات وەری ناگرێ، بەڵام بەزۆرە ملێ دەرخواردیان دەدرێ ﴿يَتَجَرَّعُهُ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُ﴾ بەنابەدڵی قوم قوم قوتی دەدا، بەڵام ئەوەندە تامی ناخۆشە ئەوەندە بۆنی ناخۆشە ئەوەندە رەنگی ناشرینە، خەریکە نەیخواتەوە، بەڵام بەزۆر دەرخواردی دەدرێو ئەوپەڕی ئازاری پێ دەگا. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وسقوا ماءً حمیماً، فقطع أمعاءهم﴾محمد/١٥. یان دەفەرموێ: ﴿وان یستغیثوا یغاثوا بماء كالمهل، یشوي الوجوه، بئس الشراب وساءت مرتفقاً﴾الكهف/٢٩. ئەمجار باسی ئەهوالو نارەحەتی تریان دەکاو دەفەرموێ: ﴿ویأتیه الموت من كل مكان وماهو بمیت﴾ لەهەموو لایەکەوە هۆکاری مردن دەوریان دەداو تەنگیان پێ هەڵدەچنێ، جۆرەها عەزابو ئێشو ئازار لێیان کۆدەبێتەوە، هەر جۆرە سزایەکیان بگرێ، کوشندەیە، ئەگەر بواری

مردنیان ببوایە دەمردن، بەڵام بڕیاری پەروەردگارە نابێ بمرن! ئەم هەموو جۆرە عەزابانە دەچێژنو نامرن. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لایقضی علیهم فیموتوا ولا یخفف عنهم من عذابها﴾فاطر/٣٦.

سەرباری ئەوەش ﴿وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ﴾ هەیە بۆ ئەو ستەمکارو لوتبەرزانەی دونیا سزایەکی تری بەئێش تر؛ زۆر لەسزاو عەزابەکانی پێشوو بەئازارترە. بەردەوامو نەبڕاوەیە دەربارەی ئەم عەزابە توندو تیژە قورئان چەند جارێك ئاماژەیان بۆ دەکا. وەکوو دەربارەی داری ژەقنەموت دەفەرموێ: ﴿انها شجرة تخرج من أصل الجحیم، طلعها كأنه رؤوس الشیاطین، فانهم لآكلون منها فمالئون البطون، ثم ان لهم علیها لشوباً من حمیم، ثم ان مرجعهم لالی الجحیم﴾الصافات/٦٤–٦٨.

یان دەفەرموێ: ﴿ان شجرة الزقوم، طعام الأثیم كالمهل یغلی في البطون كغلي الحمیم، خذوه فاعتلوه الی سواء الجحیم، ثم صبّوا فوق راسه من عذاب الحمیم، ذق انك انت العزیز الكریم، ان هذا ماكنتم به تمترون﴾الدخان/٤٣–٥٠.

یان دەفەرموێ: ﴿واصحاب الشمال ما أصحاب الشمال، في سموم وحمیم وظل من یحموم، لا بارد ولا كریم﴾الواقعة/٤١–٤٤. هەروەها دەفەرموێ: ﴿هذا وان للطاغین لشرّ مآب، جهنم یصلونها فبئس المهاد، هذا فلیذوقوه حمیم وغساق وآخر من شكله الأزواج﴾ص/٥٠–٥٨.

ئەمجار لەژێر رۆشنایی ئەم ئاکامە ترسناکەی تووشی لوتبەرزو لەخۆبایی بووەکان دەبێ، دیمەنێکی تری سەرنج راکێش نمایش دەکاو پەشیمانیو مایە پووچی کافرەکان دەخاتە روو دەفەرموێ: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ﴾ واتە: نموونەی کردەوە باشەکانی کافرەکان کە بریتییە لەماڵبەخشین بەئاتاجانو بەجێهێنانی صیلەی رەحمو چاکە کردن لەگەڵ باوکو دایك... ئەم کردەوە باشانەیان رۆژی قیامەت کە داوای پاداشەکانیان لەخودا دەکەنو پێیان وایە

سوودیان لێ دەبینن وەکوو تەپو تۆزێک وایە رەشەبا هەڵی بگرێو کەس نەزانێ بۆ کوێی دەباو کەس نەتوانێ سوودی لێ وەربگرێو هیچی وەگیر بکەوێ. ئەوانە ناتوانن هیچ سودێک لەکردەوە باشەکانی جیهانیان وەربگرن وەکوو چۆن ناتوانن ئەو تەپو تۆزە کۆبکەنەوەو سوودی لێ وەربگرن. ﴿ذَٰلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ﴾ هەوڵو تێکۆشانی ئەوانە، کرداری باشو ماڵبەخشینیان لەسەر بیرو باوەڕی ناراستو بێ بناغە، نوغرۆبوونەو لەگومڕاییەکدا کە زۆر لەحەقو راستی دوورە. چونکە ئیمانیان نیە هیچیان لێ وەرناگیرێ، کارەکانیان بێ سوودو بێ بایەخە.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وقد منا الى ماعملوا من عمل فجعلناه هباءً منثورا**﴾**الفرقان**/٢٣. یان دەفەرموێ: ﴿**مثل ماینفقون في هذه الدنیا کمثل ریح صرّ اصابت حرث قوم ظلموا انفسهم فاهلکته، وما ظلمهم الله، ولکن انفسهم یظلمون**﴾**آل‌عمران**/١١٧.

کەوابێ گومڕایی دوور لەحەقو خەسارەتمەندی راستی ئەوەیە: کابرا کردەوەی باش ئەنجام بدا، ماڵی خۆی ببەخشێ، صیلەی رەحم بەجێ بێنێ یارمەتی ئاتاجان بدا، بەهیوابێ رۆژی قیامەت سودیان لێ ببینێو ئەم کردەوە باشانەی جێی بۆ بگرن، کەچی کاتێک بەخۆی دەزانێ کەڵکی هیچی بۆ ناگرن، چونکە ئیمانو باوەڕی پەسندیان لەگەڵ نیە. مایە پووچ دەبێ!!.

بەڵگەی تاکو تەنهایی خوداو تواناو دەسەڵاتی بەسەر لەناوبردنی ئێوەداو هێنانی کەسانی دیکە بۆ شوێنی ئێوە

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ



لەئایەتەکانی پێشوودا ئەوەی روون کردەوە: کە کردەوەی کافرەکان لەرۆژی قیامەت کەڵکی هیچیان لێ وەرناگیرێ، ئەوەشی روون کردەوە کە مایە پوچیو کەڵک وەرنەگرتنیان لەکردەوەکانیان سوچی خۆیانە، باوەڕیان نیەو کردەوەی بێ باوەڕان لەرۆژی قیامەتدا سودی لێ وەرناگیرێ. ئەگینا پەروەردگار کردەوەی بەندە موخلیصەکانی پوچ ناکاتەوە.

دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللهَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾ ئایا نازانی ئەی بیسەر! کە پەروەردگار ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناون بەشێوەیەکی رێکو پێکو حەقو راست؟ بەو شێوەی پێویستە ئاوا بەدی هێناونو رەخساندونی، جا کەسێک بتوانێ ئاسمانەکانو زەوی دروست بکاو ئاوا بەو شێوە بەدیعە بەدییان بێنێ ئایا ناتوانێ ئێوە زیندو بکاتەوە؟ بێگومان دەتوانێو هیچ پێی ماندوو نابێ.

﴿ان یشأ یذهبکم ویأت بخلق جدید﴾ خۆ ئەگەر مەیلی لێ بێ ئێوە لەناو دەباو گەلو نەتەوەیەکی دی دروست دەکاو لەشوێنی ئێوە نیشتەجێیان دەکا.

﴿وما ذلك علی الله بعزیز﴾ ئەو کارە بۆ خودا هیچ ئەرکێکی تێدا نیەو پێوەی ماندو نابێ، بەڵکوو زۆر لای ئاسانەو هەر کاتێ بیەوێو چۆنی بوێ ئاوا دێتە جێ!!

نموونەی ئەمە لەقورئاندا زۆرە نموونەیەک لەم نموونانە ئەوەیە: کە دەفەرموێ: ﴿اولم یروا ان الله الذي خلق السموات والأرض، ولم یعي بخلقهن،

بقادر على ان يحيي الموتى، بلى، انه على كل شيء قدير﴾الأحقاف/٣٣. يان سەیری سورەتی (یس) ئایەتی (٧٧-٨٣) بکە.

دەمێ دەمێ نێوان بەدبەختەکانی ڕۆژی قیامەتو گفتو گۆی نێوان شەیتانو شوێنکەوتوانیو بەمرازگەیشتنی موسوڵمانان بەبەهەشت

إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ قَالُوا۟ لَوْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَهَدَيْنَٰكُمْ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ أَجَزِعْنَآ أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ ﴿٢١﴾ وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم مَّآ أَنَا۠ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾ وَأُدْخِلَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ ﴿٢٣﴾

پاش ئەوەی لەئایەتەکانی پێشوودا باسی سزا جۆراو جۆرەکانی کافرانی کرد لەرۆژی قیامەتداو مایە پووچیانی نواند، ئەمجار ئەو شەرمەزاریو ریسواییەی بەسەریان دێ لەو رۆژەدا دەیخاتە روو نمایشی دەکا. نمایشەکە تا بڵێی سەرنج راکێشو سەرسورهێنەرە، دیمەنێکە لەدیمەنە هەرە عەجایەبەکانی رۆژی قیامەت، پڕە لەجمو جۆڵو دانو سانو کێ بڕکێو بێنەو بەرە لەنێوان ملهوڕو لوتبەرزو شەیتانەکانی ئادەمیزادو هەڵخەڵەتاوە شوێنکەوتووەکانیان لەلایەکو لەنێوان ئەوانو شەیتاندا لەلایەکی ترەوە، حیوارە لەنێوان چەوساوەکانو ملهوڕەکاندا لەنێوان ئەوان هەموویانو شەیتاندا.!!!

ئەمجار باسی پاداشی خودا پێداوان دەکا کە بەمرازگەییشتنیانە بەبەهەشتی بەرینو دەفەرموێ: ﴿وَبَرَزُوا لِلَّهِ جَمِيعاً﴾ هەموو ئادەمیزاد بەچاکو خراپیانەوە، بەموسوڵمانو کافریانەوە لەسارای مەحشەردا دەردەکەون! ئەوان هەموو کاتێ لەخوداوەدیارن، خودا هەموو ئانو ساتێک ئاگای لێیانە، بەڵام بۆ خۆیان ئەو کاتە هەست دەکەن: کە لەخودا دیارنو هیچ پەردەو داپۆشەرێک نیە لەخودایان نەدیو بکا، دەردەکەون، سارای مەحشەر پڕ دەکەن، هەموویان دەزانن: کە خودا دەیانبینێ، بەپێچەوانەوەی حاڵی دنیایان: کە کافرو یاخی بووان وا دەزانن خودا ئاگای لەهەڵسو کەوتیان نیە. پەردە هەڵدەدرێتەوەو حیوار دەست پێ دەکا، دەبێتە دەمە دەمێو موناقەشەو جیدال ﴿فَقَالَ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعاً فَهَلْ أَنْتُمْ مُغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ؟﴾ ژێردەستەو شوێنکەوتوو رەشە خەڵکەکە رو دەکەنە ملهوڕو دەرەبەگەکانی دونیایانو پێیان دەڵێن: ئێمە شوێنکەوتووی ئێوە بووینو بەگوێی ئێوەمان کردوەو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی ئێوە بووین، بەقسەی ئێوە بڕوامان بەخودا نەکردو پێغەمبەرانمان بەدرۆ خستنەوە، ئایا ئێوە ئەمڕۆ دەتوانن بڕێ سزای خودامان لێ دوور بخەنەوە؟ وەکوو

بەڵێنتان پێ دابووینو هەڵتان خەڵەتاندین، دە ئەمڕۆ بەرگریمان لێ بکەنو مەهێڵن ئاگری دۆزەخ بمانسوتێنێ!

ئەمجار سەرۆکو فەرمانڕەواو ملهوڕەکان وڵامیان دەدەنەوە، خۆیان لەئەرکی بەرگریکردن لێیان دەدزنەوە ﴿قَالُوا: لَوْ هَدَانَا اللهُ﴾ دەڵێن: ئەگەر خودا ئێمەی هیدایەت بدایا بۆ ئایینی خۆیو تەوفیقی بدایانایە بۆ پابەند بوون بەئایینی حەقەوە، شارەزای بکردینایە بۆ خێر، ﴿لَهَدَيْنَاكُمْ﴾ ئێمەش هیدایەتی ئێوەمان دەدا، شارەزامان دەکردن بۆ ڕێبازی حەقو ڕاست! بەڵام بڵێین چی، خودا ئێمەی هیدایەت نەداوە، ئیتر بڕیاری سزادان چەسپا لەسەر بێ بڕوایان.

ئەمجار نائومێدی خۆیان لەرزگار بوون رادەگەیەنو دەڵێن: ﴿سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَجَزِعْنَا أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ﴾ هیچ چارمان نیە، ڕێگای رزگار بوونمان دەست ناکەوێ، هاتو هاوار بکەین یان خۆڕاگربین وەکوو یەک وایە، لەچنگ عەزابی خودا رزگاریمان نابێ!

ئێوە لەسەر چی سەرکۆنەمان دەکەن، ئێمەو ئێوە یەک ئاکامان هەیە، خۆ ئێمە بۆ خۆمان هیدایەتدراو نینو ئێوەمان گومڕا کردبێ، ئەگەر خۆمان هیدایەتدراو بووینایە ئێوەمان بۆ ڕێبازی حەق کێش دەکرد، بەڵام بۆ خۆمان گومڕا بوینو ئێوەشمان بۆ گومڕایی ڕاکێشا، خودا هیدایەتی نەداینو گومڕا بووینو ئێوەشمان گومڕا کرد!

بەڵێ ئێستا دان دەنێن بەدەسەڵاتی خودادا، لەوەپێش ئینکارییان دەکرد، خۆیان بەسەر مسکینو هەژارەکاندا رادەوشاندو هیچ حیسابێکیان بۆ دەسەڵاتی خودای باڵا دەست نەدەکرد، ئێستا خۆیان لەتاوانی گومڕا کردنی شوێنکەوتووەکانیان دەدزنەوە، گومڕا کردنەکە پاڵ خودا دەدەنو، ئاشکراشە خودا فەرمان بەگومرا بوون ناکا ﴿ان الله لا يأمر بالفحشاء﴾ /

ئەمجار بەدزکەو درکە شوێنکەوتووەکانیان ناهومێد دەکەنو ئەوەیان پێ رادەگەینن: کە هاتو هاوارو دادو فیغان چ سودێکی نیە، هەروەکوو چۆن خۆڕاگریو دان بەخۆدا گرتن بێ سوودە. عەزاب بڕیاردراوەو گەڕانەوەی نیە، تازە کار لەکار ترازاوەو حیسابمان بیتی بووا هەموو شتێک تەواو بوو کەلێنی رەحمەتو هیوا نیەو بەهومێدی رزگار بوون مەبن.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: وا پێدەچێ ئەم دەمە دەمێو موناقەشەیەی نێوان دەسەلاتدارانی دونیاو هەژارو ژێر دەستەکان لەناو دۆزەخدا ئەنجام دەدەرێ؛ واتە: پاش ئەوەی هەموویان دەخرێنە ناو دۆزەخەوە ئەم حیوارو پێداچوونەوەیە ئەنجام ددەن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واذ يتحاجون في النار فيقول الضعفاء للذين استكبروا: انا كنا لكم تبعاً، فهل انتم مغنون عنا نصيباً من النار؟ قال الذين استكبروا انا كل فيها، ان الله قد حكم بين العباد﴾غافر/٤٧-٤٨.

بەڵێ: هەموو شت تەواو بوو، کێشە کۆتایی پێ هات حیوار نەما! ئێستا لێرەدا لەنمایشگای مەسرەحەکەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر دەبینین، دەبینین شەیتانی نەفرین لێکراو: کە بۆخۆی ماکی گومڕاییە، بانگەوازیکەری سەرەکی بۆ گومڕابوون خۆیەتی، دەبینین ئەم نەگریسە گورگەو چۆتە پێستی مەڕەوە، پۆشاکی رەبەنو پیاوماقوڵی دۆزەخیەکانو پیاوچاکانی لەبەر خۆی کردوە، خۆی کردۆتە ریش سپیو بەئارەزۆی خۆی قسان دەژمێرێو شەکر دەشکێنێ خۆی بەبێ تاوانو بەری لەقەڵەم دەداو، گاڵتە بەملهوڕو دەربەگو شوێنکەوتوانیان دەکاو برینەکانیان دەکولێنێتەوە تەنانەت قسەکانی شەیتانیان زۆر لەعەزابەکە بەلاوە گرانترە ﴿وقال الشيطان لما قضي الأمر﴾ واتە: پاش ئەوەی پەروەردگار حوکمو بڕیاری عادلانەی خۆی لەنێو ئادەمیزاداندا ئەنجام دا، موسوڵمانان چوونە ناو بەهەشتەوەو کافرەکان خزێندرانە بنکڵی دۆزەخەوە، شەیتان رودەکاتە دۆزەخییەکانو پێیان دەڵێ: ﴿ان الله وعدكم وعد الحق﴾ پەروەردگار لەسەر زوبانی پێغەمبەرانی وادەو

بەڵێنی حەقو راستی پێدان، ئەوەی پێ راگەیاندن: کە زیندو بوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوە هەیە، وادەو بەڵێنەکانی پەروەردگار راستنو هاتنە جێ. ﴿وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ﴾ منیش وادەم پێدان: کە زیندو بوونەوە نیەو حیسابو لێکۆڵینەوە درۆیەو نابێ، ئەمن درۆم لەگەڵ کردنو هەڵم خەڵەتاندن، هەرچی پێم گوتن درۆ بوو، وەکوو لەشوێنێکی تردا خودا دەفەرموێ: ﴿یعدهم ویمنیهم، وما یعدهم الشیطان الا غروراً﴾النساء/١٢٠. من تاوانم چیە ئێوە بۆخۆتان وادەو بەڵێنی خودتان پاشگوێ خستو شوێن پڕوپاگەندەی پووچی من کەوتن!!

﴿وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ﴾ ئەمن لەبانگەشە کردنەکەم بۆتان هیچ بەڵگەو نیشانەم بەدەستەوە نەبوو، زۆرەملیو زەختو زۆریم لێ نەکردون، ﴿الا أن دعوتكم فاستجبتم لي﴾ بەڵکوو هەر لەگەڵ بانگم لێ کردنو رێگای بەتاڵم لەپێش چاو جوان کردنو، وەسوەسە رەهنومایییم کردن، خێرا بێ سێو دوو بەپیرمەوە هاتنو شوێن شەهوەتو ئارەزۆبازی خۆتان کەوتنو پابەندی فەرمانەکانم بونو رێبازی تیداچوونتان گرتە بەر!

﴿فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ﴾ ئەمڕۆ رەخنەو سەرزەنشتم ئاراستە مەکەن! چونکە من تەنها بانگەوازیم کردونو وەسوەسەم خستۆتە دڵتانەوە، ئێوە بەویستو ئیرادەی خۆتان بەبێ ئەوەی من بەڵگەو دەلیلێکم پێ بێ، ئامادەباشی خۆتان نیشان داو شوێنم کەوتن، خراپەم لەدڵ شیرین کردن، رێبازی لارو لوێرم لەپێش چاو جوان کردن، بێ سێو دو ملتان لێنا، بانگەوازی پەروەردگارتان پشت گوێ خست، هەرچەن بانگەوازییەکەی خودا ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە بەهێزانەی لەتەک دابوون، بۆ خۆتان بەخۆتان کرد!

دڵنیابن ﴿ما أنا بمصرخكم وما أنتم بمصرخيّ﴾ من ناتوانم رزگارتان بکەمو هیچ کۆمەکییەکی ئێوەم پێ ناکرێ، سزای دۆزەخم لەسەر ئێوە بۆ سوکێ ناکرێ، ئێوەش ناتوانن هیچ یارمەتیەکی من بدەنو بۆتان ناکرێ عەزابم

لەسەر سوک بکەن! ئاواو بەو شێوە دەست لەیەکتریی بەردەدەنو خۆیان لەیەکتری بەری دەکەن! بەجۆرێک کە لەنێوانیاندا هیچ وادەو پەیمانێک نەبووبێ. ئەمجار بەرانەتی خۆی لەوە رادەگەیەنێ: کە بەهاوەڵی خودایان زانیوە، ئەو بوون بەهاوەڵەی بۆ خودا رەت دەکاتەوەو دەڵێ: ﴿إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ﴾ ئەمن ئەوە رەت دەکەمەوە کە هاوشانو هاوەڵی خودابم، ئەوەی لەدونیادا بۆ منتان دانابوو بەشەریکی خوداتان حیساب کرد بوم، ئەمڕۆ رەتی دەکەمەوەو بڕوام پێی نیەو لێی بێ بەریم!!

وەکوو لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**ويوم القيامة يكفرون بشرككم**﴾**فاطر/١٤**. یان دەفەرموێ: ﴿**انا برآء منكم ومما تعبدون من دون الله، كفرنا بكم**﴾**الممتحنة/٤**. یان دەفەرموێ: ﴿**كلا سيكفرون بعبادتهم، ويكونون عليهم ضداً**﴾**مريم/٨٢**.

ئەمجار شەیتان وتارەکەی بەم رستەیە کۆتایی پێ دێنێو بەردێکی گەورە دەخاتە سەر دڵیانو پێیان دەڵێ: ﴿إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ بێگومان ستەمکاران سزای بەئێشیان دەدرێو لەعەزابی سەختدا ژیانی قیامەتیان بەسەر دەبەن! ئای لەشەیتانو وای لەو چاودێرو سەرپەریشتیکارەی بانگی کردن بۆ گومڕاییو شوێنی کەوتن.

دەشکونجێ رستەی ﴿إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ لەفەرمایشتی خودا بێو کۆتایی حیوارەکەی پێ هێنابێ!

ئەمجار دوای ئەوەی حاڵو وەزعی بەدبەختەکانی رون کردەوە، حاڵو چۆنیەتی بەختیارەکانیش رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَأُدْخِلَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا﴾ ئەوانەی خاوەن باوەڕ بوونو لەدونیادا کردوەی باشیان ئەنجام داوە دەخرێنە نێو باغەکانی بەهەشتەوەو لەلەزەتو خۆشیدا ژیان بەسەر دەبەن، باغەکانی بەشێوەیەکن بەژێر درەختەکانیاندا جۆگەو جۆبار دەکشێنو وەندەی تر

باخەکان دەڕازێننەوە. بۆ هەتا هەتایە ئەو خودا پێداوانە لەناو بەهەشتدا دەمێننەوەو وەغری لێ ناکەن، ئەم کامەرانیو سەروەرییە،کە دەستیان دەکەوێ ﴿بِإِذۡنِ رَبِّهِمۡ﴾ بەتۆفیقو هیدایەتی خودایە چنگیان دەکەوێ: بەهۆی ئەوەوەیە،کە خودا لەدونیادا ڕێنومایی کردون بۆ چاکە کردنو روکردنە کارێک خوداو پێغەمبەر پێیان خۆش بووە.

﴿تَحِيَّتُهُمۡ فِيهَا سَلَٰمٌ﴾ فریشتە بەسەلامکردن لێیان هەواڵیان دەپرسن، خۆیان لەناو خۆیاندا سەڵاو لەیەکتری دەکەن.

وەکوو لەچەند شوێنی تردا ئاماژەی بۆ ئەم سڵاو لێ کردنە دەکاو دەفەرموێ: ﴿حتى اذا جاؤوها وفتحت أبوابها، وقال لهم خزنتها سلام عليكم﴾الزمر/٧٣. یان دەفەرموێ: ﴿والملائكة يدخلون عليهم من كل باب: سلام عليكم﴾الرعد/٢٣-٢٤. یان دەفەرموێ: ﴿ويلقون فيها تحية وسلاماً﴾الفرقان/٧٥. یان دەفەرموێ: ﴿دعواهم فيها سبحانك اللهم وتحيتهم فيها سلام، وآخر دعواهم ان الحمد لله رب العالمين﴾يونس/١٠. سەرباری هەموو خۆشیەکی بەهەشت سەلامی پەروەردگارە لێیان وەکوو دەفەرموێ: ﴿سلام قولاً من رب رحيم﴾يس/٥٨.

نموونەی بەختەوەران و بەدبەختەکان

أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤۡتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذۡنِ رَبِّهَاۗ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٖ

كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴿٢٦﴾ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾

لەئایەتەکانی پێشوودا حاڵو چۆنیەتی بەدبەختەکانو سەرەنجامیان لەناو دۆزەخدا بەیان کرد، هەروەها حاڵو وەزعی موسوڵمانە بەختەوەرەکانی دیاری کردو بەمرازگەیشتنی راگەیاندن، نموونەی حاڵی هەردوو تاقمەکەو جوداوازی نێوانیان دشوبهێنێ، شتی مەعنەویو ناماددی بەشتە هەست پێکراوەکان دەشوبهێنێ بۆ ئەوەی ماناکان لەناو ذیهندا بچەسپێنێو دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً، كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ﴾ ئایا نازانی ئەی ئەو کەسەی خیطابت ئاڕاستە دەکرێ؟ ئایا نابینی پەروەردگار چۆن نموونە دەهێنێتەوە پەندو وشەی حیکمەت لەشوێنی تایبەتی خۆی دا دەنێ، وشەی پیرۆز: کەوشەی تەوحیدە، وشەی ئیسلامو بانگەوازی قورئانە دەشوبهێنێ بەدرەختێکی پیرۆزو پۆشناخ کە دارخورمایەو چوار دیاردەی پیرۆزی تێدان:

١- دارخورما: درەختێکی روخسار جوانو بۆنخۆشو میوەو بەروبوومەکەی بەسوودە تامی خۆشە.

٢- قەدەکەی چەسپاوەو رەگو ریشاڵی بەزەویدا رۆچونو قایمو پتەوەو بەئاسانی هەڵناکەندرێ.

٣- لقو پۆپەکانی بەرز بوونەوەو بەروبوومەکەی پاکو خاوێنو پوختەو پاڵفتەیە.

٤- هەموو ساڵێک بەئیزنی خودا بەروبومی خۆی دەدا!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: (كلمة الطيبة) رستەی (لا اله الا الله)یە. (الشجرة الطيبة) دارخورمایە. هەمان راو تەفسیر لەئیبنو مەسعوودو ئەنەسو ئیبنو عومەر ریوایەت کراوە.

حەدیثەکەی ئیبنو عومەر ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردوەو بەم جۆرەیە (كنا عند رسول الله ﷺ فقال: اخبروني عن شجرة تشبه الرجل المسلم (أو كالرجل المسلم) لايتحات ورقها صيفاً ولا شتاءً، وتؤتي أكلها كل حين باذن ربها، فقال ابن عمر: فوقع في نفسي انها النخلة، ورأيت أبا بكر وعمر لايتكلمان، فكرهت أن أتكلم، فلما لم يقولوا شيئاً قال رسول الله ﷺ: هى النخلة).

ئیبنو عومەر دەفەرموێ: لەخزمەت پێغەمبەردا بووین، پێمانیفەرموو: درەختێک هەیە وەکوو پیاوی موسوڵمان وایە، بەهاوینو زستان گەڵاکەی هەڵناوەرێ، هەموو ساڵێک بەئیزنی خودا بەروبوومی خۆی دەدا، پێم بڵێن: ئەو درەختە چیە؟! ئیبنو عومەر دەڵێ: کەوتە دڵمەوە ئەو درەختە دار خورما بێ، بەڵام بینیم ئەبو بەکرو عومەر گوێیان لێبوو قسە ناکەن، ئیتر من پێم ناخۆش بوو وڵام بدەمەوە. جا کە کەس دەنگی نەکرد، پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی فەرمووی: ئەو دارە خورمایە.

﴿وَيَضْرِبُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ هەر بەو جۆرە پەروەردگار پەندو مەثەل بۆ ئادەمیزادان دەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە رێبازی حەق بگرنە بەرو پێیدا برۆن. لەهێنانەوەی پەندو مەثەل زێدە تێگەییشتنو بیرخستنەوە هەیە، تەشبیهی مەعانی مەعقوولو نامادی بەشتی مادی ماناکان لەدڵی بیسەران دەچەسپێنێ، شکئو گومان تەمو مژ دەڕەوێنێتەوە، شتی نامادی وەکوو شتی مەلمووس دەخاتە بەردەست!

ئەمجار پەروەردگار نموونەی وشەی کوفر دەهێنێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ﴾

رەوشتی کەلیمەی پیس: کە وشەی کوفرو ئیشراکە, وەکوو رەوشتی درەختێکی پیس وایە: ئەویش درەختی گوژاڵە یان درەختێک کە وەکوو ئەو بچێ.

ئەبو بەکری بەزار لەئەنەسەوە ریوایـەتێکی بەمـەوقوفی هێنـاوە، ئیبنـو ئەبی حاتـەم بەمـەرفوعی ریوایـەتی کـردوە دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: ﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ﴾ ئـەو درەختـە درەختـی حەنظەڵـە لەئایەتەکەدا ئەو درەختە بەسێ رەوشت تەوصیف کراوە:

١- درەختێکی تام تاڵو تفتو بۆن ناخۆشو زیانبەخشە.

٢- لەرەگ هەڵگەندراوەو بنکو رەگەکەی لەزەوی‌دا نین، هەر دەستی بۆ ببەی بەئاسانی هەڵدەکەندرێ.

٣- چونکە رەگـی بـەزەوی‌دا نەڕۆییشـتونە خـوار وکـوو ئـەوە وایـە: کـە راوەستانی نەبێ، یان شیاوی ئەوە نیە راوەستانی هەبێ.

بەپێک گرتـنو بەرامبـەریکردن,جودازی لـەنێوان وشـەی حـەقو بـەتاڵدا دەردەکەوێ. وشەی حـەق کـە وشـەی یەکتاپەرستیو ئیمانـە چەسـپاوو رەگو ریشە داکوتراوو بەسوودە بۆ ئـادەمیزادان. وشـەی بـەتاڵ: کـە وشـەی شـیرکو کوفرە بێ هێزو زیانبەخشو لەقۆکو لەرزۆکە..

خاوەنی وشەی حەق موسوڵمانو خوداپەرستانی دامەزراون خاوەنی وشەی بەتاڵ کافرو یاخی بووەکانن.

بەکورتی ئەوانەی خاوەنی نەفسی بەرزو دڵی رۆشـنن، موفـەککیرو زانـاو دانان، ئەوانە خاوەنی کەلیمەی پیرۆزن، زانیارییەکـەیان سـودبەخشو بەپیتـە، دەبنە هۆی خـێرو خۆشـی بـۆ گـەلو نەتـەوە، ئـەم بەهرانـە لـەدڵو دەروونیـان جێگیرو چەسپاوە، لقو پۆپەکانیان بۆ ئاسمان بـەرز بوونـەوە بەهـەر چوارلادا بڵاوبوونەوە، رەگو ریشـاڵیان داکوتـاوە. هـەموو کـاتێ خـێرو خۆشـیو پیـتو بەرەکـەت بەگـەلو نەتـەوە دەبەخشـنو ئادەمیزادیان لێ بەهرەمـەند دەبـێ، ئادەمیزاد شارەزا دەکەن بـۆ رێبـازی حـەقو سـەرفرازی. دەق دەشـوبهێنە دار

خورما بنکێکی قایمو پتەوی هەیە لقو پۆپەکانی لەبەرزی بەچوارلای‌دا پەخش بوون، ئادەمیزاد بەهاوینو بەزستان لەبەرەکەی دەخۆن.

خاوەنی بیری بۆگەنو پیسو مێشکی پوچو بێ هیمەتو ناپیاو ئەوانەن نەفسیان زەعیفەو کوێرانە شوێن ئەمو ئەو دەکەون، هەر رۆژە بەزورناییەک دەژەنن بۆ پارتو گرۆهێک کڕنوش دەبەنو بانگەشە دەکەن، ئەوانەش خاوەنی کەلیمەی پیسن، دوا بیرو باوەڕی پوچ کەوتونو چڵکاوخۆری بێگانەن، لەزەرەرو زیان زیاتر هیچی تریان لێ ناوەشێتەوە، دەبنە بەڵاو ئافاتی روخێنەر بۆ گەلو وڵات دەق دەشوبهێنە درەختی گوژاڵکو بێ بەروبوومن، بێ رەگو ریشاڵن بەر قەرار نینو نابن!

ئەمجار پەروەردگار ئەوە رادەگەیەنێ: کە خاوەنانی کەلیمەی پیرۆز لەدونیاو قیامەتدا بەمراز گەییشتوو سەرفرازن! دەفەرموێ: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ واتە: پەروەردگار ئەوانەی ئیمانیان هێناوە راگیریان دەکا لەسەر ئەو گفتو بڕیارەی: کە لەژیانی دونیادا لەسەری بوون: کە ئەویش ئیمانی چەسپاوە لەدڵو دەروونیاندا؛ ئەو ئیمانەی کە بەڵگەو دەلیل لەدڵیاندا رەگی داکوتاوە. مەبەست ئەوەیە: جێگیر بوونو بەردەوام بوون لەسەر خوداناسیو طاعەت، پاداشی مسۆگەرو رێزو فەضلو بەخششی پەروەردگاری لێ وەدەست دێ.

یا مەبەست ئەوەیە: پەروەردگار لەدونیادا موسوڵمانان راگیرو دامەزراو دەکا؛ بەم جۆرە لەئایین ژێوان نابنەوەو لەسەر بیرو باوەڕی حەقیان بەردەوام دەبنو چەوسانەوەو ئەزیەتدانی کافران کاریان تێ ناکاو لەهەڵوێستی خۆیان نایەنە خوارێ؛ وەکوو بیلالی حەبەشیو هاوەڵانی چەندێک لەلایەن موشریکەکانی قورەیشەوە سزادران، ئەوان لەهەڵوێستی خۆیان پاشگەز نەبوونەوە. نموونەی موسوڵمانانی دامەزراو لەسەر ئایینو خاوەنی هەڵوێستی مەردانە لەسەر بیرو باوەڕی حەقو راستیان زۆرو زەبەندەیە، لاپەڕەکانی

مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەباسو خواسی ئەو کەڵەمەردانەی کە بەبیرو باوەڕی حەقو خودا پەسندیان بەرەنگاری بەتاڵ بوونەوەو ئازارو ئەشکەنجەی ملهوڕان نەیانتوانیوە تۆزقاڵێک لەهەڵوێستی خۆیان ژێوانیان بکەنەوە!

راگیر کردنو دڵ دامەزراوییان لەقیامەتدا لەم روەوەیە: کە لەکاتی لێکۆڵینەوەو حیساب لەگەڵ کردندا لەوەلامی پرسیاردا زمانیان تێکەڵو پێکەڵ نابێو بەزمانی رەوانو لەسەرەخۆو ژیرانە وەڵام دەدەنەوەو تەنگو چەڵەمەی مەحشەر نایانترسێنێ.

هەندێک دەڵێن: قسەی مەشهوورو باو ئەوەیە: کە مانای ئایەتەکە ئەوەبێ: ئەباتو دامەزراو بێ لەکاتی پرسیارو وڵامی گۆڕدا، مەبەست بە(الحياة الدنيا) ماوەی ژیانی دونیابێ، مەبەست بە(وفي الآخرة) رۆژی قیامەتو حیسابو لێکۆڵینەوەی ئەو رۆژە ئەستەمو پڕکارەساتەبێ.

بوخاریو موسلیمو ئەحمەدو هی تریش، هەموویان لەبەرائی کوڕی عازیبەوە ریوایەتیان کردوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (المسلم اذا سئل في القبر، شهد أن لا اله الا الله، وأن محمدا رسول الله فذلك قوله: ﴿يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة﴾) هەمان ریوایەت لەئەبو هورەیرەیشەوە ریوایەت کراوە.

ئیبنو ئەبی شەیبە هەمان فەرموودەی پێشووی لەبەرائەوە ریوایەت کردوەو ئەمجار دەربارەی ئایەتەکە وتوویەتی: مانای تەثبیت لەجیهاندا ئەوەیە: کە ئادەمیزاد دەمرێو لەگۆڕدا دوو فریشتە دێنە لایو پێی دەڵێن: خودای تۆ کێیە؟ دەڵێ: خودام (الله)یە، دەڵێن لەسەر چ ئایینێک بووی؟ دەڵێ لەسەر ئایینی ئیسلام بوم. دەڵێن: پێغەمبەرت کێیە؟ دەڵێ: پێغەمبەری من حەزرەتی محەممەدە ﷺ.

ئەبو داوود لەعوثمانی کوڕی عەففانەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کە لەدفن کردنی مردو دەبوەوە لەسەر گۆڕەکەی رادەوەستاو دەیفەرموو:

(استغفروا لأخیکم، واسألوا له التثبیت، فانه الآن یسأل) داوای لێخۆشبوون بۆ براکەتان بکەن، لەخودا بپاڕێنەوە دامەزراوبێ، لەکاتی پرسیار لێکردنی فریشتەکاندا نەشڵەژێ. چونکە ئێستا پرسیاری لێ دەکرێ.

ئیمامی رازی لەکاتی راڤەکردنی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: قسەی باو ئەوەیە: ئەم ئایەتە دەربارەی پرسیارو وەڵامی فریشتە لەگۆڕدا هاتبێتە خوارێ، واتە: خودا موسوڵمان دەرس دادەداو لەگۆڕدا فێری کەلیمەی حەقی دەکا، لەکاتی پرسیاری دوو فریشتەکەدا دامەزراوی دەکا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی حەقو راست.

ئەمجار قورئان وەکو ئوسلوبو شێوازی خۆی ئاکامو سەرەنجامی کافرانیش دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ﴾ پەروەردگار ناهێڵی کافرو ستەمکارەکان بەمراز بگەن، لێیان دەگەڕێ لەگومڕایی خۆیاندا بمێننەوە، چونکە ئامادەباشی ئەوەیان تێدا نیە ئیمان بهێنن. قاچیان هەڵخلیسکاوەو کەوتوونە ناو قوڕەلیتەی شەهوەتو ئارەزۆ بازییەوە.

واتە: پەروەردگار ستەمکاران وا لێ دەکا لەگۆڕدا زمانیان تێکەڵو پێکەڵ بێو نەتوانن وەڵامی راست بدەنەوە.!!

ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەمو بەیهەقی لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکەن: دەڵێ: کافر کە مردن یەخەی پێ دەگرێ فریشتە دێنە سەری لەپێشەوەو لەدواوە لێی دەدەن، جا کە خرایە ناوگۆڕەوە بەهۆش خۆی دێتەوەو دای دەنیشێنن پێی دەڵێن: خودای تۆ کێیە؟ وەڵام ناداتەوە، خودا ناوی پەروەردگاری لەبیر بردۆتەوە، ئەمجار پێی دەڵێن: ئەو پێغەمبەرەی بۆ سەر ئێوە رەوانە کراوە کێیە؟ ناتوانێ وەڵام بداتەوە. ئا ئەمەیە: کە خودا دەفەرموێ: ﴿وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ﴾.

ئەمجار لەکۆتایی ئایەتەکەدا پەروەردگار دەربارەی هەردو تاقمەکان مەشیئەتی رەهاو بێ سنووری خۆی رادەگەیەنێو دەفەرموێ: ﴿ویفعل الله

مایشاء﴾ واتە: بەگوێرەی مەشیئەتو ویستی خۆی یاسای بوونەوەر دادەنێو پێی رازی دەبێ، تا ئەو کاتەی حیکمەتو دانایی خۆی داخوازی ئەوە دەبێ بیگۆڕێ ئەوکاتەش لەچوارچێوەی مەشیئەتو دەسەلاتی خۆیدا یاساکە دەگۆڕێ. چی بوێ چۆنی بوێ ئەوە دەکا. ئەگەر مەیلی لێ بێ ئەم هیدایەت دەداو ئەو گومرا دەکا، گومرا کردنی ئادەمیزاد لەدونیادا بریتییە لەوە کە لەبەردەم فیتنەو هەواو ئارەزۆبازیدا خۆناگرنو قاچیان هەڵدەخلیسکێ، لەقیامەتیشدا گومراتر دەبنو ریسواتر دەبن!!

گومرا بوونەکەیان لەم روەوەیە: کە ئامادەباشییان بۆ شەڕ تێدایەو ئارەزۆی نەفسییان کردوە بەرابەری خۆیان.

سپڵەیی کافران بەرامبەر نیعمەتەکانی خودا، فەرمان بەموسوڵمانان بەوە نوێژەکانیان ئەنجام بدەنو ماڵی خۆیان ببەخشن

۞ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ ﴿٢٨﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا ۖ وَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴿٢٩﴾ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦ ۗ قُلْ تَمَتَّعُوا۟ فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٣٠﴾ قُل لِّعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خِلَٰلٌ ﴿٣١﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار حاڵو وەزعی بەختەوەرانو بەدبەختەکانی نمایش کرد، دێتەوە سەر باسی ئەوانەی سپڵەیی بەرامبەر نیعمەتەکانی خودا دەکەن! ئەوانیش دانیشتوی مەککەو دەورو بەرینی: کە خودا ئەو نیعمەتانەی خۆی بەسەردا رشتون؛ لەوڵاتێکی ئارامو دوور لەشەڕ نیشتەجێی کردون، ژیانو گوزەرانی خۆشی پێداون، حەزرەتی موحەممەدی کردۆتە پێغەمبەرو سەرەتا بانگەوازیکردنی ئەوانی پێ سپێراوە،کەچی لەجیاتی ئەوەی شوکرانە ژمێرین سپڵەو پێ نەزانن.

دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُوا نِعْمَةَ اللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ﴾ ئایا تۆ سەیری حاڵو وەزعی سەیرو سەمەرەی ئەو بەدبەختانە ناکەی!؟ سەرنج نادەیە حاڵی ئەوانەی نیعمەتی زۆرو زەبەندەی خوداوەندییان پێدراوە: کە هەندێ لەو نیعمەتانە ناردنی پێغەمبەرە بۆ سەریان؛ بانگەوازییان دەکا بۆ ئیمان، سەرۆکایەتییان دەکا بۆ رێبازی لێخۆشبوونو بۆ سەرەنجامو ئاکامێک:کە بەهەشتە! کەچی واز لەهەموو ئەو نیعمەتانە دەهێننو لەجیاتی ئەوان کوفر وەردەگرن! ئەو نەفامانە پیاو ماقوڵو ریش سپی گەلەکەی تۆن ئەی موحەممەد! هەڵسو کەوتی ئەمانیش وەکوو هەڵسو کەوتی هەموو پیاو ماقوڵو ریش سپی گەلو نەتەوەکانی تر وایە. بەم هەڵسو کەوتە ناشیرینو نابەجێیەیان گەلو هۆزەکەی خۆیان بەرەو دۆزەخ رەوانە دەکەن! لەناو دۆزەخدا شوێنو جێگایان بۆ داناون!!

بەڵێ خانووی هیلاکەتیان بۆ ئامادە کردون، ئەو خانوە شومەش ﴿جهنم يصلونها وبئس القرار﴾ دۆزەخە دەچنە ناوی‌و دەخرێنە ناوی، بەراستی خراپ قەرارگایەکە ئەوان دەچنە ناوی.

ئەوان لەئاستی نیعمەتی رەوانەکردنی پێغەمبەر بۆ سەریانو بانگەوازی کردنی پێغەمبەر بۆیان سپڵەییان نواند، ئەو بانگیان دەکا بۆ یەکتاپەرستی، ئەوان پشت هەڵدەکەنو سوور دەبن لەسەر کوفرو بێدینی!!

﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّوا عَن سَبِيلِهِ﴾ ئەوانە چەند هاوەڵو هاوشانیان بۆ خودا داناوە، وەکوو خودا دەیانپەرستن، بەندایەتییان بۆ دەکەن، وەکوو بەندایەتیکردن بۆ خودا، تایبەتمەندی وایان بۆ بەرەوا دەزانن: کە هەر بۆ خودا دەشیەنو بۆ کەسی تر نابن، ئەم خودا درۆزنانەیان کردون بەهاوەڵی خودا بۆ ئەوەی ئاکامی کارەکانیان گومڕا کردنی ئادەمیزادان بێ لەرێگای یەکتاپەرستی، هەر کەسێک بەقسەیان بکا دەچێتە خانەی گومڕایانەوە،

(لام)ی (لیضلوا) (لام)ی عاقیبەتی پێ دەگوترێ. چونکە بتپەرستیو هاوەڵ دانان بۆ خودا هۆکارێکە سەردەکێشێ بۆ گومڕا بوون، چونکە گومڕا بوونی خۆیان نەویستووەو هەوڵیان بۆ نەداوە، بەڵام ئاکامی کارەکەیان گومڕا بوونە!

دەقی ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکا: کە پیاو ماقوڵو قسە رۆیشتوی گەلو نەتەوەکان بەئەنقەست هەوڵی ئەوەیان داوە رێگا لەرەشە خەڵکەکە بشێوێننو نەهێڵن بڕوا بەپێغەمبەران بکەن، جگە لەخودا خودا درۆزنەیان بۆ خۆیان دانابوون فەرمانیان بەرەشە خەڵکەکە دەکرد: کە بەندایەتییان بۆ بکەن.

بەڵێ بیرو باوەڕی یەکتاپەرستی لەهەموو رۆژگارێکدا خەتەرە لەسەر دەسەڵاتی ملهوڕانو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان، نەک لەرۆژگاری جاهیلیەتی سەرەتاییدا، بەڵکوو لەرۆژگاری هەموو جاهیلیەتیەکدا کە ئادەمیزادەکان رو لەیەکتاپەرستی وەرگێڕن رێشمەی خۆیان دەدەنە ئاغاو دەرەبەگەکانیان، ئازادیو کەسایەتی خۆیان لەدەست دەدەنو ملکەچی هەواو ئارەزۆی ئەوان دەبن، یاساو شەریعەت لەبیرو بۆچوونی ئەو ملهوڕانە وەردەگرن، نیگاو سروشی پەروەردگار رەتدەکەنەوە.

ئا لەم کاتانەدا بەنگەوازی بۆ یەکتاپەرستی خەتەرە لەسەر ملهوڕەکانو بەهەموو هێزو توانایەکیانەوە بەرپەرچی بانگەوازی یەکتاپەرستی دەدەنەوە،

دژایەتی دەکەنو هەوڵی لەناوبردنی بانگەوازیکەرانی ئایینی حەقو راست دەدەن.

ئەی پێغەمبەر هەواڵیان بدەرێو پێیان رابگەیەنە ﴿قُلْ﴾ بەو گەلو نەتەوە نەفامە بڵێ: ﴿تَمَتَّعُوا﴾ لەززەتو خۆشی کەمو بێ بەقای ئەم ژیانی جیهانەتان بچێژن، تا ئەو کاتەی خودا بۆی داناونو ئەو ئەندازەی بۆی دەست نیشان کردون لەززەت لەژیان وەربگرن، سەرەنجامتان ئاشکرایە ﴿فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى النَّارِ﴾ پاداشو گەڕانەوەتانو حەوانەوەتان بۆ لای دۆزەخەو بۆ ناو دۆزەخە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿نمتعهم قليلاً، ثم نضطرهم الى عذاب غليظ﴾لقمان/٢٤. یان دەفەرموێ: ﴿متاع في الدنيا، ثم الينا مرجعهم، ثم نذيقهم العذاب الشديد بما كانوا يكفرون﴾يونس/٧٠. یان دەفەرموێ: ﴿قل: تمتعوا بكفرك قليلاً، انك من أصحاب النار﴾الزمر/٨.

ئەی پێغەمبەر! واز لەئامۆژگاری کردنی ئەوان بێنە خۆماندو کردن لەگەڵیان بێ سوودە. روبکەرە ئەوانەی گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانت دەگرن، قبووڵی نیعمەتەکانی پەروەردگاردەکەن! واز لەو کافرو ملهوڕو سەرڕەقانە بێنە، روبکەرە ئەو کۆمەڵە خوداپەرستە، فێریان بکە چۆن شوکری خودا بکەن، چۆن بەندایەتی خۆیان رابگەیەنن.

ئەی فروستادە! ﴿قُلْ: لِعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ فەرمان بەبەندە خاوەن باوەڕەکانم بکە بەئەو بەندانەی ئیمانیان هێناوە بەتاکو تەنهایی خوداو پێغەمبەرایەتیو هاتنی رۆژی قیامەت، پێیان بڵێ: با شوکرو سوپاسی خودای خۆیان بکەن: ﴿يُقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ بەبەجێهێنانی نوێژەکانیان بەرێکو پێکی، چونکە نوێژ تایبەتمەندترین دیاردەی سوپاسکردنی بەندەیە بۆ پەروەردگار، عیبادەتێکە بریتییە لەیەکتاپەرستی!

﴿وَيُنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خِلَالٌ﴾ هەروەها پێیان بڵێ: ببەخشن لەو ماڵو داراییەی پێمان بەخشیون،

بەنهێنیو بەئاشکرا ببەخشن، بەنهێنی: بۆ ئەوەی کەرامەتی پێ بەخشراوەکانو پیاوەتی بەخشندەکان بپارێزرێ، ماڵ پێ بەخشینەکە نەبێتە مایەی خۆهەڵنانەوەو خۆبەزلزانی. بەئاشکرا ببەخشن لەهەر شوێنێک پێویست بوو ئاشکرا بێ، بەم جۆرە مەبەست ئەوەبێ خەڵکی چاوی لێ بکەنویان زەکاتی ماڵو سامان بوو، بەجێهێنانی فەرزو زەکاتی واجب بوو.. ئەم بەنهێنی بەخشینو بەئاشکرا بەخشینە دەگەڕێندرێتەوە بۆ هەستی موسوڵمان خۆیو خۆی ئەم خاڵانە دەنرخێنێ!

ئەی موحەممەد! فەرمانیان پێ بکە ماڵو سامانی خۆیان ببەخشن زەکات، سەرفیترە لەماڵی خۆیان دەربکەن بۆ ئەوەی رەصیدی سامانەکەیان گەشە بکا، با پەلە بکەن بۆ ماڵبەخشین پێش ئەوەی رۆژی قیامەت بێ: کە لەو رۆژەدا فیدیەو کڕینو فرۆشتنی تێدا نیە دۆستایەتیو خزمایەتی نامێنێ بۆ یارمەتیدانو رزگار بوون لەسزا. بەڵکوو لەو رۆژەدا ئەوەی فریا ئادەمیزاد دەکەوێ بیرو باوەڕی راست، کرداری چاکو لوطفی خودایە! رۆژی نەفسی نەفسی یە.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فاليوم لايؤخذ منكم فدية، ولا من الذين كفروا﴾الحديد/١٥. یان دەفەرموێ: ﴿واتقوا يوماً لاتجزي نفس عن نفس شيئاً، ولا يقبل منها عدل، ولا تنفعها شفاعة، ولا هم ينصرون﴾البقرة/١٢٣. یان دەفەرموێ: ﴿ياأيها الذين آمنوا أنفقوا مما رزقناكم من قبل أن يأتي يوم لابيع فيه، ولا خلة ولا شفاعة، والكافرون هم الظالمون﴾البقرة/٢٥٤. نەک دۆستایەتیو برایەتی لەو رۆژەدا کەڵکی نامێنێو بەس! بەڵکوو هەندێ دۆستو برادەر دەبنە دوژمنی بابە کوشتەی یەکترو راپۆرت لەیەکتری دەدەن وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿الا خلاء يومئذٍ بعضهم لبعض عدو الا المتقين﴾الزخرف/٦٧.

بەڵگەی جۆراو جۆر لەسەر هەبوونی خوداو تاکو تەنهایی لەبوونەوەرو نەفسی ئادەمیزادەکاندا

ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ لِتَجْرِىَ فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ ﴿٣٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ﴿٣٣﴾ وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار حاڵو وەزعی بەختەوەرانو بەدبەختەکانی رون کردەوە، چەند بەڵگەیەک دێنێتەوە لەسەر هەبوونی خودای کار ئافەریدەو تاکو تەنیاو زاناوخاوەن تواناو دەسەڵاتی رەهاو بێ سنووری، بۆ ئەوەی ئادەمیزادان هەڵبنێ بۆ شوکر کردنی پەروەردگارو بەدیهێنەری بوونەوەر، سەرکۆنەی کافرەکان دەکا لەسەر رو وەرگێڕانو پشت هەڵکردنیان لەتێفکرین لەنیعمەتە جۆراو جۆرەکانی یەزدان. کیتابی بوونەوەر دەکاتەوەو لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، دێڕە سەرسوڕهێنەرەکانی دەکەونە ئاخاوتنو نیعمەتەکانی خودا نمایش دەکەن، لاپەڕە گەورەو زەبەللاحەکانی بوونەوەر یەکە یەکە هەڵدەداتەوە تا چاو هەتەر بکا جۆرەها شێوەو رەنگ لەم نیعمەتانە نمایش

دەکا: ئاسمانەکانو زەوی، خۆرو مانگ، شەوو رۆژ، بـارانو هاتنـە خـوارەوەی ئاو لەئاسمانەوە، رسکانو سەوز بوونی گژو گیا لەزەویدا، دەریـاو هـاتووچۆی گەمیێ بەناویدا، کشانی جۆگـەو جۆبـارو ئـاودانی زەویو پێگەییشـتنی رزقو رۆژی، ئەم لاپەڕە کەونییانـە رادەنوێـنرێن کـەچی ئـادەمیزاد لەبـەر نـەفامیو نەزانی سەیری ناکـەن تـێی نـافکرن، نایخوێننـەوە لیێ ورد نابنـەوە شـوکرو سوپاسی خودا ناکـەن لەسـەر ئـەو نیعمەتانـە! بەراستـی ئـادەمیزاد سپڵەیەو نەزانو لاسارو نەفامە، ئەگینا دەبوو هەرگیز کوفرانی نیعمەت نەکەن.

لەم کۆمەڵە ئایەتەدا پەروەردگار دە بەڵگـە دێنێتـەوە لەسـەر هـەبوونی دەسەلاتی خۆیو دەفەرموێ:

١- ﴿اَللهُ الَّذِي خَلَـقَ السَّـمَوَاتِ﴾ پـەروەردگار خودایـەکی وەهایـە ئاسمانەکانی بەدیهێناونو بەرزی کردونەوەو بەئەستێرە رازاندونیەوە.

٢- ﴿والأرض﴾ زەوی دروسـت کـردوەو رایخسـتووە، دروسـتکردنی ئاسمانەکانو زەوی زۆر لەدروستکردنی ئێوە گرنگترە، پڕن لەنیعمـەتی جۆراو جۆر بۆ سوودو قـازانجی ئێـوە، هەست بەهـەندێکیان دەکـەنو بەهـەندێکیان نازانن.

٣- ﴿وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَـرَاتِ رِزْقـاً لَكُـمْ﴾ دەبـارێنێ لەبەرزاییـەوە ئـاو، بـەهۆی ئـەو ئـاوەوە زەوی وشـکو برینـگ سەرلەنوێ زیندو دەکاتـەوە، درەخـتو روەکـی جـۆراو جـۆری تێـدا دەڕوێنـێ، کشتو کاڵی لێ بەرهەم دەهێنن، هەرچی پێویست بێ بـۆ بژێـوی ئـادەمیزادو ئاژەڵو گیانلەبەرانی تر لـەزەوی دەری دەهێنـێ. جۆرەهـا میـوەو بـەروبوومی رەنگاو رەنـگو خـاوەن تـامو بـۆنو سـوودی جـودا جـودا دەخولقێنـێ. وەکـوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وانزل من السماء ماءً، فأخرجنا به ازواجاً من نبات شتى﴾طه/٥٣.

٤- ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ﴾ کەشتیو گەمێکانی بۆ ئێوە رام کردون، واتە عەقڵو دەسەڵاتی دروستکردنو بەکارهێنانی پێداون، وای لێ کردون بەسەر ئاوەوە دێنو دەچن لەم شار بۆ ئەوشارو لەم وڵات بۆ ئەو وڵات بەئیزنو رەزامەندی خودا، خۆتانو کاڵای خۆتانی پێ دەگوێزنەوە.

٥- ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ﴾ سەرچاوەی ئاوی بۆ هەڵقوڵاندون کانیاوو جۆگاو چۆمی بۆ بەدیهێناون، زەوی بۆ شەق کردون بۆ ئەوەی چۆمو روبارەکان لەم وڵات بۆ ئەو وڵات بکشێنو سوودو قازانجی ژیان لەو چۆمانە وەردەگرن. جۆگاو نێرویان لێ هەڵدەبەستن بۆ ئاو خواردنەوەو ئاودێرکردنی گشتو کاڵو پێویستیاتی تریش.

٦-، ٧- ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ﴾ خۆرو مانگی بۆ رام کردونو وای راهێناون بەردەوام لەهاتوچۆدا بن، شەوو رۆژ لێ برابن بۆ گەشەپێدانو رێکو پێک کردنی ژیانی ئادەمیزادو گیانلەبەرانی ترو درەختو روەکو شتی تریش. خۆرو مانگو ئەستێرەکانی تر هەموویان بێ راوەستان لەهاتوچۆدان هیچیان رێ لەویتریان ناگرێو نابێتە لەمپەر لەبەردەم ئەویتردا. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿لا الشمس ينبغي لها ان تدرك القمر ولا الليل سابق النهار وكل في فلك يسبحون﴾يس/٤٠.**

٨-، ٩- ﴿وسخر الليل والنهار﴾ شەوو رۆژی راهێناون وای لێ کردون بەرێکو پێکی بەشوێن یەکتردا دێنو دەچن. جارێک شەو درێژ دەبنو رۆژ کورت، وەکوو لەزستاندا رودەدا، جارێکی تر رۆژ درێژ دەبن شەو کورت، وەکوو لەهاویندا دێتەجێ. رۆژ کاتی هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی پێویستی ژیانو شەو کاتی حەسانەوەو ئارامگرتنە.

لەچەند شوێنێک قورئان ئاماژە بەم مانایە دەکا وەکوو دەفەرموێ: **﴿يغشي الليل والنهار يطلبه حثيثاً، والشمس والقمر والنجوم مسخرات بأمره، الا له الخلق والأمر تبارك الله رب العالمين﴾الأعراف/٥٤.** یان دەفەرموێ: **﴿يولج**

اللیل في النهار ویولج النهار في اللیل وسخر الشمس والقمر، کل یجري الی اجل مسمیً، وان الله بما تعملون خبیر﴾لقمان/٢٩. یان دەفەرموێ: **﴿ومن رحمته جعل لکم اللیل والنهار لتسکنوا فیه ولتبتغوا من فضله﴾القصص/٧٣.**

١٠- ﴿وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾ بەخشیویەتی بەئێوە ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد هەر شتێک داواتان کردبێ‌و بۆ داواکردن بشێ‌و پێویستتان پێ‌ی بێ‌و سوودی هەبێ. جا چون یەکە داواتان کردبێ یان پێتان نەزانبیبێ‌و داواتان نەکردبێ.

خیطابەکە بۆ رەگەزی ئادەمیزادە بۆ هەموو خاوەن عەقڵ‌و فامێکە،کە شیاوی خیطاب لەگەڵ کردن بێ، چونکە پەروەردگار هەرچی لەزەویدا هەیە بۆ سودی ئادەمیزاد دروستی کردوە، ئەمجار شێوەی بەکارهێنان‌و سوود لێ بینبین‌و داهێنانی خستۆتە ئەستۆی خۆیان، بۆ ئەوەی بەگوێرەی بیرو بۆچونی خۆیان، بەئەندازەی عەقڵ‌و ئەزمونی خۆیان، بەگوێرەی گەشە کردنی عەقڵی ئادمیزادییان‌و پێشکەوتنی هۆکارەکانی ژیان‌و وردە وردە بۆ سوودی خۆیان بەکاریان بێنن. بێگومان ئادەمیزاد لەچەرخی بیستەمدا گەییشتە ترۆپکی پێشکەوتن‌و داهێنان‌و کەشف کردنی بوونەوەرو دۆزینەوەی نهێنی‌یەکانی مادە، بەپشتیوانی هێزی هەڵم‌و هەواو نەوت‌و کارەباو زەرەو شتی ترەوە زۆر پێشکەوتنی لەبوارە جیا جیاکانی ژیان بەدەست هێناوە پەی بەزۆر کون‌و کەلەبەری بوونەوەر بردوە.

﴿وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللهِ لَا تُحْصُوهَا﴾ ئەگەر بتانەوێ نیعمەتە جۆراو جۆرەکانی کە خودا بەئێوەی داوە بیانژمێرن، ناتوانن ژمارەیان بکەن،چونکە هێندە زۆرو جۆراو جۆرن لەژمارە نایەن، بەئێوە سەرژمێر ناکرێن. جا کە ئێوە نەتوانن سەرژمێریان بکەن بەتەئکید ناتوانن شوکرانەی پێویستیشیان لەسەر بکەن.

طـەلقی کـوڕی حـەبیب دەفـەرموێ: مـافی خـودا زۆر لـەوە قورسـترە ئادەمیزاد پیێ هەڵبگیرێ، نیعمەتەکانی زۆر لەوە زۆرترن :کە بەندەکان بۆیـان سەرژمێر بکرێن...

شافیعی دەفەرموێ: (الحمد لله الذي لايُؤَدّىَ شُكْرُ نِعْمَةٍ مِنْ نِعَمِهِ اِلاّ بِنِعْمَةٍ حَادِثَةٍ تُوجِبُ عَلَى مُؤَدِّيها شُكْرَهُ بِهَا). سوپاسو ستایش بۆ خودایەکی ئەوتۆیە شوکرانە ژمـێری نیعمـەتێکێ لەنیعمەتـەکانی ئـەنجام نـادرێ ئەگـەر نیعمەتێکی تری بێ بەو نیعمەتە شوکری نیعمەتەکەی تری پێ بکا.

سـەعدی شـیرازی لەدیباچـەی گولوستانەکەیدا دەفــەرموێ: ســوپاسو ستایش بۆ خودایەکە: کە هەر هەناسەیەکێ ئادەمیزاد هەڵیدەمژێ شـایانی دو شوکرە چونکە:کە هەناسە هەڵدەمژێ دەبێتە هـۆی درێـژە پێدانـی ژیـان، کـە هەناسەش دەداتەوە گیانو جەستەی پێ ئاسوودە دەبێ.

دەی چۆن ئادەمیزاد دەتوانێ نیعمەتـەکانی خـودا سـەرژمێر بکـا؟ کـەی لەتواناىدا هەیە شوکرانەی ئەو نیعمەتانە بکا؟!.

ئایا هەموو ئەم بوونەوەرە بۆ خزمەتی ئـادەمیزاد راهێـنراوە؟ ئایـا ئـەم بوونەوەرە گەورەیە تەسخیر کراوە بۆ ئەم مەخلووقە پچکۆلـە؟ ئاسمـان ئـاوی لێ دێتە خوارێ، زەوی ئاوەکە وەردەگرێ، میوەو دانەوێڵە لەم تێکەو لێکـەدا بەرهەم دێن، دەریا تەسخیر کراوە بۆ ئەوەی کەشتی بـەئیزنی خـودا بـەناویدا هاتوچۆ بکا. چۆمو روبار دەکشێنو دەبنـە هـۆی ژیـانو بەرهـەم هێنـانی رزقو رۆژیو بـەرژەوەندی ئـادەمیزاد دەسـتەبەر دەکـەن، خۆرو مـانگ رامکـراونو بەردەوامن لەهاتوچۆداو ساتە وەختێـک حـەجمینیان نیـە، شـەو رۆژ بەشـوێن یەکدا دێنو دەڕۆن..هتـد، ئایـا هـەموو ئەمانـە لەبـەر خـاتری ئـادەمیزاد نیە؟ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا یادی ناکاتەوەو شوکرو سوپاسی ناکا؟!

﴿إِنَّ الْإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾ بەراستی ئادەمیزاد سـتەمکارو سپڵەو بـێ وەفایە.

تێبینی ئەوە دەکرێ: پەروەردگار لەکۆتایی ئەم ئایەتەدا فەرمووی: ﴿إن الإنسان لظلوم کفار﴾ لەسورەتی (النحل/١٨)دا دەفەرموێ: ﴿وان تعدّوا نعمة الله لاتحصوها، ان الله لغفور رحیم﴾ جوداوازی نێوان ئەم دوو کۆتاییییە ئەوەیە: قسەو باس لێرەدا بۆ سەرژمێر کردنی هەڵوێستە ناشیرینەکانی ئادەمیزادە: کە بریتییە لەکوفرانی نیعمەتو ستەمکاریو شەریکێ دانان بۆ خودایە. لەسورەتی (النحل)یشدا مەبەست ژماردنی فەضلو بەخششی پەروەردگارە بەسەر ئادەمیزاددا، بڕێکیش لەو فەضلو بەخششانە لێخۆشبوونو رەحمەتە ئەم دوو صیفەتەی خۆی خستنە کۆتایی ئایەتەکەوە بۆ ئەوەی بەندەکانی هەڵبنێ بۆ گەڕانەوەو تۆبە کردن.

ئیمامی رازی لێرەدا دەفەرموێ: جوداوازی نێوان ئایەتەکان لەم ڕووەوەیە: پەروەردگار دەفەرموێ: ئەی ئادەمیزادینە! کە من نیعمەتی زۆرو هەمە جۆرم رەخساندن ئێوە وەریان دەگرنو من دەیانبەخشم. کە تۆ نیعمەتەکانم وەردەگری دوو ڕەوشت دەنوێنی: ستەمکاریو هاوەڵدانانە بۆ خودا، منیش دوو رەوشتم هەن لەو کاتەدا: لێخۆشبوونو بەبەزەییییە.

واتە دەفەرموێ: ئەی بەندەکانم! ئەگەر ئێوە ستەمکار بن من لێبوردووم، ئەگەر ئێوە سپڵەو پێنەزان بنو کوفرانی نیعمەتەکانم بکەن، من رەحیمو خاوەن بەزەییم. دەزانم کەمتەرخەمن، کەمتەرخەمیەکەتان بەسزا وەڵام نادەمەوە.

نزاو پارانەوەی ئیبراهیم بەرەو رووی کابە

وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾ رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ﴿٣٧﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِى وَمَا نُعْلِنُ ۗ وَمَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٣٨﴾ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى وَهَبَ لِى عَلَى ٱلْكِبَرِ إِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٩﴾ رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ ﴿٤٠﴾ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار بەبەڵگەی جۆراو جۆر ئەوەی چەسپاند: کە هیچ خودای پەرستراوی حەق نین جگە لەپەروەردگار، ئەوەی راگەیاند :کە بەندایەتیکردن بۆ غەیری خودا دروست نیە، داوای لەپێغەمبەر کرد :کە سەرسام بێ لەحاڵی ئەوانەی بتپەرستی دەکەن!

ئەمجار بەشوێن ئەوەدا باسی حەزرەتی ئیبراهیم دەکا: کە باپیرە گەورەی عەرەبەو قورەیشییەکان لەئیسماعیلی کوری ئیبراهیمەوە کەوتوونەوە. ئەو ئیبراهیمەی لەخودا پاڕایەوە :کە شاری مەککەو دەورەبەری بکاتە شاری ئاشتیو تەبایی. خۆیو کوڕو نەوەکانی لەبتپەرستی بپارێزێ!! ئەوەشی راگەیاند: کە برێ لەکوڕو نەوەکانی لای ماڵی خودا جێنشین کردون، بۆ ئەوەی یەکتاپەرستی ئەنجام بدەن، نوێژ :کە گەورەترین تاعەتە بۆ خودا ئەنجامی بدەن. هەروەها حەزرەتی ئیبراهیم شوکرو سوپاسی خودای کرد لەسەر ئەوە بەپیریو دوای ناهومێد بوون لەمنداڵ، خودا دوو کوڕی پێ بەخشین: کە ئیسماعیلو ئیسحاق بوون، هەروەها داوای لێخۆشبوونی بۆ خۆیو باوکو دایکو موسوڵمانان کردو داوای رزگاربوونی رۆژی حیسابو لێکۆڵینەوەی بۆ کردن!

دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَٰذَا الْبَلَدَ آمِنًا﴾ ئەمە یاد خستنەوەی پەروەردگارە بۆ ئادەمیزاد، بەڵگە هێنانەوەی مێژوویییە بۆ موشریکەکانی قورەیش بەوە: کە مەککە شاری خودا پەرستییە، هەر لەکۆنەوە دامەزراوە بۆ خوداپەرستیو یەکتاپەرستی، هەر لەکۆنەوە حەزرەتی ئیبراهیم لەوانە بەری بووە: کە جگە لەخودا شتی تر دەپەرستن. هەر ئەویش بوو لەخودا پاڕایەوە: کە شاری مەککە بکاتە شاری ئاشتیو تەبایی،

واتە: ئەی موحەممەد! یادی ئەوە بکەرەوە، ئەم راستییە بۆ گەلەکەت بگێرەوە: ئەو کاتەی ئیبراهیم لەخودا پاڕایەوە: وتی: خودایە! ئەم شاری مەککەیە بکەرە شارێکی وا ئەمنو ئاسایشی تێدا بەرقەرار بێ، کەس خوێنی

کەسی تێدا نەڕێژێ، کەس تێیدا ستەم لەکەس نەکا. بێگومان پەروەردگار وڵامی نزاکەی دایەوە دوعاکەی قبووڵ کرد. کردی بەشارێکی ئەمینو ئارام بۆ ئادەمیزادو باڵندەو درەختو روەک، ئادەمیزادی تێدا ناکوژرێ نێچیری تێدا راو ناکرێ، درەختی تێدا نابڕدرێ، هەر کەسێ چووە ناوی دەکەوێتە ناو حەرەمەوە ئیتر لەوێدا ناکوژرێتەوە. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿او لم یروا انا جعلنا حرماً آمنا﴾العنکبوت/٦٧. یان دەفەرموێ: ﴿ومن دخله کان آمنا﴾آل‌عمران/٩٧.

بەراستی حەزرەتی ئیبراهیم نموونەی ئادەمیزادی کاملی خواپەرستی لەخودا ترس بووە، دەم بەذیکرو سوپاسگوزار بووە، باوکی پێغەمبەرانو خۆشەویستی خودا بووە، خودای بەباش ناسیوەو بەندایەتی بۆ کردوە، خودای بەباشی ناسیوەو لێ ترساوە: نموونەی بەندەی راستاڵو موخلیص بووە.

سیباقی قورئانەکە وێنەی ئیبراهیم دەکێشێ کە لەپەنا ماڵی خودادا راوەستاوەو دەستی نزاو پاڕانەوەی بەرز کردۆتەوە بۆ لای پەروەردگارو لەدیمەنێکی پڕ لەخشوعو خوضوعدا لەخودا دەپاڕێتەوەو دەڵێ: خودایە! ئەم شارە بکەیتە شاری ئاشتیو ئاشتەوایی ﴿وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ﴾ خودایە! خۆمو کوڕو نەوەکانم بپارێزە لەوەی بتپەرستی بکەن، دوورمان بخەرەوە لەو کارە ناشیرینە ماڵوێرانکەرە. هیدایەتمان بدەو وامان لێ بکە: کە یەکتاپەرسەتی بکەینو عیبادەتمان خاڵص بۆ تۆ بێو کەس نەکەین بەهاوەڵو شەریکت!!

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە پێویستە ئادەمیزاد دوعا بۆ خۆیو باوکو دایکیو کوڕو نەوەی بکا.

بێگومان دوعای ئیبراهیم هەندێکی گیرا بوو هەندێکیشی نا. حەزرەتی ئیبراهیم کە بەو دڵە گەرمەوە، بەو بیرو باوەڕە پتەوە دامەزراوەوە، بەو زوبانە شوکرانە ژمێرییەوە دەپاڕێتەوە دەیەوێ سەررەقو یاخی بووەکان

بگێڕێتەوە بۆ ئیعتیراف کردن بەخودایەتی خودا، کافرەکان لـەجیاتی سپڵەیی بەرامبەر نیعمەتەکانی خودا شوکرانە ژمێر بن، بـێ ئاگاکـان بـەئاگا بێنـەوە، سەر لێ شێواوو لادەرەکانی نـەوەو وەچـەکانی بگەڕێنـەوە سـەر ڕێبـازی بابـە گەورەیانو شوێن ڕێو ڕەسمی ئەو بکـەونو ئیـبراهیم بکەنـە ڕابـەرو پێشـەواو دابـو نەریتی ئەو پەیڕەو بکەن. دژی بتـو بتپەرستی بن!!

ئـەمجار حـەزرەتی ئیـبراهیم ئـەوە ڕادەگەیـەنێ: کـە زوربـەی زۆری ئادەمیزاد بـەهۆی بـتـو ئەصنامـەوە گومـڕا بـوونو فـەرمووی: ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيراً مِنَ النَّاسِ﴾ خودایە! بەراستی ئەویتانە بوونە هۆی گومڕا بوونی زوربـەی زۆری ئـادەمیزاد لەڕێگـەی حـەقو هیدایـەت، بـەجۆرێک کردویـانن بـەخوداو دەیانپەرسـتن، هەڵبەتـە وەپـاڵدانی گومڕاکـردن بـۆ بتـەکان لـەروی مـەجازەوەیە، ئەگینا بتـو صەنەم بێ گیانو دەسەڵاتی هیچیان نیە.

ئەمجار درێژە بەپاڕانەوەکەی دەداو دەڵێ: ﴿فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي﴾ جا کەسێک بڕوا بەمن بکاو لەسەر بیرو باوەڕی من بێ لەسەر مەنهـەجو ڕێبـازی من ئیمانی بەتۆ هەبێو ڕاستاڵانە یەکتاپەرستی بکـا، ئـەوە لەمنـەو لەسـەر ڕێبازی منەو لەپێڕی منە.

﴿وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ کەسێکیش پیچەوانەی فەرمانی مـن بکا، وەڵامی بانگەوازییەکەم نەدەنەوە، یەکتاپەرسـتی ئـەنجام نـەدەن، ئـەوە عـائید بەتۆیەو بۆ خۆت زاناو ئاگاداری، دەتوانی لێیان خۆش بێو تۆبـەیان لێ وەربگرێو هیدایەتیان بدەی بۆ ڕێگای ڕاست.

عـەبدوڵڵای کـوڕی عـەمر دەفـەرموێ: پێغەمبـەر ﷺ ئـەم وتەیـەی ئیبراهیمی خوێندەوە کە دەفەرموێ: ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيراً مِنَ النَّاسِ..الآية﴾ وتەکەی حەزرەتی عیساشی خوێنـدەوە: کـە دەفـەرموێ: ﴿إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ﴾ ئـەمجار پێغەمبـەر ﷺ دەسـتی نـزای بـەرز کـردەوە فەرمووی: (اللهم امتي، اللهم امتي، اللهم أمتي) ئەمجار دەستی کـرد بـەگریان،

پەروەردگار فەرمانی بەجوبرائیل کردو فەرمووی بچۆ بۆ لای موحەممەد (خودا باشتر دەزانێ) پێی بڵێ: بۆ دەگریەی؟! جوبرائیل هاتو پرسیاری لێ کرد. پێغەمبەر ﷺ ئەوەی پێویست بوو پێی فەرموو: ئەمجار پەروەردگار بەجوبرائیلی فەرموو: بچۆ بۆ لای موحەممەد پێی بڵێ ئێمە ئەو رازی دەکەینو دەربارەی ئوممەتەکەی نیگەرانی ناکەین!

ئەمجار حەزرەتی ئیبراهیم دوعاو پاڕانەوەیەکی تری ئاراستەی پەروەردگار کردو وتی: ﴿رَبَّنَا إِنِّيٓ أَسۡكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيۡرِ ذِي زَرۡعٍ عِندَ بَيۡتِكَ ٱلۡمُحَرَّمِ﴾ پەروەردگارا! خۆت ئاگادارو زانای بەوەی من بڕێ لەمنداڵو خێزانی خۆم (کە ئیسماعیلو ئەوانەی لەودەکەونەوە) جێنشینم کردوون لەشیوو دۆڵێکی رەقەنو چەقەندا :کە شیوی مەککەیە، لای خانووی حەرەمی تۆ:کە کابەیەو سوکایەتی پێکردنی ئەوماڵەت یاساغ کردوە، دەورو بەرەکەیت کردوە بەحەرەمو نابێ کەس دەستی بۆ درێژ بکا بەبێ رێزی سەیری بکا!

﴿رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ خودایە بۆیە ئەو خانوو دەورو بەرەت کردوە بەخاکی حەرەم رێزت داوەتێ بۆ ئەوەی دانیشتوانی بتوانن نوێژی تێدا بکەنو روی تێبکەنو بەیادی خودا پەرستی ئاوەدانی بکەنەوە. یەکتاپەرستی تێدا ئەنجام بدەن. ﴿فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ﴾ خودایە! وا بکە دڵو دەروونی ئادەمیزادان وەگری بنو بەحەزو ئارەزۆوە بۆی بێنو بەهەڵەداوانو پەلەپەل سەفەری بۆ بکەن، دڵیان بۆ زیارەتی بکورکێنێو حەزیان لەدیدەنی بێ، خودایە خۆشەویستی ئەم خاکو زێدە بخەیە دڵی بەندەکانتەوە بەتاسوخەوە لەهەر چوارلاوە بکەونە رێ بۆ دیدەنی ماڵی خۆت:کە کەعبەیەو بینینی دانیشتوانی دەورو بەری، کە نەوەکانی منن.

﴿وَٱرۡزُقۡهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ خودایە! نەوەکانم، ئەوانەی لای ماڵی خۆت جێنشینم کردون رزقو رۆژییان بدە لەجۆرەها میوەو بەروبوومی ولاتانی

دونیا، لەهەر چوارلای جیهانەوە خواردەمەنی بۆ کێش بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن بەوپەڕی باشو لێبڕانەوە تاعەتی تۆ بکەن، هەروەها چونکە ولاتەکە ولاتێکی دێمو بێ کشتو کاڵو بەروبوومە، خودایە رزقو رۆژییان بۆ بڕەخسێنە بۆ خواردن!

پەروەردگار ئەم نزایەی ئیبراهیمی گیرا کردوەو لەو کاتەوە تا بەئەمڕۆش شاری مەککە میوەی جیهانی لێ نابڕێو نەبڕاوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿او لم نمكن لهم حرماً آمنا يجبى اليه ثمرات كل شيء، رزقاً من لدنا﴾القصص/٥٧. بەڵێ فەضلو گەورەیی خودا هاتۆتە جێ، هەرچەندە لەمەککە داری بەرداری تێدا نیە، کەچی میوەی ولاتانی دوورو بەری بۆ راگوێز دەکرێ، چوار فەسڵی ساڵ بێ میوە نابێ.

خودایە! رزقو رۆژییان بدە ﴿لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ بەڵکوو سوپاسو ستایشی نیعمەتەکانت بکەن، یان تا باشتر نوێژەکانیان ئەنجام بدەنو بەلێبڕانەوە بەندایەتیت بکەن!!

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە ،کە دەبێ مەبەست لەوەدەست هێنانی سوودە مادديیەکان ئەوە بێ یارمەتدەربن بۆ ئەنجامدانی خودا پەرستیو طاعەتکردن.

حەزرەتی ئیبراهیم لەدوعاو پاڕانەوەکەیدا موراعاتی ئەدەبو دابو نەرێتی پاڕانەوەی کردوە، لالانەوەو نوزانەوەی تێدایە رانواندنی پێویستیاتی خۆیو نەوەکانیو کێشکردنی رەحمەتو بەزەیی خودای تێدایە بۆیە خودا دەعاکەی گیرا کردو پێداویستیەکانی پێ بەخشین. ئەمەش شتێکی ئاساییە، ئەو بە(خليل الرحمن) ناو دەبرێو باوکی پێغەمبەرانە.

﴿رَبَّنَا إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِي وَمَا نُعْلِنُ﴾ پەروەردگارا! بێگومان زاتی پاکت ئاگادارەو دەزانێ بۆچی لێت دەپاڕێینەوە، ئاگاداری نهێنی ناو دڵمانیو ئەوەی بەئاشکرا دەیڵێین. ئەتۆ زۆر زاناتری بەحاڵو وەزعو بەرژەوەندیمان، تۆ

هەموو شتێک ئاشکراو نهێنی ئاگاداری، لەبوونەوەردا هیچت لێ گوم نابێ، کەوابێ زاتی پاکت پێویستیت بەداوا کردنی ئێمە نیە، پێویستیاتی ئێمە دەزانێ. وەلێ کە لێت دەپاڕێینەوە بۆ دەرخستنی بەندایەتیمان، بۆ ئەوەی ئاتاجی خۆمان بۆ رەحمەتی بەرفراوانت رابگەیەنین.

﴿وَمَا يَخْفَى عَلَى اللهِ مِنْ شَيْءٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ﴾ هیچ شتێک لەئاسمانەکانو زەویدا لەخودا هوون نیەو نابێ، هەموو شتێک بۆ ئەو ئاشکراو نمایانە، چونکە ئەو بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەرو چاودێریانە.

ئەمجار حەزرەتی ئیبراهیم سوپاسو ستاییشی پەروەردگار دەکا لەسەر ئەوە: کە بەپیری منداڵی پێ بەخشیوەو وەجاخی کوێر نابێو دەفەرموێ: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَهَبَ لِي عَلَى الْكِبَرِ إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ﴾ سوپاسو ستایشی نەبڕاوە بۆ ئەو خودایەیە: کە لەگەڵ ئەوەدا پیر بووەو بەساڵا چوم ئیسماعیلو ئیسحاقی پێ بەخشیم پاش ئەوەی ناهومێد بووم لەوەی منداڵم ببنو گەییشتمە تەمەنی یەئس. دوو کوڕی پێدام ئیسماعیلو ئیسحاق، ئیسماعیل لەهاجەرە بووە، ئیسحاق لەسارا خاتوونە. ئیسماعیل سێنزە ساڵ لەئیسحاق گەورە ترە.

هەندێک دەڵێن: کە ئیسماعیل لەدایک بوو تەمەنی ئیبراهیم گەییشتبوە نەودو نۆ ساڵ، کە ئیسحاق لەدایک بوو تەمەنی سەدو دوانزە ساڵ بووە.

﴿إِنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾ بێگومان خودای من بیسەرو شنەوایە بەپاڕانەوەو وتەکانم، وەلامی دوعاکانم دەداتەوە هەر کەسێ لێ بپاڕێتەوە دوعاکەی گیرا دەکا. مەبەستەکانم بدرکێنم یان نەیاندرکێنم خودا ئاگاداری مەبەستەکانە.

ئەمجار لەخودا دەپاڕێتەوە: کە یارمەتی بدا بەردەوام بێ لەسەر شوکرو ستایش، دەفەرموێ: ﴿رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي﴾ خودایە! وام

لێ بکەی بتوانم ئەوەی لەسەرم پێویستە ئەنجامی بدەم ،نوێژەکانم بەرێکو پێکی ئەنجام بدەم، یارمەتیم بدە ئەرکەکانم بەجێ بێنم، هەروەها بڕێ لەنەوەکانیشم تۆفیق بدە ئەرکەکانی سەرشانیان بەرێکو پێکی ئەنجام بدەن، نوێژەکانیان بەجێ بێنن، بۆیەش بەتایبەتی ناوی نوێژی هێنا ، چونکە گەورەترین عیبادەت نوێژە، نوێژ کاریگەریەکی گرنگی هەیە لەپاڵفتەکردنی دڵو دەروونو گێڕانەوەی ئادەمیزاد لەخراپەکاری.

﴿رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ﴾ خودایە! عیبادەتمان قبووڵ بفەرموو. لێرەدا وشەی (دعاء) بەمانا عیبادەت هاتووە، وەکوو لەئایەتێکی تریش بەهەمان مانا هاتووە وەکوو دەفەرموێ: ﴿واعتزلكم وما تدعون من دون الله﴾مريم/٤٨.

ئەمجار حەزرەتی ئیبراهیم دوعاو پاڕانەوە دڵسۆزانەکەی کۆتایی پێ دێنێ بەدوعایەکی سەرەنج ڕاکێشی گشتی دەفەرموێ: ﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ﴾ خودایە! تاوانەکانم داپۆشیو لێم خۆش ببی، هەروا لەتاوانی دایکو باوکم خۆش ببە، هەروەها لەتاوانی هەموو موسوڵمانان چاوپۆشی بفەرموو: لەو ڕۆژەدا کە حیسابو لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەیو بەندەکانت کێش دەکەی بۆ پاداشدانەوەو تۆڵەستاندن لێیان لەسەر کردەوەکانیان.

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: دایکی ئیبراهیم موسوڵمان بووە، داوای لێخۆشبوونی بۆ باوکی (لەگەڵ ئەوەدا: کە کافر بووە) لەبەر وادەو بەڵێنێک کە پێی دابوو، جا کە بۆی مەعلووم بوو :کە باوکی کافرەو دوژمنی خودایە، خۆی لێ بەری کردو خۆی لێ دوور خستەوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وما كان استغفار ابراهيم لأبيه الا عن موعدة وعدها اياه فلما تبين له انه عدو لله تبرا منه، ان ابراهيم لأواه حليم﴾التوبة/١١٤.

شایانی باسە پاڕانەوەی ئیبراهیمو داوای لێخۆشبوون لەگوناهەکانی، ئەوە ناگەیەنێ: کە تاوانی کردبێو داوای لێبوردن بکا، بەڵکوو مەبەست لەم

دوعا کردنەی و هانا بردنە بۆ خودا، پشت بەستنیەتی بەفەضڵو کەرەمو رەحمەتی خودا.

تێبینی :

ئایەتەکان ئەم مانایانەیان لێ وەردەگیرێن:

١- فێری ئەوەمان دەکەن،کە داوای نیعمەتی ئاسایش بکەین بەراستی ئاسایش نیعمەتێکی فرە مەزنەو گەلێک گرنگە بۆیە حەزرەتی ئیبراهیم سەرەتا داوای رەخساندنی ئاسایشی کرد، چونکە بەرژەوەندی دینو دونیا بەبێ ئاسایش دەستەبەر نابێ!

٢- دروستە ئادەمیزاد دوعا بۆ خۆیو باوکو دایکو وەچەو نەوەی بکا.

٣- شوێنکەوتنی پێغەمبەرو موصلیحان واجبەو نابێ بێگوێییان بکەین. چونکە حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی ﴿فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي﴾.

٤-داوای لێخۆشبوون بۆ تاوانباران دروستە، بەڵان بۆ موشریک دروست نیە چونکە کۆڕای موسوڵمانان لەسەر ئەوە دامەزراوە: کە دروست نیە داوای لێخشبوون بۆ موشریک بکرێ: ئاماژە بەوەی: کە خودا دەفەرموێ: ﴿ان الله لایغفر ان یشرك به ویغفر مادون ذلك لمن یشاء﴾النساء/٤٨.

٥- دروست نیە بۆ هیچ کەس،کە ماڵو منداڵی خۆی لەچۆڵەوانییەکی بێ ئاوو کشتو کاڵدا بەرەڵلا بکا، نابێ لەم بارەوە لاسایی حەزرەتی ئیبراهیم بکاتەوە، ئەمە حاڵەتێک بووە تایبەت بووە بەئەو، بەفەرمانو نیگای خودا کردویەتی.

٦- ئەوەشمان لەبیر نەچێ دووبارە کردنەوەی حەزرەتی ئیبراهیم لەدوعا بەسۆزەکەی بۆ وشەی (رب) یان (ربنا) ئاماژەیە بەوە،کە ئەو هاوار دەکاتە پەروەردگار بەصیفەتی (ربوبییەت) نەک بەصیفەتی (ئولوهییەت) چونکە کەم کەس هەن گومانیان لەئولوهییەتی خودادا هەبێ، بێ بڕواکانیش لەمەدا گومانیان نیە، بەلام ئەوەی جێگای موناقەشەیە مەوزوعی ربوبییەتە،

تەنانـەت کۆمـەڵگا نەفامـەکانیش بەتایبـەتی کۆمـەڵگای جـاهیلی عــەرەب بڕوایان بەئولوهییەتی خـودا هـەبوە. بۆیـە حـەزرەتی ئیـبراهیم لەدوعاکـەیدا تەرکیزی خستە سەر لایەنی ربوبییەت.

هاتنی رۆژی قیامەتو نیشانەکانی، دواخستنی عەزابی قیامەتو چۆنیەتی سزادراوەکانو گۆڕینی ئاسمانەکانو زەوی

ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾ مُهْطِعِينَ مُقْنِعِى رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ ۖ وَأَفْـِٔدَتُهُمْ هَوَآءٌ ﴿٤٣﴾ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ ٱلْعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رَبَّنَآ أَخِّرْنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَ ۗ أَوَلَمْ تَكُونُوٓا۟ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ ﴿٤٤﴾ وَسَكَنتُمْ فِى مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ ٱلْأَمْثَالَ ﴿٤٥﴾ وَقَدْ مَكَرُوا۟ مَكْرَهُمْ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ ٱلْجِبَالُ

﴿فَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِۦ رُسُلَهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤٦﴾ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ وَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ مُّقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَىٰ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ﴿٥٠﴾ لِيَجْزِىَ ٱللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٥١﴾ هَٰذَا بَلَٰغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُوا۟ بِهِۦ وَلِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٥٢﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار بەڵگەی تاکو تەنهایی خودای هێنانەوە، دوا ئەوەی باسی حەزرەتی ئیبراهیمی کرد: کە لەخودا پاڕاوەتەوە: خۆیو نەوەکانی لەهاوەڵدانان بۆ خودا بپارێزیو یارمەتییان بدا بۆ کردەوەی چاکو رۆژی قیامەت رەحمەتو لێخۆشبوونی خۆی برێژێ بەسەریاندا، ئەمجار بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە :کە هاتنی رۆژی قیامەت شتێکی حەتمییەو گومانی تێدا نیە. دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ اللهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ﴾ئەی موحەممەد! وا مەزانە: خودا بێ ئاگایە لەو کردارانەی ستەمکاران ئەنجامی دەدەن. وا مەزانە کە هەر کاتێ خودا مۆڵەتی ئادەمیزادی ستەمکار دەداو عەزابیان لێ دوا دەخا لێیان بێ ئاگایەو ئیهمالی کردوونو عەزابیان نادا، دڵنیا بە خودا،یەکە یەکە تاوانەکانیان دەژمێرێو لەسەریان دەنووسێو لەرۆژی خۆی تۆڵەیان لێ دەستێنێ.

ئەم خیطابە بەڕواڵەت بۆ پێغەمبەرەو لەواقیعدا مەبەست ئوممەتەکەیەتی لەسەر شێوەی (ایاك أعني واستمع یاجارة) کوردی وتەنی (بوکێ لەگەڵ تۆمەو خەسو گوێت لێ بێ) ئایەتەکە دڵدانەوەیە بۆ موسوڵمانانو هەڕەشەکردنە لەستەمکاران ؛ بەوە:کە پەروەردگار کردەوەکانیان لەسەر دەنووسێو ئاگای لێیانەو لەرۆژی خۆیدا:کە قیامەتە سزایان دەداتەوە، سزادانیان حەتمییەو ئەو عەزابەیان پێ دەگا، چونکە ئاگاداری خودا بەستەمکارییان داخوازی سزادانیانە. ئەمجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە: کە سزادانی ئەو ستەمکارانەی دواخستوە بۆ رۆژێک: کە تا بڵێی رۆژێکی سامناکو نائاساییە. دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ﴾ نەوەکوو سزادانەکەیان دوا دەخەین ئیللا بۆ رۆژێک دوای دەخەین:کە تا بڵێی بەلاو ناخۆشییەکانی سامناکن، هەر لەبەر دیمەنی بەسامی ئەو رۆژە چاوی ئادەمیزادان بەملۆق دەوەستێو چاو قوچاندنیان بۆ ناکرێ لەترسانو لەحەیبەتان دەشڵەژێنو چاویان بزبز دەڕوانو پێڵویان وێک نایەنەوە، چاوەکان بەملۆق دەوەستن چاو قوچاندنو چاو گێڕان نامێنێ!

ئەمجار وەصفی هەڵسانەوەیان لەگۆڕەکانیانو بەپەلە هاتنیان بۆ دەشتی مەحشەر دەکاو دەفەرموێ: ﴿مهطعين﴾ لەگۆڕەکانیان هەڵدەستنەوەو بەپەلەو بەسەر شۆڕی دێن بۆ دەشتی مەحشەر. لەچەند شوێنی تردا قورئان ئاماژەی بەم مانایە کردوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿مهطعين الى الداع﴾القمر/٨. یان دەفەرموێ: ﴿يؤمئذ يتبعون الداعي ولا عوج له، وخشعت الأصوات للرحمن، فلا تسمع الا همسا﴾طه/١٠٨. یان دەفەرموێ: ﴿يوم يخرجون من الأجداث سراعا﴾المعارج/٤٣.

گوڕهەڵدەتەکێنو بەپەلە رودەکەنە سارای مەحشەر ﴿مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ﴾ سەریان بەرز کردۆتەوە بەترسو لەرزەوە دەڕوانن، بەم لاو ئەولادا ئاوڕ نادەنەوە.

﴿وَلَا يَرۡتَدُّ إِلَيۡهِمۡ طَرۡفُهُمۡۖ﴾ چاویان بەملۆق وەستاوەو پێڵووی چاویان وێک ناکەوێتەوە، بەڵکو چاویان کراوەو وەستاوەو لەترسانو لەشڵەژاوییان چاویان بۆ لێک نانرێ، تا چاویان هەتەر بکا هەرچی دەیبینن هەر دەیانترسێنێو جەستەیان وەلەرزە دێنێ. ﴿وَأَفۡـِٔدَتُهُمۡ هَوَآءٞ﴾ دڵو دەروونیان خاڵیو بۆشە، هیچ وەرناگرێ هیچیان لەبیر نەماوە، لەترسان پەشۆکاوو شڵەژاون، سەرسامو وڕو حەیرانن. هەرچی هومێدو هیوا هەیە لەدڵیاندا نیە، هیچ خۆشیو کامەرانییەکیان لەدڵدا نیە.

ئەوە ئەو رۆژەیە خودا ئەوانی بۆ هەڵگرتووە، لەم وێستگەدا رایان دەگرێ، ئەم ترسو لەرزە رویان تێ دەکا دەپەشۆکێن دەشڵەژێن هەر دەڵێی پەلەوەری بێ دەسەڵاتو پچوکن لەژێر چنگی بازدا، دەڵێی کەروێشکن لەبەردەم چپۆڵەی شێرو پڵنگدا!

ئەمە ئەو رۆژەیە خودا ئەوانی بۆ داناوە، ئەو رۆژە بەهەموو دیاردە سامناکەکانیەوە چاوەڕێیانە حەتمەن پێی دەگەن! کەوابێ ئەی موحەممەد! وەخۆکەوەو ئامۆژگاری بکە ﴿وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوۡمَ يَأۡتِيهِمُ ٱلۡعَذَابُ﴾ ئادەمیزادان بترسێنە لەناخۆشیو نارەحەتی رۆژێک،کە لەو رۆژەدا عەزاب یەخەیان دەگرێو تێکیانەوە دەپێچێ. ﴿فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ﴾ جا ئەوانەی: کە ستەمکار بوون گوێیان بەپەیامی پێغەمبەر نەداوە کە ئەو عەزابە دەبینن دەست دەکەن بەدادو فیغان، بەناڵەو هاوار، رودەکەنە خوداو لێی دەپاڕێنەوەو دەڵێن: ﴿رَبَّنَآ أَخِّرۡنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ نُّجِبۡ دَعۡوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَۗ﴾ خودایە بمانگێڕەوە بۆ دونیا،بۆ ماوەیەکی کەم مۆڵەتمان بدە، با هەڵەکانی خۆمان راست بکەینەوە کەمتەرخەمیمان پڕ بکەینەوە، بەپیر بانگەوازی پێغەمبەرەکانتەوە بچین، بڕوایان پێ بکەین، ببینە یەکتاپەرستو بەدڵسۆزی بەندایەتیت بۆ بکەینو شوێن پەیامی پێغەمبەرانت بکەوین، ئەمجار بمانهێنەوە بۆ سارای مەحشەر.

نموونەی ئەم ئایەتە لەشوێنی تری قورئاندا هاتووە وەکوو دەفەرموێ: ﴿لولا اخرتني الى اجل قريب فاصدق واكن من الصالحين﴾المنافقون/١٠. یان دەفەرموێ: ﴿حتى اذا جاء احدكم الموت قال: رب ارجعون، لعلي اعمل صالحاً فيما تركت﴾المؤمنون/٩٩-١٠٠.

ئەمجار خودا بەشێوەی سەرزەنشتەوە ولامی دانەوەو فەرمووی: ﴿أَوَ لَمْ تَكُونُوا أَقْسَمْتُمْ مِنْ قَبْلُ مَا لَكُمْ مِنْ زَوَالٍ﴾ ئەوە ئێوە نەبوون لەدونیادا پێش ئەم حاڵەتان سوێندتان دەخواردو دەتانگوت: کە ئێمە مردین جارێکی تر زیندوو ناکرێینەوە؟ بڕواتان وابوو قیامەت نیەو حیسابو لێکۆڵینەوە نیە لەژیانی دونیاوە بۆ ژیانی قیامەت گواستنەوە نیە، دەتانگوت:ژیان هەر ژیانی دونیایەو کە مردین تازە زیندوو نابینەوە؟ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واقسموا بالله جهد ايمانهم لا يبعث الله من يموت﴾النحل/٣٨. دەی کەوابێ ئەم سزایە بچێژن لەتۆڵەی ئەو ئینکاریکردنەتان. ئەمە لەحاڵەتێکدا ئێوە بێ ئاگا بوون، ئەگەر وردبوونایەوەو بەخۆتاندا بچونایەوە دەتانزانی:کە ئەم ڕۆژە دێو ئێوە زیندوو دەبنەوە بەڵام زیندوو بوونەوە سودی نیە! ﴿وَسَكَنْتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ﴾ ئێوە جێنشین بوون لەشوێنی ئەوانەی: کە ستەمیان لەخۆیان کردوە، هاوەڵی ستەمکارانتان کرد، بەرێو شوێنی ئەواندا ڕۆیشتن چاوتان لەوان کردو لاسایی ئەوانتان کردەوە، هەرچەندە بۆتان ئاشکرا بوو چیمان بەو ستەمکارانە کرد، چۆن لەناومان بردن لەتۆڵەی ڕەتکردنەوەی پەیامی پێغەمبەرانو بەرەنگار بوونەوەی بانگەوازی حەق، بەچاوی خۆتان شوێنەواری لەناوچوانتان بینیو بۆتان دەرکەوت ئاکامیان ریسواییو لەناو چوون بوو.

﴿وَضَرَبْنَا لَكُمُ الْأَمْثَالَ﴾ پەندو ئامۆژگاریمان کردن، مەثەلمان بۆ هێناوە لەقورئانداو پێمان گوتن: کەسێک بتوانێ لەسەرتاوە شتێک دروست بکا زۆر بەئاسانی تر دەتوانێ دوای لەناوچونی دروستی بکاتەوە. دەتوانێ

سزای مۆڵەتدراویان بدا، وەکوو چۆن دەتوانێ سزای بەعەجەلەیان بدا. بەلام ئێوە پەند ئامێز نەبوون وەهۆش خۆتان نەهاتنەوەو وازتان لەسەر رەقی خۆتان نەهێنا!

تازە بەتازە دەتانەوێ عەزابەکەتان دوا بکەوێو بگەرێنەوە بۆ دونیا، تازە کار لەکار ترازاوە هەلتان لەکیس چووە!!

ئەمجار پەروەردگار ئەوە رادەگەیەنێ: کە حاڵو هەڵوێستی ئەمانیش وەکوو حاڵو وەزعی ستەمکارەکانی پێش خۆیان وایە دەفەرموێ: ﴿وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ﴾ واتە: ئەوانەی جێنشین بوون لەشوێنی ستەمکارە پێشینەکان، هەڵوێستو حاڵو وەزعیان لەستەمکارە رابوردووەکان جیانەبوە، هەمان هەوڵو تەقەڵلای پێشینەکانیان داویانە بۆ رەتکردنەوەی حەقو بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرانو چەسپاندنی بەتاڵ، ئەمانیش هەموو هێزو توانای خۆیان لەم بوارەدا خستۆتە گەرو چییان پێکرا کردیان، بەهەموو جۆرێک دژی ئایینی حەق وەستان!

﴿وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ﴾ فرتو فێڵو مەکرەکانیان لای خودا نووسراوە، بێگومان سزای عادلانەیان دەداتەوە، هەموو شتێک لای خودا نووسراوەو تۆمار کراوەو بەگوێرەی کردەوەو هەڵوێستیان تۆڵیان لێ دەستێنێ.

﴿وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ﴾ سەرەنجامی مەکری ئەوان خەسارەتمەندی و بەفتارە چوونە، مەکری ئەوان ئەوەندە بەهێز نیە بتوانێ کێو لەشوێنی خۆی بجولێنی، مەکری ئەوان ناتوانێ ئایاتی خودا، شەریعەتی خودا، موعجیزەی پێغەمبەران: کە وەکوو کێو دامەزراون بپوچێننەوە، کەی مەکری ئەوان دەتوانێ کێو، یان شتێک: کە بەئەندازەی کێو دامەزراوو چەسپاوە لابەرێو بیگوێزێتەوەو بەرەنگاری بکا، مەکری ئەوان لەژێر هێزی قودرەتی خودادایە چۆنی بوێ ئاوای لەگەڵ دەکا!

﴿فَلَا تَحْسَبَنَّ اللهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ﴾ ئەی موحەممەد! وا مەزانە خودا وادەو بەڵێنێ:کە داویەتی بەپێغەمبەرانی نایهێنێنە دی، دڵنیابە چی بەڵێنی داویەتی بەپێغەمبەران هەموان دێنێتە دی.!

شایانی باسە هەرچەندە خیطابەکە بۆ پێغەمبەرە وەلێ مەبەست ئوممەتەکەیەتی.. ئەمەش وەکوو پێشوو وایەو لەسەر شێوەی (بوکێ لەگەڵ تۆمەو خەسو گوێت لێ بێ) دەیەوێ موسوڵمانان وا لێ بکا بتمانە بەوادەو بەڵێنی بکەنو دڵنیا بن: کە خودا بەڵێنی خۆی دێنێتە دیو ستەمکاران سزا دەداو تۆڵە لەکافرو بەدرۆخەرەوەکان دەستێنێ!

﴿إِنَّ اللهَ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ﴾ بێگومان پەروەردگار بالادەستەو بەتوانایە، ناهێڵێ ستەمکار لەسزا رزگاری بێ، ناهێڵێ مەکرباز بێ سزا بۆی دەرچێ! هەر شتێک بیەوێ بیکا دەیکاو کەس نیە بتوانێ ببێتە لەمپەڕ لەبەردەم ویستی خودادا، هەر کەسێکی بوێ سزای بدا لەچنگی رزگاری نابێو کەس ناتوانێ لەدەست خودا راکا، پەروەردگار خاوەنی سزاو تۆڵەیە بۆ ئەوانەی پەیامی پێغەمبەرەکانیان رەت کردۆتەوەو شەریکیان بۆ خودا داناوە.

ئەمجار پەروەردگار کاتی تۆڵەستاندنەوەکەی دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَوَاتُ﴾ واتە: پەروەردگار خاوەنی تۆڵەستاندنەوەو سزادانە لەرۆژێکدا: کە زەوی‌دەگۆڕدرێ بەزەوییەکی تر بەم جۆرە ئەم زەوییەی ئێستا دەبێتە تۆزو خۆڵو دووکەڵ بڵاو دەبێتەوە، پاشان دەبێتەوە زەوییەکی تر!

هەروەها ئاسمانەکان دەگۆڕدرێن، ئەستێرەکان بڵاو دەبنەوەو هەڵدەوەرنو وردو خاش دەبن، خۆر روناکی نامێنێو مانگ تاریکایی بەسەردا دێ.

هەرچەندە ئێمە نازانین چۆن ئەم گۆڕانکارییە دێتە دیو شێوەو سروشتی زەوی تازەو ئاسمانی تازە چۆن دەبێ شوێنەکەیان لەکوێ دەبێ، ئەم گۆڕانکارییە چۆن پەیدا دەبێ!

ئیبنو عەبباس ﷺ دەفەرموێ: زەوییە تازەکە هەر ئەو زەوییەی ئێستایە، وەلێ صیفاتەکانی دەگۆڕێن، کێوەکانی نامێنن، دەریاکانی دەتەقنەوەو پڕدەبنەوەو دەبنە دەشتێکی کاکی بەکاکیو هیچ بەرزاییو شیوو دۆڵی تێدا نابیندرێ.

هەندێک دەڵێن: پەروەردگار سەر لەنوێ زەویەکی ترو ئاسمانی تر دروست دەکاتەوە.

ئیبنو مەسعوودو ئەنەس دەفەرموون: ڕۆژی قیامەت ئادەمیزاد لەسەر زەوییەکی سپی حەشر دەکرێن، کەس لەسەر ئەو زەوییە تاوانی نەکردوە.

ئیمام ئەحمەد لەخاتو عائیشەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: عائیشە فەرمویەتی: من یەکەم کەس بووم دەربارەی ئەم ئایەتە ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَالسَّمَوَاتُ﴾ پرسیارم لەپێغەمبەر ﷺ کردو وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو ڕۆژە ئادەمیزاد لەکوێ دەبن؟ فەرمووی لەسەر پردی سیراط.

قەتادە لەحەسانی کوڕی بیلالی موزەنییەوە لەعائیشەوە ﷺ دەڵێ: پرسیارم لەپێغەمبەرم کرد دەربارەی ئایەتی ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ والسموات﴾ وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو ڕۆژە ئادەمیزادەکان لەکوێ دەبن؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لقد سألني عن شيء ماسألني عنه احد من امتي، ذاك أن الناس على جسر جهنم).

خاوەنی تەفسیری (روح المعان) لەکاتی راڤەکردنی ئەم ئایەتەدا زۆر رای موفەسسرین رادەنوێنێ، بەلام چونکە باسەکە باسێکی غەیبییە نەیتوانیوە شتێک بڵێ دڵ پێی ئاو بخواتەوە.

ئیبنو کەثیر زۆر بۆچونی جیاجیای هێناون، گەلێک فەرمودەی پێغەمبەری لەم بارەوە ریوایەت کردون، پوختەکەیان ئەوەیە: کە من

نووسـیـومـە. هەرچـەندە لـەبارەی لەفظـەوە هـەندێ جـوداوازی لـەنێوان ریوایەتەکاندا هەیە، بەڵام لەرووی ماناوە یەکن.

بەکورتی ئایەتی قورئـانو فـەرموودەکانی پێغەمبـەر ﷺو زانسـتی تـازە کۆکن لەسەر ئەوە: کە رۆژێک دێ زەوی دەبێتە یەکپارچە ئاگرو ئـادەمیزادی لەسەر نابن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە یەکێکە لەموعجیزەکانی قورئان، کە ئـەمرۆ زانسـتی تـازە پشـتگیری دەکـا، مانـای ئـەم ئایەتـەو زانیـاری تـازە بەتـەواوی یـەکتر دەگرنـەوە..! زانایـانی فەلـەک دەڵێـن: زەویو خـۆرو بـاقی ئەسـتێرەکانی تـر لەکۆندا کورەیەکی ئاگراوی بوون لەبۆشاییدا لەهاتوچۆدا بوون، ملیونەها ساڵ ئەم کورە ئاگرینە بەدەوری خۆدا سوڕاوەتەوە پاشـان خـۆری لێ بـووەوە، دوای ملیونەها ساڵی تر ئەستێرە گەڕۆکەکانی تر لێی جیابوونـەوە کـە یـەکێ لـەو گەڕۆکانـە زەوی بـوو. ئـەمجار دوای چـەند هـەزار سـاڵی تـر مانگـەکانی لێ جیابوونەوە، گومانیش نیە جارێکی تر ئـەم حـاڵو وەزعـە بەسـەر بوونـەوەردا دێتەوە، واتە: زەویو خۆرو ئەستێرەکانی تـر پـاش ملیونـەها سـاڵی تـر سـەر لەنوێ دەتوێنەوەو دەبنەوە بەکورەیەکی ئاگراویو ماوەیـەکی تـر لەبۆشـاییدا هاتوچۆ دەکا، ئەمجار جارێکی تر لەم کورە ئاگراوییـە خـۆرو زەوی لێ جیـا دەبنەوە، زەوییەک دێتەوە کایە جودا لەم زەوییەو خۆرێـک پـەیدا دەبێ لـەم خۆرەی ئێستا جوداوازەو ئاسمانەکانیش لەئاسمانی ئێستا ناچن!

دەی نـاوەڕۆکی ئـەم تیـورە زانسـتییە لەگـەڵ مانـای ئایەتەکـەدا چ دژایەتێکیان نیە، دەتوانین لەروانگەی ئەم تیورە زانسـتییەوە مانـای ئایـەتی ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ﴾ حـاڵی ببـین، هـەر کـاتێکیش زانیاری پێـش کـەوت تیۆرێکـی زانسـتی تـر سـەری هـەڵدا دژی ئـەم تیـورەو دەرکەوت تیورە پێشوەکەو هەڵە بووە ئـەوە مانـای ئایەتەکـە هـەروەک خـۆی دەمێنێتەوەو دەبێ هەوڵ بدەین بزانین خەلەلی بەراورد کردنەکەمان لـەکوێدا

بووە. واتە: نابێ رێگە بەخۆمان بدەین ئایەتەکانی قورئان سەد دەرسەد بەتیورە زانستییەکان مانا بکەین، ئایەتەکە دانێینو تیۆرەکەی بەسەردا تەطبیق بکەین، وا خۆمان پێوەند بکەین هەرکاتێ تیۆرەکە هەڵوەشایەوە مانای ئایەتەکە هەڵوەشێتەوە (استغفر الله!).

تیورە زانستییەکان رێبازی خۆیان هەیەو قورئان رێبازی خۆی هەیە، دەتوانین بۆ مانای ئایەتەکانی قورئان سوود لەتیورە زانستییەکان وەربگرین، بەڵام نابێ تیورە زانستییەکان بکەینە مانای ئایەتەکانو بڵێین ئەم تیورە زانستییە پڕاو پڕ مانای فلان ئایەتە. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەو ئاواتەخوازین کەس تێی نەکەوێ. چونکە ئێمە بڕوامان وایە قورئان حەقو راستەو هەرگیز ناڕاستیو بەتاڵ روی تێ ناکەنو تێیدا نینو سەد دەرسەد حەقەو راستە، بەڵام تیوری زانستیی ئەمڕۆ راست دێتە بەرچاوو سبەینێ هەڵدەوەشێتەوە، ناراست دەردەچێ!

﴿وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ﴾ هەرچی مەخلووقات هەیە هەموویان لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە، چاوەڕوانی بڕیاری پەروەردگارن، هەموویان لەپێش دوو دەستی خودای تاکئو تەنهاو باڵادەستدا دەوەستن، جگە لەپەنای خودا هیچ پنایەکی تریان نیە، جگە لەخودا کەس بەفریایان ناکەوێ، جگە لەخودا کەسی تر بڕیاری بەدەست نیە، فەرمانڕەوای تاکئو تەنیا خۆیەتیو بەس!

ئەمجار زەبوونیو بێ توانایی تاونبارەکان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مقرنين في الأصفاد﴾ ئەی موحەممەد! تۆ لەو رۆژەدا تاوانباران دەبینی کۆمەڵ کۆمەڵ بەزنجیر پێوەند کراون، بەیەکترەوە بەستراونەوەو شەتەک دراون، ئەوانەی مولحیدو بێ باوەڕن پێکەوە شەتەک دراون، ئەوانەی موشریکن، یا پیاوکوژن، یا خیانەتکارو دزو سودخۆرن هەر کۆمەڵەو بەجیا پێوەند کراونو تێکخراون، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واحشروا الذين ظلموا وازواجهم﴾الصافات/٢٢. یان دەفەرموێ: ﴿واذا

النفوس زوجت﴾التكویر/٧. یان دەفەرموێ: ﴿فكبكبوا فیها هم والغاوون﴾الشعراء/٩٤.

﴿سرابیلهم من قطران﴾ کراسەکانیان لەقەترانە: کە زۆر زوو ئاگر دەگرێ. واتە: جەستەیان بەقەتران سواخ دەدرێ بۆیە دەکرێ لاشەیان دادەپۆشێ.

قەتران جەویێکی بۆگەنە لەداری عەرعەر دەردەچێو چەوریشە، زۆر زوو گڕ دەگرێ.

﴿وتغشى وجوههم النار﴾ ئاگری دۆزەخ روویان دادەپۆشێ، سەرتاپای جەستەیان بەهۆی ئەو قەترانەی لەجەستەیان هەڵسوراوە گڕ دەگرێ.

یان کراسیان بۆ دروست دەکرێو لە جەوییە هەڵدەکێشرێ ئاگریان تێ بەردەدرێ. بۆیە بەتایبەتیش ناوی دەمو چاوی هێنا، چونکە دەمو چاو گرنگترینو بەرێزترین ئەندامی جەستەی ئادەمیزادن. ئەوەتا لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿تلفح وجوههم النار، وهم فیها کالحون﴾المؤمنون/١٠٤. یان دەفەرموێ: ﴿افمن یتقی بوجهه سوء العذاب یوم القیامة﴾الزمر/٢٤.

ئەمجار پەروەردگار هۆی سزادانەکەیان روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿لیجزي الله کل نفس ما کسبت﴾ پەروەردگار ئەو کارانە دەکا بۆ ئەوەی هەموو ئادەمیزادێک بەگوێرەی کردەوەکانی سزای شیاوی خۆی وەربگرێتەوە. چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە! سزای کافرو تاوانباران دەدا لەسەر کوفرو تاوانیان، پاداشی موسوڵمانو خوداپەرستانیش بداتەوە لەپاساوی ئیمانو باوەڕو کردەوەی باشیان! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لیجزي الذین أساؤوا بما عملوا ویجزي الذین احسنوا بالحسنى﴾النجم/٣١.

﴿ان الله سریع الحساب بێگومان خودا زۆر بەخێرایی حیسابو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەندەکاندا دەکا، حیسابکردن لەگەڵ ئەم غافڵی ناکا لەحیسابکردنی ئەو، وەکوو چۆن رزقو رۆژیدان بەخدر بێ ئاگای ناکا لەرزقو

ڕۆژیدانی بەمەمەند! چونکە خودا ئاگاداری هەموو نهێنیو ئاشکرایەکە هەموو ئادەمیزاد بەنیسبەت خوداوە وەکوو یەک بەندە وایە وەکوو دەفەرموێ: ﴿ماخلقکم ولابعثکم الا کنفس واحدة﴾لقمان/٢٨. دروستکردنو زیندوکردنەوەی هەموو ئادەمیزاد لای خودا وەکوو دروستکردنو زیندو کردنەوەی تاقە نەفسێک وایە.

﴿هَٰذَا بَلَٰغٌ لِّلنَّاسِ﴾ ئەم قورئانە ڕاگەیاندنە بۆ ئادەمیزادانو بۆ پەندو ئامۆژگاری بەسیانە، بەڵگەیەکی بەهێزەو ئەگەر بەگوێرەی ڕێنوێنایییەکانی هەڵسو کەوت بکەن سەرفرازی دونیاو قیامەت دەبن.

ئەم قورئانەمان بۆ ناردوون بۆ ئەوەی نەصیحەتو ئامۆژگاری لێ وەربگرن ﴿ولینذروا به﴾ هەروەها بۆ ئەوەی پیێ بترسێندرێن لەسزاو تۆڵەی خودا ﴿وَلِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ بیکەنە بەڵگەو بزانن کە خودا تاکو تەنهایەو هیچ خودای تر نین جگە لەئەو ﴿وَلِيَذَّكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ هەروەها بۆ ئەوەی خاوەن عەقڵو هۆشەکان بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن.

واتە: ئەم ڕاگەیاندنەی قورئان سێ سوودی سەرەکی هەن:

١- ترساندن لەعەزابی خودا.

٢- بەڵگە هێنانەوە لەسەر هەبوونی خودایەکی تاکو تەنها.

٣- ڕێ نیشاندانو فێربوونی ڕێبازی ژیان بەشێوەیەکی بەختەوەرانە.

پێڕستی سەرەباسەکان

بابەت	لاپەڕە
سورەتی (یوسف)	٣
بەشی نۆیەم لەچیرۆکی یوسف : یوسف دەبێتە کاربەدەستی بەرزو ئەمینداریەتی دارایی و گەنجینە وەردەگرێ	٤
بەشی دەیەم لەچیرۆکی یوسف: کوڕەکانی یەعقوب دێن بۆ میصرو دانەوێڵە لەحەزرەتی یوسف دەکڕن و داوای هێنانی برا پچکۆلەکەیان لێ دەکا	١٠
بەشی یازدەهەم لەچیرۆکی حەزرەتی یوسف: گفتو گۆی براکانی یوسف لەگەڵ باوکیاندا دەربارەی ناردنی بنیامین لەگەڵیان بۆ میصر	١٤
بەشی دوازدەهەم لەچیرۆکی حەزرەتی یوسف: ڕاسپاردەی حەزرەتی یەعقووب بۆ کوڕەکانی لەکاتی چوونە ناو شاری میصرەوە	١٨
بەشی سێزدەهەم لەچیرۆکی یوسف: ناسینەوەی بونیامین لەلایەن حەزرەتی یوسفەوە. نەخشە دانان بۆ گلدانەوەی	٢٣
بەشی چواردەهەم لەچیرۆکی یوسف: دانو سانێکی توندو تیژ لەنێوان کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب لەگەڵ حەزرەتی یوسف دا	٣٠
بەشی پانزەهەم لەچیرۆکی یوسف: ناسینەوەی کوڕەکانی یەعقووب بۆ یوسف و داننانیان بەهەڵەی خۆیان!	٤٢
بەشی شانزەهەم لەچیرۆکی یوسف: هەوڵدانی یەعقووب بەبۆنکردنی یوسف و پشتگیری کردنی ئەم بۆنکردنە بەهۆی کابرای مژدە دەرەوە!	٤٩
بەشی حەڤدەهەم لە چیرۆکی یوسف: بەیەکگەیشتنەوەی خێزانی یەعقووب لە شاری میصر.	٥٣
بەشی هەژدەهەم لە چیرۆکی یوسف: پاڕانەوەیەکی گشتی.	٥٨
بەشی نۆزدەهەم لە چیرۆکی یوسف: چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەمەد ﷺ	٦٠
بەشی بیستەم لە چیرۆکی یوسف: پەند وەرگرتن لە چیرۆکەکانی قورئان.	٦٨
سورەتی (الرعد).	٧٥
قورئانی پیرۆز حەق و ڕاستە.	٧٨

بڕێ دیاردەی دەسەلات و بەتوانایی خودا لە ئاسمانەکان و زەویدا.	٨٠
بڕوانەکردنی کافرەکان بەهاتنی ڕۆژی قیامەتو بەپێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ	٨٩
بڕێ دیاردەی زانیاری خودا: کە هەموو شتێك دەگرێتەوە.	٩٥
دیاردەی خودایەتی پەروەردگارو نیشانەکانی دەسەلاتی.	١٠٤
تاكو تەنهایی خوداو نموونەی موسوڵمانو موشریکەکان لەبەرامبەر تاكو تەنهایی خوادا.	١٠٩
نموونەی حەق و بەتاڵ و سەرەنجامی بەختیارانو بەدبەختەکان.	١١٣
ڕەوشتی خاوەن عەقڵو فامەکان، بەختەوەرو کامەرانەکانو پادشایان.	١٢١
ڕەوشتی بەدبەختەکانی ڕۆژی قیامەتو سزادانیان.	١٢٧
ڕزقو ڕۆژی بەدەست خودایە، هیدایەت لە خوداوەیە بۆ کەسێك ئیمان بەخودا بهێنێ.	١٣٠
حەزرەتی موحەممەد ﷺ شتێکی نائاسایی نیە لەناو پێغەمبەراندا، ئەویش وەکوو پێغەمبەرەکانی تر ئادەمیزاد بووەو نیگای بۆ کراوە.	١٣٦
چۆنیەتی بەهەشتو هەڵوێستی ئەهلی کیتابو شوبهەی موشریکەکان بەرامبەر پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ	١٥١
ئەرکی سەر شانی پێغەمبەر ﷺ گەیاندنی شەریعەتە پاداشو سزا بەدەست خودایە.	١٦٢
سورەتی (ابراهیم)	١٦٨
ئەرکی سەرشانی حەزرەتی موسا بەرامبەر گەلەکەیو ئامۆژگاریکردنی بۆیان.	١٨١
بڕێ هەواڵو سەرگوزشتەی پێغەمبەرانی پێشوو لەگەڵ گەلەکانیان دا.	١٨٦
هەڕەشە کردنی کافرەکان لە پێغەمبەرانو بەڵێنی پەروەردگار بە خوداپەرستی: کە ستەم کاران لەناو دەبا.	١٩٣
بەڵگەی تاكو تەنهایی خوداو تواناو دەسەلاتی بەسەر لەناوبردنی ئێوەداو هێنانی کەسانی دیکە بۆ شوێنی ئێوە.	٢٠٢

دەمەو دەمێی نێوان بەدبەختەکانی ڕۆژی قیامەتو گفتو گۆی نێوان شەیتانو شوێنکەوتوانیو بەمرازگەیشتنی موسوڵمانان بەبەهەشت.	٢٠٣
نموونەی بەختەوەرانو بەدبەختەکان.	٢٠٩
سپڵەیی کافران بەرامبەر نیعمەتەکانی خودا، فەرمان بەموسوڵمانان بەوە نوێژەکانیان ئەنجام بدەنو ماڵی خۆیان ببەخشن.	١١٦
بەڵگەی جۆراو جۆر لەسەر هەبوونی خوداو تاکو تەنهایی لە بوونەوەرو نەفسی ئادەمیزادەکان دا.	٢٢١
نزاو پاڕانەوەی ئیبراهیم بەرەو ڕووی کابە.	٢٢٧